

# بەشێک لە وتار، لێدوان و بابەتەکانی

## هاوڕێ شاهۆ مەتین

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:


١- چەند سەرنجێک لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا........................................................ ٥
٢- پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات.................................................................................. ٨
٣- حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئیرادەی گەلێک................................................................... ١١
٤- نامۆ بە ئازادی و بەها مرۆییەکان.................................................................................. ١٣
٥- شانازی بە ڕابردوو، هیوا بە داهاتوو............................................................................. ١٦
٦- ١٠ی دێسامبەر، ڕۆژی نێونەتەوەیی ماڤی مرۆڤ و، مرۆڤ و مافەکانی لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا............... ١٨
٧- سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان................................................................................ ٢١
٨- نەتەوە و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی......................................................................... ٢٦
٩- کاریگەریی شوناس و زمان لەسەر نەتەوە......................................................................... ٣٤
١٠- دێموکراسی و دوکتور قاسلموو.................................................................................... ٤١
١١- مانگی گەلاوێژ و یادی دوو بۆنە بۆ گەلی کورد................................................................. ٤٤
١٢- هێز وەک یەکلاکەرەوەی بالانسی هاوکێشەکان.................................................................. ٤٧
١٣- هەڕەشەی دەوڵەتی تیرۆریست بە دروشمی بریقەدار.............................................................. ٥١
١٤- ئالا و پێشمەرگە.................................................................................................. ٥٥
١٥- لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی.................................................... ٥٩
١٦- ئایا کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی شکست خواردوو و مایەپووچە؟.............................................. ٦٢
١٧- تێرۆریزم وەک ماهییەت و پێناسەی وجوودیی ڕێژیمی ئێران....................................................... ٦٧
١٨- کۆماری کوردستان و وانەکانی..................................................................................... ٧١
١٩- ناسیۆنالیزمی کورد، نەتەوە و مەدەنییەت.......................................................................... ٧٦
٢٠- نەورۆز، وەرزی ڕزگاری و ئازادی................................................................................. ٨١
٢١- کەسایەتیی پێشەوا قازی لە چاوگەی سێ تیوریدا.................................................................. ٨٤




سەرچاوە Serchawe

٢٢- دانوستانی وڵاتان لەگەڵ ئێران و ئەرکی ئێمە.................... ٨٩

٢٣- جەوهەری هەڵبژاردن و هەڵبژاردن لە ئێراندا.................... ٩٢

٢٤- "کوردستان" لە هەناوی کۆمەڵگەوە.................... ٩٤

٢٥- هۆکارەکانی گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات.................... ٩٨

٢٦- دیموکراسی بۆ هەموو وەرزەکان.................... ١٠١

٢٧- فرەیی لە دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە.................... ١٠٥

٢٨- شەری نەرم، پێناسە، مێژوو و تاکتیک.................... ١٠٨

٢٩- هەڕەشەی ئەمنییەتی و تیپۆلۆژیی هەڕەشە.................... ١١٣

٣٠- سەردەمی بەسەرچوونی سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی زمان.................... ١١٨

٣١- کۆمەڵگەی مەدەنی (چەمک، پرۆسەی مێژوویی، پێشمەرج و بناخەکانی).................... ١٢٢

٣٢- بزووتنەوەی خوێندکاری لە چاوگەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا.................... ١٢٧

٣٣- جیاوازییەکانی شوناس‌پێدەری "سەرکردەی کاریزما".................... ١٣٧

٣٤- تایبەتمەندیی سەرکردەکان - د. سادق بۆ نموونە- لە ڕوانگەی "برایان ترێسی"یەوە.................... ١٣٩

٣٥- زمانی دایک وەک کۆڵەکەی مانەوەی نەتەوەکان.................... ١٤٢

٣٦- پێشەوا بۆ هەر پێشەوایە؟.................... ١٤٧

٣٧- پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ.. بۆ بەلاڕێدابردن و بە ئەمنیەتیکردنی نەورۆز.................... ١٥٠

٣٨- خۆکوژی چییەتی و هۆکار؟.................... ١٥٢

٣٩- براوەی سەرەکی هەر گەلانی ئێرانن.................... ١٥٧

٤٠- نوێترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە نەوەی Z.................... ١٥٩

٤١- حیزبی دیموکرات لە نێوان ئیسلامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا.................... ١٧٦

٤٢- چالاکبوونی میکانیزمی ماشە و لێکەوتەکانی.................... ١٨٢

٤٣- دووانەی گەندەڵی و کۆماری ئیسلامی.................... ١٨٥

٤٤- زمان شوناسیی گەلە.................... ١٨٨


٤٥- یەکگرتوویی" یان "هاوپێوەندی".................... ١٩٠

٤٦- دیموکراسی لەگەڵ ئازادی یەکسان نییە.................... ١٩٢

٤٧- کاریگەری بێدەنگی ئەخلاقی لە پێکهاتن و چڕکردنەوەی قەیران لە حوکمڕانی و ڕێکخراوەکاندا.................... ١٩٤

٤٨- ڕامانێک لە ئەرکی سیاسی سۆشیال میدیا.................... ١٩٦

٤٩- ڕسیانی ڕۆشنبیران لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکاندا........................................................................ ١٩٨
٥٠- واتا و چەمکی ناسیۆنالیزم................................................................................................ ٢٠٠
٥١- ئێران لە لێواری شەڕ و گۆڕانی سیاسیدایە...................................................................... ٢٠٣
٥٢- گەندەڵی: خۆخۆری ئابووری، تێکدەری ئەخلاق............................................................. ٢٠٧
٥٣- توانایی ڕاپرسییەکانی بیروڕا بۆ بیستنی دەنگەکانە.................................................................. ٢١٠



# چەند سەرنجێک لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا

بۆ باس و ناساندنی هەر وڵاتێک لە سەرەتادا دەبێ لە دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا قسە و لێکدانەوەی بۆ بکەی. سیاسەتی نێوخۆیی هەر وڵاتێک پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جۆری حکوومەتداری، یاساکانی نێو حکوومەت و پێوەندیی خەڵک و حکوومەت لە سنووری نێو ئەو وڵاتەوە هەیە، کە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا وەک یەکەیەکی خاوەن سەروەریی یاسایی دانی پێنراوە و کەرامەتی حکوومەتدارییەکەی لەبەرچاو دەگیرێ. سیاسەتی دەرەکیش ئەو لایەنە لە کاروباری دەوڵەت دەگرێتەوە کە بەرنامە و ئەجێندای حوکمەت لە دەرەوەی سنوورەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتانی تر لە بەرژەوەندیی دوو لایەنەدا ڕێک دەخا و، لە ڕێگای سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و دەزگای دیپلۆماسییەوە بەڕێوە دەچێ.

## وێژمانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئیران

هەر پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران لەسەر چوار کۆڵەکەی (جیهان - نیشتیمانی، ئۆممەت گەرایی، دژەکرداری و شۆڕشگێڕی) دامەزرا و، هەر سەردەمە یەکێک لەم خاڵە بنچینەیانە بۆتە خۆراکی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران - لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا، کە تازە کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ئێران و عێراق ڕزگاری ببوو و وڵات ببوە کاولستان، ڕێژیم پێویستیی بە گوتاری (ئابووری میحوەرانە) هەبوو بۆ نۆژەنکردنەوە و وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی، بۆیە ئەم گوتارە هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٧٦ وەک وێژمانی دیپلۆماسی ئێران هەر مایەوە.

لە قۆناغی شەڕ و دوای شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق و، هەروەها تەڕاتێنی تێرۆریستیی سپای تێرۆریستیی پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە ڕووداوەکەی مێکونووس و تەریککەوتنەوەی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی لێ کەوتەوە، لەو سەروبەندەدا پێویست بە گوتارێک بوو کە ئەو تەریکییە لەسەر ئێران دوور بخاتەوە، بۆیە ژووری ستراتێژیکی ڕێژیمی ئێران هات و، وێژمانی پەرەپێدانی سیاسەتی ڕیفۆرمخوازانەی لە ساڵەکانی ٨٤ - ٧٦ لە ڕێگای خاتەمییەوە ڕوو بە دنیای دەرەوە خستە ڕوو و؛ توانی ڕۆحێکی تر بە دەم کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بکاتەوە.

هەرچەند پاش کۆتایی هاتنی دەوری دووهەمی خاتەمی لەساڵی ١٣٨٤ی هەتاویدا بە خوێندنەوەیەک کە شۆڕای باڵای

تەناهیی ئێران لە دۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا کردی، بەهۆی پاسدار مەحموود ئەحمەدی نژاد گوتاری بناژۆخوازیی عەداڵەت تەوەرانە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ خاڵی بنچینەیی سەرەتای ئینقلاب تاکوو ساڵی ١٣٩٢ بەڕێوە برد. ئەم گوتارە لە ئاستی جیهانیدا ئێرانی بەرەو دوور کەوتنەوە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان برد و قورسترین گەمارۆ ئابووری، نیزامی و سیاسییەکانی بۆ ئێران بەدیاری هێنا و لەم سۆنگەیەوە؛ هەژاری، هەڵاوسانی ئابووری، بێکاری و زۆر دیاردەی قێزەونی دیکە بوون بە ئەمری واقیع لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران.

بۆیە بۆ دەربازبوون لەو قوڕوەسەریەی ئەحمەدینژاد و سیاسەتی بناژۆخوازانەی سپای تێرۆریستیی پاسداران بە خەڵات بۆ ئێرانیان هێنابوو، ئەمجارەیان پێویست بە هاتنە ئارای گوتارێک بوو کە ئێران بەرەو ئاشت بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرێ. ئەم رۆڵەش لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوییەوە بە سەرکۆمار ڕووحانی و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، جەواد زەریف دراوە. هەڵبەت دیسان بەهۆی دەستێوەردانی سپای تێرۆریستیی پاسداران (وەک دەوڵەتی نێو دەوڵەتی ئێران) لە سیاسەتی دەرەوەدا دۆخێک هاتۆتە ئاراوە کە ئێرانی هەتا کێواری شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بردوە. گوتارەکانی دەرەوی ئەمریکا

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر ئینتمای ئیدئۆلۆژیی سەرۆککۆمارەکانی ئەمریکا و مەکتەبە هزریە کاریگەرییەکان بە سەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا باس بکەین، دەتوانین بڵێین لە خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە ڕێگای وەزیری دەرەوە بەڕێوە دەچێ،

**سێ قوتابخانەی فکریی بەرچاو هەن کە بریتین لە:**

**هێمیلتۆنیزم،**
**جەکسۆنیزم و**
**ویلسۆنیزم.**

**مەکتەبی هێمیلتۆنیزم**؛ بە پێداگری لەسەر بایەخە ئەمریکاییەکان (ئازادی و ماف) لە جیاتی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە، بە دوای بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بەم بایەخانەیە، لە ڕێگای دروستکردنی جۆرێک لە جیهانگیری، نەک لە ڕێگای شەڕ و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان. هەر بۆیە هێمیلتۆنیزم پێش ئەوەی بەرژەوەندیخوازی ئابووری تەوەر بێ، بەهاخوازە و لە ئەسڵدا شەڕ و دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکە ڕەت دەکاتەوە.

**قوتابخانەی جەکسۆنیزم،** لەسەر بنەمای ئاراستەی واقیع گەرایانە و بە ئەسڵ زانینی سیاسەتی (هێز) جێگیرە و بە پێچەوانەی مەکتەبی هێمێلتۆنیزم لە سیاسەتی دەرەوەدا، لەسەر ستراتێژیی ئەمنیەت تەوەر بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەمریکا کار دەکا، ئەساسی قوتابخانەی جەکسۆنیزم لەسەر سێ کۆڵەکەیە؛

**یەکەم،** دەستێوەردانی ئەمریکا بۆ چاودێری، پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندیی ئەمریکا لە هەموو ناوچەکان.
**دووهەم،** پێداگری لەسەر پاراستن و بڵاوکردنەوەی پێگەی ئەمریکا وەک زلهێزێکی گەورە و
**سێهەم،** دژکردەوە و وڵامی خێرا لە بەرامبەر هەر هەڕەشە و مەترسییەک لە بەردەم بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا.

**قوتابخانەی ویلسۆنیزم،** ئەم قوتابخانەیەش ئەسڵ و ژێرخانی بنچینەیی و فکری، کرداری و گەشە و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازی، ئابووری و بایەخەکانی ئەمریکا لە ڕێگای دەستێوەردان و شەڕ و... لەخۆ دەگرێ. لە لێکدانەوەیەکی دروستتری ئەم مەکتەبەدا دەتوانین بڵێین دەستێوەردان لە جیهاندا بۆ زاڵ کردنی بایەخەکانی ئەمریکایە. (یانی ئەگەر دەستێوەردانی ئەمریکا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا لەگەڵ بەرژەوەندییە کاتییەکانی ئەمریکاش نەگونجاو بێ، بەڵام دەستێوەردانی نیزامی بتوانێ لە جێکەوتوویی بایەخی ئەمریکایی یارمەتیدەر بێ، تەنانەت ئەگەر هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکیش لەو ناوچەیەدا نەبێ، ئەوە دەستێوەردان هەر دەبێ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

---

# پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات

**(لە یادی ٣٠ی ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا)**

دوابەدوای دروست بوونی مرۆڤایەتی و پەرینەوەی لە چاخی ژیانی کێوێتی و درووست کردنی ژیانی ژیارمەند، ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکان هاتە ئاراوە، کە بیرمەندانێکی وەک ڕۆسۆ، لاک، دریدا و هابز و... بە جوانی ئاماژەیان پێداوە.

لە ڕاستیدا ئەم گواستنەوە و درووستکردنی ڕێکەوتنە خۆی لە چوارچێوەی ئەم شوعارە باوەدا دەبینێتەوە کە دەڵێ: دابینکردن و گەرەنتی کردنی پێداویستیە ئەساسییەکانی تاک و گۆمەڵگە بە پاراستنی ئەوانی دیکە لە پێناو پاراستنی خۆت.

هەر وەک دەبینیین لە هەر یەک لە قۆناغەکانی ژیان وەک: چاخی درووست بوونی خێل، پاشایەتی، ئیمپراتوری و ڕۆشەنگەری تاکوو قۆناغی دەوڵەت - نەتەوە، تاکەکان بە پێدانی هێزی تاکەکەسی خۆیان بە دەسەڵاتی سەرووتر کە سەرۆک خێل، پادشا، ئێمپراتۆر یا حاکمییەت لە چوارچێوەی یاسادا بووبێ، دەسەڵاتیان لە نێوان تاکەکان گواستووەتەوە بۆ نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت و دوو چەمکی «ئەرک» و «ماف» لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە لە ناخی یاسای وڵاتدا بۆ هەر دوو لایەن پێناسە کراوە و هەر کامیان دەبێ جێبەجێی بکەن.

پاش هەڵوەشانەوەی ئێمپراتۆرە سیاسی و دینییەکان و درووست بوونی دەوڵەت_نەتەوە و، پاش چەند شەڕی گەورەی جیهانی و دامەزراندنی ڕێکخراوەی سیاسی، ئابووری و... لە جیهاندا و پێگەیشتوویی زیاتری تاکەکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای زانست و مۆدێرنیزاسیۆن، ئیدی تێگەیشتن لە مافەکان و دەستەبەری دەسەڵاتێکی ئازاد لەپێناو ژیانێکی پڕ لە ئەمنییەت و ئاوێتە بە خۆشبژێوی و؛ ئازاد بوون لە مومارەسەی بەهاکانی خۆیان؛ هەموو کات وەبەر یەککەوتن لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دروست بووە و دەشبێ. چونکی حکومەت دەیهەوێ بە قۆرغی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و لە لایەکی دیکەش خەڵک دەیانەوێ ئەمنیەت، ئازادی و دادپەروەرییان هەبێ و ئەساسی هەر دەوڵەتێک بەرامبەر بە خەڵکەکەی جێبەجێ کردنی ئەم سێ بنەرەتەیە.

بۆیە لە وەها دۆخێکدا ئەم وەبەریەککەوتنە لە نێوان خەڵک و حکوومەتە تۆتالیتێر و فێندەمێنتالیستەکان چڕتر دەبێ و ئاکامەکەشی یان گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە یا چۆکدادان و خۆبەدەستەوەدان.

هەڵبەت دەسەڵاتە ملهورەکانی وەک کۆماری ئیسلامیش بە میکانیزم گەلی جۆراوجۆری وەک: نەخوێندەوار هێشتنەوە و پەرەپێدان بە هەژاری و بێکاری و... وا دەکەن خەڵکی وڵات هەموو کات برسی و هاوکات زراوچووی دەزگای سەرکوت و دەسەڵاتیان بن. چ خاسمە ئەم حکوومەتە تۆتالیتێرە بە بیری فێندەمێنتاڵە هەموو کات ویستوویەتی مەزهەب ئاوێتەی دەزگا داپلۆسێنەرەکەی لە پێناو دەسەڵاتدا و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی وڵات ببێتە گۆڕستانێکی زیندوو.

کە چاو لە مانیفێستی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمدا کە ڕێبەرانی ئێستای ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی پاشایەتی بوون و قسەکانی خومەینی لە کاتی دوورخرانەوەی بۆ فەڕانسەدا لە ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا دەخوێنییەوە، دەبینی دنیایەکت بۆ بۆ وێنا دەکا، کە یۆتۆپیاکەی ئەرەستوو و سۆقرات و سوسیالیزمەکەی مارکس و هاوبیرانیشی دەستی لە دوو نادەن. گەڕانەوەی شکۆ بۆ تاکەکان، عەداڵەت، ئازادی، سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و... گۆشەیەکی بچووک بوون لەم بەهەشتەی خومەینی و هاوبیرەکانی ئالاهەڵگری بوون. بەڵام پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و جێگیر بوونی کۆماری ئیسلامی ئەوەی بەهۆی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بە خەڵک بڕا بریتی بوون لە: زیان و زەرەکانی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، کپکردنی هەرچەشنە دەنگێکی ئازادیخوازی، دابەشکردنی خەڵک بە خودی و غەیرەخودی و بێبەشکردنی غەیرەخودییەکان لە هەموو مافێک، بەتاڵانبردنی هەموو بەها و بایەخەکانی تاکەکان بە خولقاندنی دوژمنی دەرەکی، بێبەشکردنی خەڵک و تاک و کۆمەڵگە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی لە هەر جۆرە ماف و ئازادییەک، بەرەوڕووبوونەوەی کۆمەڵگە لەگەڵ بێکاری، گرانی و جۆرەها خەسار و زیانی کۆمەڵایەتی و....

حکومەتی ملهوڕ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا و لە پێناو پاراستنی سیستمەکەی بە بەردەوامی چەند ڕێگەی گرتووەتە بەر: وەک، ترساندنی کۆمەڵانی خەڵک بەهۆی دەزگای سەرکوت و داپلۆسێنەرەکەی. هەروەها، برسی کردنی خەڵک بۆ ئەوەی دەرەتانی بیرکردنەوە لە ماف و ئازادییەکانیان و هەلی بەرهەڵستبوونیان پێ نەدەن. لەو نێوەدا ڕوانگەی ڕێژیم بۆ کوردستان جیاوازتر بووە. کوردستانی دەوڵەمەند بە ئاو و خاکی بەپیت و جۆرەها کانزا و سەرچاوەی سروشتیی ژێر زەوینی و بە سامانی مرۆیی پتر لە ١٠ میلیون کەسی هەمیشە وەک ناوچەیەکی داگیرکراو و کۆلۆنی سەیر کراوە. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو هەوڵی ڕێژیم لەسەر ئەم بنەمایانە بووە کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ سەرچاوەکانی بەتاڵان ببا، خەڵکەکەی لە شوناسی نەتەوەییان دابڕێ و خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی تووشی نەخۆشی و داهێزان بکا.

لەوەها دۆخێک دایە کە ئەرک و ئامانجی هەر تاکێکی ئازادیخوازی ئێرانی و بەتایبەت کورد ئەوەیە کە بەدژی سیاسەتی تێرۆر و داپلۆسینی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و پەرە بە مافخوازیی خۆیان بدەن. سالیادی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو دەرفەتێک و هەلێک و بیانوویەکە بۆ بەگوڕترکردنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیدا کە ئامانجی هەرە بەرزی قاسملووی نەمر بوو.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩**

## حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئیرادەی گەلێک

یەک ساڵ لەمەو بەر لە بەربەیانێکی تێکۆشانەوە، لە قەڵای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، لە ساتی باس و داڕێژە بۆ خەبات دژی تاریکپەرەستانی جەهل و نەزانیی کۆماری ئیسلامی، بۆ ئازادی و عەداڵەتی گەلێکی چەوساوەی دەستی ڕێژیمی مەلاکان؛ ئیرادەی نەتەوەیەک دەکرێتە ئامانجی هێرشی مووشەکە بالیستیکەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران و بەداخەوە شازدە کەس لە ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوەی کورد شەهید بوون و زیاتر لە چل کەس زامدار بوون.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، وڵامی داوا ڕەواکانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە داوای ژیانێکی ئازاد و سەربەستە، داوای پاراستنی شوناس و بەدیهێنانی ماڤە، ویستێکی ڕەوایە هەم بەپێی یاسا گەڕودنی و ئینسانیەکان، بە میکانیزمی دیالۆگ و شارەستانیەت داوای کردوون، بە زەبری ئێعدام و کوشتن وەڵامی داوتنەوە. چۆنکی لە مانیڤێستی ڕێژیمێکی وا ملهووڕ و درەندە، نامۆ بە ئازادی و دادپەروەری جێی نابیتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساتەوەختی دامەزرانیەوە، وەک حیزبێکی بەرپرس و زمانحاڵی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان ، بە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانە لە پرس و دۆخی کورد، وابووتە چقڵی چاوی ڕێژیمی ئاخوندی، وەک کورد وتەنی: "پێی خۆشە کوێر بێ و، نەیبینیت"

بەڵام خەیاڵیان خاوە. حیزبێک وەک ئیرادەی نەتەوەیەک، کە حازر بێ خوێن ببەخشێ لە ئاستی ڕێبەرانیدا، تاگەشتن بە ئازادی و مافە ڕەواکانی لە سەر خاکی کوردستان و بۆ خەڵکی کورد دەمێنی و ڕەسالەتە مێژووییەکەی، کە کچان و کورانی نیشتیمان پێیان بەخشیوە، دەگەیەنیت بە سەر مەنزڵگەی بەختیاری و یەکسانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆیە ئیرادەی نەتەوەیەکە، چۆن پاش زیاتر لە حەوت دەیە لە تێکۆشان بۆ مافەکانی کورد گەرم و گوڕتر لە جاران لە مەیدان دایە و ڕۆژانە لاوانی نیشتمان پەیوەست بە ڕیزەکانی ئەم حیزبە بۆ خەبات دژی حکومەت دەبن.

بۆیە ئیرادەی نەتەوەیەکە، چۆن توانیویەتی دژی دوو دیکتاتۆری پاشایەتی و ئاخوندی درێژە بە خەبات بدات.

بۆیە ئیرادەی نەتەوەیەکە چۆن سێدارە، زیندان، شەهید بوون و دەربەدەری نەیانتوانیوە چۆکی پێدادەن.

بۆیە ئیرادەی نەتەوەیەکە چۆن موشکباران، سوورتر و خۆراگرتری کرد لە سەر داواکانی گەلی کورد.

بۆیە ئیرادەی نەتەوەیەکە چۆن ستراتیژ و بەرنامەکەی شوێندانەرترین کاریگەریی لە پانتایی سیاسەتی کوردستان و نێو کۆمەڵانی خەلکدا هەیە.

لە یەک ڕستەدا بۆیە ئێرادەی نەتەوەیەکە چونکی خەڵکی کوردستان حیزبی دێموکراتە و حیزبی دێموکرات، خەڵکی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---

## نامۆ بە ئازادی و بەها مرۆییەکان

یەکەمین بیرمەندانێک کە لەسەر پەروەردە و بارهێنان قسەیان کردووە، فیلسووفانی یۆنان (ئەرەستوو و ئەفلاتوون) بوون. لە چاخی سەردەمیش دەتوانین بە بیرمەندانێکی وەک جان دیویی و ژان ژاک ڕۆسۆ ئاماژە بکەین کە پێیان وایە: پەروەردە هونەرێکە کە بە پشتیوانیی سروشتی و لێهاتوویی پەرەگرتوو، وێڕای پاراستنی گەشەی سروشتی و بەهاوکاریی تاک بۆ ژیانکردن وەدەست دێ.

سروشتی مرۆڤەکان بۆیە جیاوازی لەگەڵ گیاندارانی تر هەیە کە خوای گەورە کردوویتیە خاوەن ئەقڵ و شعوور؛ پەروەردە و بارهێنان وەک پرۆسەیەک، پێناسەیەکە لە شعووری مرۆڤبوون.

لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای گەورە ئاماژە بە ئینسانە جیاوازەکان لە هەموو ڕوویەکەوە (ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و...) دەکا و لە هەڵبژاردنی بیروڕای ئازاددا موختاری کردوون. هەر لە سەر ئەم ئەساسە لە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی بەفەرمی ناسێندراوە و سەرجەم دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دانیان پێداناوە. بەڵام لە ئەساسدا سیستمە دیکتاتۆرەکان (ئێران) گەر بۆ میناک بڵێین ئەوەی لە بەرامبەر نەتەوەکانی نێو وڵاتی ئێران بەڕێوە دەچێ ناکۆکی و دژوازی لەگەڵ هەردوو یاسای گەردوونی و ئینسانیی هەیە . بۆ وێنە گەر ئاماژە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بکەین، دەزانین کە چەندە حەولی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوە بندەستەکانی داوە و، بە پلان و پیلان دەیهەوێ زمان وەک ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بتوێنێتەوە و شوناسی نەتەوەکان نەهێڵێ و ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی پەهلەوی (یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت) لە ڕوخساری ئیسلامیبووندا جێبەجێ بکا، بۆیە لە هەموو ڕێگایەکەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسەکان دەدا و بەتایبەت لە دوو ئامرازی تەلەویزیۆن و قوتابخانە کە منداڵان دەبنە مەبەست، وەک وەچەی دواڕۆژی هەر نەتەوەیەک بەلاڕێدا دەبەن.

بۆ بەڵگەمەند کردنی بۆچوونەکەمان دەتوانین ئاماژە بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر زمان بکەین، کە لە ئەسڵی پازدەدا دەڵێ: زمان و خەتی ڕەسمیی ئێرانییەکان (نەتەوەکانی نێو خاکی ئێران) و نووسراوەی فەرمی بە زمانی فارسی دەبێ و، هەرچەند بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و قەومییەکان (نەتەوەکان) لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانە و لەگەڵ زمانی فارسی ئازادە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا ڕێزی ناگیرێ، تەنانەت یاساکانی خۆیشیانە، گەر بە ئینسافەوە سەیری دەسەڵاتی چل ساڵی ڕابردوو بکرێ، بۆ هیچکام لە نەتەوەکانی ئێران هەوڵی پاراستنی زمان نەدراوە، کەمیش نین ئەو مامۆستایانەی وەک زارا محەممەدی کە بەهۆی هەوڵەکانیان لەپێناو پاراستنی زمان تووشی زیندان و لێپرسینەوە نەبووبێتنەوە، تەنانەت لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بێرێزیشیان پێ نەکرابێ، داکۆکیکارانی پاراستنی زمان بە ئاژاوەچی و تەجزیەتەڵەب دەناسێنن و لەلایەن خودی دادگاکان کە دەبێ پارێزەری مافی خەڵک و جێبەجێکەری یاسای بنەڕەتی بن، تووشی لێپرسین و گیران دەبنەوە.

ڕێژیم ئەوەندە نامۆ بە ئازادی و بەها مرۆڤایەتییەکانە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا و بەپێی ئەسڵی پازدە لە فەسڵی دووهەمدا دەڵێ: «سەرەڕای ئەوەیکە لە ئێراندا نەتەوەی جیاواز دەژین -یاسادانەران وێڕای ئاماژە بەم بابەتە کەلکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیەکان لە ڕاگەیەنە گشتییەکان ئازادە-» لە ئەسڵی نۆزدەی یاسای وڵات پێداگری دەکاتەوە کە: «خەڵکی ئێران بە هەر تایەفە و قەوم (نەتەوە)یەکەوە مافی یەکسانیان هەیە؛ ڕەنگ، ڕەچەڵەک و زمان نابێتە هۆی جیاوازی.

بەڵام لە ئەساسدا وانییە و نەتەوەکانی وەک کورد، عەرەب و بەلووچ نەک وەک نەتەوە سەیر ناکا، بەڵکوو وەک شارۆمەندی پلە دوو سەیریان دەکا. ئەوەندە ئەم نەتەوانە بەنامۆیی سەیر دەکرێن، تەنانەت ئیزنی دامەزراندن لە شوێنە هەستیار و گرینگەکانی ناوچەکەی خۆشیان پێ ڕەوا نازانن. لەهەر ناوچەیەکی ئێران هەوڵ دەدرێ بە جێگیرکردنی خەڵکی ناخۆجێیی لەگەڵ نەتەوەی ئەسڵی کێشە دروست بکا. بۆ نموونە گەر سەیری کوردستان دەکەین، بە ئیمتیازدان بە نەتەوەی تورک لە بەرامبەر کورد و دامەزراندنیان لە دامودەزگا گرینگ و بایەخدارەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەرییەکانی کوردستان هەست دەکەی سیستمی حاکم هیی تورکەکان بێ و کوردیش ژێرچەپۆکەی تورک بێ نەک هیی فارس!

هەر دیسان لە ئەسڵی بیستی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا دەڵێ: «هەموو تاکەکانی ئێران چ ژن چ پیاو -هەموو نەتەوەکانی ئێران و پەیڕەوانی مەزهەبە دانپێدانراوەکان- لەژێر پشتیوانیی یاسادان و لە هەموو مافە ئینسانی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە مەرجی پاراستنی ڕێساکانی ئیسلام بەهرەمەندن.

با کوردستان وەک میناک بخەینە بەرچاو، لەژێر سێبەری ئەم یاسایەدا (ئەسڵی بیستەم). ئەگەر بەراوردی دۆخی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تر بکەین؛ کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو دێتە بەرچاو؛ ئەوەندەی سیمای ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو بەهۆی پادگانەکانەوە دەنوێنێ، زیاتر وا نیشان دەدا کە شەڕێکی قورس و گەرم لەنێوان دوو وڵاتدا لە

ئارادایە. ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە تەنانەت بۆ باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان نادرێ، چ بگا بە باس و شرۆڤەی پرسگەلی سیاسی کە باسی چارەنووسی نەتەوەیەک بێ. ڕۆژ نییە لە سنوورەکانی کوردستان کۆڵبەران بە چەکی پاسدارانی ئێران نەکوژرێن، ڕێژەی تەڵاق، بێکاری و خۆکوشتن زۆر بەرچاوە، لەڕووی کولتوورییەوە بە میکانیزمی جۆراوجۆر دەیانهەوێ بەها و ڕەوشتیان لێ بێبایەخ کەن.

بیرمەندێکی سوێدی دەڵێ: «بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بتوێتەوە پێویست بە چەکی کۆمەڵکوژ نییە، بەڵکوو پێویستە زمانی لێ بستێندرێ، بە زمانی خۆی نەخوێنێ، مێژووی لێ چەواشە بکرێ، فێری ئەوە بکرێ بێڕێزی بە زمان و مێژووی خۆی بکا.» لەسەر ئەم ئەساسانە ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت کورد جێبەجێی کردوە و دەیکا ژینۆسایدی نەتەوەییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---

## شانازی بە ڕابردوو و هیوا بە داهاتوو

حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتێکدا حەڤدەیەمین کۆنگرەی خۆی لەژێر دروشمی (یەکڕیزی، تێکۆشان و هیوا، زامنی سەرکەوتنی دواڕۆژمانن) گرت، کە ناوچەکە و جیهان بەرەو خوێندنەوەیەکی تر لە ڕووی پەرژەوەندییە نەتەوەیی و نێوخۆیی و ناوچەییەکان دەڕوا.

پاش کۆتایی هاتنی ڕێکخراوێکی ڤێندەمێتالیست و تێرۆریستیی داعش لە ڕووی پراکتیکەوە و، لە مەیداندا بوونی دوو زلهێزی نێودەوڵەتی وەک ئامریکا و ڕووسیە و جارێکی تر دروست کردنی بلووکبەندیی نوێ بۆ دابەشکردنی وڵاتانی ناوچە بەسەر ئەم دوو زلهێزەدا، کوردستانیش وەک ناوەندی ئەم وەبەریەککەوتنە ژێئۆکالچێر و ژێئۆپۆلیتیکە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە و، هاوکات بەهۆی بوونی سەرچاوەی بەهێزی مرۆیی و هەروەها سەرچاوەی سروشتی، لە داڕشتنی بەرژەوەندییەکاندا وەک خواردنێکی چەور سەیر دەکرێ و دانوستانی لە بارەوە دەکرێ.

لە لایەکی تر کێبەرکێ دەوڵەتییەکان لە نێوان ئەم دوو بەرەیە - ئامریکا و وڵاتانی بەرەی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ڕووسیە و وڵاتانی سەربەم وڵاتە- بۆ هەرچی زۆرتر کردنی شوێن پێی خۆیان و دەسڕۆیشتوویان لە ناوچە ژێئۆستراتێژیکەکان لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیان (ئابووری و ئەمنیەتی)، ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان هەردەم لەژێر تیخی شەڕێکی گەورە و ماڵوێرانکەر ڕاگرتوە .کوردستانیش بە هەر چوار بەشیەوە لە ناوەندی ئەم کێشە و پرسانەدایە.

خەڵک و حیزبە خاوەن پێگەکان لەبەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی و ئەخلاقیدان، دەتوانن بە مودیریەتی بەهێز و ڕۆڵگێڕانی خۆیان لە یارییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا، کوردستان بەرەو قۆناغێکی زێڕین لە ماف و شوناس بەرن و لە مەترسییەکانی بەردەمی بیپارێزن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، وەک حیزبێکی خاوەن مێژوو و خاوەن پێگە، لەژێر باری ئەو بەرپرسیارەتییەی بنەماڵەی شەهیدان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خستوویانەتە سەر شانی و ڕەساڵەتی ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ئەرکی مێژوویی و هەنووکەیی لەسەر شانە و، پێویستە بەوریایی و تێکۆشانی زیاتر لە جاران بۆ وەدیهێنانی ماف و عەداڵەت و دروست کردنی کیانێکی نەتەوەیی و خاوەن ناسنامەی کوردستانی، زیاتر و قورستر لە جاران تێکۆشانی فرەڕەهەندی خۆی دژی

کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە پێبدا.

هەر لەم سۆنگەیەوە و بەهەست کردن بەم بەرپرسیارەتییە لە کۆنگرەی ١٧یەمدا کە بە کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ناودێر کرابوو –وەفا و ئەمەگناسییەک بوو بۆ خوێنی شەهیدان- و، بە شوعاری (یەکڕیزی، تێکۆشان و هیوا، زامنی سەرکەوتنی دواڕۆژمانن) پەیمانی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات دووبارە کردەوە و بەڵێنی دا، کە حیزبی پێشەوا قازی لەسەر بڕوا بە یەکڕیزی و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ماف و کەرامەت و هیوا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا گەیشتن بە ئامانجەکان، درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی بە پرەنسیب و خاوەن شوناس لە سەردەمی دامەزرانییەوە، تاکوو ئێستا بە هەستی بەرپرسیارانەی بۆ بەهێزتر کردنی خەبات دژی هەردوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی داوای یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە هێزەکانی مەیدانی خەبات بەدژی داگیرکەران کردوە -لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بە چوونی حیزبی دێموکرات بۆ نێو شۆڕای بەرگریی میللی و ئێستاش لەگەڵ دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵ و پێگەی گرینگ و، شوێندانەری لەم ناوەندەدا- بڕوای بە یەکڕیزی لە پراکتیکدا، پتر لە جاران بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەرخست و لەژێر ئەم ڕووناکاییەوە، تێکۆشانی هەمەلایەنەی دژی کۆماری ئیسلامی وەک خەباتێکی ڕەوا بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ گەلی کورد دەست پێ کردوە.

بڕیاری شەهیدان و ڕێبەرانمانە بە هیوایەکی بەهێزتر لە جاران درێژە بەو ئەرکە بدەین و بۆ زەمانەتی داهاتوویەکی سەقامگیرتر و پڕلە سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان و بەرەی داهاتوو بنیات بنێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## ١٠ی دێسامبەر، ڕۆژی نێونەتەوەیی ماڤی مرۆڤ و، مرۆڤ و مافەکانی لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا

جارنامەی جیهانی ماڤی مرۆڤ لە سی ماددەدا ڕۆژی ١٠ی دێسامبەری ١٩٤٨ زایینی لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، پەسند کرا.

مافی مرۆڤ بنەڕەتیترین و سەرەتایترین ماڤێکە کە هەر تاکێک بەشێوەی سرووشتی و بە هۆی مرۆڤ بوونی هەیەتی و دەبێ هەیبێ، هەر ئەوەش بەردی بناغەی داڕشتنی ئەم جاڕنامەیە بوو.

بە پێی جارنامەی نێونەتەوەیی ماڤی مرۆڤ و کۆی پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم ماڤە، تایبەتمەندییەکانی وەک: سەرتاسەری بوون، بێبەری نەکردن، نەگواستراوە بوون، لێک جوودا نەبوون، هەڵنەواردن و یەکسانیخوازی و بەیەکەوە گرێدراوی لە خۆ دەگرێ. هەر لە سەر ئەم ئەساسە کۆی تاکەکانی مرۆڤ لەهەر ئەم جیهانە دەگریتەوە و هیچ کەس بەهۆکاری تایبەتمەندییەکانی جوغرافیایی، ڕەگەز، نەتەوە و.... کە هەیتی، لەم ماڤە بێبەش ناکرێ.

بە پشتبەستن بەم سی ماددەیەی کە لە جارنامەی ماڤی مرۆڤدا هاتوە، دەبینین ئەم کۆمەڵە مافە بنەڕەتییە پێداگری لەسەر کەرامەت، ئازادی، بەرابەریی ماڤی ژیان و.... بۆ مرۆڤەکان دەکا لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵگە و جوغرافیای خۆیاندا و بەڕوونی لەسەر ئەمە دەوەستێ کە نابێ ئەم مافە بنەڕەتییانەی تاک لە لایەن حکومەت و دەسەڵات، کۆمەڵگە و تەنانەت گرووپ و تاکەکانی ترەوە بە جۆرێک پێناسە بکرێتەوە کە لە گەڵ ئامانجی نەتەوە یەکگرتوەکان دژواز و ناتەبا بێت.

بەڵام ئاخۆ ئەم مافانە لەگەڵ یاسا و سیستمی حکومەتداریی دەوڵەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان(کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نموونە) دێتەوە کە نامۆنە بەم چەشنە لە پێناسەکانی مافی مرۆڤ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان زۆر جاڕنامە و کۆنڤانسیۆن و پەسندکراوی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوەیەی واژۆ کردوە، بەڵام چەند لەو پڕەنسیپ و دەروەستییانەی لەگەڵ قانوونە نێوخۆییەکانی وڵاتدا گونجاندوە و بەکردەوە چ ئیلتیزامێکی بە مافی مرۆڤ هەیە؟

کە سەیری یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دەکەی، بەئاشکرا ناتەباییەکانی لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکان لەچاو دەدا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پێناسەیەی کە خۆی لە مرۆڤی ئیسلامی و نائیسلامی دەیکا و بەو جیاکارییەی لەنێوان هاووڵاتیی خۆیی و ناخۆیی دەیکا، سەرچاوەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤە.

لە وڵاتێکدا و لە کیانێکی سیاسیدا کە یاساکەی تاکێک (ڕێبەر) بە سەر کۆی مرۆڤەکانی ئەم یەکە جوغرافیە (ئێران)دا بسەپێنێ و، ئەم تاکەش خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر عەرز بزانێ و شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی لە ئاسمان وەرگرتبێ و هەموو یاساکانی دیکەی وڵاتیش لەپێناو بەرژەوەندیی ئەودا نووسرابن، دەبێ حاڵی ئەم مرۆڤانەی کڕنۆشی بۆ نەبەن چۆن بێ؟ هەر ئەوەشە کە دەبینین مرۆڤ لەو وڵاتە نە شکۆ و کەرامەتی هەیە و نە نەها و بایەخ. لەم وڵاتەدا داوا کردنی مافی مرۆڤ بەرەوڕووی سزا و لێپێچینەوەت دەکا و سیمای مافی مرۆڤ دەتوانی بە ئاشکرا لە دیاردەکانی وەک کۆڵبەری و کۆڵبەرکوژی، هەژاری و جۆرەها لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی بکەی.

ئێران وڵاتێکە کە تێیدا بە لێشاو مافی خەڵکەکەی پێشێل دەکرێ، زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە بە زمانی زگماکیی خۆیان ناخوێنن، خەڵک لە ئێران بە تایبەت لە کوردستان بە تاوانی هێنانی پارووە نانێک بۆ سەر سفرەی ماڵ و منداڵیان بەتۆمەتی ئەوەی کاری قاچاغی کردوە دەکوژرێن و بریندار دەبن، کەسیش لەو پێشێلکارییە ناپرسێتەوە...

گرتن، سەرکوت، ئێعدام، بێبەشکردنی ژنان و منداڵان لە مافەکانیان، بێکاری و ئاسەوارەکانی بەشێک لەو دۆخەن کە ژیان و مافی هاووڵاتیبوونی خەڵکی ئێرانیان خستۆتە مەترسییەوە.

کۆماری ئیسلامی نایشارێتەوە و بە ئاشکرا دەڵێ کە کێشەی لەگەڵ جەوهەری مافی مرۆڤ هەیە و باوەڕی بە مافی مرۆڤی ئیسلامی هەیە، هەموو جیناتەکانیشی لە ئێعدامی جیابیران ڕا بگرە هەتا سەپاندنی حوکمی درێژخایەنی زیندان و بێبەشکردنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لە مافەکانیان بەوە پاساو دەداتەوە.

بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی مافی مرۆڤ و پڕەنسیپە گشتگیر و جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بەرهەمی کۆی بیر و بڕیاری مرۆڤ خۆیەتی، ئەویش بە سەرنجدان بە زۆری و جۆراوجۆریی ئایین و ئایینزاکان لە کۆمەڵگای مرۆییدا بۆ پێکەوەژیان و

وێکهەڵکردن؛ بەو مانایە کە پڕەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وێڕای ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان و بەڕەسمی ناسینی ئەوان لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵکدا، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕێگە لەوە دەگرێ کە پێڕەو و شوێنکەوتووی هەر ئایین و ئاییزایەک ماف و ئیمتیازی زیاتریان لە چاو خەڵکی دی هەبێ و بە گشتی بنەماکانی مافی مرۆڤ شوێنکەوتووی هیچ دینو مەزهەبێک نین. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هێنانەگۆڕێی پرسی مافی مرۆڤی ئیسلامی بەدوای خۆدەربازکردن لەو بەرپرسایەتی و دەروەستییانەیە.

کۆماری ئیسلامی بەهێنانەگۆڕێی ئەو چەمکە و پاساوهێنانەوە لە هەمبەر هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە، مافی مرۆڤی ئیسلامیشی نەک بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام، بەڵکوو وەک چەکێک لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و زۆرداریی خۆی بەکار هێناوە و، بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک بە دژی دەسەڵات و پرسیارخستنە سەر شەرعییەتی نیزام بە کاری دێنێ و وەک قەڵغانێک بە دژی نەیارانی بەکاری دێنێ.

بەڵام سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامی و ئەو شمشێرەی ڕێژیم بۆ دژایەتیی مافی مرۆڤ لە ڕوو بەستوویەتی نەبووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران مافەکانیان نەناسن و داوای نەکەن. وەک چۆن دەبینین ڕۆژ نییە خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەرنەبڕن و باج و تێچووی ئەم مافویستییەش نەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ماکس ویبێری کۆمەڵناس، لێکۆڵینەوەیەکی هەیە لەسەر کاریگەریی دینی لە گۆڕانی بایەخەکان و ڕوانینی تاکەکان، هەتا هاوکێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. ویبێر بە کەلکوەرگرتن لە گوتاری کلیسا و ڕەوتەکانی، جۆری بنیاتناسی لە ڕێکخراوێکی دینی پێشکەش کردوە، تاکوو شێواز و پرۆسەی جۆراوجۆری دروستبوونی ڕێکخراوێکی دینی بناسێنێ.

هەروەها دورکهایم پێی وایە ڕۆڵی ئەسڵیی دین، وەدیهێنانی پێوەندیی توند و تۆڵ لە ڕێگای داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و بەرهەمهێنانی یەکگرتوویی ئەخلاقییە بۆ کۆمەڵگە. لە ڕاستیدا دینەکان هێما و ئەساسی کۆمەڵگە دێنە ئەژمار و سنووری مۆڕاڵییەکان دادەڕێژن.

دورکهایم بڕوای وایە کە جیاوازیی بیرو و باوەڕ و ڕێوڕەسمەکان لە نێوان کارێکی پیرۆز و ناپیرۆزدا دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی گرینگی لە هاوسەنگ کردن و وەبەریەک کەوتنی لە نێوان ساختار و دژەساختار، نەزم و شپرزەیی لەنێو کۆمەڵگە و تاک دروست دەکات و، لە ئاکامدا دینەکان هەم لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاریگەری وەردەگرن و هەمیش کاریگەری دادەنێن و، سەرەڕای چاوگەی جوغرافیایی و کولتوورییان بە بەرهەم و دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی دێنە ئەژمار. ئێستا بە سەردەمی وەبەریەککەوتنی کولتووریی نێوان ژیارەکان و هاوکات سەردەمی جیهانگیری و... خوێندنەوەی نوێ لە دین و هەروەها کاریگەریی ڕیشەیی و جێکەوتوویی مەزهەبەکان، سەلەفیزم وەک یەکێک لە ڕێبازە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان بڕوای بە پێوەندیی دیالێکتیکی نێوان دین و بەستێنی کۆمەڵایەتی نییە و، بۆچوونی ئەوان لە نێوان بارودۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگە و ئەوەی گەورەکانمان لەگەڵ سەرچاوە دینییەکانی پێشوو وتوویانە و کردوویانە دژوازیی هەیە و پێیان وایە ئەوە کۆمەڵگەی سەردەمە کە ڕێگای ڕزگاریی ون کردوە.

ئەم پرۆسێسە ئەوانی تووشی شەڕێکی قورس لەگەڵ هەموو شوناسە دینییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئیسلام کردوە، ئەوان بە لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینە و بێبڕوایی تۆمەتبار دەکەن و خۆیان لە بواری پێبەندییان بە قورئان و سوننەت بە ڕەسەنترین دەزانن و تەنانەت خۆیان گرێدراو بە هیچ مەزهەبێک نازانن و لەگەڵ هیچ حیزبێک سازانیان نییە، هەموو ئەوانەی وەک خۆیان نین بە گومڕا و سەرلێشێوا دەزانن.

سەلەفیزم ڕێگە چارەی دەربـاز بـوون لەم قەیـرانە مەعریفی و دەربـاز بـوون لەم لادانە لە ئیسلامی واقعیيە، گەڕانەوە بۆ دینی ڕاست و دروستی پێشینیان و بۆ وتەکانیان لەمەڕ سیستمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرەتای ئیسلام دەزانێ. سەرەڕای جیـاوازیی ڕەوتەکـانی هەڵگری سەلەفیزم (بـانگخوازی، جیهـادی) چ لە بـواری ئەندێشە و چ پڕاگماتیستییەکەی، تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم تێڕوانینە مەزهەبییەیە، لەسەر نەریتی خەواریـج، بـۆ چوونەکـانی ئیبن تەیمییە و محەممەد کـوڕی عەبـدولوەهاب و لێکـدانەوە و شیکاریی جۆراوجـۆر لە بۆچـوونی (ئیمـام ئەحـمەد حەنـبەل) دامەزراوە. گەڕانەوە بـۆ سەردەمی زێڕینی پێغەمبەر و پێداگری لەسەر سەرچاوەکانی ئیسلام لەو بڕوایە سەرچاوە دەگرێ کە پێیان وایە جیایی نێوان دین و سیاسەت لە ئارادا نییە و تەنیا پێغەمبەر و هاوەڵەکانی مافی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەیـان بە پێی ویستی خـوا هەبـووە. لەسـەر ئەم ئەساسـە، بە لاسـاییکردنەوەی ژیـانی پێغەمبەر و هاوڕێیـانی دەتـوانێ پڕۆسـەی دارمـانی کـۆمەڵگەی ئیسـلامی پێچەوانە بکرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە سەر ئەساسی دروستی خۆی. سەلەفیەت وەک ڕێبازێکی مەزهەبـی لەنێـو موسـوڵمانان بە پاساوی ڕێفۆرم لە سەدەی چواری کۆچیدا هاتە نێو مێژووی ڕەوتە مەزهەبییەکانەوە؛ تاقمێک لە پەیڕەوانی ئیمام ئەحمەد حەنبەل لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دروست بوون و دنیابینیی خۆیان بە نیسبەت دین هەبوو، ئیبن تەیمییە شوێندانەرترین بیرمەندی نێو ئەم ڕەوتەیە و دواتر محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب بە کـردەوە بەسـتێن بـۆ پەرەسـەندنی ئەم بیـرۆکەیە خـۆش دەکا.

لەم بیست ساڵەی دواییدا، هزری سەلەفیزم بە ئەندێشەی کەسانێکی وەک (ئەبوو ئەعلای مەودوودی و سـەید قوتـب) بەهێـز بووە و بە بەرنامەڕێژیی دیاریکراوی سیاسی تەیار کراون، کە دواتـر بە ڕێنـوێنیی سیاسـی و کـۆمەڵایەتیی زۆرێـک لە ڕەوتە سەلەفییەکان گۆڕدراون.

سەلەفیی تەبلیغیی ئەبووئەعلای مەودوودی زانای دینیی هێندی - پاکستانی لە سەر ئەم بـڕوایەیە کە فەرموودەی خـوا دەبـێ لە ڕێگەی بانگەشەی ناتوندوتیژانەی دینی بڵاو بکـرێتەوە؛ لە کاتێکـدا سـەلەفیی جیهـادیی ژێـر کـاریگەریی بۆچـوونی سـەید قوتبدان، ڕێبازی توند و ڕادیکاڵیان هەیە و بانگەشە بۆ جیهاد دەکەن.

تێگەیشتنی سەلەفییەکان لە خواپەرستی لەگەڵ تێگەیشتنی موسوڵمانەکان لە یەکتاپەرستی جیاوازیی قووڵی هەیە.

هەروەک سەید قوتب دەڵێ یاسا و دانـانی یاسا تـایبەت بە خوایە و دەستێوەردان لەودا مرۆڤ و کـۆمەڵگە بەرەو خوڕافـات دەبا. سەردەمی تـاریکپەرستیی پێش ئیسلام دەشوبهێنێ بە کۆمەڵگەی ئێستا و هەموو ئەوان بە نـائاگا پێناسـە دەکـا، بەم پێیە سەید قوتب ڕاشکاوانە هەموو مرۆڤایەتی بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە بە نـائاگا دەزانێ و، لە ئاکامدا بۆ تێپەڕین

لەم دۆخە، (جیهاد) وەک ئەرکێک بۆ خواپەرستانی ڕاستەقینە تا دامەزراندنی دەسەڵاتی دینی دەزانێ.

بەم پێیە، ڕەوتەکانی سەلەفییەت لەژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی سەید قوتب کە دواتر نازناوی جیهادییان پێدرا، بە پشبەستن بە فتوای بە کافر زانینی موسوڵمانان و شارۆمەندانی ئاسایی، بوون بە یەکێک لە گەورەترین هێزە تێرۆریستییەکانی جیهان و، لە دوورترین شوێنی دنیا هێرش و شەڕی زۆریان ڕێکخست. ڕێکخراوی جیهادیی سەلەفیزم، ڕێکخراوێکی ئاڵۆز و شاراوەن، ئاشنا بە ڕێبازی قاعیدەن، بڕوایان وایە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە گەر سێ کەسی موسوڵمان پێکەوە بن ئەوە دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و ئەمیر دیاری بکەن و جیهاد بە فەرمانی ئەمیرەکەیان لەو شوێنە بکەن. لە ڕوانگەی سەلەفییەکان پێناسەیەکی کۆنکرێت بۆ کافر بوون دیاری نەکراوە و هەر تاقمێکیان بە شێوەی دنیابینیی خۆی شرۆڤە بۆ ئەم بابەتە دەکا.

هەر چەند چوار جیاوازیی بنەڕەتی، سەلەفییەکان لە ڕەوتە مەزهەبییە ڕادیکاڵەکانی تر جیا دەکاتەوە کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی حوکمی جیهاد لەسەر پێنج ڕوکنی سەرەکیی ئیسلام، تەکفیری موسوڵمانانێک کە هاوبیری خۆیان نین، ڕەوایی بەخشین بە هێرش دژی شارۆمەندانی ئاسایی و، لە کۆتاییدا بەجێگەیاندنی هێرشی خۆکوژی.

بێجگە لەم بیرۆکەیە لێکۆڵەران هۆکارگەلی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییش لە پەرە سەندنی ئەم بیرۆکەیەدا بە کاریگەر دەزانن.

بەدەر لە جیاوازیی ئیدئۆلۆژیک دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕەوتە سەلەفییانە بریتییە لە؛ ڕایەڵکەی توند و سەرچاوەی جۆراوجۆری هێز، کە بە پێچەوانەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە کلاسیکەکانی تر کە پێکهاتەی پلەداری، ستوونی و ڕێبەری دیاریکراویان هەیە، لە ڕایەڵکەیەکی ئاسۆیی دروست بوون و زۆر بەکەمی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی گەورەدا دەردەکەون.

(کۆرتۆلۆس) لە چەمکی "گرووپ لە گرووپدا" بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانیان کەلک وەردەگرێ، ئەم گرووپانە ناوەندی فەرماندەیی و ڕێبەرییەکی دیاریکراویان نییە و ئەوەی تاکەکان لەنێو ئەم ڕایەڵکانە پێکەوە دەبەستێتەوە، هزر و بڕوای تیئۆریک و هاوبەشی ئەندامانەکانیەتی. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا لە پێوەندیدان و لە ڕێگەی جیاوازەوە بانگەشەی دین دەکەن.

ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمی توندڕەو و ڕادیکاڵ لەم ساڵانەدا هەموو سنووره نێودەوڵەتییەکانی بەخێرایی بڕیوە و توانیویەتی لە زۆربەی وڵاتاندا هێرشی تێرۆریستی بەڕێوە بەرێ و، بەمەش بۆتە سەرچاوەیەکی زاوزێی هێز. بە واتایەکی تر سەرەڕای دژایەتیی نیزامی، سیاسی، میدیایی و ئەمنیەتیی دەوڵەتانی بەرامبەر، چالاکی و هێرشی تێرۆریستی، ڕێکخستن و وەرگرتنی ئەندام و هێزی لاو و بانگەشەی ئەم ڕەوتە لە دنیادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنی.

کۆمەڵگەی سوننیی ئێرانیش بە کوردستانەوە، وەک ناوچەیەکی گرینگی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەمبەر مەترسیی ئەم تەوژمە ئیسلامی-عەرەبی و جیهانییەدایە. لەم ساڵانەی دواییدا بە سەرنج دان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دنیا، هەڵایسانی کێشەی مەزهەبی لە جیهانی ئیسلامیدا، هەندێک لە چالاکیی ئەم ڕەوتە توندڕەوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووی داوە.

ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتادا لە کوردستانی باشوورەوە هەناردەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا، ئەم بەشە لە کوردستان بە هۆی نزیکیی لە دنیای عەرەب و حیزب و لایەنە مەزهەبییەکانی ئەم نەتەوەیە ڕۆڵی سەرەکیی لەم بارەوە گێڕاوە. ئەم هاتوچۆ و پێوەندییە مەزهەبییانە بەکگراوەندێکی مێژوویی هەیە لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا.

ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییانە بە تێکەڵاوییان لەگەڵ هەندێک لەو حیزبە جیهادییانەی باشووری کوردستان وەک بزوتنەوەی ئیسلامی، جوندولئیسلام و دواتر ئەنسارولئیسلام، هەوڵی جێگیرکردنی ئەم بیرە جیهادییەیان لەنێو تاقمێک لە لاوانی هۆگری ئەم هزرە لە ڕۆژهەڵات داوە، کە ئاکامی وەک خۆتەقاندنەوە و چوونە نێو ڕیزی ئەلقاعیدە و داعشیشی لێکەوتوەتەوە.

بەشێک لە کورستانی ڕۆژهەڵات وەک ناوچەیەکی سوننی مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بە تایبەت بە هۆی پشتیوانیی لۆجستیکی، پەروەردەیی و ئابووریی ئەم ڕەوتانە لە ڕێگای ناوەندە مەزهەبییەکان دنیای ئیسلامەوە و هەروەها شوێنی گونجاوی گەشەکردنیان، لە تەوژمی بناژۆخوازیی گڕگرتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پارێزراو نابێ.

گەشەی خێرایان لە پەراوێزی شارەکان، وەرگرتنی فوتابیی ئایینی و پەروەردە و چوونە نێو ڕیزی ڕێکخراوی تێرۆریستیی وەک داعش و خۆتەقاندنەوەیان، نیشانەی بوونیان و ڕۆڵگێڕانیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە لایەکی تر گەشەی سەرمایەداری، دروستبوونی چینی فەقیر، جیاوازی و ناعەدالەتی لە دنیای سەردەمدا کە بە پێچەوانەی ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمە کە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی سادەژیانکردن دەکا، بۆتە دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی دژی مۆدێرنیزم و ئەمەش دەتوانێ هاندەر بێ بۆ نزیکبوونەوەی چینی هەژاری کۆمەڵگە لەم تاقمانە.

هاتنی بیری سەلەفیزم وەک ڕوانینێکی ڕادیکاڵ لە ئیسلام و تەیار بە ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە و هەروەها ئەو ژینگە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ گەشەیان و، هاوکات پشتیوانیی ماڵی و لۆجستیکی لە دەرەوەی سنوورەکان، ئەم ڕەوتەی بۆ ئەمنیەتی شارۆمەندانی کوردستان کردوەتە مەترسییەکی جیدی.

لە ئاکامدا هزری بناژۆخوازی سەلەفیزم وەک هێمای حاکمیەتی شەرعی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لەگەڵ ڕوانگەی پارتە نەتەوەییەکانی وەک دێموکرات کە بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی، زمانی، کولتووری و دینیی کۆمەڵگە هەیە و، هەروەها فێدرالیزم کە ئامانجی دوارۆژیەتی و هاوکات لەگەڵ ڕێکخراوە دینییەکانی تریش، لە ژینگەیەکی سیاسیدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتیخوازانەی هەبێ.

چوارچێوەی بەرتەسکی بیرکردنەوەی سەلەفیەت لەگەڵ جیهانبینیی دێموکراسی، ئازادی و ناسیۆنالیزم لە کێشەی مەعریفیدایە، چونکە ئەم گوتارانە بە گوتاری کافران دەزانێ. هاوکات لە مەنهەجی ئەم ڕێکخراوە ڕادیکاڵەدا پێکەوەسازان و سەقامگیری و ئاسوودەییەک نییە، لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ هزر و ئەندێشەی جیاوازدا کێشە و ململانێی هەیە و هەوڵی سڕینەوەیان دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## نەتەوە و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی

نەتەوە چەمکێکە کە لەسەر هەبوون و نەبوونی، مێژووی دروستبوون و هەروەها تایبەتمەندییەکانی بۆچوونی جیاواز هەیە. هێندێک لە خاوەنڕایان بۆچوونیان وایە کە نەتەوە جۆرێک کۆدەنگیی زەینییە، چون ئەندامەکانی یەکتر ناناسن، یەکتر نابینن، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەموویان لە چوارچێوەیەکدا ئەندامن، دیاردەی نەتەوە نە سروشتییە و نە هەتاهەتاییە، نەتەوە زۆرتر لە بڕوا زەینییەکان ڕیشەی هەیە تا ڕاستییە ئۆبژێکتیڤەکان. هەر بۆیە لە پێناسەی نەتەوە دوو بۆچوون و ڕوانگەی بنەڕەتی لە ئارادایە.

**ڕوانگەی کۆمەڵناسی - مێژوویی و ڕوانگەی سیاسی.**

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی - مێژووییدا بۆ لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە سەرنج دەدرێ و گرینگترینی ئەم لایەنانە بریتین لە کولتوور، باوەڕمەندی، بایەخەکان، زمان، دابونەریت و... کە ئەم نیشانانە بەرهەمی یەک پرۆسەی مێژوویی درێژ لەنێو یەک وڵاتی دیاریکراودایە.

ئەو نەتەوەیە دەبێ شوناسی هاوبەشی لە ئاست دامەزراوە نێوخۆییەکانی خۆی؛ بنەماڵە، مەزهەب، زمان و هەروەها بیر و پێکهاتەی هاوبەش لەم بەستێنەدا هەبێ و بە جۆرێک هەستی لێکگرێدراو، پێوەندی، دەمارگرژی و خۆشەویستی و سۆز لە نێوانیان هەبێ و بە پێناسەیەکی تر لە سۆسۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی هاوبەش بەهرەمەند بن.

**ڕوانگەی سیاسی دەڵێ:** نەتەوە یەک کۆمەڵی سیاسییە. بەم مانایە کە بە درێژایی پرۆسەیەکی خەباتی سیاسیی نێونەتەوەیی یا نێودەوڵەتییەکان دروست بووە و پێکهاتەی سیاسیی یەکانگیری لە وڵاتێکی دیاریکراودا هەیە و ئەم پێکهاتەی هێزە بە شێوازی جۆراوجۆر ئەگەری بەدیهێنانی هەیە.

یەک نەتەوەی کولتووری بە هۆکاری هاوشێوەیی و هاوئاهەنگیی سەرچاوەگرتوو لە هاوبەشیی زەینی لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە دامەزرانی ساختارێکی سیاسیی جێگیر سەرکەوتوو بووە. کە ئەم پێکهاتەیە مسۆگەری تەناهیی نێوخۆیی و سەربەخۆیی دەرەکی لە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا بووە.

ئەم نەتەوەیە دەتوانین بە یەک پێکهاتەی سیاسی لە مرۆڤەکان بزانین کە لەسەر ئەساسی هاوبەشیی زمانی، کولتووری، نەریتی و سیاسی لەنێو سنوورێکی جوغرافیایی دیاریکراو پێکەوە ژیان دەکەن.

**بە قسەی "ئەلکساندێر نێویل":** "نەتەوە لە ڕوانگەی مێژوویی، یەک جڤاکی سیاسیی تایبەتە و نەتەوە گەشەی قەومێکە لە ڕێگەی ڕووداوە مێژووییەکان لێکگرێدراوە و بە گوێرەی ئەم ڕووداوانە، کۆمەڵێک لە بەرژەوەندییە پەسەندەکان، سەرەڕای هێندێک دژوازی و ناتەبایی بەرهەم هێناوە".

**جۆری دووهەم:** پێکهاتەی سیاسیی خاوەن پێگەی کولتووری - مێژوویی نییە، بەڵام لەسەر بنەمای هاوپێوەندی و ئەساسی ئابووری یا دەستێوەردانی دەرەوەیە.

گەشەی ئابووری لەسەر ئەساسی تێکنۆلۆژیی نوێ لە شێواز و بەرهەمهێنان و هەروەها پێوەندی و زۆریی ڕوانگە ژیارمەندەکاندا لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی بەربڵاوی سیاسی و ئابووری و بەستێنێکی بەرفراوان کە جوغرافیای سروشتی و مرۆیی داگیر دەکا و دەبێتە هۆکاری پێوەندیی دوو لایەنە و، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە خەڵکێک پێک دێنێ.

ئەم پێوەندییە لەسەر ئەساسی پێویستیی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی دۆخی کۆمەڵایەتییە.

ئەم جۆرە نەتەوەیە پێش دروستبوونی دەوڵەت بوونی نەبوو، بەڵام هاوکات یا دوای دامەزراندنی دەوڵەت، پێکهات.

لێکچوویی کولتووری و بڕواداریی دوای کۆمەڵگەی تازە لە پرۆسێسی بە کۆمەڵایەتی بوون بە نێوەرۆکی نوێی هاوتەریب لەگەڵ ساختاری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی زاڵ، سەقامگیر دەبێ.

پێوەندیی تاکەکانی ئەم جڤاکە لەگەڵ جوغرافیا و خەڵکانی تر لەسەر ئەساسی ئەقڵانییەت و پێویستیی ژیان و تەناهییە، نەک لەسەر ئەساسی خۆشەویستی و لێکگرێدراوی و هاوڕێیەتی.

لەنێو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، نەتەوە جۆرێک جڤاکی سیاسیی یەکگرتووە کە یەک دامەزراوەی سیاسیی زاڵ بە ناوی دەوڵەت دروست دەکەن.

ئەمڕۆ وڵاتانی جیهان لەسەر ئەساسی ئەم دوو جۆر نەتەوەیەن.

بە پێی قسەی "بۆئێر" دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ دوو جۆر نەتەوەمان هەیە کە یەکێک لەوان هەڵگری پێوەندیی مێژوویی، کولتووری و خوێنییە و ئەوی تر لەسەر ئەساسی ساختاری سیاسیی یەکگرتوو پێکهاتوە.

نەتەوەکان لە ڕابردووی دوور هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیان پێکەوە هەبوو و ئەمڕۆکە بەشێک لە ساختاری ڕابردوویان لێک هەڵوەشاوەتەوە و، ساختارگەلی تر بە بەرهەمی نوێتر لە نێویاندا دروست بووە.

بەڵام بەشێکی گەورەی مانەوەی زەینییان کە لە پرۆسەی دووروردرێژ دروست بوون بەردەوام درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. بەڵام ئەوانەی هەڵگری بایەخ، بڕوا، دابونەریت، هێما و هەستی هاوبەشن لە زۆربەی بەستێنەکانی وەک بنەماڵە و خزمایەتی و کاروباری جڤاکی و مەزهەبیین.ئەم گرووپانە هاوبەشیی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری مێژوویی، جوغرافیایی، فەرهەنگی و زەینی پێک دێنن. لەوانەیە ئێستا خوازیاری پێکەوەیی و یەکگرتوویی ڕابردووی خۆیان بن کە پێویستیی بە شکاندنی ساختاری سیاسیی ئەمڕۆکەیە کە لەگەڵ خۆڕاگری بەڕەوڕوو دەبێتەوە. ئەم جۆرە نەتەوانە دەتوانین بە نەتەوەی کولتووری-مێژوویی پێناسە بکەین و، بزانین کە کەمتر نەتەوەیەک هەڵگری ساختارێکی سیاسیی یەکگرتووی لەم چەشنەیە.

**جۆری دووهەم** لە نەتەوەکان دەتوانین بە کۆمەڵگەیەک بناسێنین کە هەڵگری ساختارێکی بەرچاو و کۆمەڵایەتیی یەکپارچە و پێکهاتوو لە بەستێنەکانی ئابووری و سیاسیین و لە جوغرافیایەکی دیاریکراو ژیان دەکەن.

هەموو تاکەکانی ئەم جۆرە نەتەوانە هەڵگری پێکهاتە و کۆمەڵە مەعریفەیەکی زەینیی دیاریکراون و لە مەیدانی وردە فۆرمەکان نین، بەڵکوو بە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی پێکهاتەی ڕابردوویان، گەشەی تێکنۆلۆژیی پێوەندی و ئابووری، گەشەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات یەک بیر و خەیاڵ و گرووپی تایبەتیی ئابووری - سیاسی هەڵگری ساختارێکی یەکانگیری سیاسی بوون.

ئەم جۆرە نەتەوانە هەڵگری مێژووی دێرینی هاوبەش نین کە یەک ئوستوورەیان هەبێ، هاوبەشیی کولتووری لەنێو ئەم کۆمەڵگەیانە لەنێو گرووپە بچووکە کۆمەڵایەتییەکانی قەومی، ناوچەیی یا مەزهەبی بوونی هەیە، بەڵام لە ئاستی نەتەوەیی ناتوانین لێکچوویی زۆر لەنێو توخمەکانی ببینینەوە.

نەتەوەکانی کولتووری کە هەڵگری تۆخمی جوغرافیای مێژوویین و بەستراوەییان بە نیسبەت یەکتر هەیە، بەڵام ئێستا خاوەنی یەک وڵاتی هاوبەش نین، بەڵکوو نیشتمانی ئەوان لەژێر داگیرکاریی نەتەوە یا دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانە (وەک کورد).

بەڵام نەتەوەی سیاسی بە دڵنیاییەوە خاوەن وڵاتێکی هاوبەشن، ئەو نەتەوانە مێژووی درێژی شەڕ و خەباتی سیاسیی هاوبەشن، بیرەوەریی مێژووی هاوبەشیان هەیە و هەر تاکێکی نەتەوەیەکی سیاسی هەڵگری زۆرترین پێوەندیی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیین لەگەڵ یەکتر، گەرچی نەتەوەگەلی کولتووری - مێژوویی لە کاتی ئێستادا پێوەندیی دوو لایەنەی ئابووری و سیاسییان نییە و دۆخی ئاڵوگۆڕی کولتووری و کۆمەڵایەتییان بە هۆکاری دەستێوەردانی سیاسی و جوغرافیایی نەتەوەی سەردەست لە ئاستێکی سنووردارداییە، چون سیستمێکی سیاسیی یەکگرتوو و یەکپارچەیان نییە و لە نێوخۆی ساختاری سیاسیی جۆراوجۆر جێیان گرتوە، کە لەوانەیە خوازیاری گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی سیاسیی یەکگرتووی هاوبەشیان بن.

هەرچەند نەتەوەگەلی نوێ کە لەژێر هێژمۆنیی ساختاری سیاسیی هاوبەش و یەکگرتوودان کە لەنێو ئەم ساختارانەدا وەک شارۆمەند پێگە و و ڕۆڵیان هەیە.

## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە

ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی شوناسی نەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پێوەندیی تاک بە سیستمی گشتیی کۆمەڵایەتییەوە ڕاڤەی بۆ دەکرێ.

لە ئەگەری بەهێزیی پێوەندییەکان و پێوەندیی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە، شوناسی گشتیی تاک لە ئاستی نەتەوەیی دروست دەبێ و بەو جۆرەی باوە (ئێمەی نەتەوەیی) بەرهەم دێ. بڕوا بە بوون و پێویستیی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی؛ هەست و بڕوا ویستی بە بەشداری لەم کۆمەڵگەیە، هەستی لێکگرێدراوی هزریی هاوبەش و هەستی وەفاداریی تاک بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی، وەرگرتنی یەکتر بە ناوی هاووڵاتی، ڕوانینی پۆزەتیڤ بە ئەوانی تر و... بەستراوەتەوە.

لە شوناسی نەتەوەیی - کولتووری، ئەم کۆمەڵگەیە بە تایبەتمەندیی فەرهەنگی - مێژوویی پێناسە دەکرێ. بەڵام لە شوناسی سیاسی سەرنج بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی (نەتەوە) دەدرێ.

مەبەست لە شوناسی نەتەوەیی ئەوەیە کە تاکەکانی یەک نەتەوە ئایا بە خولقاندنی یەک کۆمەڵگەی سیاسی بە هێما و تایبەتمەندیی یەکگرتوو بڕوایان هەیە؟ ڕەهەندی مێژوویی و جوغرافیایی ئەم بیرۆکەیە چۆن نیشان دەدەن و چۆن تایبەتمەندییەکی کولتووری پێوە دەبەستنەوە؟ ئایا بەستراوەیی خۆیان لەنێو ئەم سیستمە سیاسییە بە پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ دەبینین؟

## شوناسی نەتەوە لە ڕەهەندی مێژوویی

لایەنی مێژوویی شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە ئاگاداریی هاوبەشی تاکەکانی یەک کۆمەڵگە لە ڕابردوو و بەستراوەییان بەم مێژووە و هەستی شوناسی مێژوویی بیرکردنەوە و لێکگرێدراویی وەچە جۆربەجۆرەکان بە یەکتر لە ئەگەری بەربەستی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی یەک نەوە لە مێژوودا.

تاکەکانی یەک نەتەوە نیسبەت بە ڕابردووی خۆیان دەبێ لێکدانەوەی هاوبەش، بایەخ پێدان، هەستی هاوبەشیان هەبێ. هەر بۆیە شوناسی نەتەوەیی دەتوانین بە شارەزایی و زانست نیسبەت بە ڕابردووی مێژوویی و بڕوا و هەستی هۆگریی هزری بزانین، بوونی هەست و سۆزی باش و خراپ بە نیسبەت پێشهاتەکان، ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان کە بەرهەمی بەریەککەوتن و جێی شانازی لە مێژووی وڵات و هەستی شایی بەخۆبوون یا ناڕەحەتی و سەرشۆڕی و هەست بە شکان بزانین.

## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی جوغرافیاییەوە

بۆ دروست بوونی شوناس یا یەکگرتوویی نەتەوەیی دەسنیشان کردنی چوارچێوە و سنووری یەک وڵاتی تایبەت، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

پێناسەی شوناس لەم ڕەهەندەوە بریتییە لە ڕوانینێکی باش بۆ ئاو و خاک؛ بەم نیەتە کە ئێمە دانیشتووی یەک وڵات و نیشتمانی دیاریکراوین و لە پێگەیەکی دیاریکراو لە سیستمی کەون بەهرەمەندین.

توخمی وڵات کە بە ئابووری و سیاسەت پێوەندییەکی نیزیکی هەیە، یەکەی مانەوە بۆ تاک دیاری دەکا.

هۆگریی هزری بە سنووره دیاریکراوەکان، پێوەری جۆراوجۆری هەیە کە بریتین لە: بەرگری کردن لە نیشتمان لە کاتی

بوونی هەر مەترسییەک، لە سەرتر دانانی ژیان لە وڵاتی خۆی بە نیسبەت هەموو جیهان، ئۆگری بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵات، ڕوانین و بیرکردنەوی باش بۆ نیشتمانی خۆت، هەستی ئاسوودەیی و تەناهی لە ئەگەری ژیان لە وڵاتی خۆت.

لە شوناسی نەتەوەیی کولتوری - مێژوویی، (نیشتمانی مێژوویی) جێگەی سەرنجە، بەڵام لە شوناسی سیاسیی (وڵاتی هەنووکەیی) بابەتی هزرییە و ئەساسە".

### شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی کولتوورییەوە:

مەبەست لە کولتوور، کۆمەڵە پێناسەیەکی زەینی و ڕەوانیی هاوبەشە کە لە ڕابردووی مێژوویی دروست بووە و لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بووندا بۆ وەچەکانی داهاتوو گوازراوەتەوە و نەسڵی نوێ وەک میرات و کەلەپووری ڕابردوو بۆیان بەجێ ماوە، کە پێک هاتوون لە بایەخەکان، نۆرمەکان، هێماکان، هەست و ڕوانینگەلێک کە لە بەستێنی بنەماڵە، ئابووری، سیاسی، مەزهەب و کۆمەڵایەتیبوون لەنێو خەڵکی یەک کۆمەڵگە بە شکڵی ویژدانی گشتییان لێهاتوە.

کولتوور سەرەڕای ئەوە کە لایەنی زەینیی هەیە، لایەنی بابەتییشە، کە کۆمەڵێک لەژێر ناوی شارستانیبووندا ناوی دەبەن و وەک میراتێکی کولتووری لەژێر دەستی یەک کۆمەڵگەدایە.

کەلەپووری کولتووریی هەموو ڕەهەندە فەرهەنگییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لەخۆ دەگرێ، کە بە جۆرێک لە ڕووی شارەزایی یا ناشارەزاییەوە، ئێمە دەخاتە ژێر کاریگەریی هێمای مێژوویی یەک کولتوور و یەک نەتەوە حیساب دەکرێ. هەر بۆیە بایەخ دانی کۆمەڵگە بە نیسبەت کەلەپوور و هەڵسەنگاندنی ئەوان بە نیسبەت پاراستن، ڕاگرتن و بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەدا، بەشێک لە شوناسی نەتەوەییە.

### شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی سیاسییەوە:

شوناسی سیاسی گرینگترین نیشانەی شوناسی نەتەوەیی پێک دێنێ.

شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی سیاسی بەو مانایە دێ کە ئەو تاکانەی لە ڕوانگەی سروشتی و یاساییەوە ئەندامی یەک سیستم یا ساختاری سیاسیین و لەنێو سنووری نەتەوەیی یەک وڵات ژیان دەکەن و بەردەنگی یاسایی ئەو وڵاتەن و لە

لایەنی زەینی، خۆیان بە ئەندامی ئەم سیستمە دەزانن.

خۆشەویستی و هۆگری بە یەک سیستمی سیاسی و بنەماکانی ڕەوایی هۆکاری بەهێز و گشتی لە بەهێز کردنی یەکگرتوویی و یەکانگیریی نەتەوەیی دەبێ.

بەڵام لە ئاستی سیستمی سیاسیی یەکانگیر مەبەست لە شوناسی سیاسی ئەوەیە کە شارۆمەندانی یەک کۆمەڵگە ئایا بڕوایان بە بوونی ساختاری سیاسیی یەکگرتوو لە ڕابردووی ئەم کۆمەڵگە سیاسییە، هەیە؟ ئایا بڕوایان بە ساختاری سیاسیی هەروەک ڕابردوو بە یەک پارچەیی ماوە؟ سەرچاوەی هێزی ساختاری سیاسی بە چی دەزانن؟ و زۆر پرسیاری تریش.

ئەوەی لە کۆتاییدا سەر لە نوێ پێویستی بە ئاماژەپێدانە چەندایەتی و چۆنیەتیی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی ڕێژەییە

شوناس هەرگیز مانا و نێوەرۆکێکی جێگیری نەبووە و ڕاوەستاوەیی بۆ خۆی قەبووڵ ناکات و هەموو کات چەند لایەنە بوونی قەبووڵ کردوە و ویستوویەتی کە بۆ ماناگەلی جۆراوجۆر بگەڕێ، هەر بۆیە لە چەقبەستوویی و یا دارمان تەوەللایە.

خاڵێکی تر کە سەبارەت بە ڕێژەیی بوونی شوناس پێویستە ئاماژەی پێبدرێ، ئەوەیە کە شوناس لایەنی سەختی و لاوازی، بوون یا نەبوونی توخم و نیشانەکانی ڕێژەییە.

چون شوناس چۆنیەتییەکە لە پرۆسێسی کات (زەمان)ـدا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە و لێکدانەوە بۆ وەچەکان و نەسڵی داهاتوو دەگوازرێتەوە و لەم گوازتنەوەیەدا لە ڕێگەی وەرگرتن و ناردن (دریافت و ارسال).

"ئیسمیت" شوناسی نەتەوەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکا: "دووبارە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی بەردەوامی هێما و بەهاکان، یادەوەرییەکان ونەریتەکان کە میراتی جۆراوجۆری نەتەوەکان بەرهەم دێنن، دیاریکردنی شوناسی تاکەکان بەو هێمایانە و میرات و توخمە کولتوورییەکانە.

بە بۆچوونی "ئیسمیت" ئەم پروسەیە (بونیاتنانەوە) بە چەشنێ بریتی لە هەڵبژاردن، پێکهاتە و کۆدانانی توخمەکانی شوناسی نەتەوەییە.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە وێنەی حەماسەیی لە شوناسی نەتەوەیی بە کاکڵەی خەبات، ئازادی و فیداکاریی تایبەتی نەتەوەکان یا (دەوڵەت-نەتەوە) تازەکان بەستراوەتەوە.

## دەرەنجام

شوناسی نەتەوەیی یەکێک لە نیشانە بنەڕەتییەکانی دروست بوون و درێژەی کۆمەڵگەی نەتەوەییە کە بێهێزی، بەشبەش بوون و لاوازیی ئەوان هۆکاری ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتییە.

بەڵام ئەم دیاردەیە بە لایەنی چەندی و چۆنیەتیی توخمەکانی هەم لایەنی پێناسەی بۆ کراوە و هەم بە پێی کات و شوێنی کۆمەڵایەتی، ڕێژەییە.

ڕێژەیی بوونی بە هۆکاری نکۆڵی یا کەم بایەخ زانینی ئەو نییە، بەڵام پێویست لە هەر کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی بواری هەڵسەنگاندن و خەملآن و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بڕەخسێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی شوناس و زمان لەسەر نەتەوە

زمان و شوناس دوو بەشی لێک جیانەکراوەن لە دروستبوونی ژێرساختی گۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەستێنی پێوەندیی نێوان تاکەکان و جڤاکدا.

مۆدێرنیزم کە سنووورە زمانی و شوناسییەکانی بڕیوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەر پێویستیی پرژانە سەر پرسی زمان و شوناس کاریگەریی داناوە و زمان بەردەوام ڕۆڵی گرینگی لە دروستکردن و ناساندنی شوناسدا هەبووە.

لە سەردەمی مۆدێرنیزم بە لەنێو چوونی هێندێک هێمای شوناس وەک بنەچە، ئەم ڕۆڵە زیاتر گرینگ و شوێندانەر بووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئابووریی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و یەکدەستیی میدیاکان، ئاڵوگۆڕی گرینگیان لە سەرتاسەری جیهان دروست کردوە، ئەم ئاڵوگۆڕانە ڕەوتی سەروەت و سامان، هێز، میدیاکان و شوناس لەخۆ دەگرێ و دەبێتە هۆکاری لێک هەڵوەشانەوەی هێندێک شوناس و دروستبوونی شوناسی نوێتر.

"کاستێلز" لەسەر ئەم پرسە تەرکیزی کردوە و بڕوای وایە شوناس، بە تایبەت شوناسی دین - مەزهەب یا نژاد لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە بوونی هەبووە. سەرەڕای ئەوەیکە ڕۆڵی ئەسڵیی زمان دروست کردنی پێوەندییە، بەڵام دروستکردنی پێوەندی لە تاکدا و دەسنیشانکردنی وەفاداریی تاکەکانیش وەبیر دێنێتەوە.

شوناس هەڵگری بەشەکانی ڕەچەڵەک، زمان، دین و کولتوورە. پرسی شوناس و زمان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەم دووانە وەک دوو بەش لە ژێرساختی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئەو ئاستە گرینگە کە هێندێک لە کۆمەڵناسان و شرۆڤەکارانی زانستی کۆمەڵایەتی بڕوایان وایە نەتەوە بەرهەمی سەردەمی نوێ نییە، بۆیە دەبێ نەتەوەکان بە بەرهەمی بونیاتنانەوەی شوناسەکانی نیشتمان و زێدی ڕابردوویان بزانین کە لە نەریتەکان، مێژوو، زمان، دین، هۆکاری ژینگەیی و جوغرافی و بە تایبەت ئوستوورەکان کاریگەری وەردەگرن.

خاوەن ڕایان لە پێناسەی شوناس، پرژاونەتە سەر لایەنی جۆراوجۆر و لە چەمکەکانی ڕیشەی زانستی کۆمەڵایەتی بە تایبەت کۆمەڵناسیی کولتووری.

لەم بەستێنەشدا وەکوو سەرجەم چەمکەکانی زانستی کۆمەڵایەتی لەسەر پێناسەکەی ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە.

بەگشتی ئەم وشەیە (شوناس) بە وڵامێک بە مانای چەندایەتی و چونیەتی دەزانن و ئاستی جۆراوجۆر بۆ شوناس دەخەنە بەرباس. بۆ نموونە دەروونناسانی وەک (پیاژە و فرۆید) ڕیشەی دروستبوونی شوناسی مرۆڤ لە قۆناغی جۆراوجۆری گەشەی مرۆڤدا دەبینن و دەزانن.

کۆمەڵناسان شوناس بە جۆرێک لە هەست دەزانن کە تاک لە نێو کۆمەڵگە بە دەستی دێنێ و پاشان بە پێداگری لەسەر لێکچوونەکان و جیاوازییەکان لەگەڵ گرووپەکانی تر، بە هەستی شوناسی سەربەخۆ دەگا.

شوناس پرۆسێسی وڵامدانەوەی شارەزایانەی تاک بە کۆمەڵێک پرسیارە لە بارەی خۆیەوە. بۆ نموونە: کێیە؟ لەکوێ بووە؟ چ بووە؟ سەر بە چ هۆز و نەتەوەیەکە؟ و زۆر پرسیاری دیکەش.

"بوزان" شوناس بە ڕۆحی کۆمەڵگە دەزانێ کە لەم سەردەمەدا دیفاع لەم ڕۆحە چووەتە زبڵدانی مێژووەوە و ئێستا بە سەرنجدان بە کۆچکردنە بەربڵاوەکان و شەڕە نەتەوەییەکان پێویستە بایەخ و سەرنجی پێ بدرێتەوە. لە ئورووپای سەدەی بیستەمدا پێوەندیی بەهێز لەنێو زمان و شوناسدا دەبینرا و زمان، وەک هۆکارێکی گرینگی لەدایکبوونی وڵاتانی سەربەخۆ دەهاتە ئەژمار. ئەو وڵاتانە جێگرەوەی زنجیرەی پاشایەتی و ئیمپراتۆری دەبن و ناوەکانیان لەگەڵ زمان لێک دەدرایەوە. (یانی زمان دەبووە پێناسەی ناوی وڵات).

بەڕای "کابینز و هۆلت" ئەم شێوازە بۆ ڕەوایی بەخشین بە هێزی سیاسیی وڵات پێویستییەکی گرینگ و حەتمییە .هەستی بوونی شوناس گرینگە و پرسیاری ئەسڵی بۆ دۆزینەوەی شوناس لە قۆناغی لاوەتییەوە دروست دەبێ. ئەگەر ئەم هەستە بەهێزە دەستەبەر نەبێ لە ڕۆڵی تاک، تێکەڵ بوون دێتە ئاراوە و هەستی بێشوناسی، بێئامانجی و هەڵسوکەوتی دژە باوی کۆمەڵایەتی لە تاکدا دەردەکەوێ.

بە هۆی بوونی هەستی بەهێزی شوناس دیتنەوە لە مرۆڤدا، ناسینەوەی هۆکاری کاریگەری دروستکردن لەسەر شوناس بە تایبەت زمان پێویستە.

## زمانی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەخشەکێشانی دروست بۆ داهاتووی زمان و کاریگەرییەکەی لە پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی زۆر گرینگە، بۆیە هەڵسەنگاندنی دروست و زانستییانەی کاریگەریی زمان لەسەر شوناسی نەتەوەکان لە داهاتوودا پێویستییەکی نەتەوەییە.

بە پێی ئەم شرۆڤەیە "دیکشیت" سەرچاوەی شوناسی نەتەوەیی و ڕۆحی نەتەوەیی هەر وڵاتێک بە هۆکارگەلی مەعنەوی و مانایی دەزانێ، بە بۆچوونی "دیکشیت" ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک هۆکاری خولقاندنی یەکگرتوویی نەتەوەیی دەبێ. هەندێک لە خاوەن ڕایان "ئیدئۆلۆژی" بە هۆکاری دروستبوونی شوناسەکان، بە تایبەت شوناسی نەتەوەیی و زمانی دەزانن و بڕوایان وایە کە هەموو ئیدئۆلۆژییەکان خاڵی جیاوازیی نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەن، لە بەستێنی خەڵکسالارییدا بە شێوەیەکی تەواوتر لەگەڵ یەکتر تێکەڵی دروست دەکەن.

وەدیهاتنی تەواوەتی شوناسی نەتەوەیی تەنیا لەژێر کارتێکەریی زماندا نییە و فاکتەری جوغرافیا و دینیش تێیدا ڕۆڵ دەگێڕن. لەم ڕووەوە دوو نیشانەی نیشتمان و مەزهەب لە تەنیشت زمان ڕۆڵی بەرچاویان لە پرۆسەی شوناسسازییدا هەیە.

## زمانی قەومی و شوناسی نەتەوەیی

بە درێژەی مێژوو قەومی جۆراوجۆر بە زمانی جیاواز لە تەنیشت یەکتر لە چوارچێوەی یەک نەتەوە ژیانی ئاشتیخوازانەیان هەبووە و بە تێپەڕبوونی کات، بەستراوەبوونی هەر زمانێک بە قەومێکی تایبەت بەرچاوتر بووە و هێدی هێدی بووەتە ژێرخانی ناسیاوی و شوناسی ئەو قەومە.

ناودێر کردنی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی بە ناو زمانی ئەوان لەم ڕاستایەدا سەری هەڵداوە.

تاک لە یەک کاتدا هەڵگری شوناسی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەساسی چین، نژاد، زمان، دین و قەوم دەبێ و لە ڕێگای ئەم لایەنگەلە شوناسییەوە خۆی بە خەڵکانی تر دەناسێنێ.

حکوومەتەکان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە پێداگری لەسەر ئەندێشە سیاسییەکان دەبێ بتوانن وەکوو یەک

دامەزراوەی بەرزتر، زۆرترین ئاستی هۆگریی قەومەکان لە پانتایی یەک وڵات جێگیر و سەقامگیر بکەن (فێدرالیزم یا کۆنفێدرالیزم).

هەموو دەوڵەتەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر لە بابەت پەرش‌وبڵاویی دانیشتووان، شوناسی کولتووری و سیاسی و... دوورکەوتنەوە و لێکهەڵوەشانەوەیان ئەزموون کردوە. بۆیە پێوەندیی قەومەکان و زمانی ناوچەیی لە جۆری لێکدژ؛ کەمایەتییەکان بەدوای بەهێزکردنی زمانی قەومی و لە ئاکامدا پاراستنی شوناسی قەومیی خۆیانەوەن.

لە بەرامبەردا هەر وڵاتێک کە بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتی زمانە قەومییەکان لە بەرامبەر زمانی نەتەوەیی/فەرمی پەرچەکردار نیشان دەدا و بەربەرەکانی دەکا و، پێویستیشیان بە زمانی نەتەوەیی وەکوو کەرەسەی تێگەیشتنی یەیڤی میللەت-دەوڵەت و بینینەوەی شوناسێکی بەربڵاوتر هەیە کە هۆگریی ئەوان بە یەک قەوم یا تایفە نەبێ بەڵکوو بە یەک نەتەوە نیشان بدا.

لەو وڵاتانەی کە خاوەن جۆراوجۆریی نەتەوە و زمانەکانن، دەوڵەتەکان گرفتاری ئەم دژوازی و ناتەبایانەن و، شکانەوەی هەر کام لە جەمسەرەکانی قەومی/نەتەوەیی و یا دوور بوونەوەیانی لێ دەکەوێتەوە.

شوناس دروستکردن لەژێر خوێندنەوەی ئەم بۆ چوونانە کە لەخۆگرتنی شوناسەکانی قەومی، نەتەوەیی و زمانی چڕ بوونەوەی بەخۆوە گرتوە، دروستبوونی هەر شوناسێک لە هەمان کاتدا بە مانای دروستکردنی سنووری زەینییە. بۆیە شوناسێک کە یەک نەتەوە لەخۆ دەگرێ، بە شوناسی نەتەوەیی ناودێر دەکرێ.

شوناسی نەتەوەیی باڵاترین ئاستی شوناسی مرۆییە کە لە سەدەی بیستەم و پاش بەدیهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی دروست بووە. شوناسی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و زمانی نەتەوەیی لەژێر کاریگەریی شوناسی نەتەوەییدایە.

ڕوانینی نوێی زمانناسان ئەوەیە کە زمان بە تەنیا لە پەیدابوونی ڕاستییەکان و ناسینی دەوروبەر پەسیڤ نییە و بەڵکوو لە دروستکردنی ڕاستییەکان کاریگەری دروست دەکا و چەمکەکان و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە جیهاندا دووبارە دەکاتەوە.

"بێنجامین لی وۆرف" یەکەمین کەس بوو کە پێوەندیی نێوان زمان و شوناسی بە شێوەیەکی کردەیی و جیدی تاوتوێ کرد.

پرۆسەی دۆزینەوەی شوناس و بێشوناسیی کاتمەندە و زمان وەکوو هۆکاری لێکگرێدراویی نەتەوە کار دەکا و هۆکاری ئەسڵی پێوەندی و ڕەوتی جێگیری کولتوورە، بۆیە شوناسی کولتووری لەگەڵ زمانی نەتەوەیی لیکگرێدراویی نەپچڕاویان هەیە. سەلماندنی ئەم بۆچوونە لە بڕوای "هابز باون" بەدیار دەکەوێ و دەڵێ وڵاتە داگیرکراوەکان کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی سەربەخۆ بوون، بە شێوەیەکی خۆڕسک لە هزری یەک زمانی نەتەوەیی سەرچاوە گرتوو لە ناخی نەتەوەیەک بوون، تاکوو بە ناوی ئەساسی بەرهێنان وکولتووری نەتەوەیی کار بکا.

لە بنەڕەتەوە سیستمی یەک زمان بۆ هەر وڵاتێک ئەوەیە کە بە یەک دەوڵەت_نەتەوە بگۆڕدرێ و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی پێویستیی بە یەکگرتوویی کولتووری و زمانییە.

زاڵبوون لەسەر مانی نەتەوەیی وەکوو پێوانەی شارۆمەندی ماوەیەکی کورتە کە وەک کەرەسەیەکی سیاسیی هەندێک دەوڵەتەکانی لێهاتوە. "هابز باون" ئەم تیۆرییە کە شوناسی نەتەوەیی و زمان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە جەختی لەسەر کردوەتەوە و بڕوای وایە زمانی نەتەوەیی لە ئاکامی چوونە سەری ئاستی زانست و بەشداریی سیاسیی بەربڵاو دەرکەوتوون، چون خەڵک پێویستیان بووە.

پێش دەیەی ١٩٨٠ی زایینی لە سیستمی پەروەردەییدا، سەرنجی کەم دەدرا بە کولتوور و کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان و بە بۆچوونی "نێلسۆن" هەوڵێک بۆ گونجاندنی مێژوو یا ڕوانگەی ئەوان نەدەدرا . نێلسۆن بڕوای وایە کە حکوومەتەکان بۆ بەردەوامیی هێز و پێشگرتن لە شۆڕشی کەمایەتییەکان ڕێبازێکی شیاویان لەژێر ناوی (هاوسەنگی) بینیوەتەوە.

حکوومەتەکان لە لایەک بە جۆرێک پێویستیان بە پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی هەبوو، کە لەسەر پێکەوە کارکردنی کەمایەتییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکانگیری یەکگرتوو بێ و لەلایەکی تر ئەگەر ئەم سیاسەتە لە ڕادە بەدەر سنووردار بێ دەتوانێ بە سڕینەوە و ناڕەزایەتیی کەمایەتییەکانی لێبکەوێتەوە و گرفتی کۆمەڵایەتی بخولقێنێ. زمانی تایبەت بە یەک قەوم یا نەتەوە لە لایەک پێوەندییەکانیان لە بابەتی هاوبەشدا بۆ ئاسان دەکا و لە لایەکی تر هەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی یا قەومییان بەهێزتر دەکا، کە دەتوانین بە ئیدئۆلۆژیی زمانی پێناسەی بکەین و بگەینە ئەم ئەنجامە کە زمانەکان و نەتەوەکان بەرابەرن و بە هێمای ئەسڵیی شوناسی نەتەوەیی بە ئەژمار دێن.

زانستی زمانە تایبەتەکان، هێمای هۆگری بە قەوم یا نەتەوە تایبەتەکانە و لەسەر شوێنی زمانی تایبەت لە یەک کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەدا . ئیدئۆلۆژیی زمانی لەسەر ئەم بابەتە دەڵێ کە زمان چۆن دەبێ بەکار بهێنرێ و زمانەکان چۆن

دەبێ پەروەردە بکرێن. باوترین ئیدئۆلۆژییە زمانییەکان دەتوانین بە تێڕامان لەم خەڵکەی بەو زمانە ئاخاوتن دەکا، بناسین. ئەم ئیدئۆلۆژییانە نیشان دەدەن کە لەکوێ زمانەکان نیشانەی قەوم یا نەتەوەکانن . بە جۆرێک کە زانینی زمانی پاراو و دیاریکراو، نیشانەی هۆگریی نیشتیمانپەروەری و خۆماڵی بوونە.

ئیدئۆلۆژیی زمانی دەتوانێ بە کەرەسەی ئیدئۆلۆژیی سیاسی بگۆڕدرێ و ناوەندی شەڕە سیاسییەکان بێ . بە کەلکوەرگرتن لە کەرەسەگەلی بانگەشە، بە تایبەت میدیا و ڕۆژنامەکان ستراتێژێکی تر بۆ کەلکوەرگرتن لە زمانە و زۆرتر لە شەڕەکان بەدیار دەکەوێ.

زمان کەرەسەی ڕاگەیاندنەکانە و بە کەلکوەرگرتن لێی، لایەنە جۆراوجۆرەکان پێی پشتیوانی یا سەرکۆنە دەکرێن . بەڵام "پریس" دووپاتی دەکاتەوە کە زمان بە تەنیا خۆی دەتوانێ مەبەست بێ و میدیاکان دەتوانن زمان بکەنە مەبەستێک کە بانگەشەی بۆ بکەن یا هێرش بکەنە سەری.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەک ڕاگەیاندن و بەرهەمی چاپکراویانە، کە لە ڕێگای زمانی نووسینەوە بەدیار دەکەوێ. لە ئەساسدا هێرشی زمان و کولتوور تا کاتێک درێژەی هەیە کە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو، لە بەستێنی زمان و کولتوور بەرهەمهێنەر نەبێ. لە سەردەمی ئێستادا زمان بە هۆکاری شوناس‌سازیی گرینگ گۆڕدراوە و ئینتێرنێت ڕۆڵی زمانی بەرچاوتر کردوە.

"ژوو" بڕوای وایە لە کۆمەڵگەیەک زمان تەنیا بە شێوازی زارەکی بەکار دێ، شوناسی نەتەوەیی یا قەومی لاوازتر بەرهەم دێ. گرینگیی زمان لە ناسینی کولتوور بە ڕادیەکە کە وتوویانە زمانی یەک نەتەوە کلیلێکە کە بە بەکار هێنانی دەتوانین کولتووری ئەو نەتەوەیەی پێ بناسین.

### ناسینی کولتوور ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی

کولتوور لە ڕێگەی زمان و هێماکانی تر دەگوازرێتەوە. کاتێک کە زمان سەرەڕای شێوازی ئاخاوتن، فۆرمی نووسین وەردەگرێ و پێداویستیی نوێ بۆ کۆکردنەوەی کولتوور پێک دێنێ و گەشەی کولتووری خێراتر دەکا.

هەواڵنێری و میدیاکان ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن و کۆمەڵانی خەڵک ئامادە دەکەن تاکوو ئەندێشە و هزرە نوێیەکان وەرگرن.



سەرچاوە Serchawe

ئەمڕۆکە پێوەندییە گشتییەکان و میدیاکان و بە تایبەت ڕاگەیاندن پێکەوە گرێ دراون . پێوەندییەکان هەوێنی سەرەکی و ئەسڵی ژیانی سیاسییە و بێکەلک وەرگرتن لە کەرەسەی پێوەندی و میدیاکان بە گشتی کە هەموویان لەسەر بنەمای زمان ڕاوەستاون، سیستمی سیاسی ناتوانێ نەزم و دیسیپلین بەسەر کۆمەڵگە و بەشداریی خەڵک ببەخشێ.

## دەرەنجام

زۆربەی خاوەن ڕایان لەسەر کاریگەریی شوناس لەسەر زمانی نەتەوەیی یا قەومی پێداگری دەکەن و زمانی نەتەوەیی بە هۆکار و هەڵگری شوناس و دیفاع و پاراستن لە شوناسی نەتەوەییە و، پێویستیی بە یەکگرتووی کولتووری و زمانییە. زمانی نەتەوەیی وەک پەتێکی بەهێزە کە بەهێزکردن و پاراستنی یارمەتی بە گەشەسەندن، پێشکەوتنی و یەکگرتوویی شوناسی نەتەوەیی دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠

## دێموکراسی و دوکتور قاسملوو

"دوکتور قاسملوو: "دێموکراسی بۆ ئێمە بە مانای پلۆرالیزم و ئازادیی بڕوا، بەیان و کولتوور دێ".

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو بیرمەندانەی جیهان و بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردستان بوو کە باوەڕی قووڵ و ڕیشەیی بە چەمکی دێموکراسی بۆ دواڕۆژی ئێران و هەموو دنیا هەبوو.

لە هزری دوکتور قاسملوودا دێموکراسییە کە دەتوانێ ئێرانی فرە زمان، کولتوور، نەتەوە و ئیتنیک لە چوارچێوەیەکی شارستانییدا بە تەبایی و پێکەوە سازان ئیدارە بکا؛ هاوکات ئازادی وەک ئەساسی دێموکراسی و هاوشانی پلۆرالیزم لە نێوان گەلانی ئێران پارێزراو ڕابگرێ.

بەڵام بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی دێموکراسی لەسەر ئەرزی واقع کە لە نێو وڵاتان تاقی کراوەتەوە و دەکرێ، دەبێ مەبەستی دوکتور قاسملوو لە کام جۆری دێموکراسی بووبێ؟

### دێموکراسیی زۆرینە:

لەم مۆدێلەدا ئەو هێز و لایەنەی زۆرترین ڕێژەی دەنگی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، واتە ئەو ڕەوتەی زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێناوە دەزگا و دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی ئەم دەوڵەتە بەڕێوە دەبا، بۆیە ئەم مۆدێلە زۆرتر دەسڵاتێکی ناوەندییە؛ چون دەسەڵاتێکە لە ناوەندەوە بڕیار بۆ بەشەکانی تری وڵات دەدا. بەم پێناسەیە لە دێموکراسیی زۆرینە، ئەم مۆدێلە لەو وڵاتانە دەتوانێ وڵامدەر بێ کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ئاییینییەوە یەکدەست بێ.

لە سەر ئەم ئەساسە، مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینە بۆ وڵاتی ئێران کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ئاییینییەوە وڵاتێکی پلۆراڵە ناتوانێ گونجاو بێ، چون ئەو نەتەوەی خاوەنی زۆرینەی پێکهاتەی حەشیمەتە دەتوانێ زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و مۆنۆپۆلی جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بکا، کە ئەو کات جیاوازی لەگەڵ دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری

ئیسلامی نابێ.

لەم بارودۆخەدا کە دێموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نییە، بە مانای گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی نییە، کە بەداخەوە هەندێک حیزبی سەرتاسەریی ئێرانی ئێستا داوای دەکەن.

ئەوەی لەو دۆخەدا پێویستە، کارکردنە بۆ هێنانە کایەی دۆخێکی لەبار بۆ بەدهێنانی مۆدێلێکی تر لە دێموکراسی، کە ئەویش دێموکراسیی ڕێککەوتن یا تەوافوقییە.

## دێموکراسی ڕێککەوتن:

دێموکراسیی ڕێککەوتن بریتییە لە بەخشینی دەرفەت بە بەشداریی سیاسیی هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی لەو وڵاتەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێ لەسەر ژیانی کۆمەڵگە.

مۆدێلی دێموکراسیی ڕێککەوتن لەو وڵاتانە وڵامدەر و ئامادەیە کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و مەزهەبییەوە جیاوازیی گەورە لە نێو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدا هەبێ. واتە کۆمەڵگەیەکی فرە زمان، نەتەوە و ئایینییە کە لە جیاتی ئەوەی حیزبی سەرتاسەری شێوازی ڕێکخستنی سیاسیی هەبێ و جێبەجێکاری پرۆسەی دێموکراسی بێ، حیزبی لۆکاڵی و ناوچەیی ئەم ڕۆڵەی دەبێ؛ هەر بۆیە ئینتیمای تاکەکان زیاتر ڕووی نەتەوەیی و زمانی و ڕەگەزی و ئیدئۆلۆژیی هەیە.

لەسەر ئەم ئەساسە ئاشکرایە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە بیهەوێ ببێتە وڵاتێکی دێموکراتیک، مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نابێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لێرەدا پێویستە، لە ئێراندا بوونی نییە.

هەر بۆیە بە بۆچوونی ڕێبەری هەرمانمان، دوکتور قاسملووش ئەو مۆدێلەی بتوانێ بەکەڵکی دوارۆژی ئێران بێ و لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا یارمەتیدەر بێ و، لەو کێشانەی -بە هۆی ئەقڵیەتی پاوانخوازانە و دیکتاتۆریی مێژووی دەسەڵاتدارانی ڕابردوو و ئێستای ئێران دروست بوون- ڕزگاری بێ و بتوانێ ئاشتی و تەبایی بەرقەرار بکا، ئەوە مۆدێلی دێموکراسیی ڕێککەوتنە.

لەبەر ئەم تایبەتمەندییە پۆزێتیڤانەی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی دوکتور

قاسملوو، لە کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا، بە خوێندنەوەیەک لە چەمکی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیبوو، دێموکراسی بۆ فێدرالیزم لە پێناوی وڵامدەر بوونی زۆرتری ئەم چەمکە بۆ دوارۆژی ئێران دەگۆڕێ، چونکە نە تەنیا لە زۆر وڵاتی دنیا فۆڕمی دێموکراسیی ڕێککەوتن فۆڕمێکی فێدرالییە، بۆ وڵاتێکی وەک ئێرانیش بە لە بەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی؛ مۆدێلێکی گونجاوە.

فەلسەفەی فێدرالیزمیش دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەرییە -نەهێشتنی ناوەندگەرایی لە وڵاتە- کە خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاشە. واتە فێدرالیزم هەوڵ دەدا دەسەڵات بەسەر بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا دابەش بکا و بە هەر بەشێک، بە قەدەر خۆی سەروەری ببەخشێ.

هەم دابەشکردنی دەسەڵات و هەم پێدانی سەروەری، دوو چەمکی سیاسیین کە ئەمەش بەم مانایە دێ لەم وڵاتە (ئێران)دا کێشەی سیاسی هەیە و، فێدرالیزمیش دێ چارەسەری ئەم کێشە سیاسییانە بکا.

بەم پێیە بە فێدرالیکردنی ئێران هەوڵدانێکی سیاسییە کە لەسەر ویست و ئیرادەی هێزە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات و بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە وێژمانی بزووتنەوەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

ئێرانی دوارۆژ پێویستی بە دامەزراندنی ناوەندێکی لیبرال و پلۆرال هەیە کە پێوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی ئەم فێدرالیزمە لەگەڵ ناوەند ڕێک بخات و کولتوورێکی سیاسیی نوێ، کە ڕێککەوتن بنەماکەی بێ و ڕاوێژ و دیالۆگ، بە بەردەوامی لە نێوان ناوەندەکانی دەسەڵات و لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا هەبێ و، دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری لە وڵاتدا ڕێک بخا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠

## مانگی گەلاوێژ و یادی دوو بۆنە بۆ گەلی کورد

مانگی گەلاوێژی هەموو ساڵێک بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، دوو بۆنەی پێوەندیدار بە چارەنووسی نەتەوایەتی لە خۆ دەگرێ.

لە لایەک شادیی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤و لە لایەکی تر فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد و کوردستان لە ٢٨_ی گەلاوێژی ١٣٥٨دایە.

گەلاوێژی هەموو ساڵێک بە بۆنەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە بە شکۆ و ڕێزەوە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بەرز ڕا دەگرن. ئەو حیزبەی کە ئاڵا هەڵگرانی بە گیان و ئەندێشەیان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و بەدیهێنانی سەروەریی سیاسی و یاسایی بۆ گەلی کورد لە ئێراندا.

لە لایەکی تر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە کەش و هەوایەکی سیاسیی ئازاد بۆ مومارەسەی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران ڕەخسا و گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر بە مانیڤێستێکی نەتەوەیی و کوردستانییانە کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تا کاتی ڕووخانی خەبات و تێکۆشانی فرە ڕەهەندی بۆ کردبوو، دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تازەش بە ستراتێژییەکی کورد و کوردستان مێحوەرانە لە چوارچێوەی ئێراندا، ویستی لەم دۆخە ئازاد و دێموکراتیکەدا داواکارییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خودموختاری بۆ کوردستان، سەروەریی یاسایی و سیاسی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا مسۆگەر بکات.

لەگەڵ وردە وردە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی نوێ لە تاران و زۆربەی ناوچەکانی ئێران، هاوکات دەرکەوتنی ویست و ئامانجی گەلی کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی خاوەن مێژوو و بە پرەنسیپ وتەبێژ و جێبەجێکەری بوو، لە چوارچێوەی ئێراندا داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان دەکرد، کە لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کورد بە "محارب" و کوردستانیش بە "دارالکفر" ناسێندرا و فتوای جیهاد دەرکرا. لە ئەنجامی ئەم فتوایەدا کوردستان کەوتە بەر دڕندانەترین هێرش و شار و گوندی ئەم ناوچەیە لە زەرەر و زیانی ئەم هێرشە بێبەش نەمایەوە و، بە شێکی بەرچاو لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد کوژران و بریندار بوون.

ئێستا کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی چوار دەیە پڕ لە دزی، گەندەڵی، کوشتن و بڕین و پاوانخوازیی خۆی تێپەڕ دەکا، کوردستان هەر وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی لە لایەن حکوومەتەوە سیاسەتی بەرامبەر دەکرێ، سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بە تالان دەبردرێ، بە پلانەوە کوردستان بێکار دەکرێ و بە پیلانەوە نائەمن دەکرێ تاکوو زیاتر میلیتاریزە بکەن، زمان و کولتوور دەشێوێنن و شوناسەکەی ئاسیمیلە دەکەن، لە ڕێگای دامودەزگای پەروەردەوە هزری خۆیان پەرە پێدەدەن، بە شێوەی سەختئامێر و نەرمئامێر هەمان ئەقڵییەتی داعش لەسەر کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو سەردەم و ئەو بڕیارە نگریسەی خومەینی، چەند پاڕادایمی بەرچاو لە پشت ئەو هەڵوێستە خۆی دەر دەخا، لەبەر ئەوەیکە دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمێک کە حیزبی دێموکرات ئاڵا هەڵگری بوو، لە دژایەتیی تەواو لەگەڵ بنەما هزرییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینییدا بوو.

## دێموکراسی:

کە لە باوترین پێناسەی خۆیدا بریتییە لە سپاردنی چارەنووسی خەڵک بە خۆیان -کە ئەمەیان دێموکراسیی ڕاستەوخۆیە - یا بە نوێنەرەکانیان کە بە شێوەیەکی ئازاد و لە کەشێکی دێموکراتدا هەڵیانبژاردوون - دەبێتە دێموکراسیی نوێنەرایەتی - و بە پێی واقعی دروستی کۆمەڵگەی ئێران هیچ کام لە نەتەوەکان ناتوانن سەرووی ٥٠٪ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک بێنن. کەواتە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگی خەڵک بۆ نەتەوەیەکی تایبەت مسۆگەر نابێ، بەڵکوو لەم حاڵەتەدا پێویستی بە تەوافوق و سازان دەبێ. هەرچەند ئەم ڕێککەوتنەش نابێ مافی کەمینەکان لە بەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا بێ دەبێتە ڕوویەکی تری دیکتاتۆری لەژێر ڕوخساری دێموکراسییدا.

بەم ڕاڤەیە لە دێموکراسی کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان پێداگرییان لەسەر دەکرد، لە دژایەتی لایەنی بەرامبەردا بوو کە بە بیرێکی دواکەوتووانە دەیانویست کۆمەڵگە ئیدارە بکەن.

## پلۆرالیزم:

حیزبی دێموکرات بە پێی خوێندنەوەیەکی دروست کە لە ڕووی نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێران لە قاڵبی پلۆرالییدا هەیبوو، بڕوای قووڵی بە تولێرانسێکی سەردەمییانە لە نێوان هەموو دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بە

مەرجی پێکهێنان و پاراستنی فەزایەکی دێموراتیک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک بوو کە لەوێدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێ و بە ڕۆحێکی پڕ لە ئاشتی بتوانن پێکەوە بژین. بەڵام دوای سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕی ناوچەیی لەگەڵ عێراق، لە بواری نێوخۆیی لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی کرد بە تەسفیەی نەیارانی خۆی و، لە بوارێکی دیکەشدا ئاسیمیلەی زمان و کولتووری کورد، عەرەب، تورک و بەلووچی لە پرۆسەیەکی بەرفراوانی میدیایی، پەروەردە و ئیدارییدا گرتە بەر. هەرچەند گەلی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ ئیددعا بکا کە بە هۆی زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەربەرەکانیی ئەم سیاسەتەی کردوە، بەڵام هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی زەبری قورسیان لە ڕۆحی پێکەوەبوون و ئاشتیی نێوان نەتەوەکان و پلۆرالیزم لە ئێران داوە.

## سێکۆلاریزم:

لە کۆمەڵگەی ئێران بە حوکمی فرە ئێتنیک بوون و یەکدەست نەبوونی لە بواری ئایینییەوە و هاوکات بۆ پاراستنی ئازادی و پێکەوە بوونێکی ئاشتییانە لە نێو هەموو ئەم مەزهەبە جیاوازانەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەساسی فەڕز نەکردنی هیچ دینێک بە سەر دینێکی تردا بڕوایەکی قووڵی بە سێکۆلاریزم وەک بایەخ هەیە. ئایین لە چوارچێوەی کۆمەڵگە پێناسە دەکا و وەک بەها و مۆراڵی تاکەکانی کۆمەڵ بە دابینکردنی کەشێکی ئازادانە و سالم دەی‌پارێزێ. چون بڕوای وایە کە بەستێنی سیاسەت و دین دوو ئاستی جیاوازیان هەیە و بە حوکمی فرەیی ناکرێ هیچ مەزهەبێک بە سەر مەزهەبێکی تردا بسەپێ و دیکتاتۆرییەکی دینی بسەپێنرێ، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی بە پاساوی پاراستنی دین وەک ئامرازێکی سیاسی؛ سێکۆلاریزمیان بە بێدینی و بێئەخلاقیی کۆمەڵگە پێناسە کرد و، لەم ڕێیەوە نەیارانی خۆیان پێ سەرکوت کرد.

## دەرەنجام:

ئێستا پاش چوار دەیە کە تێکۆشانی کورد بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی و ئازادی بێوچان لە مەیداندایە و لە لایەکی تر کۆماری ئیسلامی بوون و مانەوەی خۆی لەژێر سیاسەتی برسی‌کردن و ترس و تۆقاندن ڕا گرتوە، بە خۆشحاڵییەوە ئەوەی ئێستا بۆتە ویست و ئامانجی گەلانی ئێران، هەمان بەدیهێنانی دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمە، کە چوار دەیە لەمەو پێش گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵا هەڵگری بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## هێز وەک یەکلاکەرەوەی باڵانسی هاوکێشەکان

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی بەهێز و کاریگەر لە سیستمی نێودەوڵەتی لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە بریتانیا و چوونە نێو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هەتا ئێستا، سیاسەتێکی دەرەکیی چالاکی گرتووەتە بەر کە پشتی بە ئابووریی بەهێزی ئەم وڵاتە و هێزی مرۆیی و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی شەڕ و زانیارییەکان بەستوە.

ئایزێنهاوێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەیگوت کاریگەریی ماشێنی نیزامی و تێکنۆلۆژی گەورەی شەڕی ئەمریکا لە مێژوودا وێنەی نەبیندراوە و، ئەمریکا بێ وێنەیە و بەناوبانگە. ترامپیش لە پێشبرکێی هەڵبژاردنەوەی خۆیدا پاش زیاتر لە نیو سەدە دەڵێ چەکەکانی ئەمریکا گەیشتووەتە ئاستێک لە پێشکەوتوویی کە ئەگەر پیشان بدرێن ڕووسیە و چین وەک دوو ڕکەبەری ئابووری و نیزامیی ئەمریکا تووشی سەرسووڕمانی گەورە دەبن.

سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا بە پشتیوانیی سێ کوچکەی ئاسنینی ئابووری، نیزامی و یاسایی بەڕێوە دەچێ و، لەسەر کۆڵەکەی سێ بیچم دامەزراوە کە بریتین لە١) هێمێلتۆنیزم (بەها تەوەر)، ٢) جەکسۆنیزم (هێز و ئەمنیەت تەوەر) و ٣) ویلسۆنیزم (ئابوری و ئەمنییەت تەوەر) کە کۆشکی سپی لە هەر قۆناغ و بڕگەیەکی مێژووییدا هەر کام لەوان بەتەنیا دەگرێتە بەر یا پێکەوەیان گرێ دەدا.

ئەمریکا لە ڕوانگەی نیزامییەوە لە شوێن و پێگەیەکەی زۆر تایبەت جێی گرتوە. بودجەی نیزامیی ئەمریکا بە تەنیا لە ئی شەش وڵاتی زلهێزی جیهان زیاترە و لە ڕووسیەش وەک بەهێزترین هێزی نیزامی ئورووپا کە خاوەنی ٥٠٠ کلاوەی ئەتومییە زۆر لە پێشترە. ئەم بەهێز بوونەش لە ڕووی سەربازی، مەیدانی شیاوی بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی دابین کردوە، هاوکات ئابووریی ئامریکا بە بەرهەمهێانی پاکنەکراوی زیاتر لە ١١ تریلیۆن دۆلار و بودجەی ساڵانەی نیزیک بە یەک تریلیۆن دۆلار ئەم دەرفەتەی بۆ ئەمریکا بەدی هێناوە کە بە سەرنجدان بە نیاز و پێداویستیی وڵاتانی دی هێزی مانۆڕی بەربڵاوی بۆ باڵادەستیی سیاسی و ئابووری و نیزامی هەبێت.

ئەم تایبەتمەندییە هەمیشی ترسی خستووەتە دڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت کە چەند دەیەیە لەلایەن ئەم وڵاتەوە سزای ئابووریی قورسی خراوەتە سەر و، ئێستاش بە کارا کردنی میکانیزمی ماشە ئەگەری قورستر بوونی

سزاکان چەند قات زراوی ڕێژیمی بردوە.

ڕاستە لە ئێستادا وڵاتانی ئورووپایی و هاوبەشی سیاسیی ئەمریکا لە بەرجام (بریتانیا ، فەڕانسە و ئاڵمان) خوازیاری مانەوە و پاراستنی "بەرجام"ن و بەڕواڵەت نایانهەوێ لە پرۆژەی "لانیزۆری گوشار"ی ئەمریکا لە دژی ئێران ڕەگەڵ کەون؛ بەڵام ئایا دەتوانن ئەمریکا لەبەر کۆماری ئیسلامی بنێنە لاوە؟

ئورووپا دەزانێ کە کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکییەکان لە کەرتی تێکنۆلۆژی، زانست و ژینگە و هتددا وەبەرهێنانی زۆریان کردوە و زۆرترین هەلی کاریان بۆ خەڵکی ئورووپا ڕەخساندوە و، لە ئەگەری هەر ناکۆکییەکی قووڵی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئەمریکا؛ ئەوەی زەرەرمەندی سەرەکییە ئەو وڵاتانە دەبن. لە لایەکی تر بە هۆی شوێندانەری ئەمریکا لە دابین کردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەم وڵاتانە و پاراستنی ئەمنییەتیان لە بەرامبەر مەترسییەکانی ڕووسیە، چین و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەمبەر هەڕەشەکانی وەک کێشەی خاک، قۆرغ کردنی بازار و تێرۆریزم و هاوکات دابین کردنی پێداویستییەکانی دیکە و پاراستنی ناتۆ؛ ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەیی هەمە لایەنەیان بە ئەمریکاوە هەیە. گرووپی نیزامی و ئابووریی ئەم وڵاتانەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە فشار دروست کردن بۆ سەر سیاسەتی حکوومەتەکەیان مەجبور بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکایان دەکەن. چونکی بە شێوەیەکی نەریتی ئورووپا لە ڕۆڵ و دەوری خۆی بە نیسبەت پرس و بابەتەکانی دەرەوەی سنوورەکانی کە ئەمریکا بەشێک لە بابەتەکە بووە، لە هێڵ و بەرەی ئەمریکادا خۆیان دیوەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئورووپا کێشەی مێژوویی و جیددیی لەگەڵ چین و ڕووسیە هەیە و ئەمەش وا دەکا لە نیهایەتدا ئورووپا بە مانەوەی لەو هێڵە ستراتیژییەدا ڕێچکەی تەواوکەری فشار بۆ سەر ئێران بگرنە بەر.

لە لایەکی تر دوو وڵاتی ڕووسیە و چین وەک دوو وڵاتی کاریگەر لە ئاستی نێودەوڵەتین و پێگەیان لە سێکتەرەکانی ئیدئۆلۆژی، جوغرافی، هێزی مرۆیی، ئابووری، کەڕەسەی نیزامی و تێکنۆلۆژی لە ئاستی دنیادا بەهێزە و خاوەن ماڤی ڤێتۆکردن لە شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانن و وەک ڕکەبەرێکی بەهێزی ئەمریکا پلانمەند سیاسەتی خۆیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەو پێش دەبەن.

ڕووسیە لە ڕووی سەربازی، وزە، ژێئۆپۆلۆتیک و ژێئۆکاڵچێردا بەدوای گەڕاندنەوەی شکۆی لەدەست چووی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەگەڕێ و دەیەوێ قەرەبووی هەموو مەیدان چۆڵ کردنەکانی پێشووی لە بەرامبەر ئەمریکادا بکاتەوە. چینیش وەک وڵاتێکی زلهێزێکی حەشیمەتی، تێکنۆلۆژی و ئابووری بە تەمای گرتنە دەستی پلەی یەکەمی ئابووری و مونۆپۆل کردنی بازاری جیهانییە. ئەم دوو وڵاتە بەدووی ئەوەدا دەگەڕێن لە هێژمۆنیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



سەرچاوە
Serchawe

بدەن و مەیدانی مانۆڕی ئەم زلهێزە جیهانییە بەتایبەت لەو ناوچەیەدا تەنگەبەر بکەن. بەڵام هەڵوێستی دوو وڵاتی ڕووسیە و چین کە خۆیان وەک پشتیوانی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دەردەخەن، شیاوی تێڕامانە. لەڕاستیدا ڕووسیە وەک بازاڕێکی گەورەی فرۆشتنی چەکوچۆڵ و ڕۆڵ و دەوری کۆمپانیا ڕووسییەکان لە سێکتەری وزەدا لە ئێران دەنواڕێ. بەپێی نەریتی ئەم وڵاتەش بێتوو هاوبەشێکی باشتر لە ئێران بدۆزێتەوە، زۆر ئاسان پشت لە ئێران دەکا و لەگەڵ ئەمریکا دەسازێ، نموونەی ئەمەش لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا زۆر بینراوە. بۆیە ڕووسیە ئێران تەنیا وەک کارتێکی فشار لە بەرامبەر ئەمریکادا دەبینێ. پوتین پاش سەرکەوتنی لە دەوری دووهەمی سەرۆکایەتیی ڕووسیە کە لە قۆناغی یەکەمدا دیسکۆڕسی "بەربەرەکانیی پۆزەتیڤ"ی گرتبووە بەر، ستراتیژیی حکوومەتەکەی بە ئاراستەی هێرشبەری لە بواری وزە و پێداگری لە سەر بوونی ڕووسیە وەک زلهێزی وزە گۆڕی و ئێرانیش کە ئێستا بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لە بەشی وزە، بانک و چەکوچۆڵدا ناتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چالاک بێ؛ سروشتییە کە ڕووسیە وەک خوانێکی چەور لێی دەڕوانێ و قۆڵی لە بەتاڵان بردنی سەرچاوە سرووشتییەکانی ئێران هەڵماڵیوە و دیارە کە زەرەمەندی سەرەکییش لەو نێوەدا هەر ئێرانە.

لەولاش چین کە لە هەمبەر ئێراندا سیاسەتێکی دووفاقەی گرتووەتە بەر و هاوچەشنی ڕووسیە وەک کارتێکی گوشار بەرامبەر ئەمریکا لەو شوێنانەی لە ڕووی ئابووری و هێژمۆنییان (وڵاتانی ئەفریقایی) تووشی بەریەک کەوتن دەبن، ئێران وەک کارتێک دەکاتە قەڵغانی بەرژەوەندییەکانی.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەهۆی بەردەوامیی لە سیاسەتی هەناردەی شۆڕش، دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و خەونی هیلالی شیعی و پاڵپشتیی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی ئاراستەیەکی گرتووەتە بەر کە مەترسیی زۆر لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست دەکا، ئەمەش لە نیهایەتدا وا دەکا هاوبەشە سیاسییەکانی ئەمریکا کە لە ئێستادا لایەنگری کارا کردنی میکانیزمی ماشە نین، دواجار پشتی ئەم بڕیارەی ئەمریکا بگرن و پاڵپشتی بن.

دیوێکی دیکەی ئەم نەخشەیە بوونی ئیسرائیل و وڵاتە نیوە دێموکراتیکەکانی ناوچەیە کە لە ئاکامی بەهاری عەرەبی و گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ڕابردوودا دروست بوون و ئەمریکا لە هەر حاڵدا لەسەر پاراستنی ئەم وڵاتانە لە مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی سوورە، ئەم وڵاتانەی کە مانەوەیان بەشێکە لە ستراتیژیی درێژمەودای ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەر ئەوەشە کە لەو ماوەیەدا هەوڵی ڕێککەوتنی سەدە بە ئەندازیاریی ئەمریکا پتر لە هەموو کاتێک چووەتە پێشێ و مەبەستی سەرەکی لەوەش پێش گرتن بە قەیران خوڵقێنی و سیاسەتی شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.



سەرچاوە Serchawe

بە شێوەکی گشتی ستراتیژیی بنەڕەتی و گشتگیری ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بریتین لە: پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی نیزامی و بەستنی ڕێککەوتنی ئەمنییەتی و سەربازی لەگەڵ دەوڵەتان، بەڕەوپێش بردنی پرۆسەی ئاشتی و پلانی ئابووری و سیاسی، دژایەتی توندی وڵاتانی وەک ئێران، سووریە و هێز و گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس و بونیادگەرای ئیسلامی سوننە کە سپانسەریی شێواندن و تێکدانی ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەن. هەر بۆیە لە هەموو ئەو بەستێنانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک کۆسپ لەبەردەم ئەمریکادا قوت دەبێتەوە. ئەم بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئێستاش کە ئێران تووشی بووە و کۆمەڵگەی بەرەو رووخان و دارمان بردوە، لێکەوتەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ جەمسەربەندی دژی ئەمریکان. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئەمریکا بە چالاک کردنی میکانیزمی ماشە ئەگەر بە تەنیاش بێ، لەبەر ئەوەی هێژمۆنیی ئابووری، سەربازی، دیپلۆماسی و تێکنۆلۆژیی بە سەر ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە و خاونی سیاسەتی پاراستنی سەروەری سیاسی و یاسایی زۆر لەم وڵاتانەیە، یەکلایەنەش بووبێ دەتوانێ لەم بڕیارەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

بەم پێیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا دوو ڕێگەی لەبەرە: یان ملدان بە وازهێنان لە بەرنامەی ئەتومی و مووشەکی و وەلانانی سیاسەتی پشتیوانی لە تێرۆریزم و ڕێگە کردنەوە بۆ دێموکراسیی نێوخۆیی و گۆڕینی دێموکراتیکی دەسەڵات؛ یان تەریک کەوتنەوەی زیاتر و ڕووبەڕوو بوونەوەی پتر لەگەڵ ئەمریکا و هاوبەشە سیاسییەکانی کە لەوانەیە چارەنووسی ئێران و کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاقارێکی دیکەدا ببا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## هەڕەشەی دەوڵەتی تیرۆریست بە دروشمی بریقەدار

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتەوە بۆ سەپاندنی ئۆتۆریتە و هێژمونیی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی بە تایبەت لە وڵاتانی ناوچە، تێرۆر و نانەوەی ئاژاوە و بشێویی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا خستۆتە دەستووری کاریەوە و بە شێوە و بیانووی جۆربەجۆر جێبەجێی کردوە. لەم ڕووەوە هەر لە سەرەتاوە تێرۆریزم ماهییەت، پێناسە و فەلسەفەی وجوویی ڕێژیمی مەلاکان بووە لە ئێراندا.

"تێرۆر" وەک وشە لە زمانی فەرانسەویدا بە مانای ترس و دڵەڕاوکێ دێ و لە سیاسەتیشدا بە کردەوەی ترس‌خوڵقێن و نایاسایی حکوومەتەکان بۆ سەرکوتی نەیارانی خۆیان و ترساندنیان پێناسە دەکرێ و بە کار دێت. لە سەر ئەم ئەساسە تێرۆریزم وەک ترس و دڵەراوکێ دژی نەیاران هەموو کات چەکێکی بەهێز و کاریگەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دژی ئازادیخوازانی وڵات (قەتڵە زنجیرەییەکان و تێرۆرە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات) و بە تایبەت بزووتنەوی مافخوازیی کوردستان (تێرۆری هەردوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور قاسملوو لە ئوتریش و دوکتور شەرەفکەندی لە ئالمان، تێرۆری زیاتر لە ٤٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاری کوردستان لە هەرێمی کوردستان، تەقینەوەی شەوی یەلدای بەردەم مەقەڕی دەفتەری سیاسی و هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات) بووە. حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی تێرۆرەوە زۆرترین و قورسترین زیانی ئینسانیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دێموکراسی‌خوازیی کورد و ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی خۆی گەیاندوە.

دوای ڕووداوی کوشتنی موحسین فەخری‌زادە، زانای ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم لە حەوتووی ڕابردوودا، جواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران وەک نوێنەری دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیمیش لە کاتێکدا داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە هەڵوێستیان بەرامبەر کوژرانی فەخری‌زادە هەبێ؛ کە هاوکات لە بێلژیک دادگایەک لە تاوانی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەکۆڵێتەوە. هەروەها هەموو دنیا و بۆخۆشیان باش دەزانن کە پیتاندن و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ڕێژیمەوە نەک لە پێناو ئامانجی مرۆڤدۆستانە و بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران نییە؛ بگرە بۆ بەبارمتە گرتنی زیاتری خەڵکی وڵات و بردنەسەرێی پتری توانای سەربازیی خۆیان بۆ پرکێشییەکانیان لە ناوچە و جیهاندایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی داسەپاوی خۆیان بە سەر گەلانی ئێراندا و لە کاتێکدا کە دنیا بە هۆی پێشکەوتنی فرەڕەهەند لە ڕووی سیاسی، ئابووری، تێکنۆلۆژی و هتد ئاوەدانی و خۆشبژێویی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم بە عەقڵییەتی چاخی بەردین، شەڕەنگێزی و نەحاوانەیان لەگەڵ دنیای سەردەم و پێداگرییان لە سەر پڕوپاگەندەکانی سەرەتای شۆڕش -هەناردەی شۆڕش، ئازادیی قودس، بوون بە ئادرەسی ئیسلام لە دنیا، باڵادەستی لە ناوچەدا- ئێرانیان لە هەموو بوارێکدا تەریک خستۆتەوە و لە پێناو ڕاگرتنی هێز و حکوومەتەکەیان هەم بەرهەمهێنەری تێرۆریزم و هەم پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزم بوون. لەو سۆنگەیەشەوە دەبینین کە خۆیان لەگەڵ هەموو دنیا بەرەوڕوو کردووەتەوە و لە سایەی ئەو جۆرە ڕوانینەیان خەڵکی وڵاتیان تووشی چ بەشمەینەتییەک کردووە.

## وەڵامی کوشتنی فەخریزادە چۆن دەبێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هاتنە سەرکار و دەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتی شۆڕشی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران و مۆنۆپۆل کردنی جومگەکانی دەسەلات، ڕەوایی خۆی بە دوو هێزی هەڵخەلەتێنەری (مەلاکان) و سەرکوتکاری (پاسداران) گرێ داوە، واتە ئاخوندیزم و پاسداریزم لە ڕێگای چەواشەکاری و درۆ، لە پشت مینبەر و بە ناوی خوا و قورئان و بە ڕێگای ئەو تەونە جاڵجاڵۆکەیەی بە ناوی جۆربەجۆری ئایینی و دەزگای دینی دروستیان کردووە، و بە ناوی گوناح و شەرعەوە پێشیان بە ئازادیی ئەندێشە گرتووە و هزری تاکی ئێرانییان بە چەواشەکاری داخستوو. هاوکات پاسداریزم وەک هێزێکی سەرکوتکار وەک دەوڵەت لە سێبەردا لە نێو حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران شوێن و پێگەی ستراتیژیی هەیە و ئێستا لە ڕێگای ئابووری و ئایدۆلۆژی دەستی بە سەر سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی کۆماری ئیسلامی داگرتووە. سیاسەتەکانی سپای پاسداران ئێرانی بەرەو توتالیتاریزم بردووە و بچووکترین دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازی خەڵکی ئێران وەڵامەکەی لەلایەن سپای پاسدارانەوە سەرکوت ، ئێعدام و کوشتوبڕە.

سپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتیش لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕۆیشت و بە فەرماندەیی کەسێکی وەک قاسم سولێمانی کە پیاوی ژمارە یەکی ئەم هێزە داپڵۆسێنەرە بوو، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە تێکدان و نائەمنکردنی سەقامگیریی ناوچە و بەشێکی زۆر لە جیهاندا هەبوو، و بە ئاشکرا دەستێوەردانی بڕیارەکان لە ناوەندی دەسەڵاتی بەغدا، سووریە، بەحرین و لوبنانی دەکرد و ئەو وڵاتانەی وەک قەڵغانی شەڕ بۆ دوور خستنەوەی مەترسییەکان بۆ سەر ڕێژیمەکەیان بەکار دێنا.

لەم ڕووەوە کوژرانی قاسم سولێمانی وەک پیاوی ژمارە یەک و سندووقی ڕەشی هێژمۆنیی سپای پاسداران و ڕێژیم لە ناوچەدا و دواتریش، کوژرانی کەسی یەکەم و تەختە کلیلی بەرنامەی ناوکی و مووشەکیی ڕێژم لە نیزیک تاران، دەکرێ بە

لێدان لە ئوتوریتەی ئەم ڕێژیمە و هەتیو کەوتنی ڕێژیم لە دەستدرێژییەکانی لە ناوچە و پەرەپێدانی پیشەسازیی ئەتومی و مووشەکیی لێک بدرێتەوە.

بێگومان کوشتنی قاسم سولێمانی و فەخریزادە وەک دوو کاراکتێری گرینگی ڕێژیم هەم کەلێنی قووڵی لە ڕێژیم خستووە و هەمیش لە نێوخۆی هێزەکانی ڕێژیمدا خواستی تۆڵەکردنەوە بۆ وەدەستهێنانەوەی پرستیژی ئەمنیەتی و سەربازیی لەدەستچووی لە ئارادایە، لە بارودۆخەدا ڕێژیم سێ ڕێگەی وڵامدانەوەی لە بەردەمدایە:

١- وەڵامدانەوە لە ڕێگای درووشمی باق و بریقەدار :ماوەی چل ساڵە حکومەت لە ڕێگەی دروشمی قەبەی وەک نەمان بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل ، ئازادیی فەلەستین و... هەوڵی چەواشەکردنی خەڵک دەدا و ڕێژیم توانیویەتی بە هەڵخەڵەتاندن وەک چەکێکی بەهێز دڵی بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی ئاڕام بکا.

٢- تۆڵەی ڕاستەوخۆ :واتە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. بەڵام ئێستا ئێران بە هۆی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی ناوکی گوشاری هەرە زۆری ئەمریکا بەهۆی سزای ئابووری، چەکوچۆڵ و دیپلۆماسی لە دۆخێکی سەخت دایە و ناتوانێ هێرشی ئەم جۆرە بکا. هاوکات هێشتا نیزیک مانگ و نیوێک لە دەسەڵاتی ترامپ ماوە و ئێران نایهەوێ بیانوو بداتە تیمی ترامپ بۆوەی هێرشی پەرچەکرداریان لەدژی ئێران هەبێ. هاوکات کۆشکی هیوایان لەسەر ئەمە هەڵچنیوە کە لە سۆنگەی ڕوانگەی جیاوازی دێموکراتەکانەوە گوشاری گەمارۆکانی لەسەر کەم بێتەوە و ئێران و ئەمریکا لە چوارچێوەی "بەرجام"دا درێژە بە مامەڵەی نێوانیان بدەن. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو گەڕانەوە بۆ دۆخی بەرجام زۆر ئەستەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران زاتی ئەوە ناکا بیەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا تێکگیرێ. لەبەر ئەوەش کە لەو کوشتنەدا زۆرتر ناوی "مووساد" لەگۆڕێدایە، لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلیش هەر هەمان مەترسییەکانی شەڕ لەگەڵ ئەمریکای بۆ سەر ئێران هەیە و بەمجۆرە تەکلیفی تۆڵەی ڕاستەوخۆ ڕوونە کە ڕوو نادا.

٣- تۆڵەی ناڕاستەوخۆ :بەکارهێنانی حەشدی شەعبی، حوسییەکان و حیزبوڵڵا بۆ شەڕی نیابەتی. تۆڵەی ناڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای بریکارەکانی لە ناوچە یەکێک لە ئەگەرەکانە، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەیتوانیوە کەلێنی قاسم سولێمانی و کاریگەریی ئەو لەسەر ئەم هێزانە پڕ بکاتەوە؛ هاوکات هێرش و گورزە کوشندەکانی ئەمریکا لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەو هێزانە ئەوانی تا ڕادەیەکی بەرچاو لاواز کردوە. ئیسرائیلیش بەهۆی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی ناوچە ئیدی ئەم دێوزمەیە نییە کە ئێران بتوانێ بە هەڵخڕاندنی هەستی

هاوسۆزیی خەڵکی موسوڵمانی ناوچە بڕیوی سیاسی و ئیدۆلۆژی بۆخۆی دابین بکا، بگرە لە ئێستادا وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی ژمارە ١ی خۆیان دەزانن. حیزبوڵڵای لوبنانیش لەو مەوقعییەتەدا نییە بتوانێ بە فیتی ئێران خۆی تێکەڵ بە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بکات.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فەکت و گریمانە هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەستێنی هەر لە چوارچێوەی قسەدا دەمێننەوە و ڕێژیم ئەم هەڵە ستراتیژییە ناکا خۆی بخاتە دۆخێکی دژوارتر لە ئێستاوە کە داهاتووی دەسەڵاتەکەی بەرەو نادیار ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

# ئاڵا و پێشمەرگە

لە سەدەی بیستەمدا، پاش هەر دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم کە سیستمی نێودەوڵەتی ژانی لەدایک بوونی فۆرمێکی‌تر لە حوکمڕانی و دەسەڵاتدارەتیی بەخۆی گرتبوو و، سیستمی حوکمرانیی ئیمپراتۆرییەت دوای شۆڕشی ڕۆشەنگەری و پیشەسازی لەبەریەک هەڵوەشابوو؛ لە ساختاری نێودەوڵەتی‌دا فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەت- نەتەوە جێگای ئیمپراتۆرییەتی گرتەوە. نەتەوەی کوردیش بە حوکمی یاسای گەردوونی، سروشتی و مرۆڤایەتی دەبوا وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک، زمان، چاند و شارستانییەتی خۆی بوو؛ ئەم مافە بیگرێتەوە. بەڵام لە قۆناغی داگیرکاریی نوێدا ئیمپراتورییەتی سەفەوی (فارس/شیعە) و عوسمانی (تورک/سوننە) دەبنە لەمپەر بەرامبەر مافویستیی گەلی کورد و، دواتر بە هاوکاری و پشتیوانیی داگیرکەرانی جیهانی لە ساتوسەودایەکی هاوبەشی ناوچەیی و جیهانی‌دا (ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ) خاک کوردستان و نەتەوەی کورد بە سەر چوار دەوڵەتی نوێی ناوچەیی‌دا دابەش دەکەن.

بەڵام لەلایەک بەهۆی پاشخانی هزریی تاکی کورد بە نیسبەت مێژوو لە سەردەمی ڕابردوودا و درندەیی و دێوەزمەیی عەقلییەتی شۆوینیستیی عەرەب، فارس و تورک و لە لایەکی‌تر، بە هۆی سەرکردایەتیی مێرخاسانی وەک شێخ سەعید، شێخ عوبەیدوڵلا، شێخ مەحموود، مەلا مستەفا و سمایل ئاغای سمکۆ کە بە هەست و نەستەوە خەبات و تێکۆشانیان دژی داگیرکەرانی کوردستان دەکرد؛ ئایین و پێگەی دەسەڵاتدارێتییان بە ڕوح و هزری بەرخۆدانی کوردانە و لە ڕاستای تەسلیم نەبوون بە داگیرکەران و دان‌پێدانەنان بە ئۆتۆریتەی داگیرکەران، هەردەم بە گەشاوەیی و ئاگامەندییەوە بۆ نەسلی داهاتوو گواستەوە.

لەو کاتەشدا کە سیستمی دەوڵەت-نەتەوە جێگای سیستمی ئێمپراتۆرییەتی دینی-سیاسیی گرتەوە و ژیان لە قۆناغی فیۆدالی بۆ پیشەسازی هەنگاوی نا و، مۆدێلی حیزبایەتی بە شێوەی ڕێکخراوەییش هاتە ئاراوە، گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو لەسەر بنەڕەتی ئەم پاشخان و ڕابردووە پڕ لە شۆڕش و قوربانیدانە کە تێکۆشانی لەسەرڕێ هێشتنەوەی گەلەکەی بە شێوەی فرەڕەهەند کردبوو و، پاش هەر جار شەهیدبوونی سەرکردەکەی و نسکۆی شۆڕشەکەی - چونکی ڕۆڵەکانی خاوەنی هەمان ئەقلییەت و ڕۆحی ڕزگاریخوازی و ئازادیویستی بوون- سەری هەڵداوەتەوە و ئاڵای تێکۆشان هیچ کات لە ئاسمانی کوردان دانەکەوتووە. ئەمجارەش پاش دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، پاش سێ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کولتووری، سیاسی و فەرهەنگی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم حیزبی کوردی

بە شێوەی مۆدێرن و ڕێکخراو کە خاوەنی بەرنامە و پێڕەوە، لەژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و بە ئەزموون وەرگرتن لە شۆڕشەکانی ڕابردووی و کەڵکوەرگرتن لە سەردەمی نوێی جیهانی وەک حیزبێکی خاوەن فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەمان لەسەر ئەساسی بەڕێکخراو کردنی جەماوەر و لە ڕووی ئاگاییەوە دادەمەزرێ.

لەم کاتەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ، بارودۆخی ئێران بە ئاراستەیەکی هەرە هەستیار و مێژوویی‌دا تێپەڕ دەبێ و بە لەبەرچاو گرتنی هەڵکەوتەی ژێئۆسیاسی و ژێئۆپۆلیتیکیی ئێران و بەرژەوەندیی زلهێزانی شەڕی جیهانی و بێ‌توانایی حاکمانی ئێران لە ڕووی سیاسی و ئیداری‌دا وڵات دەبێتە مەیدانی تەراتێنی بریتانیا و سۆڤیەت. بەمجۆرە جوغرافیای ئێران بە کردەوە لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا دابەش دەبێ و هێژمۆنی و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزەکان نامێنی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەی دۆخی ئاڕایی لە ئێران و وەزعی ناوچە و جیهان، لەژێر ڕووناکایی بڕیارێکی حەکیمانەی پێشەوا قازی و جیهانبینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەرفەت بە گونجاو دەبینن و لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی‌دا کۆماری کوردستان دادەمەزرێنن.

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوماری کوردستان کۆمەڵێک هێما و سێمبول هەم وەک پێویستییەکی فەرمانڕەوایەتیی کوردان و هەمیش وەک یاسا و پرستیژی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی کۆماردا، بە ئاوردانەوە لە مێژووی پڕ لە شۆڕش، خوێن و قوربانیدان و لە پێناو فۆرم بەخشین بە داهاتوویەکی زێڕین دێنە ئاراوە؛ کە ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و پێشمەرگە بەشێکن لەم شانازییە پڕ مانا و نێوەڕۆکەی کۆماری کوردستان.

ئاڵای پیرۆزی کوردستان سیمبۆل و شکۆی نەتەوەی کورد کە وەک بەشێک لە چاند و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک هەموو گەلانی تری خاوەن ئاڵا و دەسەڵات بۆ نیشاندانی پێناسە، ناسنامە و دەسەڵاتدارێتیی کوردانە، بە شێوەی فەرمی شەرعییەتەکەی لە حکومەتی کوردستان وەک یەکەم حوکمداری چاخی نوێی کوردان بوو، وەردەگرێ. ڕێک بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئاڵا وەک هێما و ناسنامەی نەتەوە، دەوڵەت و هەرێم پێناسە دەکا، ئاڵای کوردستانیش بۆ نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان هێما و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییانە.

ئێستا ئاڵا ئەو هێما و پێناسە گرینگ و دیارەمانە کە ڕۆڵی گرینگ و شوێندانەری لە بەرهەمهێنانی وێژمان و پاراستنی گوتاری نەتەوەییمان دەبینێ و وەک ڕەمزی نەتەوەیی وێڕای ڕەمزەکانی دیکەی وەک پێشمەرگە، سروود و... ڕۆڵی بەرچاو لەنێو نەتەوەکەمان هەم بۆ خەبات و تێکوشان و هەمیش بۆ یەکگرتوویی ڕوح و ئەندێشەی کورد و کوردستانمێحوەرانە

لەنێو هەموو پارچەکانی کوردستان بە هەموو حیزب، زاراوە و ئێتنیکەکان دەگێڕێ و وەک چەتری کۆکەرەوەی هەموو نەتەوەی کورد دەور و ڕۆڵی هەیە.

شانازی و دەسکەوتێکی‌تر کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان چێ دەبێ، هێزی "پێشمەرگە"ی کوردستانە .لەو کاتەدا حکومەتی کوماری کوردستان دەسەڵاتدارەتی و حوکمداریی خۆی ڕادەگەیەنێ، هەم وەک حەوجێیەکی گرینگ و ئەساسی لە پێناو سەقامگیریی نێوخۆیی و هەم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییەکانی دەرەکی، دامەزراندنی هێزێکی مرۆیی بەرگریکار دەبێتە پێویستییەکی بنەڕەتی.

کوماری کودستانیش بەپێی ئەم زەڕوورەتە نێوخۆیی و دەرەکی و هەمیش بە درێژایی مێژوو کە ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوەکەمان بە گیانیان وەک بەهادارترین سامانیان نەتەوە و نیشتمانەکەمانیان لە دەستی داگیرکەران پاراستووە و بۆ ڕزگاری و ئازادی نەتەوەکەیان گیانیان بەخت کردووە، ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە" بەپێی ئەم فەلسەفە و زەروورەتە دەبێتە ناوی پارێزەری نەتەوە و نیشتمانمان.

دوای ڕووخانی کوماری کوردستان ئەرک و ڕەسالەتی پێشمەرگە کە بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان بەرامبەر داگیرکەران بوو ، لە قۆناغی نوێشدا کە تێکنۆلۆژی سنوورەکان دەبڕێ و دوژمن ئێستا بە شێوەی نەرم و لە ڕێگای میکانیزمە جۆربەجۆرەکان هەوڵی ئاسیمیلەکردن و سەپاندنی شوناسی خۆی بە سەر نەتەوەکەمان دەدا، ئەرک و بەرپرسیارێتیی پێشمەرگە هەر دوو بەستێنی نەرمئامێرانە و ڕەقئامێرانەی بە خۆیەوە گرتوە و بە هزر و مەعریفەوە، هاوشانی چەکەکەی بەرامبەر داگیرکەران لە پێناو پاراستنی بەها و بایەخەکانی گەلەکەی تێ دەکۆشێ.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم هێزە کاریگەر و شوێندانەرەی کورد و کوردستانە کە بە قارەمانێتی و ئیرادەی گیانفیدایانە بە سادەترین چەک و کەرەستەی شەڕکردن توانیویەتی بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بوەستێتەوە و پێش بە ڕەوتی داگیرکاری و لەنێو بردنی نەتەوەکەمان لە سەر ئەقلییەتی شۆوینیستیی فارس، تورک و عەرەب بگرێ.

بە درێژایی مێژوو گەلی کورد خاوەنی ڕۆڵەی قارەمانی لەم چەشنە بووە کە توانیویەتی بەرامبەر پیلانگێڕییە نگریسەکانی داگیرکەران، پارێزەری شوناس، ماهییەت و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان بێت و بەرەورووی تاریک‌پەرەستانی وەک داعش کە هەموو دنیا سەرەڕای خاوەنی بەهێزترین و کاریگەرترین چەک و تێکنۆلۆژیی شەڕ؛ ئەمنیەتی نێوخۆیی و بەرژەوەندییەکانیان نەمابوو، ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بە ئیمان بە پاراستنی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی بە

ئیرادەیەکی کوردانە بەرامبەریان بوەستێ و بە مرۆڤایەتی بسەلمێنێ کە داگیرکەرانی کوردستان و تاریکپەرەستانی وەک داعش لە ئاست ورەی بەرزی پێشمەرگە کە پارێزەری نەتەوەکەمانن، زەبوون و داماون. بۆیە پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری شوناس، خاک و گەلەکەمان دوای شەڕی داعش ئێستا لە دنیادا باڵوێزی ڕزگاری و پاراستنی مرۆڤایەتی پێناسەی بۆ دەکرێ.

مەخابن کۆماری کوردستان پاش ١١مانگ لە تەمەنی پڕ لە دەسکەوتی لە بوارەکانی سیاسی، کولتووری، فەرهەنگی و... بۆ نەتەوەکەمان لە پیلانگێڕییەکی جیهانیدا تێک چوو ، بەڵام خودی کۆمار و هێماکانی (سرودی نەتەوەیی، ئاڵا، پێشمەرگە و...) کە خوڵقاندنی، ئێستا داینەمۆی تێکۆشانی هەر تاکێکی کوردە و وەک ڕۆح و فەلسەفەی ژیان و ڕزگاری بۆ کۆمار، ئاڵا و پێشمەرگە لە لایان هەموو نەتەوەی کورد سەیر دەکرێ.

ئازادیخوازانی کورد، پارێزەرانی ئاڵا و پێشمەرگە بە وەفا و بەڵێنییەک کە بە خوێنی پاکی شەهیدانیان داوە، ناهێڵن گەلەکەمان بێ پێشمەرگە بێ و ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەردەم بە ئاسمانی کوردستانە شەکاوە دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی

لەنێو بزووتنەوەکاندا دژایەتی و بەربەرەکانێ لەدژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەکەن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە بەرپرسیارێتی گرنگ و مەزنیان لەسەر شانە، چون ویستی ئەسڵی بزووتنەوە و داهاتوو بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوە و ئەندێشەی پێویست بۆ درێژەدان بە بزووتنەوە و یەکگرتوویی هێزەکان وێنا دەکەن و شوعاری پێویست بۆ یەک گوتاری و یەکڕیزیی کۆمەڵگە گەڵاڵە دەکەن و ئاسۆی سیستمی داهاتوو نیشان دەدەن.

دوکتور سەعید شەرەفکەندیش هەر لە سەرەتای ژیانییەوە بە هۆی کۆچی دوایی باوکی و پەروەردە بوونی لەسەر ئەرک و دەستی نیشتمانپەروەر و شاعیرێکی وەک مامۆستا هەژار، وەک بڵێی بۆ قۆناغ و ئەرکی گەورەو و نەتەوەیی ئامادە بکرێ، کەسایەتییەکی مەزن و کاریزماتیک بۆ هەموو قۆناغی ژیان پەروەردە ببوو. ئەو کەسایەتییەکی دێموکراتیک بوو، و لە ڕەوشت، ئاکار و تێڕوانییندا دێموکراتێکی بەپرەنسیپ بوو.

کراوەبوون و کۆمەڵایەتی بوونی لە ئاکامی پێوەندی لەگەڵ خەڵکانیتردا بۆ هەر مرۆڤێکی باوەڕمەند شیاوی لێ فێربوون بوو و لە هەڵسوکەوت کردنی چ لە نێو کۆمەڵگە و چ لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێناسەی مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی بۆ دەرکردبوو و لە ڕاستیدا گرنگیدانی بە بایەخە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەی ببووە ڕەمزێک لە گەورەیی کاک دوکتور سەعید، کە بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی گەلەکەی ئەرک و بەرپرسیارییەتی بەدیهێنانی ڕزگاری و ئازادیی خستە سەرشانی خۆی.

هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئیتنیکی، زمانی و نەتەوەیی خۆش دەویست کە نیشاندانی ئەم ڕاستییەیە کە دوکتور سادق کەسایەتییەکی دێموکراتی واقعی بوو و ئەو خۆشەویستییە هەڵقووڵاو لە بڕوا دێموکراتیکەکانی سەرچاوەی دەگرت.

لە کاتێکدا لە سەدەی ژیانی دوکتور سەعید لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە بە سەر دوو بەرەی سەرمایەداری-سۆسیالیستی و سێکۆلار- دینیدا دابەش ببوو، دوکتور سەعید بە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی و کوردستان مێحوەرانە خاوەنی باوەڕ و هزری جێگر و چەسپاوی کوردی بوو، لە ڕوانگەی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ ئیدئۆلۆژییەکانی سەردەمی دەڕوانی و بە لێزانینی خۆی لە

هەمبەر دۆخی نەتەوەکەی دەیکوردناندن.

هیچ کات ئاڵاهەڵگری بیر و ئەندێشەیەک نەبوو کە ناتەبا لەگەل پێویستی و بایەخەکانی نەتەوەکەی بێت و کورد و کوردستانی بوون بۆ دوکتور سادق، مێحوەر و ماکەی هەر بڕیار و هەڵوێستێکی بوو و لەسەر ئەم جیهانبینییە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن هەم وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیانە بۆ پرسی کورد بەربەرەکانێ دژی ڕژیمی ئاخووندی پێناسە و ماهییەتی وجوودی بوو، دەکاتە سەنگەری تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی بایەخە دێموکراتیکەکانی و ئەرک و بەرپرسیارییەتی لە ناو حیزبی دێموکرات وەردەگرێ و هاوکات چۆن مرۆڤێکی دێموکرات بوو و باوەڕی بە پلۆرالیزم لە جەمسەربەندی فکر و هزردا هەبوو، وەک ئەندازیارێکی لێوەشاوە، ڕێکخراو و ڕێکخستنی نێو ماڵی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران ڕۆڵگێڕی مەیدانی وەئەستۆ گرت و هەر لەو پێناوەدا بۆ یەکگوتار کردنی دەنگی ئازادیخوازی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان بە دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێزی دانووستاندن لە برلینی وڵاتی ئاڵمانیا شەهید دەکرێ.

دوکتور سەعید وەک کەسایەتییەکی شیاو و شایستە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک و بەرپرسیارییەتی حیزبی-نەتەوەیی و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ڕەساڵەتە بە شێوەیەکی دروست و وڵامدەر وەک کەسایەتییەکی مودیر جێگای متمانەی هاوسەنگەرانی بوو و وەک ڕێبەرێکی باوەڕمەند بە دێموکراتیک بوون سەرەڕای ڕێنوێنی ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب، خۆشی وەک تاکێکی ئەم سیستمە دەزانی و دەبینی و لە دانیشتنی هاوڕێیانەدا بە شێوەیەکی جیددی و مێهرەبان ئاراستەی سیاسەتی هەمەلایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد.

لە حاڵێکدا ئەو ڕێبەرانەی ئیدئۆلۆگن و دەتوانن کۆکەرەوەی دەنگ و ڕەنگی جیاواز بۆ بە ئاکام گەیاندنی ڕەساڵەتی شۆڕشگێڕییان و لە قۆناغی پێش ڕووخانی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان ڕۆل و شوێندانەریان هەبێ، بەڵام ئەوە ڕێبەرانی ڕێڤەبەر و مودیرن کە لە قۆناغی دوای ڕووخانی سیستمی پێشوو ڕۆل و کاریگەری بەرچاویان هەیە.

بەڵام دوکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک کەسایەتییەکی دێموکراتیک و تەیار بە هزر و جیهانبینی نەتەوەیی و نیشتیمانی وەک مودیرێکی لێزان لەنێو ماڵی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کۆکەرەوەو یەک دەنگ کردنی هەموو جیاوازییەکانی بوو، دەتوانین بڵێین مامۆستا و ڕێبەرێکی هەموو قۆناغەکانی سیاسی و دەوڵەتداری بوو، لە ئەمڕۆدا دەژیا و سیاسەتی دەکرد و داهاتووشی بە ئەندێشە دێموکراتیکەکانی بناغەڕێژ دەکرد.



سەرچاوە Serchawe

چۆن تەنیا ڕێبەرێکی سیاسی و مودیرێکی وەک دوکتۆر سەعید دەیتوانی بە ژێرمەندبوونی ڕێککەوتن، هاوپەیمانی و شێوەی ڕێبەری کردن لە جیاتی دامەزراندنی سیستمێکی دیکتاتۆر و پاوانخواز، بۆ سیستمێکی دێموکراسی بگۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

---

## ئایا کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی شکست خواردوو و مایەپووچە؟

ئەگەر دەوڵەتانی ناکارامە بەسەر سێ دەستەی لاواز، شکێنەر و مایەپووچدا دابەش بکەین، لە سەدەی بیستەم قارەی ئەفریقا ناوەندی دەوڵەتە مایەپووچەکان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمریکای باشووریش ناوەندی دەوڵەتە لاواز و شکێنەرەکان بوون.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستویەک دەوڵەتە لاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دۆخی گوازتنەوەیان بۆ دەوڵەتە مایەپووچەکان گرتە بەر .هەرچەند دەتوانین مێژووی مایەپووچبوونی دەوڵەتەکان بۆ سەدەکانی پێشوو بگەڕێنینەوە، بەڵام تەنیا لە ساڵەکانی پاش شەڕی سارد بوو کە چەمکی "دەوڵەتی مایەپووچ" سەرنجی دەستەیەک لە بیرمەندانی بۆخۆی ڕاکێشا. بۆ دەوڵەتی مایەپووچ پێناسەی جۆراوجۆر دەکرێ، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی لەم مەیدانە تـوێژینەوە دەکەن، دەوڵەتی مایەپووچ لە بەرامبەر دەوڵەتی سەرکەوتوو پێناسە دەکەن.

دەوڵەتە سەرکەوتووەکان ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر شارۆمەندانی وڵات جێبەجێ دەکەن، سنووری خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن، لەگەڵ دەوڵەتانی تر پێوەندیی دیپلۆماسییان لەسەر ئەساسی پاراستنی بەرژەوەندیی یەکتر هەیە، مۆنۆپۆلی کردەوەی ڕەواییبەخشی هێز و توانای دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتییان بۆ شارۆمەندان هەیە. لە بەرامبەردا دەوڵەتانی مایەپووچ ئەم تایبەتمەندییانەیان نییە، یا لەم بوارەدا زۆر لاوازن و توانای سەقامگیریی سیاسی و گەشەی ئابوورییان بۆ شارۆمەندان نییە و ناتوانن بۆ هاووڵاتییان خزمەتگوزاریی پێویست دابین بکەن.

لەسەر ئەساسی ئەم پێناسەیەی بۆ دەوڵەتی مایەپووچ کرا، ئەگەر دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتدی ئەمڕۆی حکوومەت و کۆمەڵگەی ئێران هەڵسەنگێنین، دەبینین کە ئێران سەرەڕای هەبوونی سەرچاوەی زۆری ژێرزەوی و سەرزەوی، هێزی مرۆیی کارا و ئەکتیڤ، چونکە پاوانی ئەو جومگە هەستیارانە لە دەست تاقمێکی مافیاییدایە، دۆخی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵک لە خراپترین پێوانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئابوورییە و ڕێژەی گەندەڵی لە ئێران بە پێی پێوەرە جیهانییەکان لە پلەی حەوتەمدایە، لە ئاکامی ئەو گەندەڵییە بەربەرینەی ڕانتخۆرانی سپای پاسداران و ئاخوندەکان،کۆمەڵگەی ئێران بەسەر دوو چینی هەژار بە ڕێژەی ٩٠٪ و کەمینەی دەوڵەمەند بە ڕێژەی ١٠٪ کە باڵی نیزامی و ڕۆحانیەتی شیعە لە خۆ دەگرێ، دابەش بووە و؛ ئاکامەکەی دیاردەگەلی قێزەونی کۆمەڵایەتی وەک دزی، بێئەخلاقی،

گیرۆدەبوونی مادەی هۆشبەر، تەڵاق و هتدی لێکەوتوەتەوە.

هاوکاتیش بۆتە هۆکارێک کە خەڵک لەبەر بێدەرەتانیی ئابووری و کێشەکانی کە بەم هۆیە هاتوونەتە ئاراوە نەتوانن وەک پێویست بەرەورووی دەسەڵاتی پاوانخوازی ڕێژیم ببنەوە و هەموو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێک لە نیگا و مانیفێستێکی ئابووریتەوەرانەوە ببینن.

دەزگاری ڕۆحانیەت و هێزی نیزامیی پاسدارانیش لە مێتۆدی برسیکردنی خەڵک بۆ درێژە پێدان بە پاوانخوازیی خۆیان باشترین کەلکیان وەرگرتوە.

تەناهیی شارۆمەندانی ئێران لە هەموو سێکتەرەکان بە جۆرێکە کە بە پێی پێناسە و مێکانیزمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمنیەتی تاک لە ئێران چ بە شێوەی ڕێکخراو کە دەزگا داپلۆسێنەرەکان دەیکەن و چ بە شێوەی خۆڕسک کە تاکەکانی بەرامبەر یەکتر دەیکەن لە نزمترین ئاستی خۆیدایە.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە، کۆماری ئیسلامی کە هەموو ژێرساختەکانی حکوومەت و دەوڵەتێک بۆ هەناردەی شۆڕش و دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتان بە کار دێنێ و، لە ئاستی نێوخۆییش نافەرمانیی مەدەنی، نەچوونە سەر سندووقی دەنگدان، بە دەنگەوە نەهاتنی خەڵک بۆ بانگەوازەکانی ڕێژیم و دیکتاتۆرییەتی سیستم بکەینە پێوەر، تووشی دارمانی مانایی و واتایی و ڕەوایی هاتوون و لە ڕیزبەندی وڵاتانی مایەپووچ جێ دەگرێ.

## ڕەچەڵەکناسیی دەوڵەتی مایەپووچ:

وشەی دەوڵەتی مایەپووچ لەژێر ناوی یەک چەمک لە سەرەتای دەیەی ٩٠ـی زایینی لە وێژمانی زانکۆیی و سیاسی پەیدا بوو و پەرەی گرت.

ئەم چەمکە لە لایەن "هێلمن و ڕاتنێر"، لەژێر ناوی "ڕزگاریی دەوڵەتە مایەپووچەکان" هاتە بەرباس.

بە بۆچوونی ئەوان چەمکی دەوڵەتی مایەپووچ بە باشی دەتوانێ پێناسەی دۆخی وڵاتێک بێ کە تێیدا ژێرساختی حکوومەت بە شێوەی جیدی تووشی دارمان هاتوە و پاش ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ دەوڵەتە مایەپووچەکان وەک مەترسییەکی

جیدی و جێگای سەرنج بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە وێژمان و ڕاڤەی تەنـاهیی نێـودەوڵەتی گرینگیی بە خۆیەوە گرتـوە و، ئەم دیـاردەیە تەنیـا پێوەنـدیی بە قۆنـاغی سـەردەمەوە نییە و لە کـاتی دروستبوونی سـازمانێک بە نـاوی دەوڵەتەوە لە سەدەی شازدەهەم ،کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام شاهیدی لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکـان بـووە. بەڵام ئەوەی هۆکـار بـوو کە ئەم چەمکە لە سەدەی بیستویەک بایەخ و گرینگیی زیاتر لە ڕابردوو، لە لێدوانە ئەمنیەتییەکـان بە خۆوە بگرێ، ئەو ئاڵوگۆڕە هەمەلایەنانە بوو کە لە جیهاندا ڕوویان دا.

بە شێوەی گشتی دەتـوانین دوو تـایبەتمەنـدیی "ڕەوایـی و لێهـاتوویی" وەک ئەسـاس و پێـوەری سـەقامگیریی دەوڵەتەکـان بزانین.

لێهـاتوویی دەوڵەت ئاماژە بە دۆخێک دەکـا کە دەوڵەتەکـان ڕەسـالەتی خۆیـان وەک؛ دابینکردنـی تەنـاهی، بـردنە سـەری گەشەی ئابووری، یاسا دانان و سیاسەتگوزاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بە باشی ئەنجام دەدەن.

ڕەوایی دەوڵەتـیش ئـامـاژە بە دۆخێکە کە تێیـدا بەجێگەیـانـدن و کردەوەکـانی دەوڵەت لە بۆچـوونی دەستەبژێران و خەڵکی گشتی وەک کردارێکی پەسەندکراو لە ڕوانینی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە لێی دەڕوانرێ.

بە سەرنجدان بەو دوو چەمکە لە دۆخی حکوومەتی ئێران دەبینین کە تەنـاهیی تـاک، بنەمـاڵە و جڤـاک بە گشتی لە ڕووی سیاسـی، ئـابووری، کـار، خوێنـدن و هتـد، وەک مـافی ڕەوای هەر شـارۆمەندێک ئەرکـی سەرشـانی ڕێژیمە و بە یاسـا دانـانی گونجـاو بـۆ خزمەتکردنـی هاووڵاتییـانی لە ڕێگەی گەشـەی ئـابووری و خولقانـدنی فەزایەکـی ئـازاد بـۆ مومارەسـەی بەهـا و بایەخەکانی، دەبێ شارۆمەندان ئەرکدار بکا.

بەڵام ڕێژیمـی ئاخونـدی و دەزگـای بەڕێـوەبەرییەکەی (ڕۆحـانیەت و سـپا) بە پـاوانی بەڕێـوەبەریی حکـوومەت و ژیـان و گوزەرانی خەڵک، لە ڕێگەی باج وەرگرتن و ڕانتخواردنەوە ژیانی گەلانی ئێرانیـان تووشی گرفت و قەیرانگەلـی جۆربەجۆر کردوە و، ڕەوایی خۆیان ئاسمان وەرگرتوە.

دەنگی شـارۆمەندان بـۆ ئەوان تەنیـا شـانۆکارییەکە و لە هیچ کـام لە یاسـاکانی حکـوومەت مـافی چـاودێری و لێپرسینەوەی کۆمەڵگە لە دەسەڵات و حکوومەت جێگیر نەکراوە و بۆ خەڵکی بە ڕەوا نازانرێ. چەمکی ڕەوایی و لێهاتوویی لە ئەندێشەی ئەم پاوانخوازانەدا تەنیا وشەیەکی ساکاری نێو وێژمانی کتێبەکانن و هیچی تر.

بەم جۆرە لەسەر ئەساسی ڕاڤە و ئەندێشەی توێژەر و و بیرمەندانی کلاسیک و مۆدێرنی حکوومەت پێنج پاڕادایمی تایبەت بە ئاڵوگۆڕ و شکستی دەوڵەتەکان هەیە، کە لە کۆتاییدا دەبنە هۆکاری شکستیان و هەر کام لەم ڕێگەیانە پەیامگەلێک لە حکوومەتەکانەوە بۆ کۆمەڵگە دەنێرێ کە لەسەر ئەو ئەساسە لێهاتوویی و ڕەوایی حکوومەت بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێ یا دەیخاتە بەردەم گۆڕانەوە.

**ئەم پاڕادایمانەش بریتین لە:**

١- چڕبوونەوەی کێشە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان
٢- دزی و گەندەڵی لە نێو حکوومەت و دەوڵەتدا
٣- شۆڕشی نێوخۆیی و چەکداری
٤- نەمانی هەڵسوکەوتی دێموکراتیک، نەمانی ئۆتۆریتەی دەوڵەت و ئەگەری شەڕی نێوخۆیی یا کوودەتا
٥- کێشەگەلی ڕیفۆرمیستی لە نێو ڕێژیم

لە هەموو ئەم سێناریۆیانە، دەوڵەت ڕەوایی و لێهاتوویی لە ڕوانگەی گشت خەڵک یا گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەدەست دەدا.

بە سەرنجدان بە ڕوانگەی مێژوویی لە هەمبەر شکست و مایەپووچ بوونی دەوڵەتەکان کە شەڕی نێوخۆیی ئێتنیکی و مەزهەبی، سیمای دیاری ئەم هۆکارەیە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە لە ساڵی ٥٧ـی هەتاوییدا لە ڕێگەی یاسای گشتیی وڵات کە بە تەواوی شیعەبیزمە، شەڕی نێوان ئایین و ئایینزاکانی بە شێوەی یاسایی لە ڕێگەی دەستووری بنچینەیی وڵات داڕشتوە، بە جۆرێک هەر تاکێکی شیعە ئەوانی تر بە کافر بزانێ و لەژێر بەیداخی مەلاکانی مەشهەد و قوم حوکمی کوشتنیان بەسەردا بسەپێنێ. ئەم هۆکارە مێژووییە ئاراستەی ڕوانگەی سیاسیی حکوومەت و کۆمەڵگەی بە نیسبەت یەکتر گۆڕی، بە جۆرێک حکوومەت، شارۆمەندان بە "خودی و غیرخودی" و جڤاکیش حکوومەت بە پارێزەر و بەرپرسی خۆی نازانێ.

لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە کۆماری ئیسلامی بە پێی ڕوانگەی زانستی و لە ئەمری واقیعی حکوومەتدارییی خۆیدا کە بە درێژایی چوار دەیە، بە هۆی یاسای بنەڕەتیی نیزام کێشەی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی، ئێتنیکی لێکەوتوەتەوە، لە لایەک ناتوانێ و نایهەوێ چارەسەریان بکا. لە لایەکیشەوە دزی و گەندەڵی ناهێڵێ هەنگاوی باش هەڵبێنێتەوە،

هەرچەند پێم وایە ئەم دزییانە، سازماندراون و پڕۆژەی ستراتیژییان لە دەرەوەی ئێران پێ جێبەجێ دەکا. دەور لێدانەوەی گەمارۆکان و دزی و قاچاخی تێکنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و... لەم ڕێگەیەوە و بەم پوولانە دەکرێ.

ئەو نیزامەش چۆن ژیان، ئازادی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکانی ئێرانی بۆ گرینگ نییە، ڕێفۆرم لە ساختار و سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی بە کوفر دەزانێ و هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللا نالۆژیکییانەی لە پێناوی ئۆتۆریتەی خۆی دەیدا بە دروست دەزانێ، بۆیەش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو شکست و مایەپووچیی زیاتر هەنگاو دەنێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

## تیرۆریزم وەک ماهییەت و پێناسەی وجوودیی ڕێژیمی ئێران

لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، بە پێی بوونی ئەم حیزبە سیاسییە سێکۆلار و دینیاینەی ئێران و کوردستان بەرەنگاریی سیستمی پاشایەتییان دەکرد و بە پێی جیهانبینیی خۆیان دوارۆژی سیاسەتی نێو ژێئۆپۆلێتیکی ئێرانیان بۆ کۆمەڵگە وێنا دەکرد، هەر کام لەم ڕەوتە سیاسییانە سەر بە قووتابخانەیەکی هزری و فەلسەفی بوون کە مێژووی هاوچەشنیان بۆ سەدەکانی ڕابردوو دەگەڕایەوە و وەک ئەزموونی دەوڵەتداری کەم تا زۆر تاقی کرابوونەوە.

دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو گەلەکۆمەکێیەی حیزبی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای تیرۆری نەیارانی، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، بێ ڕۆڵ هێشتنەوە و دەرکردنی بەرەی نیشتمانی و سێکۆلاری نێو سیستمی تازە دامەزراوی ئێران و هاوکات مۆنۆپۆڵ کردنی سێ جومگەی گرینگی حکوومەتی وەک میدیا، هێزە سەربازییەکان و ئابووری بە شێوەیەکی فریودەرانە لە ڕێگای شوعارگەلی وەک خۆشبژێوی، گەڕانەوەی شکۆ بۆ ئێرانییەکان، عەداڵەت و بە هەڵخەڵەتاندنی دنیای دەرەوە؛ سیستمی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهی کردە دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی حکومەتداری بە سەر گەلانی ئێراندا. بەجۆرە دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی - سیاسی و نیزامی سێبەری بە سەر ئامانجەکانی گەلانی ڕاپەریوی ئێران کە داخوازی ئازادی، عەداڵەت و یەکسانی بوون کێشا.

کۆماری ئیسلامی بەرە بەرە مەیدانی سیاسەت کردنی بۆ حیزبە سیاسی و نەتەوەیی و سێکۆلارەکان کە دژیایەتییان لەگەڵ سیستمی ناوەندی و تیۆلۆژیکی بەرەی ڕاستڕەوە هەبوو، تەنگ کرد و بە زەبری گرتن و کوشتنیان، یا بێدەنگیان کردن، یان شەڕیان پێ فرۆشتن و یان لە مەیان وەدەریان نان. دواتریش خولیای هەناردە کردنی شۆڕش بە دروشمی ڕزگاریی قودس و دروست کردنی هیلالی شیعی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێک کە هەشت ساڵ گیان و ژیانی لە خەڵکی ئێران ستاند.

نیسبەت کوردستان، کورد لە ئێران لە دەیەی بیستی هەتاوی یەکەم حیزبی مۆدێرنی سیاسیی کوردی لە ساڵی ١٣٢٤ لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراندبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان ڕێزگرتن لە سەروەریی تاک، پاراستنی ئازادییە سیاسی و مافە ئێتنیکییەکان و دروست کردنی کەشێکی سیاسیی ئازاد بۆ سەقامگیر کردنی تۆلێرانس، کە هەموو نەتەوە و ئێتنیکە جیاوازەکان بتوانن مومارەسەی بەهاکانی خۆیانی تێدا بکەن، بەشێک لە ئامانج و پرەنسیپەکانی بوون.

زۆری نەخیاند وەبەر یەک کەوتنی ئەم دوو دنیابینیە (دێموکراسی و دیکتاتۆریەت) لە کوردستاندا، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لەژێر سێبەری سووڕەتی "نەسر" فەرمانی ژێنۆسایدی گەلی ئازادیخواز و دێموکراسی ویستی کوردستان، بە دەستووری خومەینیی بۆ دەرکرا. خومەینی و وەزیر و گزیرەکانی فەرمانیان بە هێزە سەربازییەکان (ئەرتەش، بەسیج و سپا) کرد کە تاکوو کوردستان بە قەولی خۆیان لە "ئەشرار و کوفار" پاک نەکەنەوە، بەندی پۆتینەکانیشیان نەکەنەوە.

بەجێگەیاندنی فەرمانی خومەینی پاکتاوکردن، تیرۆر و میلیتاریزم بۆ ماوەی چوار دەیەیە بووەتە ماکەی سەرەکیی سیاسەت کردن لە کوردستان دەرحەق بە نەتەوەی کورد. بەمجۆرە ڕێژیمی مەلاکان دوای داگیر کردنی ئێران و جێگیر کردنی سیستمە مەزهەبی و نیزامییەکەیان بۆوەی ڕەوایی و هێژمۆنییان بە سەر گەلی کوردا بسەپێنن، بە فتوای خومەینی و تیۆریی پیلانگێڕی پاکتاو کردنی سیاسی، ئابووری، کولتووری، زمانی، ژینگەیی و... کردە یاسای سیاسەت کردنیان لە کوردستان و بە ناوی مەترسیی ئەمنیەتی بچووکرین جووڵەی سیاسی و مەدەنییانەی خەڵکی کوردستان تاوانی دژایەتی لەگەڵ خوا و تێکدانی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی درایە پاڵ و بەرەوڕووی سزایان کردنەوە.

دەیەیە کوردستان میلیتارزە کراوە و ئیدارەی کوردستان دراوتە دەستی هێزە ئەمنیەتی و سەربازییەکان و بە مانای وشە بە ڕوانگەی "ئەمنیەت تەوەرانە" سیاسەتی ئیداری، یاسایی و مەدەنی بۆ کوردستان دادەڕێژرێ و بەڕێوەدەبرێ.

کە خاونی ژینگەی دەوڵەمەندی ژێر زەوی (گاز و نەوت) و سەر زەوی (ئاو، ڕووبەری سەوزایی، دارستان و..)ـە، بە هەمان ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بە مەبەستی هەژار ڕاگرتنی خەڵکی کوردستان و دروست کردنی قەیرانی ژینگەیی سەیری دەکرێ بۆوەی بە پیلانێکی نەرم کولتوور و زمان و شۆناسەکەی لە چنگ دەربهێندرێ یان لێی بشێوێندرێ.

سیاسەتی کۆماری لە کوردستان بە شێوازێکە کە هەستی کۆڵۆنیالیزمی سەدەکانی نێوەڕاست لای هەر تاکێکی کورد بە نیسبەت حاکمیەتی تاران دروست دەبێ و لە نەستی هەر مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتدا بێزاری و نائاسوودەیی لە ژیان و کار بەرامبەر ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەی ڕێژیم شەپۆلان دەدا.لە سەر ئەم ئەساسە حوکمی سەربازی و میلیتاریستی وەک سەرچاوەی ئەمنیەت و ڕەوایی لە کوردستان بۆتە سیاسەت و یاسا دەرحەق بە کوردستان و بۆ بەدیهێنانی ئەم تەناهی و ئارامییە تیرۆریش بۆتە چەک و پێناسەی ڕێژیمی تاران و؛ ڕۆژانە لە سێکتەرە جۆربەجۆرەکانی ژینگەیی، ئابووری، پەروەردەیی و مرۆییدا بەڕێوەی دەبەن.

لەگەڵ بەردەوامیی ئەم سیاسەتە شوینیستییە بۆ سڕینەوەی مافخوازی لە کوردستان، بەڵام چونکی کوردستان خاوەنی

بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانە، حیزبێک کە بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی تێ دەکۆشێ و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئاوەدان ڕاگرتوە، لە دژی سیاسەتی قڵاچۆی کوردان ڕاوەستاوە و ئەندێشە سەردەمیانەکەی کە بریتین لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و بە دێموکراتیزاسیۆن کردنی سیستمی ئێران هیندەی دی ترسی لەسەر ئەم ڕێژیمە دروست کردوە. بۆیە بۆ کپ کردنی ئەم دەنگە مافخوازانەیەی گەلی کورد حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران (خامنەیی، ڕەفسەنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی نژاد و ڕوحانیەوە) سیاسەتی تیرۆریزمی مرۆیی لە ئاستی کوردستاندا لە سنووری نێوخۆ (چالاکانی مەدەنی ) و دەرەوە (کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستان وەک دوکتۆر قاسملوو و شەڕەفکەندی و سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب)یان وەک ستراتیژی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریان و وەک مێتۆد و پارادایمی زاڵ بەکار هێناوە. هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەدا لە ١٧ خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی بە مووشەکە دوورهاوێژەکانی بنکەی سەرکردایەتیی ئەم حیزبەی کردە ئامانج. مەبەستەکانیشی ئەمە بوون: لە نێوخۆی ئێران چاوترسێن کردنی کۆمەڵانی خەڵک و پاشەکشە کردن بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ڕێژیم بەردەوام لە گەشە کردن و پەرەسەندندان، بێدەنگ کردنی گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەری و، تەکاندنەوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە بزووتنەوەی سیاسی و پچڕانی هاوپێوەندیی هزری لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرتاسەری ئێران. لە بواری ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا ئامانجەکە ڕوون بوو: سەپاندن و پاراستنی هێژمۆنیی تێرۆریستیی خۆی لە بەرامبەر نەیارانیدا و پیشاندانی هێزی سەربازی و توانای نیزامیی تێکدەرانە و تێکنۆلۆژیی شەڕی پێشکەوتووی. بۆ پێکانی ئەم کۆمەڵە ئامانجەش قەڵای بەرخودانی حیزبی دێموکرات، ئادرەسی ناسۆنالیزمی ڕۆژهەڵات وەک ئادرەسی تێکۆشان و مودیرییەتی تەوژمی هەماهەنگ و هاودەنگ کردنی هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بەرامبەر ڕێژیمی تاران هەڵدەبژێری. ڕێژیم بۆ ئەو تاوانە و بۆ ئەوە ئەو زەبرە لە بزووتنەوەی مافخوازیی کورد بدا و بۆ ئەوەی ئەم پەیام و سیگناڵانە بۆ دژبەرانی لە ناوچە بنێرێ، دەبوا زۆر یاسای نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆن و پرەنسیپی لەژێر پێ نابا کە هەمووی پێخوست کردن. بەڵام ئەوەی بەتەمای بوو بۆی نەچووە سەر.

ترساندنی خەڵک و بەچۆکداهێنانی ڕوحی شۆڕشگێڕیی خەڵک وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. چوار ڕۆژ دواتر لە سەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت بۆ هاوخەمی و پشتیوانی مەعنەوی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەلانی خەلکی بەئەمەگ و پشتیوانانی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانێکی مەدەنی و شارستانیدا بۆ مەحکووم و ڕیسوا کردنی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامی بە مانگرتنێکی حەماسە خوڵقێن وەڵامی ڕێژیمیان دایەوە بە یار و نەیاریان گوت کە قەڵای خۆڕاگری دێموکرات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان ئادرەس و بەرپرسی، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەوەی نامۆ بەو خەڵکەیە ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیەتی. ئەوان لەو ڕێفراندۆمەدا پیشانیان دایەوە قسەی خەڵک هەر ئەو "نا"یەیە کە چوار دەیە پێش

ئێستا لە کوردستان بەو ڕێژیمە گوترا.

## دەرەنجام

ڕاستە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چل ساڵە دژی گەلی کورد و بزووتنەوە مافویستەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە شەڕدایە و میکانیزمی جۆراوجۆری بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی کورد بە ڕێگای پاکتاو کردن، تێرۆر و میلیتاریزم دەکار کردوە، بەڵام چونکی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی خاوەنی مێژووی دێرین بە درێژایی چاخەکانن و ویستی بەرزی ئینسانییان هەیە و، مرۆڤی خۆنەویستن و بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان بە ئیرادەیەکی چیایی خەبات دەکەن؛ چونکی ئارمانجە پیرۆزەکانیان بۆتە مانیفێستی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد؛ ئەم بزووتنەوەیە بەچۆکدانایە و سەرکەوتن هەر بۆ ئەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

---

# کۆماری کوردستان و وانەکانی

مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا، مێژوویەکە کە تاکی کورد بە دوای پاراستن و گەشەی شوناس و بەدیهێنانی ستاتۆسێک و گەیاندنی بە ئاستێکە کە ڕۆح و هزری ئەم تاکە ئیتر لە شەڕ بۆ پاراستن و گەشەی خۆی بەرامبەر ئەقلییەت و کارکردی نەتەوەی سەردەست ڕزگاری بووبێ و خۆی لە پارادایمی هاوشانی نەتەوەکانی تر کە لە سیستم و پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا جێگەی شیاوی نەتەوەییان هەیە ببینیتەوە. لوتکەی ئەم ڕەوتە لە "کۆماری کوردستان"دا بەدی دەکرێ.

## ڕاگەیاندنی کۆمار

سالانی پێش و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی یەکێک لە شلەژاوترین قۆناغە مێژووییەکانی هاوچەرخی ئێرانە کە لە لایەک بە هۆی ناکارامەیی بەرپرسانی حکومەت و لە لایەکی تر بە هۆی گرینگی ژێئۆپۆلێتیکی ئێران، ئەم وڵاتە لەلایەن دوو زلهێزی جیهانی، بریتانیا و سۆڤییەتەوە داگیر دەکرێ.

لەم قۆناغە مێژووییەدا کە گەلی کورد یەکەمین حیزبی مۆدێرنی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی دامەزراندووە و پاشخانێکی بەهێزی لە هەست و لۆژیکی نیشتمانپەروەری هەیە، هەلومەرجەکە دەقۆزێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی بیروبۆچوونە حەکیمانەکانی حەزرەتی پێشەوا قازی و لەسەر ئەساسی جیهانبینیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەڵامی ئەم زەروورەتە مێژووییە دەداتەوە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێنێ.

**نادر ئینتسار پێی‌وایە گرینگترین هۆکار بۆ بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان بریتین لە:** دۆخی چینایەتی، بەستێنی کولتووری، وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان و لە شرۆڤەکەیدا ڕۆڵی چینی مامناوەندی ناڕازی لە دۆخی ئارایی بەرز دەنرخێنێ.

بەڵگەنامە و دێکۆمێنتەکان دەری دەخەن کە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێگەی کاریزماتیکی پێشەوا قازیش ڕۆڵی هەرە بنیاتنەرانە و یەکلاکەرەوەی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بووە.

پێشەوا لە نوتقی ڕاگەیاندنی کۆماردا تیشک دەخاتە سەر ئەوە بابەتە کە گەلی کورد گەلێکی تەنیایە، نیشتیمانەی داگیر و بەش بەش کراوە و لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بێبەشە. ئەم بەشە کورتە لە فەرمایشتەکانی پێشەوای نەمر دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خوێندنەوەی هزری و ئاوات و خۆزگەی پێشەوا قازی و هەموو خەڵکی مافویستی کوردستان بریتیە لە "مافی چارەی خۆنووسین" کە ئەو مافە لە هەویتی خۆماڵی و هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە.

لای پێشەوای نەمر و هەموو ئەوانەی لە ڕووی ئاگامەندییان بە قەناعەتی چێکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە تایبەتمەندیی خاوەنێتیی سیستم و دامەزراوەی کوردانە گەیشتبوون،

چوار پاڵنەری سەرەکی دەوریان هەبوو کە دەرەنجامی سیاسەتی حکوومەتە ناوەندییەکان بوون:

١) تەنیا بوون،
٢) داگیرکراو بوون،
٣) بەش بەش کرانی خاک و خەڵک،
٤) بێبەشی لە سەرەتایترین ماف "مافی چارەی خۆنووسین".

بەڕێوەبەران کۆمار باوەڕیان وابوو بە بنیاتنانی دەسەڵاتی کوردی ئەو چوار دیاردەیە نامێنن و بە پێی ویست و بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان چارەسەر دەبن. بۆیە کۆماری کوردستان لەبەر ڕووناکایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا بە دووی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، (بەشدارکردنی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان)، هاوپەیمانێتیی هاوسەنگ لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە نێوخۆ (حکوومەتی میلیی ئازەربایجان) و دەرەوە (بەتایبەت سۆڤییەت)، ڕزگارکردنی نیشتیمان لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان و دامەزراندن و یەکگرتنی خاک و خەڵک لەسەر ئەساسی "کوردستانیبوون " و گەڕاندنەوەی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی حکومەتی کوردستاندا بوو.

### خەڵکی و دێموکراتیک بوونی کۆمار

کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکدا ڕاگەیەندرا، کە جیهان لە دوا ساتەوەختەکانی شەڕی جیهانیی دووهەمدا بوو. زۆر لە گەلانی جیهان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەست و پەنجەیان لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆرەکان (لە فۆرمی ئایینی و

پاشایەتی‌دا) نەرم دەکرد و دەنگی خەڵک و مافی سیاسی و یاساییەکانی گەلان پێوەری ڕەوایی سیستم و ساختارە حکوومەتییەکان نەبوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان و لە هەرێمی کوردانی خاوەنی چاند و ژیاردا زۆر پێش وڵاتە پێشکەتووەکان "خەڵکی‌بوون" و "دێموکراتیک‌بوون"ی حکومەت، دوو بناغە و بنەڕەتی کۆماری کوردستان بوون.

ئەم دوو تایبەتمەندییە جۆرێک لە حکوومەتە کە بەرپرسانی حکوومەت بە پێی میرات هەڵنابژێردرێ و بەرپرسانی وڵات بە دەنگی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و قۆناغی دەسەڵاتدارێتی لە ڕووی کاتەوە سنووردارە و پێداگری لەسەر چەمکی "خەڵکی‌بوون" لە سەر نەبوونی پێگە و دەسەڵاتی هەتاهەتایی بۆ کەسی یەکەمی و کابینەی حکومەتییە و لەسەر بناغەی خەڵکسالاری، گەل مافی دەسەڵات بە سەر چارەنووسی خۆی‌دا هەیە. بەو واتایە ئەوە خەڵکە کە لە سیستمی سیاسیی کۆماری کوردستاندا بە بنەڕەت و پێوەری دەسەڵاتدارێتی دەبینرێ و متمانە و دەنگی خەڵک، ژێرخان و سەرخانی کۆماری کوردانە.

"دێموکراتیک بوون" بناغەی دووهەمی کۆماری کوردستانە و کۆمار بۆ ئەوەی لە ڕەوتی دێموکراتیک‌بوون لا نەدا، یاساسەروەریی لە بەرنامەی کۆماردا جێگیر و پەسند کرد بۆوەی حکوومەت وەڵامدەری خەڵک بێت و دەسەڵاتێکی سنووورداری هەبێ. هاوکات بۆ نەهادینەکردنی ئەم دێموکراتیک‌بوونە دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ پاراستنی هزر و کاری کۆمار درووست دەبن کە بە جۆرێک ڕۆڵی کومەڵگەی مەدەنییان دەگێڕا و خەڵک دڵخواز و سەربەخۆیانە بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان چاویان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبوو. بەمجۆرە پاراستن و بەجێگەیاندنی مافی هاووڵاتی و یاساسەروەری وەک مافی بنەڕەتیی خەڵک و بەدێموکراتیک‌کردنی کۆمار، سەرووتر لە هەر دەسەڵاتێک بوون و خەڵک بە هەر ئایین، ئایینزا، ئیدۆلۆژیی تایبەت، ڕەگەز و نەتەوەوە مافی هاوبەش و هاوچەشنیان لەنێو کۆماردا هەبوو.

### دەوڵەت وەک وڵامێک بۆ پرسەکان

گەلی کورد هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە نەتەوەیەکی زیندوو، خاوەن هەوێتی و زمان و شارستانییەت بووە؛ بەڵام چۆنکی خاوەن دەسەڵات و کیانی سیاسیی کوردانە نەبووە، بە بەردەوامی لەژێر مەترسیی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی نەتەوە سەردەستەکان (فارس، تورک و عەرەب) و زلهێزانی جیهانی‌دا بووە کە بە هۆی میدیا، ئابووری و تێکنۆلۆژی و بە میکانیزمی فەرهەنگی و سەربازی هەوڵی تواندنەوەیان داوە. بۆیە دروستکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی خۆجێیی کوردانە کە ئەقلییەت و پلانەکانی لەسەر بنەڕەتی بەرەوپێشبردن و پاراستی چاند و ژیاری نەتەوەیی لە هەموو سێکتەرەکاندا بێ و، بوون و ماهییەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کورد بپارێزێ؛ لە لای تاکی کورد بەگشتی و ئێلیتی کۆمەڵگە بەتایبەت بووە

زەرووره‌تێکی مێژوویی و هەنووکەیی.

ئەم پێویستییە لە ئێستاشدا ژیانەکی هەستی پێ دەکرێ و، لای کۆمەڵی کوردی ئێستا ئەوە بۆتە جیهانبینی، کە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی لە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی دەوڵەت - نەتەوەی سەردەست دەتپارێزێ.

## ڕووخانی کۆمار

وەک چۆن لە ڕاگەیاندن و دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی دەوری ئەساسیان لە بنیاتنانی کۆماردا بینی، لە تێکچوون و نسکۆی کۆماریشدا هەر دوو لایەن تەواوکەری یەکتری بوون.

بە هۆی پێکهاتەی نەریتگەرایەنە و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆماری کوردستان - ڕۆڵی ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەت لە دابینکردنی هێزی مرۆیی و... بۆ کۆمار - ئیدارە و بەڕێوەبەریی کۆماری لە دەستی ئاغاوەت و چینی مامناوەندی و ڕووناکبیری کۆمەڵگەدا بوو. کاتێک بیرۆکە و پلانە بنەڕەتییەکان بۆ ڕیفۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان گەڵاڵە دەکران، زۆر لە دەرەبەگ و خانەکان هەستیان بە مەترسی لەدەست دانی هێزی ئابووری (زەویوزار، وەرگرتنی باج وخەراج لە خەڵک) و نیزامی (هێزی سەربازی و مرۆیی) و هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتییان دەکرد. بنەما عیلمانییەکانی کۆماریش وەک یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و بنەماکانی مافی مرۆڤ نیگەرانیی بۆ جومگە ئایینییە دەسەڵاتخوازەکانی کۆمەڵ دروست کردبوو.

لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماریشدا بڕیاری یەکیەتیی سۆڤییەتیش بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە باکووری ئێران شوێنی خراپی لەسەر ستاتووی کۆمار دانا. کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤییەت لەسەر ئەو ئەساسە کە کۆماری کوردستان، کۆمارێکی نەتەوەیی بوو و بەهۆی ئەوەی هێژمۆنییەکی زۆری بەسەر کاربەدەستان و سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان نەبوو، و کۆمار دوور لە حەز و ئاواتی سۆڤییەت کە دەیانویست کۆمارێکی سۆسیالیستی بێ؛ پشتی کۆماریان چۆڵ کرد. بریتانیا و ئەمریکاش بەهۆی سیاسەتی دوو جەمسەری جیهانی کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پتر لە بەدەسەڵاتیی حکوومەتی ناوەندیدا دەدی و هیچ پشتیوانییەکیان لە کۆماری کوردستان نەکرد؛ بەوەش کۆماری کوردستان دوای یازدە مانگ تەمەنی پڕشکۆ، بە پیلانگێری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی تێکچوو.

## دەرئەنجام:

پاش ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەها و ئامانجەکانی کۆمار ئێستاش نیشاندەری ڕێی خەباتی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستانن و لە هزر و ئایدیالی هەر تاکێکی کورددا، کۆماری کوردستان بۆتە ئەندێشە و ڕێباز لە هەست و نەستی کوردان و تا بەدیهێنان و دامەزراندنەوەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان خەبات و تێکۆشانی بێوچان بەردەوام دەبێ. بێگومان هەتا پرسی نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر نەبێ، نە ئەو ناوچەیە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ و لە وڵاتانی زلهێز دەتوانن بەرژەوەندیی درێژماوەی خۆیان لە بوونی ڕێژیمە ناوەندگەرا و دیکتاتۆرەکاندا ببینن. بۆیە ئاسۆی ڕزگاری و ئازادی لەسەر ئەساسی جیهانبینیی کۆماری کوردستان بۆ گەلی کورد، ئاسۆیەکی ڕوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویەری ٢٠٢١

## ناسیۆنالیزمی کورد، نەتەوە و مەدەنییەت

تێکۆشانی بێوچانی گەلی کورد بۆ پاراستنی گیان و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بەرامبەر دەوڵەت نەتەوەی سەردەست کە بە میکانیزمگەلی سیاسی، ئابووری، نیزامی و دینی هەوڵی داگیرکردنی زێد و شوناسی کوردیان داوە، بەردەوام درێژەی بووە. دەسەڵاتە ناوەندە شۆڤینییەکان ویست و ئامانجیان ئەوەیە لە ڕێگای لەنێوبردنی شوناس، مێژوو و... کورد لەنێو خۆیاندا ئاسیمیلە بکەن و تەنانەت لە ژێنۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژییش دەستیان نەپاراستوە. لە سەردەمی ئێستاشدا کە بە هۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیاری و داکۆکیکردنی ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ و گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی لایەنگری مافی بەرحەق و ڕەوای ئینسانەکان ناتوانن بە ڕێگای ڕەقئامێری وەک نەسڵکوژی و هێرشی سەربازی لە ناومان بەرن، بە میکانیزمی نەرمئامێری هەوڵی تێکدانی شوناس و ژیاری زێڕین و دەوڵەمەندمان دەدەن و بە لەنێوبردنی سامانە نەتەوەییەکانمان و لە سێکتەری ئابووری و پەروەردەیی هەوڵی لەخۆنامۆیی و لە ژیان نامۆبوونی تاکی کورد دەدەن.

گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو و ئاگا بۆ بەرێکخستن کردن و دابینکردنی پێداویستی و هێز بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، لە ڕەوتی تێگەیشتوویی و پێگەیشوویی خۆیدا، بەرامبەر پرسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەم هێنا و بەپێی بواری ئارایی، ناسیۆنالیزمی لە ڕەهەندی نەتەوەیی و مەدەنییەوە بۆ پاراستن، ڕزگاری و ئازادیی خۆی وەک مەیدانی تێکوشان بەرامبەر دوژمن هەلبژاردووە.

### ناسیۆنالیزم چیە؟

دەتوانین بێخ و ڕەگی وشەی ناسیۆنالیزم لە پێش شۆڕشی فەڕانسە لە بریتانیا و سەرەتای سەدەی ١٨ی زایینیدا ببینین، بەڵام بە گشتی لە شۆڕشی فەڕانسەدا و لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی سەری هەڵدا کە لە ڕاستیدا دەرهاویشتەی گەلاڵە و قوتبوونەوەی چەمکی نەتەوە لە نێو شۆڕش، بە تایبەت لە لایان ڕەوتی ژاکوبۆنیسمەکانەوە بوو .لەم کاتە بەدواوە ناسیۆنالیزم وەک یەک هەست و ڕەوتی سیاسی هاتە ئاراوە و ناسیۆنالیزم بوو بە یەک هزر و جیهانبینی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کە مەبەستیەتی بەرژەوەندی نەتەوە، بەرەو پەرەسەندن و پێشکەوتن ببا .واتە ناسیۆنالیزم جۆرێک لە ئاگایی و وریایی گشتییە کە بە بەردەوامی دەبێتە هۆی بەدیهێنانی هەست، وەفاداری، گوڕوتین و هۆگریی تاک لەسەر

بیچمە نەتەوەییەکانی خۆی وەک (خاک، زمان، داب و نەریت، کولتوور، بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و...).

ئانتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناسی بریتانی، بڕوای وایە کە ناتوانین ئەندێشەی ناسیۆنالیزم لە درووستبوونی دەوڵەت مۆدێرنەکان یا دەوڵەت-نەتەوەی سەردەم جوودا بکەینەوە و خۆشەویستی بۆ خاک، ڕەچەڵەک، زمان، ڕابردووی هاوبەش، ویستی سەربەخۆیی سیاسی، ئابووری، نیزامی و لەخۆبوردوویی بەرامبەر نەتەوە وەک یەک پارادایم بۆ هەوڵدان و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکەی، بە بایەخ و ئەسڵەکانی ناسیۆنالیزم دادەنێ.

بە ئیعتیباری ئەم پێناسەیەی ناسیۆنالیزم کە نەتەوەی کورد هەڵگری هەر سێ توخم و بیچمی کورد، کوردایەتی و کوردستانە و هاوکات بزووتنەوەی ئاگا و دەروەستی بۆ پاراستنی هەر سێ چەمک لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانەدا هەیە؛ هەوڵیش دەدا لە چوارچێوەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ گەشەیان پێ بدا.

لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەمان بۆ ناسیۆنالیزم دەتوانین ئیدیعا بکەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە لەنێو هزر و ڕوحی تاکی کورددا بوونی هەیە.

نەتەوە، شوناسی کۆمەڵەیەکە کە بە ئیعتیباری کولتووری هاوبەش و بڕوامەندییان بە ڕابردوویەکی هاوبەش لە هەرێمێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێ و بنچینەیەکی بەهێز و دەوڵەمەند بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی بەدی دێنێ کە بناغەی کارامەیی و لێهاتووییەکەی سەرچاوەگرتوو لە مێژووی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەشە کە چەمکی نەتەوە بەرهەمی دێنێ و دەیپارێزێ.

لە ڕاستیدا نەتەوەخوازی یا ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەک ناسیۆنالیزمێکی کاردانەوەیی دژی دەسەڵاتخوازیی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و نەتەوەی سەردەست، -کە بە ناوی زۆرینەی نەتەوەیی و زاڵێتی لە دەوڵەتدا مۆنۆپۆلی هەموو ڕەهەندە جڤاتی، سیاسی، ئابووری، کولتوورییەکان دەکەن- بەرهەم دێ و کار دەکا.

ناسیۆنالیزمیش هەم دەتوانێ بە شێوەی بگۆڕێک کە بەرهەمی ڕەهەندی سیاسی، کولتووری و ئابوورییە یا بە شێوەی لێکجوودا لە بەرچاو بگرین و بیخەینە ژێر هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە کە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەم ڕەهەندانە کاریان پێ دەکرێ و پێناسەی وجوودییان پێ دەبەخشرێ کە هەوڵ بۆ ناساندن و پاراستنی نەتەوە دەدەن.

ناسیۆنالیزمی کولتووری بریتییە لە هەستی هۆگری و دەروەستی بۆ فەرهەنگ و بەشە کولتووریەکانی نەتەوەیی وەک زمان، ئەدەبیات، مۆسیقا، جلوبەرگ... و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی داخوازیە نەتەوەییەکان لە بەستەری کولتوورییەوە، کە لە ڕاستیدا ئەم بەشە لە ناسیۆنالیزم لە هەوڵی پاراستن و گەشەی تایبەتمەندییە کولتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوەییدایە.

ناسیۆنالیزمی سیاسیش، بریتییە لە گەلاڵە و نەخشەی داخوازییە سیاسییەکانی نەتەوەیی لە حکوومەتی ناوەندی بە مەبەستی بەدەستگرتنی هێزی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی نەتەوەییدا.

واتە بە بارودۆخێک دەوترێ کە تێیدا تاکەکانی یەک نەتەوە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و دەیانەوێ دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی ناوچەی خۆیان هەبێ.

ناسیۆنالیزمی ئابووری، ناسیۆنالیزمێکە لەسەر ئەساسی ئەم ناسیۆنالیزمە تاکەکانی یەک نەتەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەشێکی شیاو لە بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان نییە و سەرچاوە و ئیمکاناتی هەبوو لەم ناوچەیە کە گرێدراویی بە ئەوانەوە هەیە، سەرەتا دەبێ بۆ ئاسوودەیی نەتەوەیی دانیشتووانی ئەم هەرێمە بە کار بێت.

بە تێڕامانێک بۆ چەمکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دەبینین کە ناسیۆنالیزمی کوردییش بە بنەما وەرگرتنی ئەم چەمکە و کە هەستیشی بە خۆدئاگایی نەتەوەیی کردووە، ئەگەر خاوەنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بە شێوەی مۆدێڕنیش نەبووبێ، وەک نەتەوەیەکی زیندوو و مافخواز ڕوح و هزری ناسیۆنالیزمی لەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە هەڵگرتووە و خۆی پێ ناساندوە و شەڕی مان و نەمانیشی بەرامبەر دوژمن پێ کردووە.

بۆ نموونە: هەموو تاکێکی کورد دەخوازێ گرینگی بە زمان و کولتووری نەتەوەیی بدا، ناوی منداڵەکەی کوردی بێ، مێژوو و فەرهەنگی خۆی بە منداڵەکەی بناسێنێ، بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ناوچە کوردییەکان بە دەستی کەسانی پسپۆری خۆجێیی بێت، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکا، لە کاتی دەنگدان، دەنگ بە بەربژێری کورد دەدا و...

ئەوە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە نەتەوەی کورد بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکان هەوڵ دەدا بۆ بەرەوپێشچوونی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کە لە خانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا جێ دەگرن و هەموو بوار و دەرفەتەکان لە خزمەتی بە ئاکامگەیاندنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا بە کار دێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام گەلی کورد بە حوکمی باوەڕمەندبوونی بە تۆلێرانس، پلۆرالیزم و دێموکراتیکبوونی، سەرەڕای بوونی وەک بکەرێکی ناسیۆنالیستی تۆخی نەتەوەیی، خوازیاریشە بە میکانیزم و ڕێگای ناسیۆنالیزمی مەدەنیش شوناسی بپارێزێ و ماف و ئامانجی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەدی بێنێ، چۆن لەسەر ئەم بڕوایەیە کە هەموو تاکەکانی یەک وڵات، شارۆمەندی ئەم وڵاتەن و دەبێ خاوەنی ماف و بڕیاری کۆتایی بۆ سەروەریی یاسا، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی خۆیان و... بن.

ئەم پێناسەیە لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە سەر ئەم گریمانەیە وەستاوە کە نەتەوە، جڤاکێکە کە شارۆمەندانی ئازاد و دوور لە هەر چەشنە جیاوازی و ناکۆکییەکی زاتی، کولتووری و سیاسی بن و هەر نەتەوەیەک دەبێ یەکەی سیاسیی ژێر دەسەڵاتداریەتی سەربەخۆیانەی خۆی لەسەر ئەساسی یاسای بنەڕەتی وڵات هەبێ کە بە ڕووە یاسایی و سیاسییەکەی دیکەی هەمان فێدرالیزمە کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە خۆرهەڵات بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بە دێموکراسیکردنی ئێرانی فرەنەتەوە، ئایین و کولتوور وەک مانیفێستی کاری سیاسیی خۆی بە ئەسڵی وەرگرتووە.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی لەسەر ئەساس و بنچینەی یاسایی، دەروەستی بە ڕێسا و یاسای گشتی و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و دامەزراوەکانی نەتەوەیی درووست دەبێ و گرینگیدان بە کولتووری مەدەنی هاوبەش و بەرابەریی یاسایی و سیاسیی تاکەکانی گرێدراو بە وڵات پێداگری دەکا.

بەم پێیە ناسیۆنالیزمی مەدەنی بریتییە لە پێبەندی و بەرپرسیاری بە خودموختاریی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و بە مانای هەستی هۆگری و دەروەستی بە بەرابەری، ئازادی و مافی شارۆمەندی، جوودا لە هۆگری و گرێدراوی نەتەوەیی و ئایینی.
بۆیە دەتوانیین ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی مافی شارۆمەندی وبڕوامەندییان بە بەرابەریی هەموو تاکەکانی یەک جڤات هەڵسەنگێنین و لە سەر ئەساسی تێڕامان و ڕوانگەی بەرابەر بۆ مافی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان تەتەڵەی بکەین.

بۆ نموونە گەر هێندێک توخمی وێژمانە مەدەنییەکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنی کورد وەک: بەرابەریی هەموو تاکەکان لە بەردەم یاسا، دەنگی خەڵک وەک گرینگترین پێوەر، ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری، دوورکەوتنەوە لە دێماگۆژی، بەبنەماوەرگرتنی مافی مرۆڤ لە بری ئێنتیمای ئایینی، سپاردنی ئیدارەی وڵات بە کەسانی پسپۆر و لێزان و... بخەینە بەرباس، دەبینین ناسیۆنالیزمی مەدەنی بۆ گەلی کورد لە سەر ئەساسە هزرە دێموکراتیکەکانی بەرانبەر بە هەموو مرۆڤەکان، ئاڵاهەڵگری ناسیۆنالیزمی مەدەنیشە و بە هەموو جۆرێک هەوڵی بەدامەزراوەکردنی ئەم ناسیۆنالیزمە لە نێو هەرچوارپارچەی کوردستان دەدا.

لە سەر ئەساسی هەڵسەنگاندن بۆ هەر دوو چەمکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و مەدەنی و تێڕامانی خاوەنڕایان بۆ ئەم دوو ڕەهەندە لە ناسیۆنالیزم، دەبینین مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکە، هەڵگری هزر و کارکردی هەر دوو ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و مەدەنییە و بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی شۆڕش بۆ پاراستنی شوناس، وێژمان، مێژوو و... گەلەکەمان دەدا و بەپێی ساختار و سیستمی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتی ئەگەر بوار و دەرفەتی دێموکراسی بوونی هەبێ، لە ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی مەدەنییش هەوڵی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## نەورۆز، وەرزی ڕزگاری و ئازادی

نەورۆز و سەری ساڵ وەک هێمای نوێبوونەوە و زیندوو بوونەوەی سروشت و کۆتایی هاتنی سەرما و سۆڵە و سەرکەوتنی بەهار و خۆشی، مژدە بەخشینە بە سروشت بۆ خۆڕازاندنەوە لە ورزی نوێی ساڵدا.

لە دێر زەمانەوە لەنێو کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و چاند کە شارستانیەتی زێڕین و زەنگینی هەیە، نەورۆز و سەری ساڵ وەک جێژنی ژیانەوە و نوێبوونەوە پیرۆز ڕاگیراوە و بە سەما و شادی پێشوازییان لێکردوە و ئێستا وەک بەشێک لە شوناس و کولتووری نەتەوەیی کورد ئەم نەریتە درێژەی هەیە. نەورۆز بەڵام هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی سروشت بۆ گەلی کورد هەڵگری پەیام و ڕەساڵەتی ڕزگاری و ئازادییشە.

کورد وەک هەر گەلێکی سەر گۆی ئەم زەوییە هەڵگری توخمی شوناسی نەتەوەیی خۆی وەک خاک، خەڵک و دەسەڵات و ویستی مافویستی بووە و ئێستاش سەرەرای داگیرکرانی نیشتمان و نەتەوەکەمان و هەوڵدانی سیستماتیک بۆ تێکدانی ژیار و شوناس و ئاسیمیلەکردنی زمان و داب و نەریتمان ئەم هێمایە بۆ کورد زیندوویە و کورد لە هەموو قۆناغەکانی داگیرکاریی سەفەوی و عوسمانیدا و هەتا ئێستا ماهییەت و چییەتیی خۆی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە پاراستووە.

هەرچەند پرۆسەی داگیرکاری سەبارەت بە گەلی کورد مێژوو و واقعێکی جیاوازتر لە گەل هەموو ئەو نەتەوانەی هەیە کە لە مێژوودا تووشی پرۆسەی کلۆنیالیزمی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بوونەتەوە. بەتایبەت کلۆنیالیزمی جیهانی وەک بریتانیا و فەرانسە لە ناوچە جیاوازتر لە نەتەوەکانی دیکە وەک عەرەبەکان کە لە قۆتاغێکی مێژووییدا لەژێر هێژمۆنی داگیرکاریی ئەو دوو وڵاتەدا بوون، بەڵام دواتر سەربەخۆیی وەک ماف بۆ عەرەبەکان دابین کرا. کەچی لەپێوەندی لەگەڵ کورد و کوردستاندا، داگیرکاریی ئایینی جێگای خۆی بە داگیرکاریی جیهانی لە پارادایمی سیاسی - ئابووریدا دەدا.

ئێستاش پاش پتر لە یەک سەدە لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ کە کوردستان لە دوو بەشەوە، بە سەر چوار پارچەدا دابەش کرا، پرسی مافخوازیی کورد مۆتەکەی سەرشانی داگیرکەرانی کوردستانە و بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستنەوە. لە خۆڕا نییە کە ئەوان بە هەموو میکانیزمێک هەوڵ بۆ پێشگرتن بە یەکگرتوویی و ڕزگاری و ئازادی نەتەوەی کورد دەدەن، چونکی ئەوکات ئامرازێک نامێنێ هەتا بوون و ئۆتۆریتەی داگیرکاری و دەسەڵاتخوازیی خۆیانی پێ بەڕێوە بەرن، بۆیە پرۆسەی



سەرچاوە Serchawe

داگیرکاری و ئاسیمیلاسیۆن گەلی کورد بە ماکەی مانەوە و ڕەوایی خۆیان دەزانن و دەستهەڵگرتن لە داگیرکاری بۆ ئەوان هێڵی سوورە. وەک ئاڵمانی و ئیتالیای سەردەمی نازیسم و فاشیزم کە بە هەمان ئەقڵییەت و زێهنییەت مامەڵەیان لە گەڵ نەتەوەی جوولەکە دەکرد.

بەڵام لەملاش گەلی کورد پێ بە پێی پرۆسەی داگیرکاری خاوەندارەتیی لە مان و مەوجوودییەتی خۆی کردووە و مێرخاسانی کورد لە هەموو قۆناغەکان بە پێگەیشتوویی و تێگەیشتووییان، لە ڕووی بەڕێکخستن کردنی نەتەوە و دروستکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی، سیاسەتی داگیرکەرانیان بەرپەرچ داوەتەوە و ڕۆح و لۆژیکی تەسلیم نەبوون و ڕابوونیان لەنێو کورددا بە درێژایی مێژوو لە بڵێسەدا ڕاگرتووە.

فەلسەفەی نەورۆز کە ڕزگاری لە دیلی و ستەم و ئازاد ژیانی ئامانج بێت، کوردیش نەورۆز ئاسا و بە فەلسەفەی نەورۆزەوە خەبات و تێکۆشانی فرەڕەهەندی خۆی بۆ ڕزگاری و ئازادی کردووە و هەموو دەرفەتێکی دژی ستەم بۆ سەربەخۆبوون بەکار هێناوە. خۆ ڕاستە هەتا ئێستاش ڕزگاری نەبووە، بەڵام بە ڕۆح و هزری شۆڕشگێڕ بوونی و لەمەیداندا بوونی بە خاوەنداریەتی لە بەها و ئامانجەکانی، ئێزنی نەداوە خەونەکانی دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست وەدی بێن.

ئێستاش پاش چەند سەدە لە داگیرکرانی نەتەوە و نیشتمانمان، ئەندێشە و جیهانبینیی کوردتەوەری بۆ هەموو تاکێکی کورد مانیفێست و فەلسەفەی ژیان کردنە و بە ڕێگای سەخت ئامێری و نەرم ئامێری لەنێو نەتەوەی کورد بۆ بەدیهێنانی ڕزگاری و مسۆگەرکردنی ئازادی تێکۆشان بێوچان دەکرێ. هەر تاکێکی کورد بە هزری نەورۆزەوە بەدژی داگیرکەرانی کوردستان دەیهەوێ جەور و ستەمی حکوومەتیی داسەپاو لەسەر کوردستان نەهێڵێ و ئیدۆئۆلۆگ و ڕێبەرانی کورد بە خوێندنەوەیەکی ڕێئالیستانەی کوردانە کە لەگەڵ بەها و بایەخەکانی کورد یەک بگرێتەوە، خاوەنداریەتی لە ماف و کەرامەتی ئەو گەلە دەکەن.

بۆیە لەسەر ئەساسی ئەم ئاگامەندییە نەتەوەییە دەبینین ئێستاش بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوی مەدەنی بۆ تێکشکاندنی ڕۆح و لۆژیکی داگیرکەران بەرەوپێش دەڕوا و سەنگەری خەباتی سیاسی- مەدەنی لە کوردستان ئاوەدانە.

ئەگەر ئەمڕۆ سیاچاڵەکانی دوژمن پڕن لە مرۆڤی ئازادیخوازی کورد، ئەوە پێداگرتنە لەسەر مەنتقی ڕزگاری و ئازادی، بۆیەشە دوژمن بە میلیتاریزەکردنی کوردستان، ئێعدام و کوشتنی تێکۆشەری کورد کە ئەوپەری دڕەندەیی لە خۆی نیشان

دەدا، تووشی چەقبەستوویی هاتووە و لە بەرامبەر بەرخۆدانی نەورۆزئاسای ڕۆڵەکانی کورد دەستەوەستانە.

تاکی کوردیش بۆ ڕزگاری و ئازادی بڕیاری تەواوی داوە کە لە پێناو ئازاد ژیاندا بمرێ و ژینی دیل و ژێردەستەیی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان قبوول نەکا.

بەمجۆرە فەلسەفەی نەورۆز بۆ کورد پاڕادایمی ڕزگاری و بەدیهێنانی ئازادییە، چونکی دەزانێ و دەخوازێ بە تێپەڕاندنی هێژمۆن و ئۆتۆریتەی سیستمی داگیرکەران لە قۆناغی هەبوو ڕزگاری بێ و ڕزگاربوون لە ستەمی داگیرکەران بە سەرەتای ئازادی دەزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

---

## کەسایەتیی پێشەوا قازی لە چاوگەی سێ تیوریدا

لە هەموو دنیا و سەردەمەکاندا، ئەو نەتەوانەی بەهۆی سیاسەتی نکۆڵیکران لە بەرامبەریاندا هەوڵی سیستماتیک دەدرێ تاکوو مێژوو، چاند و شارستانییەتیان بشێوێنن و لە پارادایمی هێزی باوی سەردەم چ دەسەڵاتی ئایینی یا پاشایەتی یا دواتر لەنێو دەوڵەت - نەتەوەی سەردەستدا ئاسیمیلەیان بکەن و بیانتوێننەوە، نەتەوەی داگیرکراو چ لە ئاستی تاک یا کۆمەڵگەدا هەوڵی ڕابوون دەدا بۆ ئەوەی پێش بە سەرگرتنی ئەم ڕەوتە لە چەرخی مێژوو بگرێ و مەوجوودیەتی بپارێزێ. گەلی کوردیش ڕوح و هزری بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتمانیی چ لە ئاستی تاک یا جڤاتدا بووبێ هەموو کات بڵێسەدار بووە و تێکۆشانی بونیادنەرانەی بووە بۆوەی ڕوح و هزری کوردانە لەنێو جڤاتدا پارێزراو ڕابگرێ و بە خاوەنداریەتی لە مێژوو و شوناسی و بەڕێکخستنکردنی لە چوارچێوەی حیزب و ڕۆڵبینینی کەسایەتیی مێحوەریی بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی، سیاسی و نەتەوەخوازیی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بە تایبەت لە مێژووی پڕ تێکۆشانی نەتەوەییمان ڕۆڵ و پێگەی مێحوەریی کەسگەلی وەک "پێشەوا قازی محەممەد"، "شێخ مەحموود"، "شێخ سەعید"، "سەید ڕەزا" و...) بەم ئاراستەیە، نموونەی هەرە ئاستبەرزن لە خەرمانی تێکۆشان و شۆڕش لەم پێناوەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی گەشەی ڕوح و هزری ناسیۆنالیستانەی تاکی کورد و دوای سێ ساڵ لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، کە بە شێوەی مەدەنییانە هەوڵی پاراستن و سەقامگیرکردنی هزر و ئەندێشەی نەتەوەخوازیی دەدا، لە بەردەوامیی ڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا یەکەم حیزبی مۆدێڕنی سیاسی کە خاوەن ساختار، ڕێبەرایەتی، تاکتیک و ستراتیژی بوو، لە هەناوی لەدایک دەبێ و دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا قازی وەک کاریزمایەکی سیاسی و ناسیۆنالیستی یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم بەڕێکخستنکردنەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە شێوەی سەردەمیانە لە چوارچێوەی حیزبدا بووە.

لەم کاتەدا کە جوغرافیای ئێران بە هۆی ژێئۆئیستراتیژیکبوونی بۆ هەر دووک بەرەی شەڕی دووهەمی جیهانی گرینگ و شوێندانەر دەبێ و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش کەسانێک نابەرپرسیار و لاواز لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان دەبن، ئەم وڵاتە بە کردەوە بە سەر دوو وڵاتی زلهێزی ئەو کات (بریتانیا لە بەشی باشوور و سۆڤیەت لە بەشی باکوور)ی، ئێران دابەش دەکرێ. لە ئاکامی ئەم دەرفەتە مێژووییەی بۆ کورد ڕەخسا و بەهۆی ژیری و دنیابینیی حیزبە سیاسی و جەماوەرییەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) و بەپێی بڕیاری ژیرانە و حەکیمانەی پێشەوا قازی بە کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە ٢ی ڕێبەنداندا حکوومەتی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێ.

مخابن دواتر و پاش کەمتر لە ١١مانگ بە هۆکاری نێوخۆیی -خیانەتی هیندێک ئاغا و کەسایەتیی دەوڵەمەند، ڕێککەتنی قەوام و سادچیکف- و هۆکاری دەرەکیی پشتیوانی نەکرانی حکوومەت لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەت و بەهێزبوونەوەی ئەرتەشی ئێران) کۆماری دێموکراتیکی کوردستان تێکشکا و پێشەوای کوردان، قازی محەممەد بۆ پێشگرتن لە نەرێژرانی خوێنی گەلەکەی خۆی ڕادەستی ئەرتەشی ئێران کرد. ئەوە بوو کە دوای بەڕێوەچوونی دادگایی ڕواڵەتی وێڕای شەهیدان "سەیف" و "سەدر"ی قازی لە پێتەختی کۆمار (شاری مەهاباد) بەناحەق و دوور لە هەر پرنسیپێکی ئەخلاقی لەسێدارە دران.

ئەوەی دنیای دەرەوە نەیدی و چاوی خۆی لێ نووقاند ئەو ڕاستییە بوو کە لەدار درانی پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارەدانی ئازادی، مەدەنییەت و دێموکراتییەت لە ناوچە بوو.

## تیوریی گەورەپیاو و کەسایەتی پێشەوا

تیوری گەورەپیاو لە ڕێبەرایەتیکردن بە ساکارترین فۆرم خوازیار و بڕوامەندە کە ڕووداوە گرینگە نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانییەکان لەژێر کاریگەری کەسانی دیاردا دێنە ئاراوە کە دروستکەری ئەم ڕووداوانەن؛ واتە ئەوە گەورەپیاوانن کە مێژوو دروست دەکەن.

**"توماس کارلایەل" کە لایەنگری ئەم تیورییەیە، دەڵێ:** "کەسانی بلیمەت کاریگەریی خۆیان لە هەر شوێنێک و ئاستێکدا بن، دادەنێن و بڵاوی دەکەنەوە." لەسەر ئەساسی ئەم تیورییە لەسایەی هەڵوێست، خوێندنەوە و سیاسەتی ڕێبەرێکەوە، دەکرێ چارەنووسی نەتەوەیەک بگۆڕدرێ.

هەر بەپێی پێناسەی ئەم تیورییە دەبینین کە پێشەوا قازی وەک کەسایەتییەکی مەزن و شوێندانەر بە ژیرمەندیی خۆی و خوێندنەوەی واقێعگەرایانەی بارودۆخی هەبووی سەردەم لەسەر ئەساسی دۆخی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەدا و مێژوویەکی پڕ شکۆ وسەروەری بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەکەی دروست دەکا و دەیکاتە ئادرەسێک بۆ کۆمەڵگەی جیهانیی ئەو سەردەم .پێشەوا وەک کەسایەتییەکی بلیمەت دەرفەت دەقۆزێتەوە و حەز و ئارەزووی هەر مرۆڤێکی کورد دەکا بە واقیع و ڕاستییەکی مێژوویی و، پاش حەوت دەیە لە تێکچوونی کۆمار، ئێستاش دەبینین تێکۆشانی بێوچانی کورد لە هەر چوار بەشی نیشتمان گەیشتنەوەیە بە دامەزراندنی کومارێکی دیکەی کوردستان.

لێرەدا کەسایەتیی پێشەوا و بڕیاری حەکیمانەی ڕووداوێک دەخوڵقێنن کە دەبێتە مێژوو بۆ نەتەوەیەک و ئاسۆیەک بۆ دووبارە پێگەیشتنەوە.

## زەبری کۆمەڵایەتی و ڕوحی زەمان

ئەم تیۆرییە پێداگرتنە لە کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێبەر. لەم تیۆرییەدا زەمان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانن کە گەورەپیاوان دروست دەکەن.

بەم پێیە لە تیۆریی ڕوحی زەماندا ڕێبەران وەک ئەکتەرانێکن کە ئەو ڕۆڵەی لە لایەن هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان دەست نیشان دەکرێ، جێبەجێی دەکەن و ڕوانگە و ڕەوشت، پاڵنەرەکان و لێهاتووییە تایبەتییەکانیان کاریگەریی بچووکیان لەسەر ڕێبەر هەیە.

خاوەنڕایانی ئەم تیۆرییە بڕوامەندن کە ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕ کەسانێکن کە بتوانن ئاکار و ڕەوشتی خۆیان هاوتەریب لەگەڵ ویستەکانی زەمان، هەلکەوتە و بارودۆخ بگونجێنن.

بە سەرنجدانی شیکاریی ئەم تیۆرییە دەبینین کە پێشەوا قازی محەممەد وەک ئەکتەرێکی بەهێزی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەو ئەرکەی حیزب وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان) دەخاتە سەر شانی و، بە واقعگەرا کردنی ویست و هیوای هەموو تاکێکی کورد لە چوارچێوەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ و خاوەندارەتی لە ڕابردووی شۆڕشەکانی پێشوو و قۆستنەوەی دەرفەتەکان ڕۆڵی ئەساسی و بونیادنەرانەی خۆی ئەبینێ. هۆکارێکی گرینگ، کە بوونی پێشەوا قازی محەممەد لە ساختاری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دەیکات بە کەسایەتییەک و ڕێبەرێکی دیار و لێوەشاوە.

ڕاستە لەسەر ئەم بڕیارەی کە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە (حیزبی دێموکرات) دەیخاتە سەر شانی وەک کەسی یەکەم لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا و دواجار لەسەری شەهید دەبێ، بەڵام شەهیدبوونەکەشی بارتەقای بڕیاری حەکیمانەی و سەرکردایەتیی حیزب، شکۆ و مەزنیی پێدا و، وەک کەسایەتیەکی بەهێز لە ئاکار و ڕەوشتدا، بە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆحی زەمان کەسایەتیی بە خۆی بەخشی.



سەرچاوە
Serchawe

بڕوامەندانی ئەم تیورییە وەک(سوودفێلد و ڕانگ) پێیانوایە، ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێر توانایی و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە کردار و ڕەفتاریان هاوتەریب لەگەڵ ویستی زەمان و شوێنگە بگوورێن و هەروەها ئەم گریمانەیە دەخەنە ڕوو کە لە سەرەتای وەبەریەککەوتن و ململانێ پێویستە ڕێبەریی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ساکارەوە دوای سەرکەوتن؛ بۆ درێژەپێدان بە شۆڕش پێویستە ڕوانگەی ڕیالیستانەیان بۆ جیهان هەبێ.

لە سەر ئەساسی ئەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە پێشەوا قازییش هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ڕەفتار و کردار و هەڵوێست وەرگرتنی بەپێی دۆخ و کات، وەک مرۆڤێکی ساکار خۆی لەگەڵ گەلەکەی پێناسە دەکا و هەڵوێست وەردەگرێ و پاشان بە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانە لە دۆخی مەوجوودی ئێران و کوردستان و ئارایشی هێزی جیهانی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بڕیارەکەی لە پێناو دیالۆگ لەسەر مافەکانی گەلەکەی دەچێتە تاران وەک ناوەندی دەسەڵات.

## تیوریی نموونەی فیدلێر

فیدلێر ڕێبەر وەک کەسایەتییەک پێناسە دەکا کە لەنێو حیزب بڕیاری ئاراستەکردن، کۆنترۆڵکردن و هاوئاهەنگیکردنی هەموو چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکی حیزبی پێ دەسپێردرێ. ئەم تیۆرییە بە کاریگەر و شوێندانەر بوونی ڕێبەر لە ڕەهەندە جیاوازەکانی پێگەی حیزب، ئاماژە دەدا و دوورنواڕی دەکا کە یارمەتیی ڕێبەر بە شوێندانەر بوونی حیزب هەم بە تایبەتمەندی خودی ڕێبەرەوە پەیوەندی هەیە و هەمیش بە لەبار بوونی هەلومەرج و بارودۆخ و دەرفەت.

بە پێی ڕاڤەی ئەم تیورییە دەبینین کە ڕاستە لەنێو حیزبی دێموکراتی کودستان کەسایەتیی بەهێز بوونیان هەیە، بەڵام ئەو ژێهاتی و کاریزماتیکییەی بەهێزە کە پێشەوا قازی وەک لیدێرێک دەبێتە هۆکاری ئاراستەکردنی ستراتیژیی حیزب بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕوحی زەمان .لەم سۆنگەیەشەوە هەموو ئەرک و بەرپرسیارەتیەکی ئەم بڕیارە مێژوویی و چارەنووسسازە دەخاتە سەر شانی خۆی.

بەم چەشنە دەبینین کە پێشەوا قازی بە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی حیزب و هاوئاهەنگی بەپێی دەرفەت و زەمان شوێندانەریی خۆی دەردەخا و شوێندانەریی ستراتیژی حیزب، تایبەتمەندی کەسایەتی پێشەوا و لەبار بوونی هەلومەرج دەبنە تەواوکەری یەکتر.

## دەرەنجام

لە سەر بە ئەساس وەرگرتنی هەر سێ تیورییەکە دەتوانین بلێین کە ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبوایە پێشەوا وەک "گوڵی نێو سەحرا" دەر نەدەکەوت و ئەگەر بڕیاری حەکیمانە و خوێندنەوەی ژیرانەی پێشەواش لە ڕۆحی زەماندا نەبوایە، حکوومەت و قەوارەیەکمان بە ناوی "کۆماری کوردستان" نەدەبوو/

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

## دانوستانی وڵاتان لەگەڵ ئێران و ئەرکی ئێمە

بینیمان کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە بارودۆخە هەرە قەیراناوییەکەی ئێران و لە ساتەوەختە هەرە ناسک و ئاڵۆزەکە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە لە بەرژەوەندیی دێموکراتەکان شکایەوە.

بایدێن وەک لیدەرێکی دێموکراتەکانی ئەمریکا کە نیو سەدەیە لەنێو کایەی سیاسەتی ئەم وڵاتەدا و لە پۆستی جۆراوجۆری حیزبی و حکوومەتیدا سیاسەت دەکا، خاوەن هەوێتی و مانیفێستێکی تایبەت بە خۆیەتی. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکراتەکان لە ئەمریکا، وەک ئەسڵێکی ئەساسی لە پاراداییمێکی زاڵدا بایەخدان بە مافی مرۆڤ، پاراستنی ئازادی، بایەخدان بە کاری مەدەنی، ئاشتی و هەوڵی گەشەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بە درێژایی مێژوو هەم بۆتە وێژمانی ئەم حیزبە و هەمیش کارکردی نێودەڵەتییان؛ کە بەپێی ئەندێشەی "هێمۆلتۆنیسم" ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەیان دادەڕێژن. پرێزێدێنت بایدێن وەک جێبەجێکاری ئەم ستراتیژە لە ماوەی سەرۆکایەتییدا و هەم وەک کەسێتیی خۆی ئەم بایەخانە لە هزریدا نهادینە بوون و بوونەتە خوو و ڕەوشت و کاریان پێ دەکا.

جۆ بایدێن لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا یەکێک لەو بەڵێنانەی بە لایەنگرانی لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایی خۆی دابووی، گەڕانەوە بۆ "بەرجام" و ڕێککەوتنی پێشوو لەنێو ئێران و وڵاتانی ١+٥ بوو، بەڵام بە شێوەیەکی پڕگیرتر، کە بەدەر لە پرۆگرامی ئەتومیی ئێران، دۆسیەی مووشەکە دوورهاوێژ و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لەخۆ بگرێ.

لە سەر ئەم ئەساسە دەبینین کە لە مانگی ئاداردا، بایدێن ستراتیژی کاتیی کابینەکەی ڕوو بە دنیا ڕاگەیاند کە بە ڕوونی پێداگریی لەسەر دوو خاڵ دەکرد: یەکەمیان پابەندبوون بە بەهاکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و؛ دووهەمیان بەگژداچوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان کە چەکی ناوکی و تێرۆریزم دروستی دەکەن؛ کە هەردووک بابەتی گرینگ لە سیستمی نێودەوڵەتین.

بایدێن لە دوکترینی خۆیدا گەڕانەوە بۆ بەرجام بۆ سەرکەوتن و سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە وڵاتان و پێشگرتن لە مەترسیی تێرۆر و چەکی ناوکی دەناسێنێ و، وەک ئاڵتێرناتیڤێک گەڕانەوە و پێوەندیگرتن بە جیهان لەسەر ئەساسی

"دیپلۆماسیی کارا" و بە تایبەت نەتەوە، دەوڵەت و ڕێکخراوە دێموکراتییەکان دەکا بە پشتیوانیی ستراتیژییەکەی بۆ ئەم قۆناغە لە بەجێگەیاندنی بەرپرسیارەتییەکەی. لەم نێوەدا کورد وەک گەلێکی مافخوراو، بەڵام مافخواز و بڕوامەند بە دێموکراسی لە ئاست پێگە و توانای خۆی دەتوانێ شوێندانەریی پۆزەتیفی بۆ کارکردی ئەمریکا لە ڕەهەندی بە دێموکراسیکردنی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستان و پێشگرتن لە هزر و دامەزراوەی توندئاژۆیانە لە ناوچەدا هەبێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە زیاتر لە چوار دەیەیە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بە سەرکوت و زەبر و زەنگ بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاندووە، کایەی خۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا کردووە و لەگەڵ ئیدارەی کۆشکی سپی چ کۆماری یا دێموکرات بەڕێوەی ببەن مامەڵەی جیاواز و تایبەت بە خۆی بووە. لەهەر حاڵدا سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا ئەوە بووە کە یارمەتی بە دێموکراسیی نێوخۆیی لە ئێراندا بکا و لە ڕێگەی گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری تێپەڕینی ئێران بەرەو دێموکراسی و سەقامگیریی ئاشتی و ئارامی لە ناوچە و ڕەگەڵخستنی ئێران لەگەڵ گلۆبالیزمی نوێ بێت. بەڵام لەوبەر ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە مانەوەی ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان تەنیا بەندە بە دروستکردنی دوژمنی وەهمی، نانەوەی ئاژاوە و شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لە وڵاتانی ناوچە، پشتیوانیی تیرۆریزم لە ئاستی جیهانی و لە بواری نێوخۆییشدا کپ و بێدەنگکردنی دەنگی ئازادیخوازی، بڕەودان بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوە نافارسەکان و میلیتاریزەکردنی سیاسەت و ئیدارەی وڵات.

بۆیە ڕوونە لە ئەگەری سازان و ڕێککەوتنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر پرسی ئەتومی و مووشەکییەکەی کە بایەخی ئەساسیان بۆ بایدێن و تیمەکەی هەیە، بەڵام دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران هەروا بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە. پاش چوار دەیە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەمەش بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە کۆماری ئیسلامی هەموو کاتێک کە گوشاری دەرەکیی زۆری لەسەر بووە، پاشەکشەی کردووە و "نەرمیی قارەمانانە"ی نواندووە، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا و لە هەمبەر ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئامادەی یەک هەنگاو پاشەکشە نییە و کۆشتارەکەی خەزەڵوەری پار و بەفرانباری دوو ساڵ پێش بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە.

لەو بارودۆخەدا کە دێموکراتەکان ئیدارەی کۆشکی سپی دەکەن و لە سیاسەتی دەرەوەیاندا باس لە کارکردن لە پێناو پاراستی مافی مرۆڤ، دابینکردنی ئازادی و بەدیهێنانی دێموکراسی دەکەن، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی سێکۆلار و دێموکراتی ئێران و بە تایبەت کورد کە باوەڕی قووڵیان بەم پرەنسیپانە هەیە و زیان و خەسارێکی زۆریان لەدەست کۆماری ئیسلامی چاشتووە؛ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی "هاوبەندی" پێک بێنن. هاوکات لەگەڵ دروستکردنی ئەم هاوپێوەندییە لە دەرەوە، لە نێوخۆش پێکەوە بە شێوەیەکی مەدەنیانە و یەکگرتووانە بە وەڕێخستنی ناڕەزایەتیی گشتی و مووودیرییەتی ئەم

ناڕەزایەتییانە سەرنج و بە پشتیوانیی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و وڵاتانی ئازادیخواز بۆ خەباتی ڕەوا و مافخوازانەیان دژی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشن.

لە لایەکیتر پاش چوونەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام و سەپاندنی گوشار و گەمارۆی هەرە زۆر بە سەر سێکتەرەکانی ئابووری، نیزامی و دیپلۆماسیی ڕێژیمی تاران، کۆماری ئیسلامییش وەک دەوڵەتێکی ڕانیتێری کە سەدا ٩٠ی داهاتی لە نەوت وەدەست دەکەوێ و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدارەتیی بەستراوە بە نەوتە، تووشی ڕاوەستاویی ئیدارەدانی وڵات هاتووە و ڕۆژ نییە لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکانی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر دروشمی نەمان و ڕووخانی ڕژیم بەرز نەبێتەوە. هۆمێد بە باشتربوونی دۆخی ئابووریی وڵاتیش دوور لە چاوەڕوانییە، چونکی باڵانسی هێز و بارودۆخ لە کۆشکی سپی، کۆنگرە و سەنای ئەمریکا بەمجۆرەش نییە کە دەوڵەتی بایدێن بیەوێ و بتوانێ بەشێکی زۆر لە گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی سووک بکا؛ چونکی بایدێن ڕا و بۆچوونی دژبەرانی سیاسەتی خۆی لە نێوخۆی ئەمریکادا بەلاوە گرینگە.
ڕێککەوتنە ستراتیژیکەکەی نێوان ئێران و چین و هەروەها ڕێژیمی حقووقیی دەریای خەزەر و پێداگری و گوشاری ڕووسیە لەسەر ئێران بۆ بەڕەسمی ناسینی

ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ئەساسدا ئێستا دوو وڵاتی ڕووسیە و چین بەهۆی کۆنترۆڵکردنی جومگە هەستیارەکانی وڵاتی ئێران لە ڕووی ئابووری، سیاسی، نیزامی و تێکنۆلۆژییەوە جارێکی تر مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئێرانیان بۆ دواوە گەڕاندۆتەوە. واتە ئەمجارەیان لەبری پاشاکان، ئەوە مەلاکانن لە سۆنگەی نابەرپرسیارێتی، نەشیاوی، گەندەڵی و... وڵاتیان هەڕاج کردووە.

لەو بارودۆخەدا خەڵک کە ئامادەن تێچووی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک بدەن، ئۆپۆزیسیۆنی گۆڕانخواز و دێموکرات نابێ هەل و دەرفەت لەدەست بدەن. یەکیەتیی بەکردەوەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ڕێبەریی جووڵانەوە ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا بگرێتە دەست. کۆمەڵگەی ئێستای ئێران ئاوس بە ڕووداو و پێشهاتە چارەنووسسازەکانە و کات کاتی شکاندنی هەیمەنەی ڕێژیم و دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگەیەکەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢١

# جەوهەری هەڵبژاردن و هەڵبژاردن لە ئێراندا

هەڵبژاردن هێزی گیانبەخش بە هەر سیستمێکی دیموکراتیکە، چۆن ڕەخسێنەری دانوستان لە مژاری گشتی، فۆرمبەخشین بە بەرنامە و دروشمگەلی سیاسی، دەستنیشانکەری نوێنەران و بەرپرسانی گشتی، کارتێکەری لە دابەشکردنی هێز لە حکوومەتە.

میکانیزمی هەڵبژاردنیش لە پێوەرەکانی خەڵکیبوونی سیستمێکی سیاسییە کە خەڵک لەو ڕێگایەوە دەتوانن مافی زاتی و سروشتیی خۆیان لە کۆمەڵگەدا لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی جۆری سیستمی سیاسی و یاسا و ڕێساکانی، بە هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و نوێنەرانی خۆی بەدی بێنن. بۆیە هەڵبژاردن فۆرمێکە لە پرۆسەی بڕیاردان لە کۆمەڵگە کە تێیدا ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن، بڕیاریش دەدەن کە کام حیزب یا نوێنەر بەرپرسیارێتیی ئیدارەی کاروباری گشتی بگرێتە دەست. واتە هەڵبژاردن ئامراز و دامەزراوەیەکە بۆ ڕاوێنکردنی گشتی لەمەڕ هەڵبژاردنی جۆری نیزامی سیاسی و دەسەڵاتدارانی.
لە ئێران دوای شۆڕشی گەلانی مافویستی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستبەسەرداگرتنی شۆڕش لە لایان مەلاکان لەژێر هێژمۆنی و ڕێبەرایەتیی شەخسی خومەینی بە پاڵاوتن و تیرۆر و وڵاتبەدەرکردنی نەیارانی خۆی کە بڕوایان بە مافی خەڵک هەبوو، لە کودیتایەکی نەرم و لە ڕێگای هێزی سەخت و مۆنۆپۆلی جومگە گرینگ و هەستیارەکانی ئابووری، ئەمنییەت و میدیایی وڵات؛ ویست و ئارمانجەکانی شۆڕشی ئێران کرانە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی ئاخوندەکان و دیکتاتۆریی پاشایەتی بۆ دیکتاتۆڕی و فاشیزمی ئیسلامی گۆڕدرا.

دواتر بە پاساوی ئایین و خۆ بە نوێنەری خوا زانینی خومەینی لەسەر عەرز و زاڵ بە سەر وڵات و کۆمەڵگەی ئێران بۆ دەرباز کردن و پەڕینەوەی ئێران لە ئانۆمیی دوای شۆڕش، بە یەکدەستکردنی وڵات و داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی وڵات لەژێر خوێندنەوە و تێڕامانی خومەینیزم، یاسای بنەڕەتیی وڵاتی ئێران لە کەشێکی هەڵخەڵەتان و غەیرە دیموکرتیکدا بە پەسند گەیەندرا. مەخابن دەنگ و متمانەی خەڵک لە گەمەیەکی هەڵخەڵەتاندندا کرا بە بژیوی شەرعییەت و ،چارەنووسی وڵات کەوتە دەست کەمینەیەکی بچووک و، خەڵک بە سەر دوو بەرەی خودی و غەیرەخودی دابەش کرا. دەسەڵاتدارانی ئەم سیستمە پاوانخواز و دیکتاتۆڕە بە دروستکردنی دەسەڵاتی سێبەر و میلیتاریزەکردنی هەموو جومگەکانی وڵات، خەڵکیان خستە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەکانیان. هەڵبژاردن لە مانا و جەوهەری خۆی بەتاڵ و بەشی بەرواڵەت هەڵبژاردەی نێو حاکمییەت (دەوڵە و مەجلیس) بێدەسەڵات کرا. چونکی هەڵبژاردنێک دەکرێ ئەم ناوەی لەسەر بێ و هەڵگری ئەو واتایە

بێ کە بە بەشداریی هەمووان و نوێنگەی ئیرادەی گشتیی هەمووان بێت و لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دێموکراتیک و بە بەشداری زۆرینەی سیاسی، ئاگایانە و ژیرانەی هاونیشتیمانیان بە جێبەجێکردنی ئوسوول و پێوەرە جیهانداگرەکان بەڕێوە بچێ. بەڵام لە هەڵبژاردنەکان لە ئێران خەڵک (دەنگدەر) و دەنگەکانیان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیار و گۆڕانکارییەکانی وڵات و چارەنووس و بارودۆخی خۆیان نییە و هەموو شتێک هەر بە ویست و مەیلی بازنەی تەسکی دەسەڵاتداران دەچێتە پێش.

هەڵبژاردنێکی تایبەت کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ئێران دەکرێ، هەڵبژاردنەکانی شووڕا و گوندەکانە. بێگومان شوڕاکانی شار و دێ دەتوانێ وەک بەربڵاوترین و بەربەرینترین زەنجیرەی دامەزراوەی مەدەنی و وەڵام بۆ پێویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەیر بکرێ. هاوکات ئەم هەڵبژاردنانە لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دەتوانێ زۆرترین کاریگەریی لەسەر جڤات و حکوومەت و هاوکات تەمرینی دێموکراسیی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگە هەبێت. بەڵام لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەم ئەرک و سەڵاحییەتەکانی شوڕا سنووردار کراوە و هەم گەندەڵی کە سەرتاپای نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتی داگرتووە، ئەم پێکهاتەیەشی لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ کردووەتەوە.

ناتەباییەکانی یاسای بنەڕەتیی وڵات لە بەشەکانی کۆماری و ئیسلامی (خەڵکی و ئیلاهی)، نادێموکراتیکبوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردن، میکانیزمەکانی وەک شوڕای نیگابان و "نیزارەتی ئیستسوابی"، دەستێوەردانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ڕوونتر لە هەموو شتێک دانانی کاربەدەستانی هەرە پایەبەرزی پێشووی دەسەڵات کە بەڕواڵەت بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون -وەک سەرکۆمار و نوێنەرانی مەجلیس_ بە بێدەسەڵاتی و تەداروکاتچی بوونیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، جێگای هیچ شک و گومانێک لە بێنێوەرۆکبوونی هەڵبژاردنەکان لە ئێران ناهێڵێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

## "کوردستان" لە هەناوی کۆمەڵگەوە

وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەران کە لە نێوخۆی وڵاتەوە بۆی دەنووسم و مخابن بەهۆی بارودۆخی سیاسیی وڵاتەوە ڕەنگبێ بەشێک لە ئەندامانی دیکەی دەستەی نووسەرانیش هەر بەناوی خوازراوی "شاهۆ"وە بمناسن، گەیشتنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ژمارە ٨٠٠ی خۆی پیرۆزبایی دەڵێم.

"کوردستان" داهێنانی حیزبی دێموکرات بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دێموکرات و نەتەوەخوازی بوو. ئێستا لە تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆیدا و لە کاتێکدا ژمارە ٨٠٠ی خۆی دەردەکا کە دوور لە زێدی لەدایکبوونی بڵاو دەبێتەوە. ئەم نووسینە وەک "خوێنەر"ێکی لە نێوخۆی وڵاتەوە دەنێرم کە هەموو جارێ بە هۆگرییەوە بۆ "کوردستان" دەنووسێ و بە تامەزرۆییەوە دەخوێنێتەوە.

### "کوردستان" قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زمانی دایکی

ئەو ڕۆژنامەیە بە هۆی پاراویی زمان و وێژەی لەسەر دەستی نووسەران و زمانناسانی بەتوانا و بەهرەمەند و گرینگیدان بە پەروەردەی زمان، ڕۆڵی قوتابخانەیەکی بۆ بەردەنگ و خوێنەرەکانی گێڕاوە. بەم مکانیزمە هەوڵی داوە خوێنەرانی تەنیا بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە نەخوێننەوە بەڵکوو فێری نووسین و خوێندن بە زمانی دایکیشیان بکا. بە تایبەت پاش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) و ڕاگەیاندنەوەی دووبارەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دەستی ڕۆژنامەی "کوردستان" گەلێک زۆرن ئەو مێرخاسە پێشمەرگانەی بە هۆی سیاسەتیی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی خوێندەوار بوونیان بۆ نەڕەخساوە و لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئێستا باشترین ماۆستاکانی زمان و وێژەی کوردین و خۆیان بوونەتە ماۆستایەک بۆ پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕاستای فێر بوونی زمانی دایکی.

کاریگەریی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش چ ئەو سەردەم کە بە شێوەی کاغەز دەگەیشتە دەستی خەڵک و ئەندامانی و چ ئێستاش بە هۆی مێدیا و ماس مێدیا خوێنەران دەستیان پێ ڕادەگا و ڕۆڵی شوێندارانەی لەسەر بەردەنگەکانی دروست کردووە و وەکوو کاناڵێک بۆ فێربوونی زمانی دایکی لێ هاتووە.

چۆن دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستانی کۆلۆنیالیزیکراو ئیزن نادەن پەروەردە و فێربوون بە زمانی دایکی بوونی هەبێت، ڕۆژنامەی کوردستان کەم و زۆر ئەو بۆشاییەی پڕ کردۆتەوە و وەکوو ناوەندێک لە ڕێگای خوێنەرەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێربوونی زمانی دایکی بردووەتە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شان بە شانی مامۆستا خۆبەخشەکانی زمانی کوردیی هەوڵی پێگەیاندنی تاک لە ڕۆژهەڵات دەدات، لە سەر ئەساسی (زمانی من ناسنامەی منە) پێش بە ڕەوتی ئاسیمیلەبوونی نەتەوەکەی لە لایان دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر نەتەوەکەی دەگرێ. لە ڕێگای بایەخ دان بە زمان، کولتوور و ئەدەب و چاندی نەتەوەیی و نیشتمانی تاکی کاریگەر و پەرچەکەردار بە نیسبەت پرسە مێژوویەکەی دژی عەقڵییەت و زێهنییەتی سیستم دروست کردووە.

### "کوردستان" و گرنگیدانی بە کێشەی ناوچە هاوبەشەکان لەگەڵ ئازەری زمانەکان

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەی سەردەست، لە کاتی دەسەڵاتدارێتی قاجارەکانەوە تاکوو ئێستا لە ڕێگای گۆڕینی دێمۆگرافیای ڕۆژهەڵات هەوڵی بە تورککردنی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتیان داوە تاکوو لە ڕێگای کێشەی نەتەوەییەوە لە نێوان دوو نەتەوەی ئازەری و کورددا و بە پشتیوانیکردن لە نەتەوەی ئازەری، کوردی مافخواز لە بەرانبەر ئۆتۆریتەی دەوڵەتی ناوەندییەوە کپ و بێدەنگ بکەن و؛ لە ڕێگای کاربەدەست و بەرپرس کردنی تاکی ئازەری بە سەر نەتەوەی کوردەوە هەوڵی تێک شکاندنی ڕۆح و عەقڵییەتی تاکی کورد بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە ڕێگای ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزب و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی توانیویەتی بە زمانێکی سەردەمیانە ڕۆشەنگەری بە نیسبەت پرسی زمان و خاک و نەتەوە و نیشتمان لە سەر ئەساسی باوەڕە دێموکراتیکەکان و هێڵە ستراتیژییەکەی لە چوارچێوەی فێدرالیزمدا ئەم پرسە شی بکاتەوە و لە ڕێگای هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی هەوڵی ئاشتەوایی، پێکەوە حەوانەوە و سازان لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەریدا دروست بکا و ئەم پیلانگێڕییەی حاکمییەت کە لە ڕێگای ڕەوتی پانتورکیزم دەیدا پووچەڵ بکاتەوە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ڕێگای دوورنوارینی بۆ ئەم پرسە هەستیار و مەترسییدارە هەوڵ دەدا شانبەشانی ڕاگەیاندنی دەنگی و ڕەنگی وەک ڕادیۆ و تیڤی ڕۆشەنگەری پڕ واتا دروست بکا و لە ڕێگای ئاخاوتن لەگەڵ دەستەبژێرانی کۆمەڵگە و بەردەنگەکانی بە ناردنی گوتاری ئاراستەکراوی حیزب بە نیسبەت پرسەکە کە دەرچەی هاوبەش لە نێوان تاکی هزرمەندی دێموکراتێکی کورد و ئازەری لە پانتایی کۆمەڵگەدا بکاتەوە و بیکا بە ڕۆژەڤ و بەو شێوەیە ئەم پرسە پڕ لە هەستیارە لە ئێستا و دوارۆژدا لە ڕێگای دیالۆگی شارستانیانە شی بکاتەوە و بڕوا دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک

تۆلێرانس و پلۆرالیزم جێگیر بکا؛ تاکوو پێش وەبەر یەک کەوتنی نێوان کورد و ئازەریدا بگرێ.

### بەرۆژبوونی بابەت و پرسەکانی نێوخۆی کۆمەڵگە لە "کوردستان"دا

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری کە خاوەن گوتاری نیشتمانی و نەتەوەییە، بەرانبەر هەموو پرس و باسەکانی نێو کۆمەڵگەکەی چ لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی خۆی بە بەرپرسیار دەبینێ و لەسەر ئەساسی جیهانبینییەکەی هەوڵ دەدا لە ئاستی جۆراوجۆر لە ڕاستای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکەی بیانخاتە ژێر چاوەدێری تاکوو بەو بەرپرسیارێتییەی گەلەکەی خستوویەتە سەر شانی حیزب چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. بەم تێڕامانە ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زیاتر هەڵوێستەکردن و هێنانە بەر باس و دروستکردنی وێژمان بۆیان لە هەموو ئەم بابەتە سیاسی، ئابووری و کولتووریانە و... لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی ئێران و جیهان ئاوڕدانەوەی جیدیی و بەرپرسیارانە دەکا و لە سەر دەستی نووسەرانی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لە دەستەی نووسەران، ڕۆژنامەی "کوردستان" بەو پاشخانە فکری و هزرییەی کە تاکی نووسەری دێموکرات لە "کوردستان"دا هەیەتی، شرۆڤە و ئانالیزیان دەکا و بە ڕاڤەیەکی واقیعبینانە دەیانگەیەنێتە بەر دەستی خوێنەرانی و لە ڕێگای ڕۆشنگەری و تەتەڵەی هەموو ئەو پرس و دیاردانە توانیویەتی پیلانگێڕی دوژمنان بۆ بەلارێدابردنی تاک و جڤاتی کوردی پووچەڵ بکاتەوە.

"کوردستان" توانیویەتی لە سەر دەستی خوێنەران، وێژمان، عەقڵییەت و ڕوحی دژ بەرانبەر نەیارانی بخولقێنێ و بەو تێڕامانەی کە ئەم ڕۆژنامەیە دەیخاتە نێو کۆمەڵگە، دیاردە ناشیرینەکانی دوژمنانی نێوخۆ و دەرەکی دەیانەوێ جێگیری بکەن تاکوو گەلەکەمان تووشی ئانۆمیی لە ئاستە جیاجیاکان بکەن سەری نەگرتووە و، ڕۆژنامەی "کوردستان" و قەڵەمی بەپێزی نووسەرانی هەموو کات پیلانی دوژمنان پیلانگێڕییەکەیانی ئاشکرا و پووچەڵ کردۆتەوە. تەنانەت بە هێنانی گوتار و وێژمانی سیاسی و یاساییانەی حیزب وەکوو ڕاپرسی بە چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕۆژهەڵات مێحوەری، ژووره فکرییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی تووشی چالنج کردووە.

### ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو سەرچاوە

ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ڕوژنامەیەکی بەرپرسیار و وەڵامدەر بە نیسبەت ئەو بابەت و وتارانەی لە ڕێگای ڕۆژنامەوە دەیگەیەنێتە دەستی خوێنەران توانیویەتی ڕاستگۆیانە و بوێرانە کۆی پرس و بابەتەکانی نێو کۆمەڵگە و حیزب بەرجەستە بکاتەوە و بە ئاوڕدانەوەیەک یان خەسارناسیەکی واقیعبینانە ڕاڤەیان بکا تاکوو هەم بتوانێ لەگەڵ خۆی و خوێنەراندا

سادق بێ و ئەگەر بڕیاریش بێت دیاردەیەک بە باش یان خراپ لە ئاستی کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، دەستپێشخەر لە ڕاستای چارەسەر یان گەیاندنی واقێعبینانەی ئەو پەیامە بێت.

لە بارەی نێوەرۆک وەک ڕۆژنامەیەکی پڕ سەرمایە دەوری سەرەکی دەبینێ و هەر لەم سۆنگەیەوە گەلێک جاران کە ڕۆژنامەی حیزبەکانیتر لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستان دەخوێنیتەوە لە نێوئاخنی وتار و هەڵسەنگاندنەکانیاندا ئەو هزر و ئەندێشەیەی ڕۆژنامە بە نیسبەت پرس و بابەتی کوردستانی و نەتەوەیی ئاراستەی کردووە خۆی لە زۆر یەک لە ڕۆژنامەکانی باشوور بەرجستە دەکا و بووەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ نووسەران تاکوو وەک پاشخانێکی هزری خۆیان بخەنە سەر کاغەز و بیگەیەننە نێو شەقام.

لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش چ ڕۆژنامە کوردییە ڕێگەپێدراوەکان یا دەستەبژێرانی نێو کۆمەڵگە کە دەست بۆ قەڵەم دەبەن، تەنانەت لە ئاستی شەقامی ئاساییشدا دەنگ و پەیامی ئاراستەکراوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ئاستیی جودا جودا دا دەوترێ و دەبیسترێ کە لە ڕاستیدا ئەوە دەرخەری ئەم ڕاستییە و دەیسەلمێنێ کە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گوتار و وێژمانەکەی توانیویەتی لە سەر ئەساسی کارکردی بوێرانە و ڕاستگۆیانە کاریگەری دروست بکا و لە لایەکی تریش ئەو شوێندانەرییە بۆ زیندووبوونی ئەو پرس و بابەتانە بۆ قەڵەمی بەپێزی نووسەرانی دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کردووە بە مەرجەعێک. هەر لەسەر ئەم ئەساسانە لەم بەشەدا بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە ئەگەر ڕۆژنامە بخوازێ کاریگەریی زیاتر لە پانتای جەماوەر بەرهەم بهێنێ، وەک زەروورەتێک پێویستە بتوانێ دوو پەنجەرەی تر لە ڕۆژنامە بە ناونیشانی دەنگی ئازاد کە خۆی لە ڕەخنەی دروستکەر لە حیزب یا پێشنیار کردن بۆ حیزب و هەبوونی لاپەڕەیەک بۆ کاریکاتێر بە نیسبەت هەموو پرس و باسەکانی نێو کۆمەڵگە لە ڕێگای ئەو هونەرەوە پێشکەش بکا، دوو چەمکی ڕاستگۆیی بە نیسبەت خۆی و بەردەنگەکانی و بوێری بە نیسبەت ڕەخنەی هەڤاڵانە زیاتر دەسەلمێنێ و هەر بە شێوەی ئێستا وەک پێشڕەو و سەرچاوە لێی دەنواردرێ.

لە کۆتاییدا وێڕای سپاس بۆ پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی مامۆستا و بەشداربووان لە هەمبەر خوێندنەوەی ڕوانگەی برا بچووکتان هیواخوازم ڕۆژنامەی "کوردستان" بە هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی ئێوەی هێژا دەوڵەمەندتر لە ڕووی وتار و کاریگەرتر لە ئاستی جەماوەر و بوون بە سەرچاوە و مەرجەع بوونی لە ئاستی دیالۆگ لە ناو جڤات و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەکانی تردا بپارێزێ و پێکەوە لە بەرهەمهێنانی ڕۆشەنگەری لە ئاستی تاک و جەماوەردا هاوشانی ڕەهەندەکانی تری خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی کە سیاسەتی ئەو پەڕی کۆلۆنیالیستی و ئاسیمیلاسیۆن لە هەموو ڕوویەکەوە دژی نەتەوەکەمان بەڕێوە دەبات پشوو درێژانەتر تێکۆشان بکەین تاکوو ڕزگاری و ئازادی بێتە دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## هۆکارەکانی گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات

تالیبان وەک بزووتنەوەیەکی ئیدۆلۆژیک لەسەر ئەساسی بناژۆخوازیی ئیسلامی و بەپێی ڕێساکانی دیوبەندی و دابونەریتی پەشتوونی داڕێژراوە. تالیبان لە ماوەی ژیان و دەسەڵاتیدا بەهۆی کوشتنی خەڵکی سڤیل، کردەوەی تیرۆریستی و سیاسەتی تۆقاندن و جێبەجێکردنی یاساگەلی دواکەوتووانەی ناتەبا لەگەڵ ڕوح و عەقڵییەتی سەردەم، بە گرووپێکی بێزراو ناسراون. ئەم گرووپە لە ساڵانی ١٩٦٦ - ٢٠٠١ لە بەشێک لە ئەفغانستان دەسەڵاتدار بوون، بەڵام دواتر لە سۆنگەی هێرشی ئەمریکاوە بۆ سەر ئەم وڵاتە شکان. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٦ـ ز جارێکی دی دەستیان بە چالاکی کردەوە و لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان شەڕی چەکدارییان دەست پێ کرد. ئەوان ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دی دوای دانوستانێکی زۆر لە دۆحەی قەتەر ڕێککەوتنێکی سیاسییان ئیمزا کرد کە وێڕای هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دیکە گەڕانەوەی ئەوان بۆ شانۆی دەسەڵاتی ئەفغانستانی لێ کەوتەوە.

### هۆکارە نێوخۆییەکان:

ئەفغانستان وڵاتێکی شاخاوی و سەختە. ئەگەر تیۆرییەکەی هانتیگتن لەمەڕ پەیوەندی و کاریگەریی ژینگە و مرۆڤ بە بنەما وەرگرین، دەکرێ ڕەوشت و توندڕۆیی لەنێو ئەفغانەکان بۆ ئەو بنەمایە بگەڕێتەوە. چونکی لەبەر جوغرافیای ڕژد و سەختی نەتوانراوە وەک پێویست خزمەتگوزاری، پەروەردە و بارهێنان و شارستانییەت بگاتە هەموو شوێنەکان و بەوەش ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتوویی لەو وڵاتە نزم و ناسەقامگیر بووە. هاوکات سیستمی خێڵەکی کە ناتەبا لەگەڵ یاسا و ڕێسا دیموکراتیکەکانی چاخی نوێیە، بەدرێژایی مێژووی گەلی ئەفغان لەم وڵاتەدا کاری پێ کراوە و ئەوەش بەستێنی بۆ سەرهەڵدانی تالیبان ڕەخساندووە.
لە لایەکی دی هێزی مرۆیی ئێستای گەلی ئەفغان سەتا ٧٠ی لاوە و ناسیارییەکی ئەوتۆیان بە نیسبەت مۆدێلی دەسەڵاتی تالیبانیزم نییە. نیزامی گەندەڵ و ناکارامە و نادیموکراتی ئەفغانستانی نوێ لە دوو دەیەی ڕابردوودا یارمەتیدەری سەرکەوتنی تالیبان بوون.

### هۆکارە دەرەکییەکان:

لە ئاستی دەرەکیشدا سێ فاکتەری داعش-ئەلقاعیدە، ئێران-شیعەییزم و ڕێگای ئاوریشمی چینییەکان هۆکار بوون بۆ

گەڕانەوەی تاڵیبان.

ئەمریکا، ئورووپا و وڵاتانی هاوپەیمانی عەرەبی ناوچە لایان وایە بۆ نەهێشتنی بیری داعشیزم بە هەموو لقەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ چاوی هیوایان ڕوو لە تالیبان بێ کە وەک ئالتێرناتیڤێکی دەستەمۆ کەڵکی لێ وەرگرن و تێرۆریزمی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لانیکەم لە کورتماوەدا خاو بکەنەوە. هەروەها ئەو وزە و کاتەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داعشیزم بەکاری دێنن، بتوانن لە بەرەی دەستەمۆکردنی ئێراندا بەکاری بێنن. هاوکات وەک دەوڵەتێکی سوونە مەزهەب بیکەنە هاوبەشی پرۆژەی خۆیان دژی پرۆژەی هیلالی شیعە و شیعەییزمی کۆماری ئیسلامی، تا بەمجۆرە ئەو شەڕەی ڕێژیمی ئێران بۆ تەناهیی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەیکا، بیخەنەوە کۆشی خۆی و دواجار لەسەر مێزی دانوستان ئێران ناچار بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکەی بکەن.

فاکتەرێکی دیکە لەو پێوەندییدا زۆرتر پەیوەندیی بە شەڕی نەرمی ئەمەریکا - چین لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژییەوە هەیە .لە ئەساسدا پاش دەرکەوتنی چین وەک زلهێزێکی ئابووری - تێکنۆلۆژی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگای ئامێرە پیشەیی، نیزامی و تێکنۆلۆژییەکانی، پرۆژەی ڕێگای ئاوریشەمی چینییەکان هاتە گۆڕێ کە لە ئێستادا وەک ڕەگێکی حەیاتی لە وڵاتی ئەفغانستانە و کاری لەسەر دەکرێ تاکوو سێ قاڕەی جیهان لە ڕێگای ئاوریشەمەوە بە چین ببەستێتەوە. هەروەها لەم ڕێگایەوە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕەهەندی ژیئۆکالچێر، ژیئۆسیاسی و ژیئۆپۆلێتیکەوە بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چۆڵ بکا و ئابووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بگرێتە دەست. لە بەرەی ئەولا و لە ژووره فکرییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی ڕادەستکردنی ئەفغانستان بە تالیبان وەک ڕێگەچارەیەک بۆ پێشگرتن بەم هێژمۆنییەی وڵاتی چین لێک دراوەتەوە، تاکوو نەهێڵن چین بە خەونە دێرینەکەی بگا. چونکی بە سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە وڵاتی چین تەنیا لە ڕەهەندی ئابوورییەوە نا، بگرە شارەستانییەت و کولتووری چینیش هاوردە دەکا و هاوپەیمانانی چین (ئێران) بەهێزتر دەبن کە کۆنترۆڵ کردن و تێکشاندنی بە سەرگرتنی ئەم پرۆژەی ڕێگای ئاوریشم، ئەستەم دەبێ.

لە کۆتاییدا تاڵیبان بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرکی کە سەرکەوت و ئێستا کۆنترۆڵی جوغرافیای ئەفغانستان و گەلانی ئەم وڵاتە دەکا، بەڵام ئەوەی ڕوونە شارستانییەت، دیمۆکراسی و مەدەنییەت لەسەر بنەچە و بنەوانی هزری تالیبانیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تووشی مەترسی و ئالێنگاری هاتوون و مرۆڤایەتی لەگەڵ گەردەلوولێکی گەورەی ئینسانی بەرەوڕووویە. چونکی هەر ئێستا هەموو ڕەوت و لایەنەکانی فێندەمێنتاڵی ئیسلامی (سوننە) لە وڵاتانی ناوچە وەک سەرکەوتنی (دارالسلام) بەسەر (دارالکفر) وێنای دەکەن و گرووپێنێکی بێوێنەیان بۆ چالاکی و جموجۆڵی توندئاژۆیانە تێکەوتووە.

ئەوەی لەم ساتە پڕ هەستیارەدا پێویستە زیاتر وریا بێت گەلی کورد و بزووتنە مافویست و نەتەوەخوازەکەیەتی، چۆن ئەم گرووپ و تاقمە فێندەمێنتالانە وەک داردەستی وڵاتانی زاڵ بە سەر کورد بۆ تێکدانی ڕۆح و زێهنییەتی دێموکراسیخوازی، ئازادی، تۆلێرانس و پۆلۆڕالیزم لە کوردستان ڕۆڵ دەگێڕن و هەوڵی بە لاڕێدابردنی شوناسی ئاشتیخوازی، نەتەوەخوازی و نیشتمانپەروەریی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢١

# دیموکراسی بۆ هەموو وەرزەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەی دیاریکردنی ڕۆژی جیهانیی دیموکراسیدا هێناویەتی کە دیموکراسی وەک بایەخێکی نێونەتەوەیی پشت ئەستوورە بە ئیرادەی ئازادی خەڵک لە دەستنیشانکردنی نیزامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیاندا.

دیموکراسی وەک بایەخێکی جیهانداگر یەک لە مۆدێلە هەرە دڵخواز و خۆشەویستەکانی بەڕێوەبەرییە لە جیهاندا، تا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت سیستمە دیکتاتۆر و پاوانخوازەکانیش هەوڵ دەدەن خۆیان بە دیموکرات بنوێنن.

لە جیهانی ئێستادا خەباتی فرەلایەن بۆ دەستەبەری ئازادی و ژیانی سەربەست لە سیستمێکی دیموکراتیکدا لەئارا دایە و ئیرادەی جیهانی لەسەر ئەمە پێداگرە کە هەموو هێزەکان سەرچاوەگرتوو لە "ئیرادەی گەل"ن و ئەم ڕاسپاردەیە وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆ هەموو سیستمە سیاسی . کۆمەڵایەتییە دیموکراتیکەکان لە دنیادا بایەخمەندە. ڕێزگرتن لە دیموکراسی پێداگرییە لەسەر دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی هەڵقوڵاو لەو نیزامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا، وەک مافی بەشداریی سیاسی لە کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیک، بەرگری لە شکۆ و پێگەی خەڵک، مسۆگەرکردنی ئازادیی بەیان، چاپەمەنیی و کۆبوونەوە، مسۆگەر کردنی ئازادی بیروباوەڕی ئیتنیکی، ویژدانی و لە یەک قسەدا دامەزراندنی دنیایەکی عادڵانەتر.

دیموکراسی ئەوەندەی جوان و دڵگیرە، دەستەبەرکردنیشی پرۆسەیەکی مێژوویی پڕ جموجۆڵ و هەوراز و نشێو، تێکەڵاو بە بەختیاری یان ناکامییە و جار هەیە مەترسیی گەڕانەوە بۆ دواوەشی لێ دەکرێ. هەربۆیەشە زامنی مانەوەی دیموکراسیی بەردەوام "ئیرادەی گشتی"ی هەر کۆمەڵێکە و هەرچەند بەشداری و کاریگەریی کۆمەڵ زۆرتر بێ، نێوەرۆکی دیموکراسییەکەش دەوڵەمەندترە، بۆیەشە دیموکراسی لە فۆڕم و تایبەتمەندیی زۆر و جۆراوجۆردا بەدی دەکرێن.

بارودۆخی جیهان و هۆکارە دەرەکییەکان دەتوانن لە دامەزراندنی دیموکراسییە نوێیەکان و گەشەکردنیان یارمەتیدەر بن، بەڵام لە کۆتاییدا لەهەر وڵاتێکدا ئەوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە دەتوانن دیموکراسیان بوێ یان نەیانەوێت و ئەم بابەتە گرێدراوی ئاستی گەشەی مەعنەوی و خواستی هەر نەتەوەیەکە. هاوکات سەقامگیریی دیموکراسی لە شوێنێکدا بە

مانای دەستەبەری بەردەوام بۆ مانەوەی هەمیشەیی نییە و، پێویستیی بە ڕەگداکوتانی بەهاکان و جێگیرکردنی یاسا و ڕێساکانی و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەدێریی بەردەوام هەیە. چونکی کەم نین ئەو نیزامە توتالیتێر و سەرەڕۆیانە لە کۆمەڵگەی دێموکراتیکدا سەریان وەدەرناوە. بە واتایەکی دی دێموکراسی سیستمێکی حکوومەتیی ڕەوان، ئاڵوگۆڕخواز و ناجێگیرە کە پێویستە مەرجەکانی بەردەوامیی خۆی بەزیندوویی ڕاگرێ و نوێیان بکاتەوە.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی بزانێ چیی لە دێموکراسی دەوێ، حەوجێی بە پێکهاتە و سیستمێکی دەستنیشانکراو هەیە، کەواتە شتێک بە ناوی ئیرادەی خەڵک پێش دێموکراسی بوونی نییە، بەڵکوو ئیرادەی گەل بەتایبەت لە ڕیتمێکی دێموکراتیکدا خۆیا دەبێ. ئانارشیزمیش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە هزری دێموکراسییەوە نییە، چون مەبەست لە دێموکراسی ئەوە نییە کە دەسەڵات هەڵوەشێنێتەوە یا لە کاری بخا، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە یاسامەندی و ڕەوایی بە حکومەت ببەخشێ، چونکی دێموکراسی گرێدراوە بە هەڵوێست و ڕەفتاری هاوبەش، بەڵام ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەش گەرەنتی ناکا. دێموکراسی تەنیا کاتێک باش کار دەکا کە خەڵک لێی تێبگا و بیانهەوێ، چونکی سنوورەکانی دێموکراسی تەنیا بە ڕێگای دێموکراتیک دەستنیشان و جێگیر دەکرێن. دێموکراسی، بەرابەری لەگەڵ ئازادی لێک گرێ دەدا و ئازادی بەرانبەر سەکۆی وەگەڕخستنی دێموکراسییە. بەڵام ناکرێ بەرابەریی دێموکراتیک بە هەمان بەرابەری بزانین، چۆن هەڵگری خەسڵەتێکی تایبەتە کە هەمان ئازادیی سیاسییە.

لە دێموکراسدا مرۆڤەکان دەتوانن لە هەموو شتێکدا نابەرابەر بن، تەنیا لە ئازادیدا نەبێت، هەربۆیە لە جێگیرکردنی دێموکراسیدا دژوازییەک لەنێوان بەرابەری و ئازاددای نییە، بەڵکوو ئەو دوو چەمکە گرێدراوی یەکترین و لە بەرابەریی دێموکراتیکدا ئازادیی یەکسان خۆیا دەبێ. دێموکراسی گەرەنتیی خۆشبژێوی ناکا و خۆشگوزەرانی، تەناهی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەموویان ئەسڵێکی گرینگن بۆ نیزامێکی سیاسیی دڵخواز، بەڵام هیچ کامیان لە دێموکراسی گرینگتر نین و نیزامێکی دێموکراتیک لە نەبوونی ئازادیی تاکەکەسەکاندا ناتوانێ سەقامگیر ببێ؛ چونکی ئەوە ئازادییە تاکەکەسییەکان کە گەرەنتیی دێموکراسی دەکەن. ترس لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتی زۆرینەش لە دێموکراسیدا پاساو هەڵگر نییە، بەم پێیە دێموکراسییەکان کەرەستەی یاسایی بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییەکانن و هیچ نیزامێک وەک دێموکراسی پشتیوانیی مافی کەمایەتییەکان ناکات.

## شەپۆلەکانی دێموکراسی

ئایدیای دێموکراسی لە چاخی نوێ بە تایبەت لە ڕەوتی شۆڕشی ئەمریکا و فەڕانسە لە سەدەی هەژدەی زایینیدا دەستی پێ



سەرچاوە
Serchawe

کرد. بیرمەندانی شۆڕشی فەڕانسە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دێموکراسی توانای هەبوون بە چەمکێکی نێونەتەوەیی هەیە و پێویستە هەر دەوڵەت، حکوومەت و حیزبێک لەسەر ئاڵای خۆی چەمکگەلی پەیوەندیدار بە دێموکراسی بنووسێ.

یەکەمین شەپۆلی دێموکراسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، لە وڵاتی ئەمریکا دەستی پێ کرد، واتە کاتێک کە زۆربەی خەڵکی سپی‌پێستی ئەم وڵاتە مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. وڵاتانی دی کە دوای ئەمریکا بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتن بریتی بوون لە فەڕانسە، کانادا، بریتانیا، نیووزلەند و ئیتالیا کە تا ساڵی ١٩٠٠ توانییان پرۆسەی دێموکراسی لە وڵاتەکانیاندا جێگیر بکەن و نیووزلەند یەکەم وڵات بوو کە مافی دەنگدانی لە ساڵی ١٩١٨ بە ژنانیش بەخشی.
بەدوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەکانی ڕووسیە، ئاڵمان، ئۆتریش و عوسمانی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی لە ساڵی ١٩١٨دا، تەنیا ٣٠ سیستمی دێموکراتیک لە جیهاندا هەبوو و بە سەرکەوتنی فاشیسم لە ئیتالیا جۆرێک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەستی پێ کرد؛ بە تایبەت کە نیزامە دێموکراتیکە تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەکان لە بەرامبەر ئیدئۆلۆژی تۆتالیتاریسمدا ناچار بە پاشەکشە بوون و لە ساڵی ١٩٤٢دا ژمارەی وڵاتە دێموکراتیکەکان بۆ ١٢ وڵات دابەزی.
بە هەوڵی بەرەی هاوپەیمانان پاش شەڕی دووهەمی جیهانیی شەپۆلی دووهەمی دێموکراتیزاسیۆن لە وڵاتە دۆڕاوەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیی (ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن) دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەمە سیاسەتی دژە داگیرکاری لە دەیەی ٦٠-٥٠ی سەدەی بیستەم گرتینێکی دیکەی بە شەپۆلی دووهەمی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن بەخشی و لەسەر یەک ٣٦ وڵاتی دێموکراتیک لە جیهان پەیدا بوون؛ بەڵام ئەم شەپۆلەش دامرکایەوە و تاکوو نێوەڕاستی دەیەی ٧٠ زایینی بۆ ٣٠ وڵات دابەزی.

سێهەمین شەپۆلی دێموکراسی لە ساڵی ١٩٧٤ بە "شەپۆلی مێخەک" لە وڵاتی پورتەقاڵ و تێپەڕینی یۆنان و ئیسپانیا لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی دەستی پێ کرد و ئەم شەپۆلە لە دەیەی ٨٠دا ئەمریکای باشوور و پاشان وڵاتانی وەک کۆرەی باشوور، فلیپین و تایوان لە قارەی ئاسیا بڵاو بۆوە. بڵاوبوونەوەی دێموکراسی بە تایبەت بۆ ئەمریکای لاتین بەخێرایی ٢٠ وڵاتی گرتەوە، بە جۆرێک کە تا ساڵی ١٩١٥ تەنیا وڵاتی کوبا و هائیتی لە دەرەوەی ئەو جەغزەدا مابوونەوە و ژمارەی وڵاتانی دێموکراتیک تا ساڵی ١٩٩٠گەیشتە ٥٨ وڵات.

شەپۆلی چوارەمی دێموکراسی دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی پێ کرد و وڵاتانی کۆماری چیک، ئیسلواکی لەهێستان، مەجارستان و وڵاتانی ناوەندی باڵتیک و ئاڵمانی خۆرهەڵاتی لە خۆ گرت و لە کۆتاییدا کۆماری فیدڕاڵی ئاڵمان یاسای بنەڕەتیی دێموکراتیکی قەبووڵ کرد. ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە "بەهاری عەرەبی" لە هیندێک وڵاتی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئافریقا وەک تونێس، میسر و لیبی کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانەی لێ



سەرچاوە
Serchawe

کەوتەوە، ئەو گەشبینییەی دروست کرد کە شەپۆلی پێنجەمی دێموکراسیی لێ بکەوێتەوە. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتر لەم وڵاتانە ئەو وێنایەی نەدا بە دەستەوە.

## پێرستی دێموکراسی

ئەمڕۆ بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێگەیشتوویی دێموکراسی، پێرستی جۆراوجۆر هەن کە لەسەر ئەساسی کاتالۆگێک لە پرسیارەکان دەوەستێ، وەک بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حیزبایەتیی هەیە؟ ئایا ڕاگەیاندنەکان ئازاد و سەربەخۆن؟ و... . هەروەها دەتوانین لە بەستێنی یاسامەندی و خودموختاری و مافی تاکەکەسیش پرسیاری جۆراوجۆر ئاراستە بکرێ؛ وەک میناک:

ئایا سیستمی دادوەری سەربەخۆیە؟ ئایا پۆلیس لەژێر کۆنترۆڵی بنیاتە مەدەنییەکان دایە؟ ئایا لە بەرامبەر تیرۆری سیاسی و گیرانی نایاسایی پارێزبەندی یاسایی هەیە؟ و....

دێموکراسییەکانی جیهان لەسەر ئەساسی ئەم پرسیارانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ و بڕیاریان لەسەر دەدرێ. بۆیە لە پێرستی دێموکراسی بۆ ساڵی ٢٠٢٠دا بیست وسێ دێموکراسیی تەواو و ٥٢ دێموکراسیی ناتەواو جێ دەگرن.
دێمۆکراسی تەواو وڵاتانێکن کە تەنیا بە ئازادیی مەدەنی و مافی شارۆمەندی ناوەستن، بەڵکوو فەرهەنگی سیاسیی ئەوان جۆرێکە کە بنەماکانی دێموکراتیک بەهێز و پێشکەوتووتر دەکەن. لەبەرامبەردا دێموکراسی ناتەواو وڵاتانێکن کە ئەگەرچی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە تێیاندا جێبەجێ دەکرێ و ئازادییە مەدەنییەکان دەپارێزرێن، بەڵام لە بەستێنەکانی وەک ئازادیی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی و ڕەفتار لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کەموکوری هەیە و فەرهەنگی سیاسییان بەتەواوی پێشکەوتوو نییە.

دواجار وڵاتانێک کە لە نێوەرۆکی سیستمە دێموکراتیکەکان دوورن بە دوو دەستە لە ڕێژیمی (هیبریدی یا تێکەڵاو) و (پاوانخواز) دابەش دەبن .لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا تەنیا وڵاتی ئەندۆنێزی لەنێو وڵاتانی دێموکراسی ناتەواو و لە پلەی ٦٤دا جێ دەگرێ و زۆربەی نیزیک بە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕیزی ڕێژیمە پاوانخوازەکاندا جێ دەگرن .لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو ڕێژیمە پاوانخواز و دیکتاتۆرەکاندا جێ دەگرێ و لەنێو ١٦٧ وڵاتی جیهاندا لە ڕیزبەندیی ١٥٢ وەستاوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## فرەیی لە دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە

پلۆرالیزمی مەزهەبی، کولتووری و زاراوەیی لەنێو گەلی کورددا یەکێک لەو میکانیزمە چالاکانەیە کە بە هەبوونی خۆی لۆژیک و بایەخی دێموکراتیکبوون و تۆلێرانسی لە هزر و ناخی مرۆڤی کورددا چاندووە و بۆتە سەرچاوەی عەقڵییەتی نەهادینەکردن و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی دێموکراتیک کە هەمووان بە قبووڵی جیاوازییەکانیانەوە بتوانن پێکەوە بین و پێکەوە بمێنین.

ئەم ڕوحی پلۆرالیزم و تۆلێرانسە وەک میراتێکی پڕبایەخ، نەسل بە نەسل بۆ ئێمەی نەوەی نوێ گوازراوەتەوە و هەموو ئەم فرە چەشنیانە لەنێو پارادایمەکی باڵادەستتردا بە ناوی "کورد و کوردستان" وەک پێناسە و شوناس هەم خۆیان وێنا کردووە و هەمیش ئەگەر پێویستی کردبێ، خۆیان کردووە بە قوربانیی بەرژەوەندییە باڵا "نەتەوەیی و نیشتمانی"یەکانمان.

کۆمەڵگەی کورد سەرەڕای فرەیی هۆز و عەشیرە و بە تێپەڕین لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵ لەسەر بناغەی جوغرافی، نەتەوەیی، زمانی و نیشتمانی وەک توخمەکانی پێکهێنەری نەتەوە توانیویەتی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و خواستی هەموو پێکهاتەکانی یەم کۆمەڵە بێت و لە مێژوو و پێشووشدا ئەگەر بە پێناسەی ئەمڕۆییش نەبووبێ، نیزامێکی هاوشێوەی فیدرالیی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی چێ کردووە. ئەم فرەڕەنگی و فرەچەشنییە لە ئایینی "میترایزم"دا بەڕوونی دەبیندرێ و دەبینین کە چەندین هۆز و عەشیرەت لەسەر ئەساسی پەیماننامەیەک لەگەڵ یەکتر لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕێککەوتنیان بووە و حکوومەتی "ماد"ەکانیان دامەزراندووە.

بەم تایبەتمەندییە هەستی و نەستییەوە، ئازادی و دادپەروەری وەک بەهادارترین پێوەرەکانی سەردەم بەدرێژایی مێژوو خسڵەتی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستان بووە. کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا بەهۆی کۆلۆنیالیزمی ئایینی، جیهانی و دەوڵەت- نەتەوەی سەردەست لەژێر ئاسیمیلەکردنی زمانی، کولتووری، جوغرافی و نەتەوەیی دایە؛ چونکی بڕوامەندی بە پێکەوەژیان و پێکەوەحەوانەوە لە ناخ و هزری تاکی کورددا نەهادینە بووە و بۆتە کەلتوور و وێژمان. کورد ئێستاش سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستییانە دەیهەوێ بە میکانیزمی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای گۆڕینی ڕوانگە و عەقڵییەتی سیاسیی ناوەندەوە مافەکانی خۆی دەستەبەر بکا و پێکەوە لەنێو جوغرافیای سیاسی ئەم وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش بووە، ماف و سەروەرییەکانی خۆی هەبن.



سەرچاوە Serchawe

کورد هەموو کات داکۆکیکاری ڕاستەقینەی دیموکراسییە و پشتیوانی لە ماف و ئازادییە بەرحەق و ڕەواکانی دەکت، چۆن کوردەواری خۆی هەڵگر و خاوەنی هەمەڕەنگیی ئیتنیکی، زاراوەیی و کولتوورییەکانە و ئەم فرەچەشنییە هەموو کات لە ڕێگای دیالۆگی نێوان ئیتنیکەکان، زاراوەکان و وردە کولتوورەکان بووە و پردیاریش بووە. هەروەها ئێستاش سەرەڕای هەموو ئەو ئالێنگارییانەی ناحەزانی کورد لە شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆردا بۆ نێومالی کوردی دروست دەکەن، کورد هەمدیسان دەیەوێ داکۆکی لەم فرەڕەنگی و فرەدەنگییەی نێومالی خۆی بکا، تاکوو بایەخەکانی ئازادی و دیموکراسی جێگیر و پایەدار ڕابگرێ.

وەک باس کرا کوردستان پڕیەتی لە فرەیی، فرەیی لە زاراوە، ئایین و وردە کولتوور، بەڵام بە پێشکەوتنی لۆژیک و عەقڵییەتی گشتی و خۆپێناسەکردنیان وەک کورد و کوردستانیبوون هەنگاوی بنەڕەتیی بەرەو نەتەوەسازی هەڵگرتووە و بەپێی پێوەرەکانی هەر دوو مەکتەبی فرانکفۆرت و پاریس بۆ نەتەوەسازی کە باس لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەشەکانی زمانی، کولتووری، مێژوویی و، خاک و خەڵک دەکەن، خۆی وەک نەتەوەتەکی خاوەنشکۆ داڕشتووە. بۆیە تاکی کورد لەهەر جوغرافیا و سووچێکی ئەم جیهانە بێت، کورد و کوردستان شوناس و تەوەری سەرەکیی بیرکردنەوە و بڕیارەکانیەتی و بەدواداچوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا و لە بەرامبەردا دژمنانی کوردیش لە هەر چوار بەشی نیشتمان لەسەر ئەساسی تیوریی "ناکۆکی نانەوە و پاڵدانەوە" لە پلان و پیلانەکانیان بۆ بنکۆڵکردنی بایەخەکانی کورد درێژەی بووە. ئەوان لە ڕێگای ناوەی شەڕ و ئاژاوە و زەفکردنەوەی جیاوازییە ئیتنیکی، زاراوەیی و کولتوورییەوە و لە ڕێگەی میدیا و هێزی مەیدانییەوە هەوڵیان داوە فرەییەکان لە پیرۆزی و دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە و شەڕی نێوخۆیی بگۆڕن. هەروەها بەستێنی دیموکراسیخوازانە و ئازادییەکان لە هزری تاک و مەیدانی جڤاتی کوردستان بە مەترسی و ئالێنگاری بۆ سەر خۆمان بناسێنن، تاکوو ئەم بەها و بایەخە سەردەمیانە و پڕ نێوەرۆکانەمان لەلا کاڵ بکەنەوە. بۆیە لە ئێستادا لە باشوور و باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای ناسینی زاراوەکانی زمانی کوردی وەک زمانی سەربەست و جیا لە زمانی کوردی، تێکدانی دێموگرافیای کوردستان و لە ڕێگای بەرجەستەکردنی هیندێک کەسی دۆڕاو و داماوی کورد، دەیانەوێ پرۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد کە پێناسە و شوناسە بۆ هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیەن بەرەو پاشاگەردانی ببەن.

لە تازەترین هەوڵی ئەم پلانگێڕییانەدا "ڕەئیسی"، سەرۆککۆماری ئێران دەیەوێ لە ڕێگای بەبەردەنگ وەرگرتنی کۆمەڵە کەسێکی زەبوونی نێو عەشیرەتەکان کە لە پێناو بەرژەوەندییە ماددییە کەسی و عەشیرەییەکانیان هەوڵی زۆرتر بۆ سەرخستنی سیاسەتەکانیان بدەن. لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا بە دەستنیشانکردنی ئەم کەسانە وەک نوێنەری "اقوام و

مذاهب"، دەیانەوێ ئەو گوتار و وێژمانە بخەنە نێو هەست و نەستی تاکی کوردەوە کە ئێوە قەومن و نەتەوە نین .هاوکات ئەم پاڕادایمە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە بە قووڵی لەنێو ناخ و بیری تاکی کورددا بوونی هەیە تووشی داڕووخان بکەن. پیلانەکە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی باڵادەستکردنی هەست و بەرپرسیاریەتیی عەشیرەییەوە ناکۆکی مەزهەبی، کولتووری و زاراوەیی بخاتە نێو ڕیزەکانی کورد و بە نەمانی بەرپرسیاریەتی لەحاند نەتەوە و نیشتمان، دواتر بەئاسانی پرۆژەی ئاسیمیلەکردنمان لەسەر جێبەجێ بکا. ئەوان دەیانەوێ کارێک بکەن پلۆرالیزم، تولێرانس و ئازادی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا نەمێنێ و دێموکراسی نێو کوردستان بەرەو تۆتالیتاریزم و پاوانخوازی بگوازێتەوە و یەکگرتوویی نێو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بەرەو داڕووخان ببەن. مایەپووچکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن وشیاری و ئیرادەی نەتەوەیی پێویستە و ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووشمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## شەری نەرم، پێناسە، مێژوو و تاکتیک

بێگومان یەکێک لە ئالێنگاریی و گرفتە بنەڕەتییەکان لە بەردەم خەڵکی کوردستان بۆ خرانە ژێر گوشاری ڕوحی و ڕەوانی، شەڕی نەرمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. ئەم شەڕە نەرمە هاوتەریب لەگەڵ شەڕی فیزیکی دەرحەق بە نەتەوە و بزاوتەکەمان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە هەموو ڕەهەندەکان و بە هەموو ئامرازەکان درێژەی بووە. مەبەست لەو شەڕەش ئەوە بووە کە هەست و نەستی تاکی کورد تووشی نسکۆ و داماڵین لە هەر چەشنە بەها و مۆراڵێکی نەتەوەیی، ژیاری، نیشتیمانی، زمانی و... هتد بکەن. ئەوان گەرەکیانە تاکی کورد مرۆڤێکی خۆبەکەمزان، لەرزۆک، داماو، بێئیرادە و بێدەنگ و خۆبەدەستەوەدەر بێ و توانای هیچ چەشنە هەڵوێست و ئیرادەیەکی لە دژی دەسەڵات نەبێ.

سروشتییە کاتێکیش تاک لە ناسنامە ڕوحی و مادییەکانی داماڵدرا، ئیدی بەشێوەیەکی نائاگایانە دەکەوێتە نێو سیستمی فیکری و سیاسەتی داگیرکاریی حکوومەتی دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست.

### شەڕی نەرم: soft warfare

شەڕی نەرم لە بەرانبەر شەڕی سەخت Hard warfare [شەڕی بە چەک و لە مەیدانی جوغرافی و مرۆییدا] پێناسە دەکرێ و پێناسەی جۆراوجۆری لە لایەن خاوەنڕایانەوە بۆ کراوە، وەک: "جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی گەڵاڵەکراو لە بانگەشە و کەرەسەکانی پەیوەندیدار بە بانگەشە بۆ دزەکردنە نێو هێز و هزری دوژمن بە جۆرێک کە دەستەبەری مەبەست و ئامانجە ئەمنییەتییەکان بکا." یان "شەڕی نەرم هەوڵدانێکە کە لەسەر ئەساسی ئەم شەڕە نەرمە دەبێ ئەوانیتر نۆرم، بەها و بڕوای تۆ بە کەمترین تێچوو قبووڵ بکەن و ملی بۆ ڕاکێشن.

بە تێڕامانێک لەسەر ئەو پێناسەگەلە دەبینین کە هەموو دەسەڵاتە زاڵەکانی سەر خاک و خەڵکی کوردستان لە هەمبەر گەلەکەمان جیا لە شەڕی سەختی وەک فەرمانی ژینۆسایدی ساڵی ٥٨ی هەتاوی لە لایەن خومەینی و سەپاندنی شەڕی ناڕەوا بە سەر نەتەوەکەمان، لە مەیدانی شەڕی نەرمیشدا بە ڕێگای مێدیا، پەروەردە، سۆسیال‌مێدیا، هونەر و وەرزش و ... بە بەردەوامی هەوڵەکانیان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵچنیوە کە کورد لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵن و هزر و ڕوحی نیشتمانپەروری و نەتەوەخوازیی تاکی کورد تێک بشکێنن و لە بەرانبەردا بڕوا و بایەخەکانی خۆیان لە هەناوی کۆمەڵگەی

کوردیدا جێگیر بکەن. ئەم شەڕە دوژمن بە مەبەستی ڕووخاندنی سیستمی فکری و قەوارەی زەینیی تاکی کوردە کە پێی دەفرۆشێ و دەیەوێ بەبێ توندوتیژی و بەرهەڵست دروستکردن ئامانجەکانی بپێکێ.

لە ڕووخاندن و شەڕی نەرمدا توندوتیژییەکان هەستپێکراو نین، نەرمن و زۆرتر پێداگری لەسەر مودێرییەتی میدیایی، دروستکردنی گرفت و قەیران لە ناسین و ئاگامەندیی تاک لە لێکدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، تەناهی و... ترە. هەروەها هەوڵ دەدرێ لە بەستێنی پارادایمی یاسایی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرەتا ئاستی ڕەوایی، لێهاتوویی و متمانەی هێرشبەر لە کۆمەڵگەی بەئامانجگیراودا بەرنە سەر و؛ پاشان لە ڕێگای پلانگێڕیی نەرمئامێرانە و بە پشتیوانیی هێز و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی و دەستەبژێرانی بێننە ئاراوە.

لەسەر ئەم ئەساسە لە ڕووخاندنی نەرمدا، کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم بۆ پراکتیزەکردنی هەڕەشە نەرمەکان گرینگیی بایەخدارانەی هەیە، چۆنکی هێزی نەرم سەرچاوەکەی هەڕەشەی نەرمە و هەڕەشەی نەرمیش ئامێر و کەرەستەی نەرم و نەبینراو بەکار دێنێ.

وەک میناک: دزەکردنە نێو بایەخ و نۆرمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی یەک کۆمەڵگە کەرەستەی نادیارن کە بە گشتی لە شەڕی نەرمدا بەکار دەبرێن. کە وابوو دەکرێ شەڕی نەرم بە هەر جۆرە هەوڵدان و هەنگاوێکی نەرم، ڕەوانی و بانگەشەکارانی میدیایی بزانین کە کۆمەڵگە بەئامانج دەگرێ و بێ وەبەریەککەوتن و بەکارهێنانی هێز و سەپاندن، چییەتیی ئەم جڤاکە دەگۆڕێ.

## مێژووی شەڕی نەرم:

شەڕی نەرم و چەمکەکانی هاوشێوەی شەڕی نەرم وەک: شەڕی ڕەوانی، هێزی نەرم، شەڕی سپی و... هتد مێژوویەکی دێرینی هەیە و چەشنی ڕوانین و پەیوەندیی ڕووبەڕوو بێئاخاوتن، سادەترین و کۆنترین شێوەی شەڕی نەرمە.

هەڵسەنگاندنی زانستیی شەڕی نەرم بۆ پاش دەستپێکی شەڕی سارد و دەیەی ١٩٧٠ ز دەگەڕێتەوە. لەو دۆخەدا بە بەشداریی شارەزایانی زانستی سیاسی و پەیوەندییەکان وەک، جۆزێف نای، هارۆلد لاسوول، جان کالینز و ئەندامانی هەڵکەوتووی CIA و فەرماندەرانی پایەبەرزی پێنتاگۆن، ناوەندێک بە ناوی "کۆمیتەی مەترسیی باو و نەوەستاو" دامەزرا. پاشان پلانە جۆراوجۆرەکان بۆ شەڕی نەرم و شێوەی جێبەجێکردنیان بڕیاریان لەسەر درا.

گرینگترین مەبەستی ئەم ناوەندە ڕێکخستنی شەڕی تەبلیغاتی دژی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو، و لە ڕێگای ئەم شەڕە نەرمەوە توانییان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕێژیمە سیاسییەکانی وڵاتانی وەک لەهێستان، گورجێستان، چێکوسلۆواکی، قێرقیزستان و... پێک بێنن. ئەوان بەبێ بەکارهێنانی کەرەسەی شەڕی سەخت و تەنیا لە ڕێگای هێزی نەرم ڕەوایی و لێهاتوویی و متمانەیان لەم وڵاتانە نەهێشت و بە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان خەڵک و دروستکردنی ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتی ئاڵوگۆڕیان لە پێکهاتە و نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتانەدا پێکهێنا. دواتریش پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت ناوی ئەم کۆمیتەیە بۆ "کۆمیتەی ئاشتیی سەقامگیر" گۆڕدرا.

## تاکتیکەکانی شەڕی نەرم:

لە شەڕی نەرمدا تاکتیکگەلی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە هەرکامیان لە چوارچێوەی شێوەکانی میدیایی بۆ شێواندنی بیروڕای گشتی بەکار دەبردرێن. وەک:

شەڕی میدیایی :شەڕی میدیایی لە پرۆسێسی شەڕی نەرمدا پراگماتیترین شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ڕکەبەرەکانە. لەو شەڕەدا کەڵکوەرگرتن لە میدیا و لقەکانی (ڕۆژنامە، هەواڵدەرییەکان، ڕادیۆ، تیڤی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ئینتێرنێت و...) بۆ لاوازکردنی وڵاتان و نانەوەی کێشە و ئاریشە لەنێو ڕکەبەرەکاندا زۆر باوە. لایەنێکی دیکەی ئەم شەڕە مێدیاییە بەکاربردنی تاکتیکە نوێیەکان بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی و باڵای نەتەوەیی خۆتە.

شەڕی میدیایی یەکێک لە لایەنە بەرچاوەکانی شەڕی نەرم، بە تایبەت شەڕە نوێیەکان لە نێوان وڵاتاندایە و بە گشتی لەکاتی وەبەریەککەوتنی نیزامیدا زۆرترین کەڵکی هەیە و تەنیا شەڕێکە کە لە دۆخی ئاشتییشدا دەتوانرێ لەدژی نەیارەکەت دەتوانی بیکەی، چونکی گوشارێکە کە پێوەندی و نیزیکایەتی بە لایەنی نیزامی، سیاسی و ئەمنییەتی وڵاتەوە هەیە.

## دروستکردنی دەنگۆ و پەرەپێدانی:

دەنگۆ دروستکردن و گواستنەوە و هەناردەکردنی زارەکییانەی پەیامێکە بۆ دنەدانی بڕوای گوێگرەکان و کاریگەری دروستکردن لەسەر هەست و نەستی ئەوانیتر. دەنگۆ بەتایبەت ئەم بەشە دەکاتە ئامانجی هێرش کە هەستیارییەکی بەرزی لای بەردەنگ هەیە و پرسگەلی ناڕوون و گرینگ بۆ ئامانجی دیاریکراولەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە:

ناکۆکی نانەوە، دروستکردنی بێهیوایی، پچڕاندنی پێوەندی و لێکگرێدراویی کۆمەڵ، گرووپ یان نەتەوەیەک و...

**بەرهەمهێنانی ترس:**

لەم تاکتیکەدا بۆ دروستکردنی مەترسی و دڵەراوکێ لە نێو لایەنی نەیاردا لە کەرەستەی ترس کەڵک وەردەگیردرێ. پسپۆڕانی شەڕی نەرم سەرەڕای هەڕەشە و ترساندنی بەردەنگەکانیان بە ڕێگای جیاوازدا وا نیشان دەدەن کە مەترسی و خەساری نادیار و گەورە لەسەر ڕێگایانە وبەم شێوەیە داهاتوویەکی نادیار وپ ڕاوپڕ لە کێشە و ئاریشە و خۆبەدەستەوەدەرانە بۆ تاکەکانی نەیار دیاری دەکا.

**دژایەتی و پەرتەوازەیی:**

یەکێکی تر لە تاکتیکەکانی شەڕی نەرم لاوازکردنی یەکگرتوویی و ئیرادە لە ڕێگای سیاسەتی پەرتەوازەیی و دژایەتی دروستکردن لەنێو کۆمەڵگەدایە.

دروستکردن و جاڕدانی هەبوونی دژایەتی و پەرتەوازەیی لە سەنگەری نەیاراندا دەبێتە هۆکاری نایەکگرتوویی و لایەنی بەرانبەر سەرقاڵی کێشەگەلی نێوخۆیی دەکا و لەم ڕێگایەوە ئۆتۆریتە و وزەی لایەنی هێرشبۆسەرکراو لاواز دەبێ.

**ئیترەکان**

تێرۆری کەسایەتی، کەڵکوەرگرتن لە ڕەگەزی بەرانبەر بۆ کارتێکردن لە کەسی بەئامانجگیراو، نانەوەی ئاژاوە و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... لە تاکتیکەکانی دیکەی شەڕی نەرمن.

**دەرەنجام:**

لەم قۆناغەی ئێستادا کە کورد بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی خاوەنی کیان نەتەوەیی خۆی نییە تاکوو بتوانێ وەک حکوومەت و دەسەڵات ئەم شەڕە نەرمەی لەدژی دەکرێ بەرپەرچی داتەوە و ئالێنگارییەکانی سەر جڤاکی کوردستان لە هەموو ڕەهەندەکاندا بڕەوێنیتەوە، ئەرک و بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر شانی تاک، ڕێکخراوەکان، هێزە سیاسییەکان، چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی، ڕووناکبیران و... . پێویستە لەسەر ئەساسی نەتەوەخوازی و نیشتیمانپەروەری و بڕەودان بە

"خۆدئاگـایی" تـاک بە کەڵـکوەرگرتن لە هەمـوو کەرەسـتەکانی بەردەسـت و لە ڕێـگەی میـدیا و ماس‌میـدیا بە شـێوەیەکی پلانمەند بە دروستکردنی "خۆباوەری" بەرپەرچی مەترسییەکانی سەر ئەمنییەتی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد بدەنەوە.

پێویسـتە هێـزە کوردییەکـان بەو ڕێگـا و میکانیزمـانەی کە دەتـوانن بیگـرنە بەر، سیاسـەتی "هێرشـی پـێچەوانە" لە دژی ئەقڵییەت و زێهنییەتـی شۆوینیزمی دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست بگـرنە بەر و هاوکـات بە پێـدانی زانیـاریی گشـتی لەسـەر مێژوو، چاند، شارستانییەت و ئاگایی‌پێدان؛ زوڵم و ناحەقی دەسـەڵاتی حکـوومەتی دەرحەق بە نەتەوەکەمـان زەق بکەنەوە و لە هزر و ڕوحی بەردەنگەکان وا ڕۆچن کە ناسیۆنالیزمی تۆخ ئادرەسـی دیـاری هەر مرۆڤێکـی کـورد بێـت و کـۆمەڵگە نـۆرمە دژەکان بناسێ و لە دژیان بوەستێتەوە و بەگژیـاندا بچێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## هەڕەشەی ئەمنییەتی و تیپۆلۆژیی هەڕەشە

ئەگەرچی خەسارناسیی هێندێک هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بەکاربردنیان لە وانەکاندا دەستکەوت و کاریگەریی باشی بۆ خەسارناسیی هەڕەشە هەنووکەییەکان و ئەوانەی لە داهاتوودا دێنە ئاراوە دەبێ. لەلایەکی تر ئەمجۆرە پێڤاژۆیانە بەستێنسازی، ناسینی نێوەرۆکی هەڕەشە و چۆنیەتیی کۆنترۆڵی هەڕەشەی پەنگخواردوو و هەنووکەییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

هەڕەشەی تەناهی لە بەستێنی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە هەرجۆرە مەبەست، نییەت، پێشهات و هەوڵدانێک کە سەقامگیریی سیاسی، ئابووری، سەرچاوەی ژیان و تەناهیی نەتەوەیی یەک وڵات - نەتەوە بخاتە ژێر مەترسیی جیددییەوە. هەڕەشە حاڵەت، دۆخی تایبەت، ڕەفتار و دیاردەیەکە کە خوێندنەوەی جۆراوجۆری لێ دەکرێ؛ و ئاست و سنووری هەڕەشە پێوەندیی بە شوێن و کاتەوە هەیە.

بنەمای هزری سیاسی و کەشی ئەمنییەتی کاریگەریی دیاریکراویان لەسەر پێناسە، هێز و ئەمنییەتی هەڕەشە هەیە و دەکرێ دیاردە یا پرسێک بۆ کۆمەڵگەیەک دیاردەیەکی ئاسایی و پرسێکی ساکاری کۆمەڵایەتی بێت، لە کاتێکدا هەمان دیاردە و دۆخ بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بە پرسێکی نائاسایی، مەترسیدار و تەنگەژەیەکی ئەمنییەتی دابندرێ. هەربۆیە نێوەرۆک، جۆر، ئاست و پانتایی هەڕەشە گرێ دراوە بە بڕوا و ڕوانینی لایەنەکانی دژ، بەستێنی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و؛ شوێنی ڕوودانی هەڕەشەکەش گرێ دراوە بە ویژمانی جۆربەجۆری ئەمنییەتی. وەک میناک: لە تیۆریی ڕیالیستی بەتایبەت تیۆریی "هاوسەنگیی هەڕەشە" و قوتابخانەی "کۆپێنهاگ"دا هەڕەشە ڕۆڵی ئەساسیی لە تەناهی نەتەوەییدا هەیە، لە کاتێکدا لە تیۆریی "هێزی نەرم" هەڕەشە لە پەراوێزدایە و بابەتی تر گرینگیان پێ دەدرێ.

هەڕەشەکان لەسەر ئەساسی دەرهاویشتەی جۆراوجۆر بەتایبەت؛ ئاست، بابەت، کەرەسە و شێوەی بەکارهێنان پۆلێنبەندی دەکرێن و خاڵی هاوبەشی هەموو هەڕەشەکان "سەپاندنی ئیرادە" بەسەر هێزی بەرامبەرە و جیاوازیی هەڕەشەکان لە بەکاربردنی مێتۆد و کەرەسەکاندایە. هەڕەشە دەکرێ بە پێداگری لەسەر هێزی فیزیکی و بە پاڵپشتیی توانستی سیاسی، ڕەوانی و جۆرەکانی ناتوندوتیژ و لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ کاریگەری لەسەر ئیرادەی دژبەر و هێزی بەرانبەر جێبەجێ بکرێ.

### پێناسەی تەناهی بە گەڕانەوە بۆ جەوهەری هەڕەشە

دابەشکردنی مەترسییەکان بە سەرەنجدان بە بواری "ڕەهەند" بەربڵاوترین ڕوانگە لە دابەشکردنی تەناهی لە خۆی دەگرێ کە پاڵنەری هەڕەشە بە ڕوانینێک لە مەیدانی هەڕەشە کە تێیدا ئەنجام دەدرێت بە پێوەری ڕەهەند هەوڵ بۆ ناساندنی دەدرێ. "باری بوزان" لە کتێبی "خەڵک، دەوڵەت و ترس" هەڕەشەکان لە چوار ڕەهەندی سیاسی، ئابووری، نیزامی و تێکنۆلۆژیدا جێ دەکاتەوە.

### هەڕەشەی سیاسی

هەڕەشەی سیاسی ڕووی لە سەقامگیریی دەوڵەتە. تۆماس هابز لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دوای هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن خەڵکەوە و گۆڕانی ئەو خەڵکە بە شارۆمەندی دەوڵەت، ئیتر دەوڵەت هەڵگری شۆناسی سەربەخۆ دەبێ و شوێنی شۆناسی خەڵک بە دەوڵەت هەڵدەسەنگێندرێ. بە بڕوای ئەو دەوڵەت وەک گیاندارێک هەڵگری هێزی بانتری وەک "لیڤیاتان/حکومەت"ە، کە بڕیار دەردەکا و ئەندامانی ژێر دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە، جێبەجێکردنی فەرمانە دەرکراوەکان بە ئەرکێکی سەرشانی خۆیانی دەزانن. پێناسەی "هەڕەشەی سیاسی" بەپێی ڕوانگەی "باری بوزان" لەسەر ئەوە دەوەستێ کە پارێزگاری لە سێ توخمەکەی دەوڵەت" ئەندێشە، ڕێکخراو و کردارەکان" لە مەترسیە دەرەکییەکان مانا بە تەوەری ئەمنییەتی نەتەوەیی دەبەخشێ.

### هەڕەشەی ئابووری

بەستێنی ئابووری بە هۆکاری بوونی کێبرکێی توند لەسەر بەرژەوەندییەکان بەستێنێکی کێشەخوڵقێنە کە تێیدا لایەنی جۆراوجۆر لە هەنگاوەکان (هاوکاری، کێبرکێ، دژایەتی و، بەریەککەوتن و...) دەتوانن بەرچاو بکەون. بەم هۆکارە ناوزەدکردنی ناوی "هەڕەشەی ئابووری" بۆ هەموو ئەم دیاردانە دروست نییە و "ڕابێرت ماندێل" گرینگترین پێوەر کە بۆ ئەمنییەتیبوونی ئەمجۆرە دیاردانە دایدەنێ، "سەقامگیری سیاسی کۆمەڵایەتی"یە. لە دابەشکردنێکی بەرفراواندا دەتوانین هەڕەشەی ئابووری لە دوو بەستێنی سەرەکیی "بەرهەمهێنان" و "دابەشکردن"دا پۆلێنبەندی بکەین. لە حاڵێکدا کە جۆری هەڕەشەی یەکەم سەرنج لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ ویستی گشتییە و هەڕەشەی دووهەمیش لە خوێندنەوەی "جان ئی رومێر" بەرابەریی دەرفەت بۆ بەدەستخستنی ئیمکانات لەخۆ دەگرێ.

## هەڕەشە نیزامییەکان

هەڕەشە نیزامییەکان بە ئاشکراترین جۆری هەڕەشەکان دادەنرێن کە پێشینەی مێژوویی دوورودرێژیان لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هەیە. تایبەتمەندی بەرچاو لە دەستە هەڕەشەیەدا بەکارهێنانی "هێز و گوشار"ە کە "پێکدادان" و "شەری نێوخۆیی" بەدوودا دێ. بەم پێیە هەڕەشەی نیزامی بەکارهێنانی هێز و گوشار بۆ وەدەستهێنانی ویستی بەرامبەر لە بەستێنی سیاسەتی کردەیی‌دایە.

ئەم ڕوانگەیە کە ئەساس و بنەماکەی لەسەر لەدەستدابوونی دەستپێشخەری وەستاوە، ئەو مانایە بە دەستەوە دەدا کە هەبوونی ئەمنییەتی نیزامی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە نەبوونی هەڕەشەی نیزامییەوە هەیە.

## هەڕەشەکانی تێکنۆلۆژی

تێکنۆلۆژی یارمەتیدەری هێندێک هەڕەشەیە کە لە سێ گرووپدا جێ دەگرن.

١- هەڕەشەی ئامێری
٢- هەڕەشەی کرداری
٣- هەڕەشەی بەڕێوەبەرێتی

تێکنۆلۆژی لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە توانیویەتی بە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێ لە کەرەستەکان یارمەتیدەر بێ کە هێزە گەورەکان بە پشتبەستن بەوان و بەکارهێنانیان ئیرادەی خۆیان بەسەر یاریکەرانی لاوازتردا بسەپێنن و ئەم ڕەهەندە لە ئاڵوگۆڕی تێکنۆڵۆژی بۆتە هۆی شۆڕشێکی مەزن لە مەیدانی هاوکێشە تەناهییەکاندا.

"ئەریک ئارێنت" لێکدانەوەی نەریتیی هەڕەشە لە سیستمی نوێی جیهانیدا بە وڵامدەر و بایەخمەند نابینێ. ئەو دەڵێ بۆ تێگەیشتنی سیاسەتەکان و شێوی کاری ڕێکخراوە نیزامییەکان دەبێ لە شێوەی نەریتیی ڕاڤەی هەڕەشەکان تێپەڕین و لە هەڕەشەکان بەربەرینتر بڕوانین، چونکە ڕێکخراوە نیزامییەکان سەرچاوەی جۆراوجۆریان لەپێناو خوڵقاندنی مەترسی و زۆرکردنی لێهاتوویی نیزامی لە بەردەستدایە. گرینگترین سەرچاوەش لەم بوارەدا وەبەرهێنانی دەوڵەتی، هاوردەکردنی تێکنۆڵۆژی و وەبەرهێنانی نێوخۆییە.

سەبارەت بە هەڕەشەی کردەیی دوو ڕوانگەی سەرەکی بوونی هەیە:

**یەکەم**، کۆمەڵێک ئەم دیاردەیە بە "دوور لە هەر چەشنە نۆرم" و بێبەری لە نێوەرۆک هەڵدەسەنگێنن. دووهەم، کۆمەڵێک هزرڤان هەن کە دیاردەکان بە بەستێنساز و پڕ بایەختر لە نۆرمەکان دەزانن.

بنەما و بەڵگاندنی پێشکەشکراو لەلایەن لایەنگرانی هەر دوو قوتابخانە فیکریەکە شیاوی تێڕامانن، بەڵام ڕەخنەی جیددی ئەزموونگەرێتی، سەرنج، ڕەهەند و لایەنەکانی نۆرمی دیاردەکان بەرەو ئاڕاستەیەک دەمانبا کە قبوول بکەین تێکنۆلۆژی دوور لە ئامراز و پێداویستیی نۆرماتیڤەکان نییە. لەسەر ئەم ئەساسە لە لێکدانەوەی تەناهیدا ئەم بابەتە جێگای سەرنجە کە نۆرماتیڤی دیاردەکان بۆ پرسێکی جیددی لە مودیریەتی تەناهیدا گۆڕدراون و لە گەشەی تێکنۆلۆژی نوێدا تەنیا بەدیارکەوتنی کەرەسەکانی کاریگەر و کارامە بۆ کردەی تەناهی ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو لە بەرهەمهێنانی پاڵنەری گرێدراو بە کردەوەی دەسەڵاتیشدا بەتوندی کاریگەرییان هەبووە و هەیە.

**لەم ڕوانگەیەشەوە کە تێکنۆلۆژی دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بەدڵنیاییەوە بەشی جۆراوجۆر لە هەڕەشە بە یارمەتیی تێکنۆلۆژی بەرهەم دێن کە وەک میناک دەتوانین بڵێین:**

١- توخمی ڕەقئامێرانەی کە لە چوارچێوەی کەرەسەکاندا دەتوانین لێکەوتەکانی ببینین.
٢- توخمی نەرمئامێرانەی کە لە چوارچێوی هزر و ئەندێشەگەلی جۆراوجۆردا دەرکەوتەکانی دەردەکەون.
٣- توخمی مرۆڤدئامرازی کە لە مرۆڤەکان و جۆری توانایییەکانیاندا خۆی پێشان دەدا.
٤- توخمی ڕێکخراوئامرازی کە بە لەنێوچوون و سەرهەڵدانی هێندێک لە دامەزراوەکان دیاری دەکرێ.

لەسەر ئەساسی بڕوای "کێنت واڵتێز" چوونەسەری توانایی لەهەر ڕێگایەکەوە بێت، بەتایبەت گەشەی تێکنۆلۆژی لە ئاڵوگۆڕی نێوەڕۆکی کولتووری یاریکەرەکانی لێ دەکەوێتەوە و لەم ڕێگایەوە بەستێنی چالاکی لە چوارچێوەی هەڕەشەی هاوپەیمانە نوێیەکاندا ڕێک دەخرێ. بەکورتی ئەو لایەنەی هێزی زۆرتری لە دووبارە پێناسەکردنی ویست و نیازەکانیدا هەبێ و هەروەها تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنانی هاندەری نوێی هەبێ، ئەم پاڵنەرە دەتوانێ بەکارهێنانی کەرەسەکان بە ئەنجام بگەیەنێ. هەر بەم هۆکارەشە "فرێدریک فری" و "کێنت واڵتێز" لە ئاڵوگۆڕی کولتووری تەناهیدا لەسەر توانایی یاریکەرەکان دەوەستن. بەم لێکدانەوەیە دیار دەکەوێ کە ئیدیعای کەسانێکی وەک "گاڵین گری" لەسەر ئەساسی "شەڕخواز نەبوونی چەکەکان" ناتوانێ زۆر ڕاست بێ و بەکورتی "بەهێزی لە هەڕەشەئامێز بوون" لە ڕێگای گۆڕینی جۆری کولتوور و

فەرهەنگەوە کاریگەریی دەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشەی مودێرنیتەیدا دەتوانین بڵێین کە ئامادەیی تێکنۆڵۆژی چ لە ئاستی تاکەکەسی یا جیهانیدا ئەمادەبوونێکی ساکار نییە، بەڵکوو هەروەک وەک "هایدێگر" ئاماژەی پێ داوە: "ئەگەر تێکنۆڵۆژی لە خزمەت چارەنووس و ماهییەتی مرۆڤایەتیدا بێت، ئەوکات بە هەموو توانا و پانتاییەک کە هەیەتی دیاردەیەکی باش دەبێ کە لە جەوهەری خۆیدا بە شەڕەنگێز دانادرێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ گیرۆدەی تێکنۆڵۆژی بێ و ببێتە خزمەتکاری تێکنۆڵۆژی، ئیتر ڕوحی شەیتانیی تێکنۆڵۆژی بەسەر مرۆڤدا سەر دەکەوێ و هەموو ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە. لە ڕوانگەی "هایدێگر"وە مودێرنیتە تۆخمی جۆراوجۆری تێکنۆڵۆژی لە ئاستی نەرمئامێری و چڕئامێری بابەتێکی گرینگە، بەجۆرێک کە کەمترین بێتوانایی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا دەتوانێ شۆناسی گشتی یاریکەرەکان، یەکگرتوویی، ئەرکی تایبەتی دامەزراوە، ڕێکخراو و... هتد بگۆڕێ و بگرە نەزم و سەقامگیری ژیانی مرۆڤایەتیش تووشی ئاستەنگ بکا.

## دەرەنجام:

پێویستە بزانین کە تەناهی لە تیپۆلۆژیی خۆیدا لانیکەم بریتیە لە: لە بەرامبەر مەترسیدا نەبوون یا لە مەترسی پارێزراو بوونی بگۆڕەکان و یاریکەران لە سیستمی نێودەوڵەتییدا. تەناهییش بریتییە لە: ڕزگاری لە ترس، ئازادبوون لە دڵەڕاوکێ و ترس و بوونی متمانە و دڵنیایی یەکانگیر و پاساوهەڵگر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## سەردەمی بەسەرچوونی سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی زمان

زمان وەک یەکێک لە سیماکانی هەبوونی فەرهەنگێکی جیاواز هێندێک جار وەک یەکێک لە ئەدگارەکان لە فەرهەنگێکی دیاریکراودا دەردەکەوێ، و هێندێک جاریش دەبێتە شێوەی سەرەکیی فەرهەنگێک. زمانی دایک ئەو زمانەیە لەگەڵێدا لەدایک دەبین و بەو زمانە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جیهانی دەوروبەر دەگۆڕینەوە. دیاردەکان لەو زمانەدا پێناسە دەکرێن و زایەڵەی دەنگە زمانییەکان لەگەڵ دۆخی دەروونناسی ئاخێوەر، وەها تێکەڵکێش دەبێت وەک بڵێی ئەو زمانە بە ڕوحی خاوەنزمانەوە نووسراوە.

پرۆسەی تێگەیشتن بە زمانی دایک لە ڕاڤە و شرۆڤەدا ئاسانتر و ڕوونترە، و دەنگەکانی ناسراوتر و باشتر دەتوانن هەڵگری ژێنگەی سرووشتی بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاڤەکردنی زمانی دایک بە شتێک لە دەرەوەی زمانی دایک مەترسیدارە، چونکە چەمکی زمان یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە و زۆر جار لە دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەدا ڕۆڵ دەبینێ و زمان دەبێتە ئەو فاکتەرە گرینگە کە توانیویەتی یا دەتوانێ وڵاتێک لەسەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوە بیچم بدا. بۆ میناک: وڵات گەلێکی وەک بریتانیا، ڕووسیە، ئاڵمان، تورکیە و... هتد[لە دوارۆژیشدا کوردستان] دەقاودەق ناو و پێناسەکەیان گرێدراوی نەتەوەکەیانە.

زمانی کوردی یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی فرەچەشنی و ڕەنگاوڕەنگ بوونەکەیەتی و بگرە یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی مانەوەی مێژوویی نەتەوەکەمانە، هەروەها لە بووژاندنەوە و ڕێکخستنەوەی جڤاکەکەماند دەورت بنەرەتی دەگێڕێ. لە سەردەمی هاوچەرخیش زمان لە گرینگترین و کاریگەرترین فاکتەرەکان بۆ مانەوەمان دێتە ئەژمار. هەرچەند لە دۆخی ئێستادا دیاردەی زمان وەک پارادۆکسێکی دوولایەنەی لێ هاتووە کە هەم دەتوانێ لە پرۆسەی یەکگرتوویماندا ئەرێنییانە ڕۆڵ بگێڕێ و هەمیش لە ئەگەری هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی تاک ڕەهەندی و چاوچنۆکانە لێکەوتەی خراپ و قەرەبوونەکراوەی لێ بکەوێتەوە و زیان بە پرۆسەکەمان بگەیەنی. چونکی تاکی هەر کۆمەڵگەیەک سەرەتا لە ڕێگای زمانەوە دەچێتە ناخی بیر و هەستی نەتەوەکەی، بۆیە بە هەر ڕێژەیەک هاوسۆزی و هاوبەشی لەنێوان زمان و وێژمانی نەتەوەیەک ڕیشەدارتر و بەهێزتر بێ، باشتر و زیاتر دەتوانرێ ڕێگە بە رووی نەیاراندا ببەستێ و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و پیلانگێڕییەکانی نەتەوەی سەردەست مایەپووچ بکاتەوە. بۆیە ئەرکە زمان لە هەموو شوێنێک گرینگی تایبەتیی خۆی پێ بدرێ و ئەو گرینگیپێدانە تەنیا بە هۆی ئەوە نییە کە زمان ئامرازێکی پەیوەندی و تێکەڵاو

بوون لەگەڵ کۆمەڵە، بەڵکوو ئەرکی گەشەپێدان و تێگەیشتنی زانستییانەی زمان، بە سیستمی پەروەردە دەسپێردرێ تاکوو شوناس و مەعریفە بە تاک ببەخشێ.

زمان هەڵگری کەسایەتی و شوناسی منداڵە، منداڵ بە هۆی زمانی دایکیەوە دەتوانێ دەوروبەری خۆی بناسێ و تێی بگا و تێگەیشتنی خۆشی هەر لە ڕێگای زمانی دایکیەوە باس و تاوتوێ دەکا. لە ڕاستیدا زمانی دایک هەڵگری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە و تەنیا لە ڕێگای زمانی دایکیەوە منداڵ دەتوانێ لەم زانستانە بەشدار بێ و کەڵکیان لێوەرگرێ و ڕەفتار و شێوی قسەکردنی جێگای پەسەندی کۆمەڵ فێر ببێ. کەواتە پێویستە گرینگیی تایبەت بە زمانی دایک بدرێ، و هەموو دایک و باوکێک دەبێ وەک ئەرکێکی ئەخلاقی سەبارەت بە نەوەی داهاتوو لە پێناو ئەور ئەرکەدا و جێبەجێکردنیدا تێبکۆشن.

ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە بڕوانینە بابەتەکە، دەزانین پرۆسەی فێربوونی زمانی دایک لە قوتابخانەکان بە زمانی جیاواز لە زمانی دایک پەروەردە دەکرێن و خوێندن بە زمانی‌تر زیاتر گرینگی پێ دەدرێ تا زمانی دایک، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن و نووسین بۆ مناڵ تەکنیکێکی تازەیە، خۆ سەرقاڵکردن بە زمان و فێربوونی زمانێکی جیاواز لە زمانی دایک بە شێوەیەکی زانستی بێگومان پێویستی بە هەوڵ و گوڕوتینێکی زۆرتر هەیە. بۆ ئەو منداڵانەی هەر لە سەرەتاوە ناچار دەکرێن بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دایک بخوێنن گیروگرفتێکی دیکەش زیاد دەبێ، واتە منداڵ لەگەڵ دوو کێشەی سەرەکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە؛ چونکی لە یەک کاتدا هەم دەبێ زمانێکی تازە فێر بێ، و هەم تەکنیکێکی نوێی نووسین و خوێندنەوە و هەروەها تەواوی وانەکانی دیکەش بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دایک فێر بێ! ئەوە لە حاڵێکدایە کە منداڵان لەو تەمەنەدا هێشتا زۆر پێنەگەیشتوون، و وێڕای ئەوە کە گیروگرفت و ئاڵۆزی زۆر دێتە سەر ڕێگەی، کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری دەبنە بەربەست لە خوێندن و چالاکیی منداڵ.

ڕاستە دیاردەی دوو زمانی یا فرە زمانی لە دنیای ئەمڕۆدا شتێکی باوە و بۆتە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی و کەمتر وڵات هەیە کە یەک زمان بێ و ئەمە حاشای لێ ناکرێ. بەڵام لە ئامانجەکانی پەروەردە و بارهێنانی دوو یا چەند زمانیی منداڵاندا ئەو بابەتە نەتەنیا وەک خاڵێکی لاواز چاوی لێ ناکرێ بەڵکوو دەرکەوتوە کە دوو یان چەند زمانی کاریگەری زۆر و باش لەسەر تێگەیشتن و گەشەکردنی فێربوون و هەروەها فێربوونی زمانی دایکییش دادەنێ. واتە ئەگەر منداڵ هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە دوو زمان فێر ببێ، تێگەیشتنێکی قووڵتری لەسەر زمان دەبێ و بەمجۆرە دەتوانێ ڕادەی تێگەیشتنی لەسەر زمان بەرێتە سەر و زمانەکان پێکەوە هەڵسەنگێنێ. "گوێتە" شاعیر و لێکۆڵەری ئاڵمانی بۆ ڕاڤەی زیاتری ئەم بۆچوونە دەڵێ: "کەسێک کە تەنیا یەک زمان بزانێ لە ڕاستیدا ئەو زمانەش باش نازانێ."

"کۆلییە جۆرج" لە سۆنگەی لێکۆڵینەوەکانی چەندین ساڵەی لەسەر فێربوونی زمان دەری خستوە کە هەموو ئەو فاکتۆرانەی کە بۆ فێربوونی دوو زمان پێویستن بەستراونەتەوە بەوەی کە: تا چ ڕادەیەک لە زمانی دایک کەڵک وەردەگیرێ، واتە توێژینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شارەزایی و پسپۆری لەسەر زمانی دایک کاریگەریی هەیە لەمەڕ باش تێگەیشتنی کەسی شارەزای دوو زمانە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و ناسینی زانستی زمان. دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زماناسانی وەک: "ڕێباین" و "سکوتناب" دەریانخست کە دەستەواژە و توانایی زمانەوانی کە لە ڕێگای زمانی دایکییەوە دروست دەبێ و سەقامگیر بوونە، دەتوانن کەڵکیان لێ وەرگیرێ بۆ زمانی دیکە و یارمەتی دەدات بۆ زانیاری لەسەر زمان و، توانایی لێکدانەوەیی بەرز دەکاتەوە. "ڕێباین" لەسەر ئەم هزرەیە کە دەڵێ تێگەیشتن لە چیرۆک یا هەر بابەتێکی تر بە زمانی دایک دەرفەتی گێڕانەوەی چیرۆک یان بابەتەکانی تر بە زمانی دووهەم ئاسانتر دەکات.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم فاکتەر و هۆکارانە کە ئاماژەیان پێ درا، پێویستە لە هەموو شوێنێک شانسی بەرانبەر بۆ هەموو منداڵان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و ئێتنیکیان بڕەخسێندرێ و کەسایەتی بە بوون و ماهییەتیان ببەخشرێ. چونکی ئەو منداڵەی نەتوانێ بە زمانی دایکی بخوێنێ و پەروەردە ببێ، لە هزر و ناخیدا تووشی شەڕەنگێزی لەگەڵ سیستم و نیزامی سیاسیی وڵاتیش دەبێ. لە هەزارەی سێهەم و سەردەمی جیهانگیریدا کە سوشیاڵ مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دۆخی یونیوێرساڵیان بە جیهان بەخشیوە، بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٩٣ وڵاتی سەربەخۆدا، ژمارەی ئەو زمانانەی قسەیان پێ دەکرێ دەگاتە ٥ تا ٦ هەزار، ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە خۆیان بە وڵاتێکی یەک زمانە پێناسە دەکەن. ئەو ڕاستییە بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوا کە بیر لە کێشەی لەنێوچوونی مەسەلەی زمانی نەتەوەیی بکرێتەوە و ڕێگە بدرێ خێوار و دامەزراوەی کولتووری وەک خۆی بمێنێتەوە و نەتەوەکان لەنێو نەچن.

**دواجار پێویستە بەکورتی و بە ڕیزکردن ئاماژە بە سوودەکانی خوێندن بە زمانی دایک کە زمانی یەکەمی هەر مرۆڤێکە بکەین:**

١- گوشار و پاڵەپستۆ لەسەر منداڵ زۆر کەمتر دەبێ ئەگەر لێهاتووییەکان و زانیارییەکانی قوتابخانە و زانکۆ بە زمانی دایکی فێر بووبن.

٢- خوێندەواربوون بە زمانی دایک بەر لە زمانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە بواری پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی زەینی منداڵ باشتر پەروەردە ببێت، ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەوە کە تا چ ڕادەیەک منداڵ حەزی لە فێربوون و چوونە فێرگە هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

٣- ئەو کەسانەی کە مەیدانیان بۆ دەڕەخسێ کە لە بواری فکری و هزرییەوە پێش بکەون شانسی زۆرتریان هەیە کە لە دنیای دەرەوە سەرکەوتووتر بن، و کاری باشتریان دەست بکەوێ و لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ژیانێکی باشتریان دەبێ.

٤- کاتێک منداڵ لە باری فکری و زەینی لە خۆی ڕازییە، متمانەی بە خۆیشی زۆرتر دەبێ و شانازی بە خۆی و لێهاتوویيەکەی دەکا و، ئەمانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کەسایەتی و ناسنامەی منداڵ و داهاتووی دەبێ.

٥- ئەو منداڵانەی کە لە زانکۆ بە زمانی زگماکی دەخوێنن و فێر دەبن بەئاسانی هەمان لێهاتوویی ڕەخنەگرتن، گوتارنووسین، پرسیارکردن و... دەگوازنەوە بۆ زمانی دووهەم و ناچار نیین دووبارە فێریان ببنەوە.

٦- لە وڵاتێکی چەند زمانە و چەند ئیتنیکەدا، خوێندن بە چەند زمانی دەتوانێ ببێتە هۆی باشتر پێکەوەژیان و ئاشتی لەنێو کۆمەڵگەدا.

٧- زمان بەشێکی جیانەکراوەی کولتووری و فەرهەنگیی خەڵکێکە، جا ئەو خەڵکە دەسەڵاتدار بێ یا بێدەسەڵات، بۆیە مافی ئینسانی خۆیانە پێی پەروەردە بن.

٨- زمان ئەو زنجیرەیەیە کە نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو لێک گرێ دەدا، ئەگەر ڕێگەی لێ بگیرت، ئەو لێکگرێدراوییە نامێنێ.

ئەم قازانجەی خوێندن بە زمانی زگماکی کە ڕیز کران لە سۆنگەی ئیحساسییەوە نییە و دوایین ڕاپۆرتی یونیسێف لە وڵاتانی ئەفریقایی کە پێشتر زۆربەیان بە هۆی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی بریتانیا / ئینگلیزی داگیر کرابوون و زمانی خۆیان وەلا نابوو، ئەم خاڵە ئەرێنیانە وەکوو ئاکامی خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەت لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندیدا پشتڕاست دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# کۆمەڵگەی مەدەنی (چەمک، پرۆسەی مێژوویی، پێشمەرج و بناخەکانی)

## چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی

پرۆسەی مێژوویی، ڕوانگەکان و تێگەیشتنە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی، پێناسەی جۆراوجۆریان پێ بەخشیوە.

کۆمەڵگەی مەدەنی "civil society" لە بیژەدا، پێکهاتووە لە کۆمەڵگە و مەدەنیبوون. کۆمەڵگە، کۆمەڵێک لە تاکەکانە کە پەیوەندیی واتادار و کردەوەی دوولایەنە لە نێوانیاندا دێنێتە ئاراوە و بە هەر کۆمەڵێک ناگوترێ کۆمەڵگە. مەدەنییش، ڕیشەی لە مەدەنییەت و شارنشینیدا هەیە و بە شێوەی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی شار هاوکات لەگەڵ شارەستانییەت دێنێتە بەرچاو. بەڵام لە مانادا چوار پێناسە لە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بەرجەستە دەکەن.

١- کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێکی گشتیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییە و هەروەها لەم بەستێنە ئەوە بەکارهێنانی هێز لە ڕێگای شارۆمەندانە کە جێبەجێبوونی ئەم دوو جەمسەرە (کۆمەڵگە و دەوڵەت) و ڕێسا و یاساکان دەستنیشان دەکا و هەر تاکێک لە کۆمەڵگە بە مەرجی پاراستنی یاسا، ئیمتیاز و مافی خۆی بە تاک یا گرووپێکیتر دەسپێرێ.
٢- کۆمەڵگەی مەدەنی سنووری نێوان چوار بەشی سەرەکیی کۆمەڵگەیە، کە بریتیین لە (ئابووری، سیاسەت، فەرهەنگ و جڤات) کە لەواندا ئەنجوومەنەکانی خۆبەخش، حیزبەکان و گرووپەکان ڕۆڵی بنیاتنەرانەیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیدا. هەیە.
٣- کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەقداربوون و ئازادبوونی خەڵک دەست پێ دەکا و بە جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان شکڵ دەگرێ و پاشان بە پلۆرالیزم لە کۆمەڵگەدا تەواو دەبێت.
٤- کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵەیەک لە دامەزراوەکانی چالاک و ڕێکخراوەی سینفی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی یاسامەند و سەربەخۆیە کە ڕوانگەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدارە و نێوەندگیری دەوڵەت و خەڵکە. بەمجۆرە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستێنێک بۆ ڕێکخستن و ئاسانکاریی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، کە لەلایەک ڕوانگەی خەڵک بۆ دەوڵەت دەگوازێتەوە و لەلایەکی تریش بەرپرسیارێتی و کارکردی شیاوی چاوەڕوانیی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگە شۆڕ دەکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

### قۆناغەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی

پاش ئەوەی کە مرۆڤ لە وەحشیگەری و ژیانی کێوی هاتەدەر و بە هەر هۆکارێک کۆمەڵگەی ئینسانیی دامەزراند، بەرەبەرە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تیۆریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی مرۆڤدا هاتە ئارا و بەردەوام خوێندنەوەی تایبەت و تێگەیشتنی نوێی لێ کراوە و جۆرێک هێرمۆنۆتیک لە ڕاڤەی پرۆسەی مێژوویی ئەم هزرە دەبینێ و ئێمە بەو شێوەیە شرۆڤەی چۆنیەتیی شکلگرتنی ئەم قۆناغە مێژووییە دەکەین:

### بەرەنجامگیری جیاواز لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی

١- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو فەرهەنگێکە. ئەم تێگەیشتنە دوای ڕێنسانس لە ڕۆژئاوا ڕەیێنی پەیدا کرد و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو کۆمەڵگەیەک سەیر دەکرا کە هەڵگری دابونەریت، دامەزراوە، بایەخ و ئانۆمیی تایبەت بە خۆیەتی و هەر کەس و لایەنێک بیهەوێ بەشێک بێت لەو کۆمەڵگەیە، دەبێ پێبەند بە جێبەجێ کردن ئەم دابونەریتانە بێت.
٢- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو ئیدۆلۆژییەکە. لەم ڕوانگەیەدا کۆمەڵگەی مەدەنی لە دۆخی فەرهەنگی دێتەدەر و تیۆری و هزری گشتی کە پێویستی و بناخەی تایبەتیی هەیە و، ئارمانج و مەبەست و ئیلهام بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەخشێ. لەو پێناسەیەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەمجۆرە دەخوێندرێتەوە کە: بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر دەستی هزری کۆمەڵگەی مەدەنی دەستەبەر دەبێ.
٣- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو یەک مێتۆد. لەم ڕوانگەیەدا کە لە ئێستاشدا جێگای مشتومڕە، کۆمەڵگەی مەدەنی مێتۆدی حکوومەتکردنە و هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێ لە مێتۆدی کۆمەڵگەی مەدەنی کەڵک وەرگرێ و لە ڕاستای گەیشتن بە مەبەست و ئارمانجە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی و هە وەها بە لەبەرچاو گرتنی ئیدئۆلۆژی ئەو کۆمەڵگەیە کەڵکی پێویست و گونجاوی لێ وەرگرێ.

### پرۆسەی مێژوویی هزری کۆمەڵگەی مەدەنی

**بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگەی مەدەنی لە سێ قۆناغ و بە سێ شکڵی جۆراوجۆر خۆیا بووە:**

١- قۆناغی پێش دەوڵەت .(Per-State) پێش دروستبوونی دەوڵەت و دوای دامەزراندنی کۆمەڵگەی سەرەتایی تا سەدەی نێوەراست، کۆمەڵگە مرۆییەکان و ئەنجوومەنە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی دابینکردنی نەزم، ئەمنییەت و یەکگرتوویی

جۆربەجۆر خۆیا دەبوون. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ژێرخان و دەوڵەتیش سەرخان بوو، و هەموو کات ژێرخان پێش سەرخان جووڵاوەتەوە و هەر ئەم بابەتە هۆکار بووە کە کۆمەڵگەی مەدەنی گەشە بکا و بگرە بانتر لە دەوڵەت جێگای سرنج بێت.

٢- قۆناغی بەرامبەر بە دەوڵەت .(Anti-State) لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنی هێزی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگکردنەوە بووە و ئەم هێزە، بەستێنی شکلگرتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ بەرەنگاری لەگەڵ دەسەڵات دابین دەکرد و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرامبەر بە دەوڵەت جێی دەگرت.

٣- قۆناغی دوای دەوڵەت .(Post-Stat) دوای قۆناغی مۆدێرن تاکوو ئەمڕۆ، ئەم قۆناغە لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژاوا شکڵی گرتوە کە کۆمەڵگەیەکی بێ‌زاڵییەتی دروست بووە و کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێکە کە ناکۆکییەکان و جووڵە ئابووری، سیاسی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکانی لێی بەرهەم دێ و دامەزراوە دەوڵەتییەکان ئەرکیان چارەسەری ئەم ناکۆکییانە و پێکەوەگونجاندنی ئەوانە لەگەڵ یەکتری.

### خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

هەر چەمکێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەڵگری خەسڵەت و ڕەهەندگەلێکە کە بۆ ناسینی دروستیی ئەم چەمکە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ڕەهەند و خەسڵەتانە بکەین. کۆمەڵگەی مەدەنییش لەم ڕێسایە بێبەری نییە و لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەین سەرەتا پێشمەرجەکانی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی شرۆڤە بکەین و دواتر بێینە سەر باسی بناغەکانی. لێرەدا پێویستە پێداگری بکەین کە پێشمەرجەکان و بناغەکان لە هەرکات و شوێنێک ئیمکانی گۆڕینی هەیە.

پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چین؟ پێشمەرج، بە مانای مەرجی یەکەم و پێشوو دێت، بەو مانایە کە پێش دامەزرانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەندییەکان و هەلومەرجەکان دەبێ برەخسێن، کە ئەم مەرجانە، هۆکاری پێویست بەڵام ناتەواو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیین. هەڵبەت دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە لەنێوان پێشمەرج و بناغە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جیاوازی هەیە.

### شەش خاڵی بەدیهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی

**دێمۆکراسی**؛ لە گرینگترین بەستێنەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرەپێدان و گەشەی دێمۆکراسی و خەڵکسالارییە

لە کۆمەڵگەدا. یەکەمین چەمکی جێی باس لە دیمۆکراسیش، سەرچاوەی "ڕەوایی" حکوومەتە، کە لە ئەندێشەی دیمۆکراسیدا ئەم سەرچاوەیە "خەڵکن" و مافی گەلە، کە بە دەسەڵات ڕەوایی ببەخشێ یان نا. هەربۆیەشە دیمۆکراسی مافێکە بۆ خەڵک و دەبێ دەنگ و ڕوانگەی زۆرینەی خەڵک سەرچاوەی ڕەوایی یاسا و دەسەڵات بێ.

**ئازادی:** لە سەردەمی نوێدا، لەبارەی ئازادی و لیبرالیسم بۆچوونی زۆر و جۆراوجۆر هەیە.

**یەکەم.** "ڕاستلیبرالیزم" ئێستاش لە ڕۆژاوا بەدی نەهاتوە، بەڵام هیندێک "ڕاستلیبرالیزم" خۆیان دەرخستوە کە هاوواتای هەموو حەقیقەتەکانی لیبرالیزم نییە.

**دووهەم.** دەبێ بزانیین کە لیبرالیزم لەگەڵ چەمکی نوێی خۆی کە لە فەرهەنگ و مێژووی ڕۆژاوادا گەشەی کردوە و دەرکەوتوە، چەمکێکی پێشگر و تەواو بۆ ئازادی کە هەزاران ساڵە لە مێژووی فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا هاتۆتە بەرباس نییە؛ بەڵکوو لە هەر قوتابخانەو لە هەر فەرهەنگێک ئازادی چەمکێکی نوێیە و ئەم بڕوایە بوونی هەیە کە ئازادی بەرزترین بەخشینە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە. کەواتە پێویستە جیا لە ڕەهەندی ئابووری، سیاسی و فکریی لیبرالیزم لە چەمکی ئازادی گشتیشدا قسە بکرێ، هەڵبەت ئازادی پێناسە و مەیدانێکی تایبەتی هەیە و تا ئەو شوێنە ڕێز لێگیراوە کە ئازادیی ئەوانیتر پێشێل نەکات. ئازادی بە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی یەکێک لە پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستیی ئازادی کۆمەڵایەتییە و دەبێ ئازادی لە پەنای یاسا بێ و یاساش پشتیوانی لە ئازادی بکا.

**پلۆرالیزم:** یەکێک لە پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەبوون و قبووڵی فرەییە، ئەم ئەسڵە بە مانای قبووڵکردنی فرەیی لە ڕوانگە، بڕوا، دین و... هتد، کە خاڵی بەرانبەری ناوەندێتییە.

بەگشتی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەوڵەکان لەسەر ئەوە چڕ دەبنەوە کە هێزی سیاسی لە ناوەند بەدوور بێ و بە جۆرێک بڵاو کرابێتەوە کە، هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگیر بێت. هەر بۆیە پلۆرالیزم لەسۆنگەی جۆراوجۆریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری حیزبە سیاسییەکن، ڕاگەیاندن، ئەنجوومەن و ڕوانگە جۆراوجۆرەکان و فرەیی لە مەزهەبدا یەکێک لە پێشمەرجەکانی پێویست و بناخەی سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە، دەتوانێ لەگەڵ خوێندنەوەی دینی دژ یا هاوڕا بێ.

**پێکەوە هەڵکردن و ڕوحی لێبووردەیی**، پێکەوە هەڵکردن و لێبوردەیی بە مانای پشوودرێژی و هەر وەها سەبر و دان بەخۆداگرتن و لە بەرچاو نەگرتنی ناکۆکییە بچووکەکانە و کاتێک کە دیمۆکراسی، ئازادی و پلۆرالیزم قبوول دەکرێ، لێبووردەیی و پێکەوەحەوانەوەش لەنێو کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا جێ دەکەوێ.

باوەڕی هاوبەش بە بایەخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان /ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان جێگای پەسندی هەموو تاکەکان نەبن، بە هیچ جۆرێک کۆمەڵگە شکڵ ناگرێ کە مەدەنی یا نامەدەنی بێت.

هەر بۆیە یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندی بە بایەخە هاوبەشە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە و هاوکات کە کۆمەڵگە دەبێ پلۆراڵ بێ و، پێکەوەحەواونەوە و ئازادییەکان قبوول بکا، بەڵام دەبێ پێبەندی کۆمەڵێک ڕێسا و بایەخ کە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیەیە بێت، کە لە لایەنی زۆرینەی کۆمەڵگەوە قەبووڵ کراوە. هەروەها یەکێکی تر لە مەرجەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندی بە کەرامەتی مرۆڤە و ئەو مافەی دەبێ لەهەر بارودۆخێکدا پارێزراو بێت.

### بناخەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

دوای ئەوەیکە پێش مەرجەکان و بنەما سەرەتاییەکای کۆمەڵگەی مەدەنی بەدی هاتن و بە شێوەی سەرەتایی خۆیان دەرخست، کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری تایبەتمەندی و بناخە گەلێک دەبێ کە وردەوردە تێیدا دادەمەزرێ و ئەوانێش بریتین لە: "یاسا سەروەری"، "هاوبەشی"، "دادگەری" و "چاودێری" بە سەر ڕەفتار و کاروباری دەوڵەتدا.

**ئەو تایبەتمەندییانە کە دواجار بایەخ و شوناسی هۆوییەتی و مەدەنی وەردەگرن، بە بناخە ناسێنەرەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی خوێندکاری لە چاوگەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا

## (بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ)

### ١

بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی بەردەوامی و مانەوەی لە کاتدا، بۆتە بەشێک لە هزری گشتی، دامەزراوەیەکی سیمبولیک و نادیار کە تەنانەت لە بارودۆخی زۆر سەختدا و نەبوونی ڕێکخراوەی خوێندکارییش، لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی تر گوازراوەتەوە و هیچ دەسەڵاتێک لەنێو سەدەی ڕابردوودا نەیتوانیوە ڕوح و ماهییەتی بزووتنەوەی خوێندکاری لەنێو ببات. ئەوەی ئەمڕۆش لە زانکۆکان و کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا دەگوزەرێ، دەرخەری ئاڵوگۆڕێکی هزری و کۆمەڵناسانەیە کە لەگەڵ ڕابردووی خۆی زۆر جیاوازە.

بزووتنەوی خوێندکاری لە شکڵی سەرەتایی خۆی لە کوردستان لەنێو ئەو لاوانەی کە بۆ زانست چوونە زانکۆ بێچمی گرت و دەستە خوێندکارییەکان سەرەڕای ڕێژەی کەمیان بەڵام بەشێکی گرینگ لە ئاڵوگۆڕی بەستێنی فەرهەنگی و سیاسیی ئەو کاتی جڤاتی کوردستان بوون. کۆمەڵگەی پڕ لە کلپەکڵپی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و ڕۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دەرخەری ئەم ڕاستییە کە، کاریگەریی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی کۆمەڵگەدا زۆر بەرجەستەیە. تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێت بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان یەکێک لەو بزووتنەوە شوناسخواز و چالاکەیە کە بە هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان (حیزبەکان) بە زێهنییەت و کارکردێکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە دەیهەوێ ماف و ئازادییەکان وەدی بێنێ و کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، ئازاد و دێموکراتیک چێ ببێت.

دەیەی١٣٤٠ی هەتاوی دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاریی ئەم دەورەیە بە هاوپەیوەندی و هاوفکریان لەگەڵ بزووتنەوی خوێندکاریی جیهانی و بە کوردستانیکردنی ئایدیا و ئەندێشەی ڕزگاریخوازیی جیهانی، بوونە پێشەنگانی خەبات دژی دیکتاتۆریزمی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران کە سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی، پێشڕەوانی ئەم هزر و تێکۆشانە پڕ لە سەروریەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بەمجۆرە سەرەتا بەهۆی خەفەقان و ملهوریی ڕێژیمی پاشایەتی و داخراوبوونی فەزای گشتیی کۆمەڵگە، ناوکی سەرەکیی چالاکیی

گرووپە سیاسییەکانی (خەباتی چەکدارانە) بۆ نێو زانکۆ دەگوازرێتەوە و لە ئاکامی ئەم بەرپرسیاریەتییەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد حەماسەی وەک جووڵانەوەی چەکداریی (١٣٤٦ - ١٣٤٧ ) دەئافرێنێ.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی خوێندکاران لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەردەمن. لە کۆمەڵگەی کەونارا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یا هەر نەبوون، یان ئەگەر بشبووبێتن زۆر کەم بوون. هەرچەند لە کۆمەڵێک جڤاتی وەرزێریدا سەرهەڵدان و ڕاپەرین ڕووی داوە بەڵام بۆ ماوەیی و خێرا بوون، هاوکات لە کۆمەڵگەی شارنشینی و پیشەسازیدا، بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان بە سەرنجدان بە ڕێژە و جۆراوجۆرییان بەشێک لە ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتین، لە کۆمەڵگەی سەردەمیشدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەم هۆکار و هەم ئاکامی تۆمارکردنی مێژوون.

بەکارهێنانی چەمکی "بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە ئورووپای ڕۆژاوا، داکەوت و یەکێک لە سەرەتاییترین باسە ڕێکوپێکەکانی ئەم هزرە لە کتێبی "لۆرێنس فوون ئێشتاین" بە ناوی "مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە فەڕانسەی (١٧٨٩) تاکوو ئەمڕۆ"دا شی کراوەتەوە کە تێیدا شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی زۆرتری کۆمەڵایەتی شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناسەیەکی تردا بریتییە لە هەوڵدانی گشتی بۆ بەرەو پێشبردن یا بەربەرەکانی کردن لە بەرانبەر ئالوگۆڕەکان لەنێو کۆمەڵگەدا کە خۆیان بە بەشێک لەم ئاڵوگۆڕە بە ئەژمار دێن. لە ڕەهەندی بنەمایی و هزرییشەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری سەنتێزێک لە سێ کۆچەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕەوتی ڕووناکبیری و ڕەوتی ڕابوو لە چینی نێوەڕاستی نوێیە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین.

### بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ

لە باسە زانستییەکان لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، یەکەم شت کە دەتوانین بچینە سەری بزووتنەوە خوێندکارییەکانە. بە خوێندنەیەکی تر لە زنجیرە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە لە دەیەی (١٩٦٠) دەستی پێ کرد، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی خوێندکاران یەکەم ئەڵقەی دامەزراوەی ئەم خەباتە بوو و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە مانگی مەی (١٩٦٨ ) بەم لاوەیە کە بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە ئورووپا، بە تایبەت لە فەڕانسە دەست پێ دەکەن و بزووتنەوەی ژنان، ژینگەپارێزی، ئاشتی، ڕاستیستی و... بەدوودا دێت.

چالاکی و هەوڵدانی گشتی بۆ ئاڵوگۆر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک خەسڵەتی گشتی و تایبەت بە خۆیان هەیە:

**یەکەم**، ئەم جوولانەوە گشتییە لە ڕایەڵکەگەلێکی پەیوەندیی نارەسمی لە نێوان تاکەکان، گرووپەکان یا ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانە شکڵ دەگرێ. "سیدنی تارو" پێی وایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە فۆڕمی تاک و تاکیدا ڕوو نادەن، بەڵکوو پاژێک لە شەپۆلێکی گشتیی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانن کە تێکرا بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوی پێشبینینەکراو خێرایی وەردەگرن و لە ڕێگەی ئاڵوگۆر لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، دەرفەتە سیاسییەکان ئاسان دەکەن".

**دووەم**، لەسەر کۆمەڵێک هاوبەشی لە باوەڕمەندی و ئینتیماکان بنیات نراوە. ئەو بابەتە هۆکاری شکڵگرتنی شوناسی گشتی بۆ یاریکەرانی گشتییە و سەرجەم پێکهێنەرانی ئەم یاریە گشتییەش لە درێژماوەدا بە بزووتنەوەیەکی تەواو یەکدەست دگۆڕدرێت. بە بڕوای "چارلێز تیلی"، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی "کردارێکی ژێرمەندانە، ئامانجخوازانە و ڕێکخراوە."

**سێهەم**، کرداری هەرەوەزی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی یا فەرهەنگییەکان پێداگری دەکات کە: ئەم هەڵوێستە بەو هۆکارەیە کە یاریکەرانی بزووتنەوە لە هەوڵی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدان، چ لە ئاستی ڕێکخراوەیی و چ لە ئاستی ناڕێکخراوەییدا. لێرەدایە کە پەیوەندی نەیارانە لە نێوان ئەوان و ئەوانی تردا کە ئەوانیش لە هەوڵی کۆنترۆڵی پرسی هاوچەشنن دێتە ئاراوە و تێکهەڵچوونی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدایە کە "مایر زاڵد و مەک کارتی" بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە "کۆمەڵێک لە بڕوا و بایەخ کە ڕەنگدانەوەی مەیل بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەشی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یا دابەشکردنی هەڤیازی کۆمەڵایەتی" پێناسە دەکەن.

**چوارەم**، ئەکتەران و چالاکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە نارەزایەتییەکان، بەتایبەت نارەزایەتی گشتی بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان کەلک وەردەگرن.

**پێنجەم**، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری ئیدۆلۆژیی تایبەت بە خۆیانن کە بایەخ و ئامانج دیاری دەکەن و جۆرێک چەمکی یەکگرتوو بۆ ڕاڤەی ئەزموونەکان و پێشهاتەکان دابین دەکەن.

**شەشەم**، لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەڵێنی و ناچارکردنی تاک بە بزووتنەوە، مەبەست و ئیدۆلۆژیی بزووتنەوە لە ڕێگەی چالاکییەکان یا ئەزموونەکان ەدەست دێت و بەمجۆرەیە کە شوێنی تاک لە ڕێکخراو دیاری دەکرێ و ئەوان بە بایەخەکان، بەڵێنییەکان و کرداری نوێ ئاشنا دەبن.

**حەوتەم**، نەیارانی بزووتنەوەیەک ئیمکانی هەیە ڕاستەقینە یا دەستکرد بن کە بۆ بانگەشە و گەشەی بزووتنەوە پێویستن. ڕکەبەرەکان هۆکاری یەکگرتوویی و یەکدەنگی و وەئەستۆ خستن و ڕوو لەگەشەیی بزووتنەوە دەبن.

**هەشتەم،** جووڵانەوەی گشتیی سیاسی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا یا ئارام و ڕیفۆرمخوازانە، یا ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە.

لە ئاکامدا دەتوانیین وای دانێین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ساڵانێکی زۆر بە شێوەی ڕیفۆرمخوازانە بەردەوام دەبن و هیچ کات حاڵەتی شۆڕشگێری بە خۆیانەوە ناگرن یا بەپێچەوانە، دەتوانیین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی دیکە وێنا بکەین؛ کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا ڕادیکاڵ و حاڵەتی شۆڕشگێریی هەبێ. بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوڵی ئاڵوگۆڕدان، بەڵام یەکیان بە ڕێگەی ڕیفۆرم و لەوی تریاندا بە شێوەی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاڤەیەک بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە چاوگەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا

## ٢

(بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە ڕەوتی ڕۆشەنگەری)

ئەگەر ڕووناکبیری وەک پێگەی کۆمەڵایەتی و شکۆ ببینین کە لەنێو خۆیدا گرووپەکان، چینەکان و سینفە کۆمەڵایەتییەکانی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێ، بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەی خوێندکاری یەکێک لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە دەبێت. لە ئاکامی وەها گریمانەیەک، یاسای زاڵ بە سەر کرداری ڕووناکبیری و ڕووناکبیران لە کرداری تاک یا چالاکیی گشتی خوێندکاران گشتگیر دەبێت. لەم دۆخەدا بزووتنەوەی خوێندکاری وەک: بەشەکۆمەڵەیەک لە بزووتنەوەی ڕووناکبیری دەخوێندرێتەوە.

"ژێس پانسکی"، شێست پێناسەی جۆراوجۆری لە ڕووناکبیری کردووە کە دەتوانین ئەم پێناسانە بە سەر سێ دەستەی سەرەکیدا دابەش بکەین.

**دەستەی یەکەم**، بە شێوەی گشتی بەو ڕووناکبیرانە دەگوترێ کە پشکیان لە داهێنانی بایەخ گەلی هەتاهەتایی و نەگۆڕ لە بەستێنی ڕاستی، جوانی و دادپەروەریدا هەیە.

**دەستەی دووهەم**، ڕووناکبیران، بانگەشەکارانی بڕوا و عەقیدە، دامەزرێنەرانی ئیدۆلۆژییەکان و ڕەخنەگرانی دۆخی ئارایی بە ئەژمار دێن.

**لە پێناسەی دەستەی سێهەمدا** دەتوانین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بڵێین کە ڕووناکبیران چینێکی کۆمەڵایەتی لە چینی نێوەڕاستی نوێن کە ڕۆڵیان لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی کولتووری کۆمەڵگەدا هەیە.

ڕووناکبیران بە شێوەی گشتی لە شوێنی "زەینی" کۆمەڵگەدا بیانەوێ یا نا نەیانەوێ لەگەڵ چوارچێوەی هێزی سیاسی ملبەملە دەبن و زۆربەی جار لە نێوان ئەم دووانەدا ناکۆکی دێتە ئاراوە.

هزر و ئەندێشە لەگەڵ هێزی سیاسی زۆر بە کەمی دەسازێن، چۆنکی دەسەڵات ناتوانێ لە درێژماوەدا زۆر ڕێکخەری ئەندێشەی ئازاد بێت و هزر و ئەندێشەش کاتێک چاو لەدەمی هێزی سیاسی بن، مانای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن. ڕووناکبیر کەسێکە کە: بۆ ئەندێشە و فکر دەژی، هۆگریی ئەو بە ژیانی هزری وێکچوویی زۆری بە هۆگری مەزهەبییەوە هەیە.

**لە نەریتی ڕووناکبیریدا، ئەم ڕێسایانە دەبینرێن:**

١- ڕووناکبیری سیاسی زۆر جار لە دەرەوەی سیاسەت و دامەزراوەی هێزی سیاسیی باڵادەستە. ڕووناکبیران خۆیان دەروەست بە ڕەخنەگرتن، هەڵوێست نواندن و ساغبوونەوە دەزانن، بەڵام نەک لایەنگری لە حیزب یا هێزێکی تایبەت.

٢- ڕووناکبیر بەردەوام لە دۆخی دوودڵی و بە دەربرینێکی ڕوونتر لە نێوان هیوا و بێمتمانەیی و دڕدۆنگیدایە.

٣- ڕووناکبیری خەباتێکە دژایەتیی دواکەوتوویی، خورافات و نەزانی دەکا و بۆ گەشە و، بەرەوپێشبردن و نوێگەرایی تێدەکۆشێ.

٤- ڕووناکبیر ڕەخنەگرە و بە ڕەخنە لە دۆخی ئارایی، بەگشتی دۆخی سیاسی، فەرهەنگی، ئابوری و... عەودالی ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤە.

٥- ڕووناکبیر بە ناوی داهاتوو و نوێگەرایی، دژە نەریت و نەریتبەزێنە.

٦- ڕووناکبیران بەهۆی ئاوەز و پێشکەوتنە زانستییەکان باوەڕیان بە پێویستیی جیایی دین لە کاروباری ڕۆژانەی دنیایی هەیە و هەربۆیەشە سێکۆلارن.

٧- ڕووناکبیران پێداگری لەسەر هەندێ چەمک دەکەن کە چەمکگەلی سەرەکیی داخوازە ڕووناکبیرییەکانن، وەک ڕاسیونالیسم (ئاوەزگەرایی)، ئۆمانیزم (مرۆڤتەوەری)، ئازادی، بەرابەری، مافی مرۆڤ و...

بەمجۆرە بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێک لە بزووتنەوەی ڕووناکبیرییە کە ڕەوتی خوێندەواریی بەرزی وەدەستهێناوە و زۆر یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئاماژە پێکراوی هەیە. بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ نەهێشتنی لایەنە ناڕێکەکانی دۆخی ئارایی زۆر گونجاوە، بەڵام هێزی پێویستی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی نییە، هەر بەم هۆکارە ئەوان زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سەرەکییەکانی ڕووناکبیری و بڵاوکەرەوە و بانگەشەکارانی هزرەکانی ڕووناکبیرین و لە ئاکامدا

بزووتنەوەکانی خوێندکاری تەنیا بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیرن کە، بە گشتی تێیدا ڕووناکبیران پلاندارێژ و ئاڕاستەدەرن.

## بزووتنەوەی خوێندکاری وەک ڕەوتی ڕابوو لە چینی نێوەڕاستی نوێ

خاوەنڕایانی نوێگەری وەک: جان جانسۆن، موور بێرگێر، مانفرێد هالپێرن، چارلێز عیسەوی، جیمیز بێل و سامۆئێل هانتینگتۆن، چینی ناوەڕاستی نوێ لە ولاتانی لە دۆخی گەشەسەندوودا بە جۆرێک دینامیزمی بنەڕەتی و ئیستراتیژیکی گەشەسەندن و نوێگەرایی و لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕخواز و گۆڕانخواز و تەنانەت شۆڕشگێر دەزانن.

بە بۆچوونی ئەوان چینی نێوەراستی نوێ، لە ڕێبەریکردن و وەگەرخستنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەی پەرەئەستێندا، کاریگەر و چارەنووسسازن.

مانفێرد هالپێرن چینی نێوەراستی نوێ بە هۆکاری ئالوگۆری کۆمەڵایەتی لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناڤین بە تایبەت ئێران دەزانێ و "چین-تەبەقە" لە سەر بنەمای کاریگەرییەک پێناسە دەکا کە لە کۆمەڵگەدا هەیەتی و دەڵێت: هەر چینێک دەبی لە بەستێنی ئەو ڕۆڵە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەدا پێناسە بکەین کە لە پرۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێ.

هالپێرن ناوچەی مەراکش تاکوو پاکستان لەنێو شۆڕشێکی قووڵدا دەبینێ و بڕوای وایە کە هەوڵی داوە هۆکار و تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە شرۆڤە بکا و چینی نێوەڕاستی نوێ وەکوو هێزێکی شۆڕشگێری سەقامگیر دەزانێت کە ئەو چینە بەڕێوەبەر، مامۆستا، ئەندازیار، ڕۆژنامەنووس، خوێندکاران و ... لە خۆی دەگرێت. بە بۆچوونی هالپێرن، ڕێبەری لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناڤین بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەستی چینی نێوەڕاستی نوێ دایە.

بە بڕوای جێمیز بیل، یەکێک لە هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە بەرگرژەی بۆ پێکهاتەی نەریتیی ولاتانی پەرەئەستێن دروست کردوە، چینی نێوەڕاستی نوێیە و ئەندامانی ئەم چینەی بە سەر چوار گرووپی: شوێنکەوتووان، داکۆکیکارانی سیستم، تێکنۆکراتەکان و ڕادیکاڵ یا دژبەران دابەش کردوە.

**لە ڕاڤەی جێمیز بیلدا، ڕادیکاڵەکان لە ڕاستیدا هەر ڕووناکبیرەکانن.**

ڕووناکبیران بە مانای تایبەت نە تەنیا کاربەدەستانی دامەزرێنەر یا ڕاگوێزەری بەرهەمی فەرهەنگینە، بەڵکوو کەسانێکن



سەرچاوە
Serchawe

کە لە بەرانبەر سیستمدا دەوەستنەوە و لەدژی ڕادەپەڕن. بە بڕوای سامۆئێل هانتینگتۆنین لەنێو ئەو چینەدا، ڕووناکبیران و خوێندکاران زۆرتر لە هەموو لایەنەکانی تر هەوڵی شۆڕش و توندوتیژی بەرانبەر بە دەسەڵات دەدەن.

**لە بنەڕەتەوە ڕووناکبیری شۆڕشگێر بە دیاردەیەکی تەواو سەرتاسەری لە کۆمەڵگەی تووشیاری نوێگەری دادەنرێ.**

لە بۆچوونی شۆڕشی هانتینگتۆندا، "شار" چەقی دژایەتی لەنێو وڵاتە و چینی نێوەڕاستی نوێ ناوەندی دژایەتی لەنێو شارن و؛ ڕووناکبیران، چالاکترین گرووپی دژبەر لەنێو چینی نێوەڕاستن و خوێندکارانیش ڕێکخراوترین و لێهاتووترین شۆڕشگێران لەنێو توێژی ڕووناکبیرانن. بەمشێوەیە خوێندکاران چالاکترین هێزی شۆڕشگێری لەنێو ناوکی سەرەکی و ناوەندی خەباتی شۆڕشگێری لە کۆمەڵگە پەرەئەستێنەکاندان.

بە بۆچوونی هانتینگتۆن توندترین، ڕێکخراوترین و شۆڕشگێڕترین دژبەران لەدژی دەسەڵاتی ئارایی دەبێ لە زانکۆکاندا سەرهەڵبدەن. چۆن ئەگەر تەنیا یەک کەڵێن لەنێو هەموو وڵاتانی تووشیاری نوێگەرایی بوونی هەبێ، ئەو کەلێنە هەمان کەڵێنی دەسەڵات و زانکۆیە. واتە ئەگەر کۆشکی سەرکۆماری سیمبولی دەسەڵات بێت، بینای ڕێکخراوی خوێندکاری مەکۆی شۆڕشە.

**بەمجۆرە بزووتنەوی خوێندکاری، لە پێگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەکاندا:**

**یەکەم کۆمەڵێک لە خوێندکاران لە خۆی دەگرێت کە:** بە شێوەیەکی دڵخوازانە جموجۆڵی گشتی بۆ دروستکردنی گۆڕان لە زانکۆ و کۆمەڵگەدا ڕێک دەخەن، خوێندکاران لەم جموجۆڵە گشتییەی خۆیان ئەگەری ئەوە هەیە کە پێوشوێنی ئاڵوگۆڕێک لە جۆری فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بەها گشتیگرەکاندا بکەون.

**دووهەم؛** بزووتنەوەی خوێندکاری بە چالاکییەکی گشتی بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی هاوبەش دادەنرێت. ئەم هەوڵە گشتییە زۆرتر لەسەر ڕایەڵکەکانی پەیوەندییە نافەرمییەکانی نێوان خوێندکاران و گرووپەکان بنیات دەنرێ.

شوناسی گشتیی خوێندکاری، لە تەنیشت بڕوا و هۆگرییەکانی هاوبەش، یەکگرتوویی و هاودەنگی پێویست بۆ جووڵەی گشتی و سیاسیی شوێندانەر بە بزووتنەوەی خوێندکاری دەبەخشێت. چەمک و ماهییەتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بناغەڕا، دیاردەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆکەییدایە و بە خەباتی گشتی گرووپە زانکۆییەکان بۆ بەرەو پێشبردنی جۆرێک

ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە پێناسە دەکرێت، هەر بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بە جووڵە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ.

لە هەڵسەنگاندنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەک هۆکارێک بە ناوی زانکۆ و خوێندکاران لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرن، بە تایبەت لە وڵاتانی پەرەئەستێن، زانکۆ لە پێگەی ناوەندی دابینکردنی پێویستییە هزرییەکانی یەک جفات بۆ پێشڤەچوون و ئاسۆیەک ڕوو بە ئازادی، گرینگیی دوو قات وەردەگرێت. ئەم ڕۆڵە چارەنووسسازەی زانکۆکان، زیاتر لە هەر شتێکی تر، قەرزداری بەشداریی خوێندکاران لەم ناوەندە و تواناکانی ئەوانە.

ئەوە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە زیاتر لە هەر شتێکی تر، سەرچاوەگرتوو لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەیە و "ئارمانجخوازی و مافویستی و خۆبەدوورگرتن لە بەرژەوەندیخوازی" دوو تایبەتمەندیی سەرەکی نەوەی لاوی خوێندکارانە کە لە تەنیشت کەڵکوەرگرتن لە هەست و سۆزی لاوان لەچاو چینەکانی تری کۆمەڵگە، هۆی لێهاتوویی ئەم چینە گرینگە کۆمەڵایەتییە دەبێت.

**کارامەیی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بواری نێوەرۆکدا پێوەندیی بە گەشەی هەمووانی ئەم چوار هۆکارە هەیە:**

١- بزواندنی کۆمەڵایەتی

٢- هەستی گشتی

٣- دەروەستی و یەکگرتوویی و

٤- جیایی فۆڕمی ڕێکخراوەیی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان.

## دەرەنجام:

بزووتنەوەی خوێندکاری بە بەردەوامی لە ناوەندی گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستاندا ئامادەگی هەبووە، بەڵام لە خاڵی دەستپێک و دروستکردنی ئاڵوگۆڕی سیاسیدا نەبووە، بەو مانایە کە: شوێنکەوتووی فەزای گشتیی سیاسی ڕەوتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا بووە و لە هێندێک قۆناغ بۆ کاریگەرترین کادرەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسیانە گۆڕاوە.

لەوانەیە لە حاڵی ئێستادا لە هیچ شوێنێکی جیهان بزووتنەوەی خوێندکاری بە مانا ڕاستەقینەکەی بوونی نەبێت و تا

ڕادەیەک هەموو نەریتەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی خوێندکاری بە تایبەت ئەوە لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئورووپادا بەرچاو بوو نەماوە، یا هێندێک لەم بزووتنەوانە بۆ حیزبی ڕادیکاڵ و حیزبی سەوزەکان لە وڵاتانی ئورووپایی گۆڕاون و بە شێوەیەک لە سیستمی سیاسی ئاراییدا جێیان گرتوە.

بە نیسبەت ئێران و کوردستانیش، زانکۆ لە ناوەندی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێی گرتوە و ڕۆڵی خوێندکاران بە تایبەت بە هۆی پەرەسەندنی ڕێژەیی جوغرافیای فێرکاریی باڵا، هەڤیازی و گرینگی تایبەتی بەخۆیەوە گرتوە.

**ئێستا لە ئێران زیاتر لە چوار میلیۆن خوێندکار سەرقاڵی خوێندنن کە ڕێژەی سەتا پێنجی ٥٪ حەشیمەتی ئێران پێک دێنێت. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستان هەڵگری سێ تایبەتمەندی سەرەکییە؛**

١- نەسڵی نوێی خوێندکاری وازی لە ئارمانخوازی و ئارەزووە بێ بنەماکان هێناوە و بە ڕیالیستبوونی هەوڵی بەدیهێنانی دێموکراسی دەدا و دێموکراسی و ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک لە کۆمەڵگە داڵغەی سەرەکیی جموجوڵە خوێندکارییەکانە.

٢- حزوور و ڕۆڵی بێوێنەی کچانی خوێندکار لە جموجۆلی خوێندکاری کە ئەمڕووتێکردنە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕی قووڵی فەرهەنگی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندایە.

٣- سەربەخۆیی ڕۆژبەڕۆژی ئەم جووڵانەوەیە لە هێزە سیاسییەکان و گەلاڵەی سەربەخۆیانەی مافە سیاسییەکانیان و بوون بە نوێنەری داواکاری هەموو چین و توێژەکانی وڵات.

**ئەمە وەرچەرخانێکی ماناداره لە ڕوانیین و فەرهەنگی نوێدا، کە فەرهەنگی خوێندکاری و زانکۆی بەدیی هێناوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## جیاوازییەکانی شوناسپێدەری "سەرکردەی کاریزما"

٣٣ ساڵ بە سەر تیرۆر ڕێبەری هەرمان، شەهید د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە پێتەختی ئۆتریش کە بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندیزمی ئێران، ئەویش لەسەر میزی وتوویژ شەهید کران، تێپەڕی. بەحەق یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی دوکتۆر قاسملوویان لە ڕێبەرانی تر جیا دەکردەوە، خەسڵەتی "سەرکردایەتیی مەزن"ی کاک دوکتۆر بوو. "بڕایان تریسی" لە کتێبەکەیدا بنەماکان و جیاوازییەکانی شوناسپێدەری "سەرکردایەتیی گەورە" شی دەکاتەوە کە بێتوو ئەو خەسڵەتانە بە بەری شەهید قاسملوویان بگرین، دەبینین کە بەحەق پێناسە و وێنایەکی پڕ بەپێستە.

بڕایان تریسی پێی وایە "سەرکردەکان لەدایک نابن، بەڵکوو دروست دەبن". بە واتایەکی تر هەر کەسێک دەتوانێ فێری ئەو کارامەییانەی بێ کە بۆ سەرکردەیەکی گەورە پێویستە، بەڵام دەبێ بە ڕێڕەوێکی تایبەتدا بڕوا و خۆی پێوە ماندوو بکات. تێگەیشتن لەو چەمکە ئەوەیە کە هەموو سەرکردە سەرکەوتووەکان سەردەمانێک شوێنکەوتوو بوون، بەڵام بە وردبوونەوە و ئانالیزکردنی بیر و ئاوەز و ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو سەرکردە سەرکەوتووانەی دەیانناسن، بەرە بەرە فێری "بنەماکانی سەرکردایەتی" بوون و بۆخۆشیان بوونە ڕێبەر و سەرکردەیەکی مەزن.

### گرنگترین بنەماکانی سەرکردەی کاریزما و مەزن

١- سەرکردە گەورەکان دیدێکی درێژخایەنیان هەیە و هەموو یەکەکانی حیزبی بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە گەورەیە کۆ دەکەنەوە.
٢- سەرکردە مەزنەکان توانایییەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ گۆڕینی دیدگای حیزب بۆ ئامانجی گەورە و پاڵنەر، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو ئەندامانی حیزب ژیانی خۆیان ببەخشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.
٣- سەرکردە گەورەکان هەرگیز چاوەڕێ ناکەن کەسانی تر بۆ خەونەکانی ئەو تێبکۆشن، بەڵکوو بۆخۆیان مرۆڤێکی چالاکن و شەو و ڕۆژیان پێکەوە دەدوورن و کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکەیان. بەم شێوەیە هانی ئەوانی تریش دەدەن بۆ کارکردنی شەو و ڕۆژ، نەوەستان و شێلگیری.
٤- سەرکردە مەزنەکان لە هەڵەی ئەندامەکانیان خۆش دەبن، بۆ ئەوەی ئەم لێبوردنە ببێتە پاڵنەریان بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە داهاتوودا. لە کاتێکدا سەرکردە ئاساییەکان بۆ نیشاندانی ئۆتۆریتەی خۆیان زۆر بەکەمی لە هەڵەی

ئەندامەکانیان خۆش دەبن.

٥- سەرکردە مەزنەکان ڕیسکی گەورە دەکەن و ڕوحی بوێری و وەرەبەرزی لە حیزبەکەیاندا دەچێنن.

٦- سەرکردە گەورەکان پشوودرێژن، بە کەوچکێک ئاو وەمەلە ناکەون و بە هۆی ناکامییەکانەوە دەست لە هیوا بەرنادەن. هەربۆیە هەرگیز لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناوەستن و هەر هەمان ڕۆحی نەسرەوتنەش دەخەنە نێو دەمارەکانی ژیانی حیزبەکەیانەوە.

٧- سەرکردە مەزنەکان، کاتێک دەیانەوێ بڕیار لەسەر پرسێک بدەن، بەردەوام بیر لە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بابەتە دەکەنەوە و هەمیشە لە خۆیان دەپرسن: "ئەگەر ئەم کارە بکەین چ سودێکی درێژخایەنمان دەست دەکەوێت؟ کاردانەوەی ڕکەبەر و دوژمن چۆن دەبێت؟ ئایا ئەندامان و میللەت بەم بڕیارەمان ڕازی دەبن؟"

٨- سەرکردە گەورەکان سەرنجیان لەسەر دروستکردنی "جیاوازیی بنەڕەتی لە ڕکەبەرەکان"دایە نەک لەسەر ئەرکە ڕۆتینییەکان.

٩- سەرکردە گەورەکان توانایەکی نائاساییان هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئامانج و بیرۆکە و پلانەکانیان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەمیشە دڵنیا دەبن لەوەی ئەندامانی حیزب و گرووپەکانیان لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو ئامانج و بیرۆکە و بەرنامانە تێدەگەن.

١٠- سەرکردە مەزنەکان هەمیشە وەک ژێنەراڵێک لە هێڵی پێشەوە و لەگەڵ ئەندامەکانیان بۆ سەرکەوتنی حیزبەکەیان تێدەکۆشن. ئەوان هەرنەبی یەک لە چواری کاتەکانیان لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا بەسەر دەبەن و نایەڵن هیچ دابڕانێک لە نێوان خۆیان و گرووپەکەیاندا دروست ببێت.

بە سەرنجدان بەو بنەمایانە کە "بڕایان ترێسی" بۆ سەرکردەی مەزن دەستنیشانی کردوون، دوکتۆر قاسملوو "سەرکردەیەکی مەزن"ی کوردستانی و جیهانی بوو. بۆیە تاریکپەرەستانی ئاخوندیزمی ئێران نەیانتوانی خۆ لە بەرانبەر خۆری پڕشنگداری هزر و ئەندێشەکانیدا بگرن، لەو سۆنگەیەشەوە بە دەستی غەدر و تاوان لە خەڵکی کورد، لە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی جیهانییان ئەستاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٢٢

## تایبەتمەندیی سەرکردەکان - د. سادق بۆ نموونە - لە ڕوانگەی "برایان ترێسی"یەوە

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بە سەر تیرۆری ڕێبەری هەرماو دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلینی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئاخوندیزمی ئێران تێپەر دەبێت. دوکتۆر سادق وەک سەرکردەیەکی مەزن خاوەنی گەلێک تایبەتمەندیی وەک بوێری، خاوەنئیرادە، لێبڕاو، پڕاگماتیست و ڕیالیست بوو کە توانیبوویان پرستیژ و ئۆتۆریتەی لە ڕێزی ڕێبەرانی کورد و ئێرانی بۆ دروست بکەن و بۆخۆیشی وەک کەسایەتییەک ببێتە چرایەک لە شەوەزەنگی ئیستیبدادی کۆماری ئیسلامیدا.

**"برایان ترێسی" لە کتێبی" ١٢ بنەمای سەرکردەی مەزن"دا پێنج تایبەتمەندی بۆ سەرکردەی مەزن و خاوەن کەسایەتی دەستنیشان دەکات:**

### ڕاستگۆیی

سەرکردە ڕاستەقینەکان هەمیشە قسە و ڕەفتارێکی ڕاستگۆیانەیان هەیە، ڕواڵەت و نێوەوەیان وەک یەکە. سەرکردە مەزنەکان هەم لەگەڵ کەسانی تر و هەم لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆن، هەرگیز کەسانی تر و خۆیان هەڵناخەڵەتێنن و هیچ قسە و ڕەفتارێکی چەوتیشیان نییە.

دوای شەهیدبوونی ڕێبەری هەرماو دوکتۆر قاسملوو کە کومیتەی ناوەندیی حیزب ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی پێ دەسپێرێ، لە یەکەم وتاریدا بەو پەڕی ڕاستگۆیی بەڵێنی بە دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدان دەدات کە درێژەدەری ڕێگای نەمریان بیت و دەڵێت: "لەم ڕێگایەدا کە ڕێگای سووری شەهیدانە یا سەردەکەوین یا بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دادەنێین". ئەو بەحەق وفادار بە بەڵێنەکەی مایەوە و بۆ سەرخستنی ئەندێشەکانی دوکتۆر قاسملوو و مانیفێستی حیزبی دێموکرات ڕاستگۆیانە تێکۆشانی کرد و لەم ڕێگایەشدا گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان کرد.

### هەڵبژاردنی دروست

دەتوانین مرۆڤ بە "بوونەوەری هەڵبژاردنەکان" ناو ببەین، چونکە هەر کام لە ئێمە ڕۆژانە سەدان هەڵبژاردن دەکەین.

کاتێک وشەیەک یان ڕەفتارێک هەڵدەبژێرین، مانای وایە دەیان وشە یان ڕەفتارێکی تر فڕێ دەدەین. بەهۆی ئەمەوە هەڵبژاردنەکانمان نیشان دەدەن کە چی بۆ ئێمە گرینگە و چی گرینگ نییە. سەرکردە گەورەکان هەمیشە هەڵبژاردنی دروستیان هەیە، بە تایبەت لە دۆخە سەختەکاندا، تەنانەت ئەگەر تێچووی زۆریشی بۆ بدەن.

قسەیەکی دوکتور سادق وەک فاکتێکی بەهێز بۆ ئەم تایبەتمەندییە لەو کەسایەتییەدا دێنینەوە: "دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بە هاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو بڕازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن". ئەم داوایەی نەمر شەرەفکەندی لەو کات و ساتە هەستیارەدا دەرخەی خوێندنەوەی واقعبینانەی بەرێزیانە بۆ خەبات و بە حیکمەتی خۆی بە بڕاردەیەکی دروست و گونجاوی بۆ تێکۆشان دەزانێت. هەربۆیە ئەم داوایە لە لاوانی نیشتمانپەروەر دەکات و لەو قۆناغەدا لەنێوان چەندین هەڵبژاردە بۆ خەبات، ئەوە بە هەڵبژاردەیەکی دروست دەزانێت.

## پابەندبوون بە بەهاکان

سەرکردە گەورەکان لە هەموو کاتێکدا پابەندن بە بەهاکانی ڕێکخراوەکەیان و لە هیچ بارودۆخێکدا سازش لەسەر ئەم بەهایانە ناکەن. لەم بوارەشدا دوکتۆر سادق پابەندییەکی بێوێنەی بە پرنسیب و دیسیپلینەکانی حیزب هەبوو. ئەو هیچ کات سازشی لەسەر پێشێلکردنی نۆرم و بەهاکانی شوناسی ڕێکخراوەیی نەدەکرد و بە بوێرییەوە بەرانبەر کردەوە ناتەباکان لەگەڵ ئەخلاق و کولتووری شۆڕشگێر و شوڕشگێڕی دەوەستاوە و بنچینە هزری، ماکی و ئاوەزییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەپاراست.

## زاڵبوون بەسەر خۆدا

سەرکردە گەورەکان خۆکۆنترۆڵییەکی بەرزیان هەیە، بەو مانایەی ڕەفتارەکانیان عەقڵانی و دوور لە هەست و سۆزە و لە بڕیاردانیدا دەستوەردان لە پرس و بەرژەوەندییە کەسییەکانیان ناکەن. شەهید شەرەفکەندی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەخێرایی و بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕێنوێنی و جێبەجێکردنی ئەندێشەکانی نەمر قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی لێزان و زانا جڵەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەی لە دۆخێکی زۆر دژواردا گرتە دەست و بە بڕیاری ژیرانەی بۆ هەموو بەشەکانی جێبەجێکاری حیزب توانیی بە سەر ئاریشەکانی تاکی و ڕێکخراوەییدا زاڵ ببێت و کۆنترۆڵی دۆخی قەیراناویی ساتەوەختی بێقاسملوویی لە حیزبی دێموکراتدا بکات.



سەرچاوە
Serchawe

## خۆڕاگری

ئەلبێرت گرای، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاوێژکارەکانی بەڕێوەبردن لە ئەمریکا، دوای ١٣ ساڵ لێکۆڵینەوە لە ژیانی سەرکردە گەورەکان، لەم ڕستەیەدا لێکۆڵینەوەکانی خۆی کورت کردۆتەوە: "سەرکردە گەورەکان بەپێچەوانەی سەرکردە ئاساییەکان، خۆڕاگرییەکی بەرزیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و قەت ناوەستن و هەرگیز دەست لە تێکۆشان هەڵناگرن." دێنیس ویتلی، یەکێکی دیکە لە ڕاوێژکارەکانی بەڕێوەبردن لە ئەمریکا، تایبەتمەندیی خۆڕاگری لە سەرکردە گەورەکاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "سەرکردە گەورەکان زۆر کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەڵام سەرکردە ئاساییەکان زۆر کار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە فشار و ڕەخنەی کەسانی دی."

وەک میناک بۆ ئەم تایبەتمەندییە لە دوکتور سادقدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوی مەزن و لە کاتێکدا یار و نەیار چاویان لە حیزبی دێموکرات بڕیبوو، د. شەرەفکەندی بە ڕۆڵی کارساز و ئیرادە و لێزانینیی خۆی لە خەباتدا بۆشایی نەمانی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەکی باش پڕ کردەوە و نەیهێشت بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردەوە دیار بێت. ئەو خەبات دژی ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندیی ئێرانی بەگوڕتر و بەرینتر لە هەموو ڕەهەندەکاندا پەرە پێدا و بە دووڕنوارییەکانی نەیهێشت پێشەنگایەتیی خەبات دژی ڕژێم بکەوێتە دەستی هیچ ڕەوتێکیتر.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایانەی کە برایان ترێسی بۆ کەسایەتیی سەرکردەی مەزن ئاماژەی پێداون و بەو فاکتە واقعییانەی بۆ ئەم بنەمایانە لەسەر کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی ئاماژەی پێ کرا، بەحەق دەتوانین بڵێین دوکتۆر سادق سەرکردەیەکی مەزنی کورد بوو کە ئێستا ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئیلهامدەری شۆڕشێکی مەزن لە کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## زمانی دایک وەک کۆڵەکەی مانەوەی نەتەوەکان

یونسکۆ بە نیسبەت گرینگیی زمانی دایک دەڵێ بێتوو کەسێک نەتوانێ بە زمانی دایکیی خۆی قسە بکا، ئەگەر بشتوانێ بخوێنێ و بنووسێ هەر بە نەخوێندەوار دادەنرێت.

ڕابوونی زمانی و پێویستیی سەرنجدن بە زمانی دایک و تێگەیشتن لە گرینگی و زەرووڕەتی فێربوون و پەروەردەبوون بە زمانی زگماک گەیشتە جێگایەک کە ڕێکخراوی یونسکۆوە لە کۆتایی ڕۆژ و مانگەکانی سەدەی بیستەم، ڕۆژێکی جیهانی بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر بکات. ئامانجی یونسکۆ یارمەتیدان بە جۆراوجۆریی زمانی و فەرهەنگی وەک کەلەپوورێکی هاوبەش و بەنرخی مرۆڤایەتی و پێشگرتن لە فەوتان و تێداچوونی زمانەکان بوو؛ چونکە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە زمان ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و لە خۆ گری شوناس و کاردانەوەی جیهانیی تاکەکانە. بۆیە فەوتان و نەمانی هەر زمانێک بە مانای فەوتانی شێوەزاری کەسێک لە فەرهەنگ و مێژووی مرۆڤایەتی و سەرلێشێواوی و بێشوناسیی زمانی تاکە.

**لە ڕوانگەی هاوچەرخەوە:**

زمانی یەکەم یا زمانی دایک بریتییە لەو زمانەی منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوونی لە ژینگەی ماڵەوەدا فامی دەکات و ئەو زمانە لە دایک و باب و خێزانەکەیدا فێر دەبێت و لەڕاستیشدا زمانی بنەڕەتیی باوانی منداڵەکەیە.

**لە پێناسەی زمانی دایک، یان زگماکدا پێوەرەکانی خوارەوە لەبەرچاو دەگیرێن:**

- لە سەرەتای لەدایکبوونەوە بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەم زمانە هەیە و فێری دەبێت.
- توانای هەیە بە شێوەی سرووشتی، ئاسایی و ڕەوان قسەی پێ بکا.
- پێوەندیگرتن بەم زمانە لەگەڵ کەسانی تردا بۆی ئاسانە و بە سەریدا زاڵە.
- کاتی ئاخاڤتن بەم زمانە، زمانی تەتەڵە ناکات و بنزاری نییە.

### لە ڕوانگەی ناهاوچەرخەوە:

زمانی دایک لە بنەڕەتدا زمانی دایکیی منداڵ نییە. وشەی دایکی لە چەمکی زمانی دایکدا بە مانای سەرەکی دێت وەک نیشتمانی دایک، زانکۆی دایک، پیشەسازیی دایک و هتد. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە زمانی دایکیی هەر تاکێک زمانی باوباپیرانی ئەو تاکەیە، هەرچەند لەوانەیە ئەو تاکە نەتوانێ پێی بئاخڤێت. بۆ مینـاک زمانی دایکیی تاکێک کە فارسییە، بەڵام باوباپیرانی بە کوردی قسە دەکەن (منداڵێکی هەورامی کە بە زمانی فارسی قسە دەکا، هەرچەند ناتوانێ بە زمانی دایکی قسە بکا بەڵام لەژێر پێناسەی ناهاوچەرخ بوونی پێناسەی زمان چۆن زمانی ئەژدادی کوردییە، زمانی دایکی ئەویش کوردییە.)

### لە ڕوانگەی مێژووییەوە:

ڕاڤەیەک هەیە کە دەڵێ: ئەوەی ڕۆژێک تاک بەو ڕاستییە بگا زمانی ئەژدادیی جیاواز لەو زمانە بووە کە ئێستا ئەو قسەی پێ دەکا یا ئەو بە هەر هۆکارێک نەیتوانیوە زمانی دایکی خۆی فێر بێت، لە ئەگەری ڕەخساندنی دەرفەت فێری زمانی دایکی خۆی بێت و لەمەوبەدوا بە زمانی ڕەسەنی خۆی واتە زمانی دایکی قسە بکات. یا ئەگەر ئەو فێریشی نەبێت کە بیلێت و قسەی پێ بکا، بەڵام خۆی بەو زمانە پێناسە بکا و بناسێنێت.

### هۆکارەکانی گرینگیی زمانی دایک و زەروورەتی فێربوونی:

- زمانی دایک لە فۆڕمبەخشین بە شۆناس و کەسایەتیی منداڵدا کاریگەریی حاشاهەڵنەگری هەیە و لەڕاستیدا بەشێک لە شۆناسی تاکە.
- منداڵ لە ڕێگای زمانی دایکیی خۆیەوە فێر دەبێت و دەتوانێ هەست و ئێحساسی خۆی دەرببڕێت و ژینگەکەی باشتر بناسێت.
- فێربوونی زمانی دایک پێوەندی تاک بە ڕابردوو و ڕیشەی خۆی گرێ دەدات و پێش بە دابڕانی ئەو پێوەندییە و دەرەنجام بێشۆناسی بەشێوەی گشتی و بێشۆناسی زمانی بەشێوەی تایبەتی دەگرێت.
- نزیک لە تەواوی پسپۆڕانی پەروەردە لەسەر ئەم بڕوایەن، منداڵێک کە بە زمانی دایکیی خۆی بیر دەکاتەوە، باشتر دەتوانێ بیرکردنەوەکانی دەرببڕێت.



سەرچاوە
Serchawe

- تاکەکان زمانی دایک فێر دەبن، بەڵام زمانی دوویەم لەبەر دەکەن. لە پرۆسەی زمانی دوویەمدا تاک دەست دەکا بە پێوانەکردنی زمانی دوویەم لەگەڵ زمانی دایکیی خۆی.

- لێکۆڵینەوەکان دەڵێن فێربوونی زمانی دایک لەبەرکردنی زمانەکانی دیکە ئاسان دەکات و دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوون.

- درێژەپێدان بە فێربوونی زمانی دایک بۆ منداڵان لە کاتی پەروەردە بە زمانی

**دوویەم بە دوو هۆکار گرینگە:**

**یەکەم،** لەبەر ئەوەی زاڵبوونی تەواو بە سەر زمانی دایک دوازدە ساڵ دەگرێت و پێش ئەوەی زمانی دوویەم فێر بێت، پرۆسەی پەروەردە دەست پێ دەکات، باش وایە پەروەردەی زمانی دایک نەوەستێ تا منداڵ بتوانێ زمانی دوویەم لەسەر بنەمای زمانی یەکەم واتە زمانی دایک فێر ببێت.

**دوویەم،** بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ بابەتی زانستی بە زمانی دوویەم فێر بێت پێنج تا حەوت ساڵ کات پێویستە، بۆیە لەم نێوەدا درێژەدان بە زمانی دایک گرینگیی خۆی پێشان دەدا.

داتاکانی یونسکۆ دەڵێن ئەمڕۆ سێ هەزار زمان لە بەردەم مەترسیی فەوتاندان و نیزیکەی شەش هەزار و هەشت سەد زمان لە سەرتاسەری جیهاندا هەن کە لە بواری ڕێژەی ئاخێوەران لەگەڵ یەکتری جیاوازن. لەم ڕێژەیەش یازدە زمان هەر کامیان سەد میلیۆن کەس ئاخێوەریان هەیە، یانی پەنجاویەک لە سەدی حەشیمەتی جیهان بەم زمانانە قسە دەکەن، ئەم زمانانەش بریتین لە ئینگلیسی، ئیسپانی، عەرەبی (بە هەموو شێوەزارەکانی)، هێندی، پۆرتێغالی، بێنگالی، ڕووسی، ژاپۆنی، فەرانسەوی و ئاڵمانی. دووسەت زمانیش چلوچوار لە سەدی حەشیمەتی جیهان قسەی پێ دەکەن، ئەوەش بەو مانایە دێت کە زیاتر لە شەش هەزار زمان لەلایەن کەمتر لە یەک میلیۆن کەس قسەی پێدەکرێت و بگرە لەوانەیە کەمتر لە سەد هەزار کەسیش قسەیان پێ بکا. ڕوونتر دەتوانین بڵێین لە ڕێژەی نەوەد و پێنج لەسەدی زمانەکانی دونیا کەمتر لە پێنج لە سەدی حەشیمەتی جیهان قسەیان پێ دەکرێت.

**بەپێی هەڵسەنگاندنی یونسکۆ سێ هەزار زمان لە سەراسەری جیهان بەرەو فەوتان دەچن، زمانی بەرەو فەوتان بە زمانێک دەگوترێت کە یەکێک لەم سێ دۆخەی هەبێت و بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو زمانە فەوتاوە:**

- منداڵان ئیتر ئەو زمانە وەک زمانی دایک لە ماڵەوە فێر نابن.

- باب و باپیران یا بەتەمەنەکانیان بە زمانی ڕەسەنی دایکیی خۆیان قسە ناکەن، لە حاڵێکدا باب و باپیرانیان ئەو زمانە دەزانن؛ بەڵام لەگەڵ منداڵەکانیان بەو زمانە قسە ناکەن.
- لاوترین ئاخێوەرانی ئەم زمانە باوک و باپیر و دایەگەورە و باوەگەورن کە وەچە بەتەمەنەکانیانن و ئەوانیش بەشێوەی گشتی و تەواو لە زمانی دایکییان لەنێو خۆشیاندا کەلک وەرناگرن و ئیدی زمانەکە فەوتاوە.

یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی مانەوەی هەر زمانێک ئاخێوەرانی ئەو زمانەن. شێوەی ڕوانین، هەڵسوکەوت و کرداری ئاخێوەرانی یەک زمان دەتوانێت لە مانەوە یا فەوتانی ئەو زمانەدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت. بۆ نموونە ئەوەی کە بوو بە هۆی ئەوەی زمانی بێنگالی بە نەتەوەیی و فەرمی ڕاگەیەندرێ، هەوڵی ئاخێوەرانی ئەو زمانە بەتایبەت چینی خوێندەوار بوو.

**لە کۆتاییدا باسەکەشدا ئاماژە بە بیروبۆچوونی هێندێک بیرمەندی جیهان لەسەر گرینگیی زمان و پێناسەی ئەوان بۆ زمان دەکەین:**

– **شۆپێنهاوێر:** زمان بەبایەخترین میراتی هەر نەتەوەیەکە.

– **هایدیگێر:** بێتوو زمانی نەتەوەیەک بفەوتێت، ئەو نەتەوەیە لەسەر ڕووی زەوی نامێنێت.

– **ویت گێنێشتاین:** زمانی من جیهانی منە و جیهانی من زمانی منە.

– **جان ئێستوارت میل:** ئەگەر بیانەوێ ئێوە لە خۆیاندا بتوێننەوە و دەستەمۆتان بکەن، سەرەتا دەست بۆ زمانەکەتان دەبەن.

– **مامۆستا هەژار:** نەتەوەیەک کە پارێزگاری زمانەکەی خۆی بێ، وەکوو دیلێکە کلیلی زیندانەکەی لە گیرفاندا بێ. هەرکات هەلومەرجی ئەوەی بۆ ڕەخسا، دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا. بەڵام نەتەوەیەک کە گرنگیی نەدا بە زمانی خۆی وەکوو دیلێکە کە کلیلی زیندانەکەی لە دەست دوژمنەکەیدا بێ. بۆیە چۆک دادەدا و وردەوردە لەنێو زمان و فەرهەنگی باڵادەستدا دەتوێتەوە.
– **گاندی:** کەسێ کە زمان و ئەدەبی خۆی نەخوێندبێ، مێژووی خۆی نازانێ و ئەوەی کە مێژووی خۆی نەزانێ، داهاتووی نابێت.

**– ماندێلا :** ئەگەر لەگەڵ کەسێدا بەو زمانەی فێری بووە بدوێی قسەکانت دەچێتە مێشکیەوە، بەڵام ئەگەر بە زمانی دایکی بیدوێنی قسەکەت لە ناخی دڵیدا جێگیر دەبێ.

**– جۆرج بڕادۆن:** ئەگەر دایک و باوکان بزانن بڕوامەندیان هەبیت کە زمانی ئەوان گرینگ و بایەخدارە بە زمانی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان ئاخافتن دەکەن.

**– مووسا عەنتەر:** ئەگەر زمانی ڕەسەنی من، بناغەی دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت، مانای وایە کە تۆ دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من دروست کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## پێشەوا بۆ هەر پێشەوایە؟

ستیڤن کۆڤی لە کتێبی"خەڵکانی کاریگەر"دا جەخت لەوە دەکاتەوە تا ئەوانی تر زیاتر ڕێز لە سەرکردە بگرن، ڕەواییەتی دەسەڵاتەکەی بەسەر ئەویدییەکاندا پتر دەبێت.

**هەروەها چەند ڕاسپاردەی بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی سەرکردە و ڕێزگرتن لە چاوی ئەوانی تردا خستووەتەڕوو کە بریتیین لە:**

**ڕازیکردن**: هاوبەشکردنی هۆکار و لۆژیکی خۆت لەگەڵ کەسانی تر، ڕاگەیاندنی هەڵوێست و بۆچوونی سەرکردە، و لەهەمان کاتدا بە قووڵی ڕێزگرتن لە بیر و بۆچوونی شوێنکەوتووان، پابەندبوون بە پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ شوێنکەوتووان تا گەیشتن بەئەنجامەکان بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی هەمووان لەخۆ بگرێت.

**سەبر**: سەرکردە دەبێت دیدگای درێژخایەنی خۆی لەبەر چاو بگرێت سەرەڕای هەموو کێشە و شکستێک و لە ئەگەری هەڵەی شوێنکەوتووان، پابەندی ئامانجەکانی بێت بەبێ گوێدانە هەموو ئاستەنگەکان.

**کەڕامەت و وریایی**: لەبری ئەوەی توندوتیژی بکەیت و دوژمنایەتی، کەڕامەت و وریایی نیشان بدە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ لاوازی و ئاشکراکردن و ئەگەری هەستی شوێنکەوتووان.

**توانای فێرکردن**: بەو مانایەی کە سەرکردە هەست ناکات لە هەڵوێستێکدا کە هەموو وەڵامەکان بزانێت و بتوانێت لە هەموو کەسێک باشتر حوکم بدات و بۆچوون لەسەر هەموو بابەتەکان بدات.

قبوڵکردن، خۆبەدوورگرتن لە حوکمدان، ڕێزگرتن لە ئەگەری هەڵەبوون و ڕەچاوکردنی مەرجێک بۆ ڕاستبوون.
میهرەبانی، هەستیار بوون، گرنگیدان، خۆشەویستیی و بیرهێنانەوەی فەزیلەت و کردارە بەسوودەکانی ئەوانی تر.
پاک و خاوێنی، کۆکردنەوەی زانیاری ورد دەربارەی شوێنکەوتووان و بۆچوونەکانیان؛ ئەوان چین و دەتوانن ببنە چی.
گرنگیدانی تەواو بە مەبەست و بەها و ئامانجی شوێنکەوتووەکان لە بری ئەوەی تەنها گرنگی بە ڕەفتارەکانیان بدەیت و

خۆشەویستیی و داننان بە هەڵەی شوێنکەوتووان کە دەتوانن چی بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخەکە؛

بەردەوامی بەو مانایەیە کە شێوازی سەرکردایەتیت باڵادەست و فریودەر نییە، کە بەپێی هەلومەرج بەکاری دەهێنیت و لەکاتی بەرکەوتنی قەیران و تەحەددا ڕەنگەکەت دەگۆڕێت؛ بەرزکردنەوە، پابەندبوون بە بنەما و بەها دەربڕدراوەکان، پابەندبوون بە کارەکتەر و خودی ڕاستەقینە.

کۆی بوون، هاوئاهەنگی وتە و هەستەکان لەگەڵ بیرکردنەوە و کردارەکان بە لەبەرچاوگرتنی چاکەی ئەوانی تر، هەوڵنەدان بۆ فریودانی ئەوانی تر و بەکارنەهێنانی فریودان و زاڵبوون.

بە تێرامانێک لەو ڕاسپاردانەی ستیڤن کۆڤی بۆ کاریگەری دروستکردنی سەرکردەکان، بەو ڕاستییە دەگەین کە حەزرەتی پێشەوا قازی لەپێش ڕوح و ئەقڵی سەردەم ژیانی کردووە، چۆن لە کاتی نووسینی ئەم ڕاسپاردانەی ستیڤن کۆڤی بۆ کنریگەری سەرکردە و ژیانی پێشەوا قازی زیاتر لە پێنج دەیە مەودا بوونی هەیە و ئەوەش هەڵگری ئەو پێناسە شیاوەی دوکتۆر قاسملووی هەرمانە کە دەڵێت: پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووابوو.

**کە بە حەق مێنتالیەتی حەزرەتی پێشەوا لەپێش ڕوحی سەردەمەکەی خۆی بوو.**

چۆن هیچ کات وەک سەرکردەیەک نەکەوتە تەڵەی خۆسەنتەری لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەییدا و ئاوەزی کەسی لە پێش ئامانجە سەرەکییەکانی حیزبی دانەنا و کەسایەتییەک بوو، دوور لە وەهم، ستایشکردنی خۆی و خۆحەزی ؛ و خزمەتی نیشتیمان و نەتەوەکەی کرد.

**دەرەنجام:**

**بەحەق دەتوانیین بڵێین سەرکردەیەکی واقیعبین بوو و لۆژیکییەکانە بڕیاری دەدا و لەسەر دوو بنەمای گرینگ کاری دەکرد:**

١- جێبەجێکردنی شتەکان و
٢- تەواوکردنی شتەکان.

لەسەر ئەساسی ئەم دوو بنەمایە کۆنترۆڵی خۆسەنتەریی خۆی دەکرد.

لە ڕاستیدا ئەگەر سەرکردەکان چێژە کورتخایەنەکانیان لە هەموو شتێک پێ باشتر بێت، ئەوا توانای هەڵسەنگاندنی واقیعەکانی جیهانی دەوروبەریان لەدەست دەدەن و بە چوارچێوەیەکی دەروونی درۆ و وەهمییەوە سەیری شتەکان دەکەن وەک میناک لە جیهانی ئەمڕۆشدا؛ "خامنەیی"یە.

لە ڕۆژی لە سێدارەدانی حەزرەتی پێشەوا قازی محەممەد هاوڕێیانییدا سەری ڕێز لە بەردەم ئارمانجە نەتەوەییی، نیشتیمانی و ئینسانییەکانیانی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دائەنوێنم و دەست بەسینگ لە بەردەم بەها و بایەخەکانیان دەوەستم.

ڕوحیان شاد و ئامانجەکانیان پایەدار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ.. بۆ بەلاڕێدابردن و بە ئەمنیەتیکردنی نەورۆز

هەر وەک ئاشکرایە لە پارێزگای ورمێ بە حوکمی چەند پێکهاتەیی بوون هەموو کات بە تێڕوانینێکی ئەمنییەتی لە سەرجەم جومگە کۆمەلایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی، مەدەنی و... لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندی لێی دەنواڕدرێت و بۆ هەر کار و چالاکییەک بە مەبەست لایەنی تەناهییەکەی زەق دەکرێتەوە، تاکوو یا مۆنۆپۆلی بەڕێوەبردنەکەی بکەن یا ئیزن بە بەڕێوەچوونەکەی نەدەن و لە ئاکامی دژکردەوەی کۆمەڵگەدەستیان بۆ گیران، ئەشکەنجە و زیندانی هاووڵاتیانی سڤیل کراوەتر بێ.

بەتایبەت لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوو (١٣٩٠ تا ١٤٠٠) بە هۆی نفووزی پەرگیری پانتورکیزم لە هەموو بەشە نیزامی، ئەمنییەتی، میری، کلتوری و فەرهەنگی بۆنە مەدەنی و کلتورییەکانیش بە ڕوانگەی ئەمنیەتی بەرامبەریان دەوەستنەوەو ئیزنی بەڕێوەچوونیان پێ نادرێت.

کە وەک میناک لە دواهەمین پێشگرتنندا دەتوانین ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی جەژنی چوار ساڵەی گرووپی هونەری - کلتووریی "دیلانی ورمێ" و بۆنەی نەورۆز بکەین. لە ڕاستیدا هەردوو ڕێوڕەسمەکە، بۆنەی مەدەنی، کلتووری - نەتەوەیین. ئەوەی لەم بۆنانەدا ڕۆح و جەوهەری شوناسخوازی بە تاکی بەشداربوو دەبەخشێ، "نەتەوەخوازی و نیشتمان خۆشەویستییە." ڕێک ئەو پارادایمەیە کە دەزگای حاکمیەت و ڕەوتی پانتورکیزم لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە لە تاکی کوردی دابڕێت و لە ڕێگەی بێشووناسی تاکەکانەوە لە ناو دەوڵەت ـ نەتەوەی سەردەست بیانتوێنێتەوە.

ئەگەر ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە پارێزگای ورمێ وەک سووژەی ئۆبژەکتیڤ لە سەری هەڵوەستە بکەین، دەبینین کە چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراو و(NGO) کان چەند مانگ بەر لە هاتنی نەورۆز، بە سەردانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار "فەرمانداری، بەشی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی"، هەوڵیان دا مۆڵەتنامە بۆ بەڕێوەچوونەکە وەربگرن، بەڵام بە پاساوی ئەمنیەتیبوون و کۆرۆنا و هتد، ئیزنیان نەدا چالاکانی سڤیل بە شێوەیەکی مەدەنیانە ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە بەرن و هاوکات بە پیلانگێڕی "بەسەربازیکردن"ی شار و شارۆچکەکان دۆخی میلیتاریستیان بەسەر کۆمەڵگادا سەپاند کە لە ئاکامدا خەڵکیان تووشی دوو هەڵبژاردە کرد:

بێدەنگی و بەڕێوەنەبردنی ڕێوڕەسم یان بەڕێوەبردن و گیران کە بەخۆشحاڵییەوە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت هێزی داینەمۆی شۆڕش واتە "لاوانی نەتەوەخواز و نیشتماندۆست"، بە هەڵکردنی ئاوری نەورۆز و هەڵپەڕکێی کوردەواری ئەدای خۆشییەکانی خۆیان کرد وتەسلیمی ئیرادەی دوژمن نەبوون کە مخابن هێزە دژی گەلییەکان چاویان بە بەشداری کچان و کوڕانی نیشتمان هەڵنەهات و هەوڵیان دا پێش بەو شایی و خۆشییە بگرن، دەرەنجام لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی دلێرانەی لاوان ڕووبەڕوو بوونەوە.

کۆتا پەیڤ ئەوەیە کە پارێزگای ورمێ بە چاوی تەواو ئەمنیەتی و میلیتاریستییەوە بەتایبەت بۆ سەرجەم بۆنە مەدەنی، کلتوری، زمانی، ژینگەیی و... کوردی و کوردستانی لێی دەڕواندرێت و پێش بە بەرێوەچوونی دەگیردرێت، کە لەم هەڵوێستە ترسنۆکانەیەدا هەم حاکمیەتی ناوەندی و هەمیش ڕەوتی پانتورکیزم هاودەنگ و هەماهەنگ پێکەوە کار دەکەن، بەڵام بە خۆشییەوە ڕۆح و لۆژیکی "نەتەوەخوازی و نیشتماندۆستی" سەرەڕای هەڕەشە، گرتن و بەندیخانە مانیفێستی کۆمەڵگایە و خەڵکیش بۆ زیندوومانەوە و شەکاوەڕاگرتنی ئەم مانیفێستە ئامادەن بۆ هەموو قوربانیدانێک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤا تۆدەی - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠٢٢

---

## خۆکوژی چییەتی و هۆکار؟

**یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی دەروونناسی کە لێکەوتەی گرنگی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسیی تاکەکان هەیە، بابەتی خۆکوژییە.**

خۆکوژی کردارێکە دەرئەنجامەکەی مردنە، بە مەبەست و لە لایەن خودەوە دەکرێت، لەکاتێکدا کەسەکە دڵنیایە دەرئەنجامەکەی کوشندەیە، واتە کۆتاییهێنانی تاک بە ژیانی خۆی.

خۆکوژی چەند ئاست و پێکهاتەیەکی هەیە ئەوانیش بریتین لە: بیرۆکە و بیرکردنەوە لە خۆکوژی، ویستی خۆکوژی، بوونی پلان بۆ خۆکوژی، هەوڵی خۆکوژی و لە کۆتاییدا خۆکوشتن.

دەتوانین بڵێین ئەوانە قۆناغەکانی خۆکوژین کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، و بەبیری خۆکوژی دەست پێ دەکات و بە خۆکوشتن تەواو دەبێت.

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) ساڵانە ١٣٦ کەد لە ١٠٠ هەزار کەس لە پیاوان و ١٨٦ کەس لە ١٠٠ هەزار کەس لە ژنان هەوڵی خۆکوژی دەدەن. ئەوانەش بە هۆی هەوڵی خۆکوژییەوە دەمرن ساڵانە ٨٠٠ هەزار کەسن. خۆکوژی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردن و لە گەوراندا پلەی دەیەمی هەیە و لەنێو هەرزەکارانیش سێیەم هۆکارە بۆ مردن!

### هۆکارەکانی خۆکوژی:

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەوانەی بە خۆکوژی دەمرن نەخۆشیی دەرونییان هەیە و بە تایبەت لەو وڵاتانەی سیستمێکی نابەرپرسیار بە نیسبەت تاک و ماف و ویستەکانی لە هەموو سێکتەرەکاندا زاڵە، تاک تووشی کێشەگەلی جۆراوجۆر لە ئاستە جیاوازەکان دەبێت و بێهیوایی گشت لایەنەکانی ژیانی تاک داگیر دەکات. لە ئێراندا و بە تایبەت لە کوردستاندا کە مامەڵەی خەڵک و دەسەڵاتی ناوەندی، مامەڵەیەکی داگیرکراو و داگیرکەرانەیە، هیچ چەشنە بەرپرسیارەتییەکی حکوومی

بە نیسبەت تاکەکان نییە، تاک لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، دۆخێکی تەواو میلیتاریستی بە سەر کوردستاندا سەپاوە، ژیانێکی پڕ ئاسوودەیی و تەناهیی بۆ کومەڵگە بە گشتی و لاوان بە تایبەتی بۆتە خۆزگە و حەسرەت، ئیتر دیاردەکانی وەک خۆکوژی، کۆچکردن، دزی، تەڵاق، گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان دەبنە سیمای زاڵی ئەم جڤاکە.

**بە گشتی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تووشی خۆکوژی ببێت و پێویستە بیانناسینەوە ئەمانەن:**

## بوونی نەخۆشیی دەرونی و جەستەیی

- لە سەدا پەنجای خۆکوشتنەکاندا، تاک نەخۆشی خەمۆکیی هەیە، لە سەدا پێنجی نەخۆشانی شیزۆفرینیا بە خۆکوژی دەمرن، نەخۆشییەکانی تریش وەکو شڵەژانی کەسیەتی، فشاری دوای زەبر، تێکچوونەکانی خواردن، یەکێکن لە هۆکارەکان.

- بەکارهێنانی مەی و ماددەی هۆشبەر کە ئەویش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانە و بەشێک لەوانەی کە هەوڵی خۆکوژی دەدەن لەژێر کاریگەری مادە هۆشبەرەکاندان.

- نەخۆشی جەستەیی بەئازار بۆ نموونە بوونی نەخۆشیی شێرپەنجە کە ئەگەری ڕوودانی خۆکوژی دوو هێندە دەکات.

## کێشەی کۆمەڵایەتی

هەندێک جار تاک وەکوو هۆکارێک بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکی زۆریان خوڵقاوی نیزامی سیاسی و دەسەڵاتن، سەیری خۆکوژی دەکات و بەهەڵە پەنای بۆ دەبات. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە لە ئاکامی سیاسەتی سیستم بە تایبەت گیرۆدەی تاکەکان دەبێت، دابڕانی تاکە لە کۆمەڵگە و گۆشەگیربوون، لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست، بوونی کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی کۆمەڵایەتی و خراپی باری ئابووری.

## هۆکارە دەرونییەکان

بێهیوایی لە سیستمێکی وەک ڕێژیمی ئاخوندی لە ترۆپکدایە، گەر چاو لە ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکەین، بێهوایی لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرێت، هۆکاری بێهیواییش لە ئەساسدا بۆ سیستمی زاڵ دەگەڕێتەوە کە ئاسایشی ژیانی لە مرۆڤەکان ئەستاندوە. دەرەنجام بێهیوایی هۆکارێکی گەورەی خۆکوژییە، بوونی ڕەوشتی هەڵەشەیی، بێتوانایی تاک

لە ئەنجامدانی پرۆسەی چارەسەری کێشە، لاوازی بیرکردنەوە، لە هۆکارە دروونییەکان بە ئەژمار دێن.

## هۆکاری ئابووری

ژیان لەژێر سایەی سیستمێکی داڕووخاو و تێکشاوی وەک ڕێژیمی ئاخوندی کە ئابووریی تاک باری سەلبی (منفی) بە خۆی گرتوە و گرانی، بێکاری و هەلاوسان تەنگی بە ژیانی تاکەکان هەڵچنیوە و هەژاری ڕۆژ بە ڕۆژ لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە پاوانخوازەدا زۆرتر دەبێت و لەلایەکی ترەوە بە هۆی تێکنۆلۆژیا کە تاکەکان ڕۆژانە ژیانی مرۆڤی ژێر دەسەڵاتی سیستمە دێموکرات و سێکۆلارەکان دەبینن؛ لێکدژیی ئەم دوو جیهانە بۆ لاوان بۆتە گرێیەکی هزری و دەروونی، دەرەنجام لاوان بۆ ڕزگاربوون لەو چەقبەستوویی‌یە، یەکێک لە ڕێگاکانی خۆ ڕزگارکردن بە خۆکوژی دەبینن.

## هۆکارەکانی تر

**چەندین هۆکاری تر هەن کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین**

– **ڕەگەز:** ڕەگەزی نێر زیاتر بە خۆکوژی دەمرن، بەڵام هەوڵی خۆکوژی لە ڕەگەزی مێدا زۆرترە.

– **تەمەن:** لە قۆناغی هەرزەکاری و بەتەمەنەکاندا زۆرترە.

– **ئایین:** زۆربەی ئایینەکان ڕێگری لە خۆکوژی دەکەن.

– **باری خێزانی:** خۆکوژی زیاتر لە ناو ئەوانەی کە ڕەبەنن یان جیابوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان ڕوو دەدات.

– **جۆری پیشە:** خۆکوژی لە هەندێک پیشەدا کە فشاری جەستەیی و دەروونی زۆر لەسەر تاک دروست دەکەن زۆرترە وەک لەوانی تر.

– **کێشەی نێوان نەریتی بوون و مۆدێرن بوون:** لاوان کە ئێستا زۆرترین حاڵەتی خۆکوژییان تێدایە، بە هۆی پەروەردە بوون لە ناو جیهانی دەسکرد/مەجازی. بەپێی ئامارەکان لاوان ڕۆژانە نێزیک بە حەوت کاتژمێر سەروکاریان لەگەڵ ئێنتێرنێت و ئەپەکانی دیکەدا هەیە و بنەماڵەکانیان لە قۆناغی نەریتیبوون دەرباز نەبوون. بەرکەوتنی نێوان بنەماڵە

زۆر بووە، کە لەم کێشەیەدا هەر دوو توێژ هەوڵی سەپاندن و جێگیرکردنی بەها و پرنسیبەکانی خۆیان دەدەن.

خۆکوشتن یەکێک لەو پرسانەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا وەک پرسێکی گرینگ دەپەرژێنە سەری و لێکدانەوەی جیاوازی لە ڕوانگە جیاوازە کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونناسی، دەروونشیکاری، ئابووری بۆ ئەم دیاردەیە دەکرێت.

خۆکوشتن دیاردەیەک نییە تایبەت بە جوغرافیا و شوێنێکی دیاریکراو، بەڵام بەپێی ئامارەکان لەو وڵاتانەی کە سیستمێکی دیکتاتۆر (ئێران) تێیاندا زاڵە و ژیان بۆ تاکەکان بۆتە گۆڕستانێک ڕێژەکە زۆرترە بە نیسبەت وڵاتە پێشکەوتووەکان کە کەرامەتی تاک تێیدا پارێزراوە. تەنانەت تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراویش، بەڵام لە قۆناغی گوزەر لە سەردەمەکان کە وەبەریەککەوتنی بەها و بایەخەکان تێیدا دێتە ئاراوە ڕێژەکە بەرزی و نزمی تێیدا ڕوو دەدات.
هۆکاری خۆکوژی ئینسان یان ئاژەڵەکانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و دەکرێت و ڕەنگە یەکێک لەو پرسانە بێت کە مشت و مڕی زۆری لەسەرە.

## پەروەردەی درووست

هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی ئابووری و ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگە و خێزان دەتوانن یارمەتی دەر بن بۆ کەمبوونەوەی ئەم دیاردەیە. خۆکوژی وەک دیاردەیەک هیچکات بنەبڕ ناکرێت، بەڵام دەکرێت کارێک بکرێت خەڵک هیوایان بە ژیان زۆرتر بێت و گەشبینانە بۆ ژیان بڕوانن.
ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی خەمۆکی تێیدا زۆر لە سەرەوەیە و هیوا بە ژیان کەمە. هەموو ئەمانەش هاندەرن بۆ چوونە سەرەوەی ڕێژەی خۆکوژی. سەرەنجام دەسەڵات بە هەموو جومگەکانییەوە بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم دۆخە و دۆخە هاوشێوەکانی.

پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی بناغەی ئابووری وڵات و کوردستان باشتر بێت و لەگەڵ ئەمەش گرینگی بە لایەنە پەروەردەیی و خێزانیەکان بدرێت و یاسا پارێزەری تاک بێت لە دژوارترین دۆخەکاندا.

## ئامارێک وەک دەرەنجام:

نموونەیەک لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠٣، کە هەواڵی خۆکوشتنی ١٩٦ منداڵی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بڵاو کردووەتەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا ناکۆکی نێوان خێزانەکان، هاوسەرگیری زۆرەملێ، منداڵ هاوسەری، منداڵی دایک، دۆخی گرانی ئابووری، کێشەی نێوان قۆناغی نەریتی ومۆدێرن بوون و،،، هتد، زۆرترین هۆکاری ئەم خۆکوشتنانە بوون. بەڵام توێژەرانی چالاک لە بواری تەندروستی و خۆپاراستن لە خۆکوژی، جارجارە کەڵک لە ئاماری نافەرمی سەبارەت بە خۆکوژی وەردەگرن.

مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ حەمید یەعقووبی، پسپۆڕی دەروونناسی و مامۆستای یاریدەدەری دەروونناسی لە زانکۆی شاهد ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٤٠٢دا نزیکەی حەوت هەزار کەس خۆیان کوشتوە، واتە ئەمساڵ، بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس هەشت کەس خۆیان کوشتوە. بە وتەی ناوبراو ئەمانە ئەو حاڵەتانەن کە پزیشکی یاسایی تۆماری کردوە و بە پشتبەستن بەو ئامارانە، بۆ هەر خۆکوشتنێک ٢٠ هێندەی هەوڵی خۆکوشتن هەبووە؛ واتە بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس ١٣٣ کەس.

هەرچەندە ئامارێکی فەرمی لەبارەی ژمارەی خۆکوشتنی منداڵان و خوێندکاران لە ئێراندا نییە، بەڵام لە ساڵی ١٣٩٩ کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بڵاوکردەوە کە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکانی ئەم کۆمەڵەیە، زیاتر لە ٢٥٠ منداڵ لە نێوان ساڵانی ٩٠ تاکوو ٩٩ خۆیان کوشتوە. ئەم کۆمەڵەیە لەو کاتەدا ڕایگەیاند، کە ئەم ئامارە تەنها ژمارەی ئەو خۆکوشتنانەیە کە لە میدیاکانەوە باس دەکرێن و ژمارەی ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاترە.

بە پێی وردەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە: ٤٨٪ی ئەو خۆکوشتنانەی لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا لە میدیاکانەوە باس کراون، پەیوەندییان بە کوڕانەوە هەبووە و ٥٢٪یان پەیوەندییان بە کچانەوە هەبووە". ٤٠٪یان هەڵواسین و ٣٨٪ خۆفڕێدان لە بەرزاییەوە، ١٢٪یان خواردنی حەب و ١٠٪یان شێوازە نەناسراوەکانی تری خۆکوشتن تۆمار کراون. ٤٥٪ی خۆکوشتنەکان پەیوەندییان بە مەودای تەمەنی ٩ بۆ ١٤ ساڵەوە هەبووە و ٥٥٪ی دیکەش پەیوەندییان بە مەودای تەمەنی ١٥ بۆ ١٨ ساڵەوە هەبووە.

هەروەها هۆکارەکانی ئەم خۆکوشتنانەش بەرچاون. سەتا ٨ هەژاری، سەتا ٢٦ کێشەی پەروەردەیی، سەتا ٢٨ ململانێ لەگەڵ خێزان، سەتا ٥ پەیوەندی سۆزداری، سەتا ٨ دەستدرێژیی سێکسی، سەتا ٥ کاریگەریی فیلم و گرتە ڤیدیۆییەکان، و سەتا ٢٠ی خۆکوشتنەکانیش بەهۆی هاوسەرگیریی زۆرەملێ بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## براوەی سەرەکی هەر گەلانی ئێرانن

بیست و دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل و شەش ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران، دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێپەڕی. ئەو شۆڕشەی گەلانی ئێران بۆ بەدیهێنانی سەربەستی، ئازدیخوازی و دێموکراسی کردیان و ئارمانجیان بوو ڕێژیمێکی گەلی و پێبەند بە پرینسیپەکانی ئەمڕۆیی دەسەڵاتدارتییان بکات و گەل و ژێئۆپۆلەتیکی ئێران بە هەموو توانایی و دەڤرایەتییەی هەیتی ببێتە بەشێک لە سیستمی یۆنیوێرساڵ و لە قۆناغەی پاوانخوازی ناوخۆیی و ڕۆڵی پۆلیسی ناوچەیی بێتە دەر و لە سیستمی گۆلۆباڵ بەو ئیمکانە مادی و مەعنەویەی لە سێکتەرە جۆربەجۆرەکان هەیتی کە گەشەسەندوویی، پێشکەوتن و بەختیاری جێگرەوەی ڕێژیمی پاشایەتی کە تایبەتمەندی زاڵی دیکتاتۆریزم وشۆوەنیزم بوو بگرێتەوە.

بەڵام مەخابن شۆڕش لەلایەن تاقمێکی پاوانخواز بە ڕێبەرایەتیی شەخسی خومەینی بەتاڵان بردرا و ئەم جیهانەی گەلانی ئێران ئاواتەخوازی بوون، بەدی نەهات و خومەینیزم بە شۆڕش لەناو شۆڕش هەموو دەرفەتەکانی بۆ دێموکراسی و ئازادی کوشت و لە ڕێگای ئەم کوودەتایەی دژی کەسایەتی، ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی دیکە کردی ،دیکتاتۆریزمیی پاشایەتیی بۆ دیکتاتۆریزمی ئایینی گۆڕی.

شوعاری سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری کە لە نێوەرۆکدا ویستی گەلانی ڕاپەریو دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو دەستیان بەسەر داگیرا و دواتر بە پاشخانی ئیسلامیزم لە ئەندیشە و فەلسەفەی خومەینیزم لە جەوهەر و حەقیقەتی خۆیان سەرەتا لە ئاستی ناوخۆیی و پاشان لە ئاستی دەرەکیدا بەتاڵ کرانەوە.

ئەمڕۆکە چ لە ڕەهەندی نێوخۆیی یا دەرەکی بمانهەوێت شرۆڤەیەک بۆ مانیفێستی سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری لەژێر سایەی سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیدا بکەین بەو سیاسەت و پلانەی ڕێژیمی ئاخوندی کە لە هەر دوو بەستێنەکەدا بەڕێوەیان دەبات لێکدژێکی بە تەواو مانا لەو چەمکانەی بەدی دەکرێت.

هەر دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی کوودەتای نێوخۆیی ، شەڕی دۆڕاویان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس و،،، هتد ئابووریان بە تەواوەتی تێکرما و سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریان لە دەستدا و زوو گرێدراوی و پاشکۆیەتیان بەنیسبەت وڵاتانی دەرەوە بۆ دروست بوو، کە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریتیان وڵاتی ئێرانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا

خستووتە ژێر هێژمونی و ئۆتۆریتەی دوو وڵاتی چین و ڕووسیە و ئەگەر جاران دەسەڵاتی قاجارەکان ئێرانیان لەژێر ناوی ڕێکەوتنی گوڵستان و تورکەمەنچایی و ...هتد کردبوو کۆلۆنیزەی وڵاتانی دەرەکی، ئێستا بە هەمان جیهانبینی، ئێرانی ژێر هێژمونی و پاوانخوازی ڕێژیمی ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆڵۆنیزەکراوی ڕووسیە و چینە و بەکردەوە دەسەڵاتی ئەمنی، سەربازی دیپلۆماسی، ئابووری و تەناهی ئێران دوو وڵاتی ڕووسیە و چین بەڕێوەی دەبەن و ئەو دۆخەی ئێران بە تەواوی دۆخی وڵاتێکە کە لە شەڕدایە و هەست دەکەی هەموو شتێک لە ئۆتۆمێسفێرێکی سووررێئال لە کاتی ڕوودانەدایە.

ئازادی کە ویستی هەرەبەرزی تاکی شۆڕشگێڕ و گۆڕانخوازی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بۆ بەدیهێنانی ئازادی لەلایان ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی بوو و گیانی ئازیزیان بۆ بەخت کرد جارێکی تر لەلایان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئازادی بەند کرا و حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپا، بەڵام ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ئازادیخوازی لەنێو گەلانی ئێران نە تەنیا سەریان بۆ ویستی لە سێدارەدانی ئازادی دانەنواند بەڵکوو بە ئیمان بە ژیان و کەرامەتی ئازاد و پاراستنی شکۆیان لەژێر دەسەڵاتێکی ئازاد و سەربەستدا، تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدا و بە پێداگرییان لەسەر ئەم بەها جوانانە بەندیخانە بە چۆکدا هات و ئازادی لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە فێندێمێنتالە سەدە نێوڕاستییە ویستی سەرەکی گەلانی ئێرانە.

لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە بڕوامەندنەبوونی بە دەنگی سەربەخۆیی و ئازادیخوازی خەڵک بە نیسبەت مافی بە حەق و ڕەوای خۆیان چەمکی کۆماری کە بە مانای دەسەڵات لەلایان خەڵکەوە بۆ خەڵک بێت زەوت کردوە و لە مانای ڕاستەقینەی خۆی خست، هەر چەشنە تایبەتمەندیکی سیستمی کۆماری بە مانای ڕاستەقینەی وشە لەژێر پاوانخوازی سیستمی خومەینیزمدا بوونی نەماوە و بە هاتنی سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی هەر سێ چەمکی سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان بەتاڵ کرانەوە و بە خوێندنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیانەی خومەینیزم بەلاڕێدا بران، بەڵام لە شەڕی نێوان گەل و دەسەڵات، ئەوەی ئێستا ویستی ڕاستەقینەی گەلانی ئێرانە هەر چەشنە گرێدراوی دیکتاتۆریزم و پاوانخوازێکی ڕەد دەکەنەوە و بە تێکۆشانی بێوچانیان دەیانهەوێ ئەم مانیفێستە بکرێتە پاڕادامی زاڵ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و پاشەکشەیەکی واتایی و مانایی بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کراوە و کۆی بەها و بایەخەکانی ئەم سیستمە حاڵەتی دژەنۆڕمیان بە خۆیان گرتوە و دۆڕاوی سەرەکیی ئەم مەیدانە هەر ئەندێشەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهە و براوەی سەرەکی مەیدانەکەش گەلانی سەربەخۆییخواز، ئازادیخواز و کۆماریخوازی ئێرانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## نوێترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە نەوەی Z

لە نەوەی پێشوودا قوتابخانە و مزگەوت و شارەکان دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردنن، بەڵام نەوە نوێ سەرچاوەی پەیوەندیەکانیان میدیا و چەندین تەکنەلۆژیای تریان هەیە بۆ کۆمەڵایەتیکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گروپەکانی ئاماژە پێکراودا ڕوویداوە. میدیا و تەکنەلۆژیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر نەوەی نەریتی بیەوێت لە هەمان چوارچێوەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەمان نەوە و ئەو دامەزراوەیەی ئاماژەی پێدەکات، تووشی قەیران دەبن، بۆیە بە ئارکیتایپ ناتوانین وەڵامی کێشەکانی نەوەی نوێ بدەینەوە یان لە جیهانبینی نەوەی نوێ تێبگەین و کارەکتەر و سیفەتی نەوەی نوێ جیاواز بوون لە نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ خۆدامەزرێنەرە.

### پێشەکی

نەوەی نوێ دەیەوێت بژیی، تەنانەت ئامرازەکانی شەڕکردنیشی دوگمەی تاچن. لە بنەڕەتدا هیچ توندوتیژییەکیان تێدا نییە و لە سۆشیال میدیادا باسی خۆشی، ئازار و ،،، هتد دەکەن.ئەم نەوەیە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن، پێکەوە بژین و لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن. لەم ڕوانگەیەوە خاڵێکی گرنگە کە نەوەی نوێ هەوڵی نەهێشتنی ئەوانی تر نادات و بەدوای پێکەوەژیاندا دەگەڕێت. بەڵام نەوەی پێشوو بەدوای لەناوبردنیدا دەگەڕێت و لە بنەڕەتدا ئەوی تر قبوڵ ناکات. خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە دامەزراوەی بنەماڵەی پاوانخواز لە ئێران سەرەڕای بوونی بنەماڵەی ئەتۆمی، نەگۆڕاوە بۆ بنەماڵەیەکی مەدەنی و ئێران تا ئێستاش خاوەنی بنەماڵەیەکی مەدەنی نییە و گۆڕانێکی زۆر سەیر و بێوێنەی لە ئەرکەکانیش لە ئێراندا ڕووی داوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەرکەکانی حکومەت و دامەزراوەی بنەماڵە گۆڕاون، واتە دابینکردنی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە حکومەت پێویستە دابینکردنی بۆ دامەزراوەی خێزان گۆڕاوە کەوتۆتە سەر شانی دامەزراوەی خێزان و, حکومەت ئەرکەکانی دامەزراوەی خێزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە (وەک پرسی ئامۆژگاریکردنی منداڵانی خێزان بۆ پۆشینی حیجاب). هەروەها جەخت لەوە دەکەینەوە کە "ئەگەر ئەوان (نەوەی (Z گرینگیان پێ نەدرێت، دایک و باوک دۆڕاون و بە واتایەکی تر لەناو دەچن". نەوەی Z دەڵێن : بە مردنی ئەوان کێشەکە چارە دەبێت و ڕزگارمان دەبێت . بۆ ئەوەی لە دۆخێکی لەو شێوەیە ڕزگارمان بێت، زۆر گرنگە کۆمەڵایەتیبوون پێچەوانە بکرێتەوە و نەوەی دایک و باوک بەهێز بکرێت". خاڵی گرنگ ئەوەیە کە دیالۆگی نێوان نەوەکان

بەتایبەت لەگەڵ نەوەی Z بە چارەسەرێکی بنەڕەتی و پێشەکی بۆ گەشەسەندنی وڵات دابنرێت.

### گرفتی نەوەی Z لە خێزان و گفتوگۆی تیۆری سەبارەت بەم بابەتە

سەرەتا ئاماژە بە کێشەکانی نەوەی z لە خێزاندا دەکەین کە خێزان وەک ناوەندێک کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هێشتا دەتوانرێت حسابی بۆ بکرێت، زۆربەی دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران ڕووخاون. بەڵام هێشتا دەتوانین هیوا بە دامەزراوەی بنەماڵەیی بخوازین و پلانی بۆ دابنێین، هەروەها هیواخوازی گۆڕانکاری لە دامەزراوەی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگای ئێراندا هێشتا چاوەڕوانییەکی ژیرانەیە. هەرچەندە ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە و پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە دامەزراوەی بنەماڵە هێشتا گرنگترین ناوەندە کە گۆڕانکاریی نەوەکانی تێدا ڕوودەدات و ئاماژە بە تیۆری مارگرێت مید و مانهایم دەکەین سەبارەت بە بناغەکانی توێژینەوەی نوێیەکان و وەک ناونیشانی تیۆری خوێندنەکە و "یەکێک لەو توێژەرە کەمانەی کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە جیهاندا کاریان لە توێژینەوە لەسەر نەوەکان کردووە، خاتوون مارگریت مید و بەڕێز مانهایم . ن،کە بناغەکانی توێژینەوەی نەوەکانیان لە جیهاندا دامەزراند. مارگریت مید پێی وایە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە پەرەسەندنی مێژوویی خۆیاندا ڕووبەڕووی چەندین گۆڕانکاریی خێرای میدیایی، مێژوویی و تەکنەلۆژی دەبنەوە، توانای دروستکردنی بۆشایی کۆمەڵایەتیی زیاتریان هەیە. بۆیە ئەم بۆشاییانە گرنگن چونکە گۆڕانکاریی پرۆسە بەردەوام و خاوەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەبێت و پێی وایە کە دەبێتە هۆی بۆشایی ئەزموون و کولتوور. ئەو باسەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەنێوان نەوەی سیاسی و نەوەی هەشتاکان و نەوەی Z زۆر بە ئاشکرا بوونی هەیە.

بۆیە بەپشتبەستن بە پێداچوونەوە بە حوکمڕانی لە ئێران و بە پشتبەستن بە تیۆری مید، وا گریمانە دەکەین : ئەگەر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆری مارگرێت مید پێداچوونەوە بە ئێراندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە حوکمڕانی، پێکهاتەی سیاسی و گوتارەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. کۆمەڵگای ئێران شەڕێکی هەشت ساڵە ئەزموون دەکات، دواتر پلانی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواتر گەشەسەندنی شارنشینی، کۆچی مێشک، گۆڕانکاری لە پەرەپێدانی پەروەردەی فەرمی لە ئێراندا ڕوو دەدات، کە لەسەر بنەمای کچان و کوڕان بە شێوەیەکی بەرفراوان پەروەردە دەکرێن و یەکێک لە هەڕەشەکانی حوکمڕانی ئێستان.

پەرەسەندنی بنەماڵەی ناوەکی لە فۆرمی ناتەواوی خۆیدایە و سەرهەڵدانی گوتاری سیاسی لە کایەی سیاسیدا، زیادبوونی بەکارهێنانی کولتووری میدیایی لە کایەی کۆمەڵایەتی ئێران، زیادبوونی دزەکردن ڕێژەی میدیای نێودەوڵەتی و سەرهەڵدان

و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و پەیوەندیی نوێ و سۆشیال میدیا بوونەتە گرفت لە بەردەم دەسەڵات. هەر بۆیە لە ڕاستیدا ئەگەر بەپشتبەستن بە دیدگای مید باس بکەین، کۆمەڵگای ئێران تەنیا لە ماوەی چوار دەیەدا هەموو ئەم پێشهاتانەی بەخۆیەوە بینیوە و ئەم پێشهاتە خێرا مێژوویی ، کۆمەڵایەتی، میدیایی و تەکنەلۆژییانە وایکردووە کۆمەڵگای ئێران ئامادە بێت بۆ کەلێنەکان، لەوانەش کەلێنی نەوەکان. جگە لەوەش پێویستە ئاماژە بە پێشهاتەکانی ناو میدیا بکەین کە زۆر تایبەتە، هەرچەندە ئەمە ئەزموونی ڕۆژئاوایە، بەڵام دەکرێت ئەو ئەزموونە بۆ ئێرانیش درێژ بکرێتەوە، کە نەوەکان تا ئێستاش لە چ جۆرە میدیایەک ئامادەن و لە کۆمەڵگاکەماندا چۆن بەکاریان هێناوە".

بەپێی بەکارهێنانی میدیا، نەوەی جیاواز بەرهەم هاتووە، لەوانە: نەوەی شەڕی میدیای باڵادەستی، نەوەی جەنگ لە جەنگی جیهانی دووهەمدا لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا کە ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ بوو. ئەو کۆمەڵگایەی بەهۆی شەڕەوە زیانی پێگەیشتووە، کە لە ڕاستیدا بە نەوەی خۆنەویست و گونجان و بێدەنگ ناودەبرێن، لە ساڵی ١٣٢٠ تا ١٣٣٠ لەدایک دەبن. نەوەی دەیڤید بوومەرز یا نەوەی منداڵان، نەوەی گونجاوەکانن.

## نەوەیy

لە نەوەی **y** ، میدیای سەرەکی بریتین لە تەلەفزیۆنی مانگی دەستکرد و تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری، پاشان میدیای جۆراوجۆری **WEB 1** کە ئێمەش ئەزموونمان کردووە. کە ئەوانە دەگرێتەوە کە لەنێوان ساڵانی ١٣٧٠ و ١٣٨٠ لەدایکبوون دەگرێتەوە

## نەوەی Z

نەوەی **Z** کە باسی سەرەکییە، پێی دەوترێت ، نەوەی دیجیتاڵ و یەک لەوانە ئەوانەن کە لەنێوان ساڵانی ١٣٨٥ بۆ ١٣٩٥ لەدایک بوون. ئەمانە لە قۆناغێکدا لەدایک بوون و پێگەیشتن کە لوتکەی گەشەسەندنی میدیای مۆبایل و میدیای کەسی و مالتیمیدیایە و شایەتحاڵی سەرهەڵدان و خۆجێیکردنی وێب ٢ و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵین.

## نەوەی ئەلفا

بەڵام لە نەوەی ئەلفادا کە لە ساڵی ١٣٩٠تا ١٤٠٣ لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک منداڵانی نەوەی هەزار ساڵە و هەروەها نەوەی



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی ڕەسەنی دیجیتاڵی لەدایکبوون و ژیان و کارکردن و کات بەسەربردن و بەگشتی جیهانەکەیان دیجیتاڵییە. بە واتایەکی تر لە دیجیتاڵ میدیا پەیوەندی دروست دەکەن و لە سۆشیال میدیادا دەژین و کۆڕێک پێک دەهێنن و کارگێڕی دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و لە ڕاستیدا دەژین. وە ئەمە جیاوازی نێوان ژیان لە جیهانی دیجیتاڵی و ژیان لە جیهانی ئۆفلایندایە".کە خاڵێکی گرنگە ئێمە لە سیستەمی سیاسی و سیستەمی بنەماڵەی خۆماندا زانیاری و شارەزاییمان لە جیهانە دیجیتاڵییەکان هەبێت. تا چەند پەیوەندیمان لەگەڵ پرۆسەکەدا هەیە، و ئەو کارلێکانەی لەوێدا ڕوودەدەن، و لەگەڵ دروستکردنی بەها لە جیهانی دیجیتاڵیدا؟ زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوەیانەی کە لەم بوارەدا لە ئێران ئەنجام دراون کەمتر بووە بە ڕوانگەیەکی پەیوەندیدار لە لێکۆڵینەوەکە و سەرنج دەخەینە سەر ڕەهەندەکانی پەیوەندیکردنی پرسی نەوەکان و ئەو تەحەددیانەی گفتوگۆ و کارلێککردن کە پێکەوە هەیانە، و چۆن دەتوانرێت ئەم بۆشاییەی پەیوەندیکردن و ئەو پشێوییەی کە لە بۆشایی گفتوگۆدا دروستبووە، چارەسەر بکرێت.

توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ١٣٩٨ لەنێوان خوێندکارانی ئامادەیی بۆ کچان و کوڕان لە تاران ئەنجام دراوە دەرکەوت کە – دایک و باوک و منداڵان کەمتر کات و وزە بەسەر دەبەن بۆ پەیوەندی زارەکی، گفتوگۆی درێژ و هاوسۆزی، قبوڵکردن و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە بە ئامانجی هاوبەشکردنی بیروڕای گشتی و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕ و بەهاکان، و هەست و حەزەکان و ئاواتەکان. ئەگەر گفتوگۆیەکی کورتیش دروست بێت، لایەنی دیالۆگ و گوێگرتنی نییە و بەرەو دەمەقاڵە، و گرژی و ململانێ دەڕوات و هەر بۆیە منداڵان کەمتر چێژ لە قسەکردن لەگەڵ دایک و باوکیان وەردەگرن.

ئەم توێژەرە نوێیە نیشانی دا کە لە ئەنجامی ڕاپرسییەک دەریخستوە کە گفتوگۆی نێوان ئەندامانی خێزان لە ٢ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ ٢٠ خولەک لەم ساڵدا کەمی کردووە. لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر دەریدەخەن کەلێنی سۆزداری نێوان نەوەکان واتە نەوەی دایک و باوک و منداڵ و گونجانی نێوانیان کەمبووەتەوە. تەنانەت بۆتە هۆی توندوتیژی زارەکی و جەستەیی وەک کوشتنی منداڵان. لە هەواڵەکاندا باس لەوە کرا کە ساڵانە بە تێکڕا ٧٥ حاڵەتی کوشتنی کۆرپە ڕوودەدات. تێکچوونێکی پەیوەندی نێوان نەوەکانە کە ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕوودەدەن، ئەم ئەنجامانە نیشان دەدەن کە پەیوەندی نێوان نەوەکان لە بنەماڵەی ئێراندا تێکچووە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، هۆکارە کاریگەرەکان لە دروستکردن و ڕێگریکردن لە گفتوگۆ و کارلێکی ئەرێنی لەنێوان دایک و باوک و منداڵدا چین؟

## دەرئەنجامی ئەم دیاردەیە چییە؟

"پێناسەی بوبەر بۆ دیالۆگ" بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەوەیە کە بۆ بوبەر دیالۆگ ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی

ئەویتر، نەک شیکردنەوە و گۆڕینی ئەویتر. ئێمە دیالۆگ بەکار دەهێنین بۆ گۆڕینی ئەویتر. ئێمە هەمیشە وەک مشتومڕێک سەیری دیالۆگ دەکەین. لە مشتومڕدا هەمیشە دەمانەوێت لایەنی بەرامبەر بدۆڕێت. دیالۆگ و گفتوگۆ لە مانای بوبەردا کە لێرەدا دەیخەمە ڕوو، لە دەرەوەی ئەو مانا و پێناسەیەدایە. دیالۆگ ئامرازێک یان ستراتیژێکە بۆ دۆزینەوەی ئەویتر و نەگۆڕینی ئەویتر.

لە گفتوگۆکانماندا هەوڵی سەرکۆنەکردن و پێشوەختەیی و حوکمدانی یەکتر دەدەین، ئەو کەسە وەک خۆی لە دۆخی خۆیدا قبووڵ ناکەین، بەڵکوو دەمانەوێت بیکەینە هیی خۆمان. لایەنی بەرانبەر دەتوانێت منداڵێک بێت، هاوکارێک، هاوسەرێک، خوێندکارێک، یان هێزێکی سیاسی لەبەردەماندا بێت.» هەرچەند لە ڕاستیدا پێشمەرجی گفتوگۆ قبووڵکردنی ئەویترە بە هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکان. دیالۆگ واتە داننان بە لایەنی بەرانبەردا بەبێ گوێدانە ڕەگەز، چین و هەموو ئەو شتانەی کە سەر بە لایەنی بەرانبەرە. مارتن بوبەر لە کتێبی "من و تۆ"دا دەڵێت؛ کاتێک گارسۆنەکە دێتە لات و دەتەوێت فەرمانی پێ بکەیت، زۆر جار وەک مرۆڤێک سەیری گارسۆنەکە ناکەیت، ئیدی تیپێکی پێ دەدەیت و ئەویش دەڕوات. لە ڕاستیدا ئەو ئۆبژە و ئامرازێکە کە پێویستە بۆت بەدی بهێنێت. بۆیە لە کارلێکەکانی نێوان نەوەکاندا ئێمە ڕوانگەیەکی هاوشێوەی ئۆبژێکتمان هەیە بۆ مرۆڤەکان نەک ڕوانگەیەکی هاوشێوەی مرۆڤ. بوبەر دەڵێ هەموو مرۆڤێک مرۆڤێکی ڕەسەنە و تاکایەتییەکی تایبەتی هەیە؛ لە دیالۆگدا پێویستە ئەو تایبەتمەندییە و ئەو تاکایەتییە لەبەرچاو بگیرێت. ڕێز لەو کەسە بگرە و بەو پێیە قسەی لەگەڵ بکە نەک ئەوەی هەوڵی گۆڕینی و ڕێنماییکردنی بۆ ڕێگا ڕاستەکەم بدەی. یەکێک لە هەڕەشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە کە دەمانەوێت هەموو شتێک بگۆڕین و با منداڵەکان هەمان ڕێگا بگرنەبەر کە ئێمە پەیڕەوی لێ دەکەین".

## گۆڕینی ئەرکەکانی حکومەت و خێزان وەک بەربەست لەبەردەم گفتوگۆ

### چوار میحوەر یان بەربەستی بەردەم دیالۆگ لەنێوان خێزان و نەوەی Z کە بریتین لە:

١- یەکێکیان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێزانە. بنەماڵەی ئێرانی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پرسە ئابوورییەکان و زۆرترین دامەزراندنی دایکان و باوکان، چەندایەتی و چۆنایەتیی دەرفەتی دیالۆگ کەم بووەتەوە، کاریگەری ئابووری لەسەر کارلێکەکانی نێوان نەوەکان کەمتر گرنگی پێ دراوە.

دایک و باوک، چ تاک و چ دووانە، کەمتر دەرفەتیان هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان و نەوەی نوێ. هۆکارە

جۆراوجۆرەکانیشی ئەوەیە کە بنەماڵەی ئێرانی بارگرانی قورسی ناکارامەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دامەزراوە سیاسییەکان، دامەزراوە ئابوورییەکان، دامەزراوەکانی قوتابخانە و... هتدیان لە ئەستۆ گرتووە. حکومەت چی دەکات؟ خۆی بە حیجاب و کۆمەڵایەتیکردنەوە دەلکێنێت، دەڵێت نوێژ بکە، حکومەت لە ڕاستیدا کاری خێزان دەکات و خێزانیش کاری حکومەت دەکات. خێزان بیر لە دامەزراندن و ئابووری و هەموو ئەو شتانە دەکاتەوە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دەبێ بیکەن؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نییە. لە بنەڕەتدا خێزان ئامادە نییە ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییانە قبووڵ بکات.

ئەگەر خێزان منداڵەکەی نەنێرێت بۆ تاقیکردنەوەی وەرگرتن، ئایا دامەزراوەی قوتابخانە دەتوانێت منداڵەکەیان پەروەردە بکات بۆ ئەوەی نوخبە و کارامە و هاوڵاتییەکی بەسوود و خوازراو بێت؟ هەرگیز. سەرەڕای ئەم بارگرانییە قورسە، هێشتا دامەزراوەی بنەماڵە پارێزراوە. کێشەکانی کۆمەڵگا لە دیواری خێزانەوە دێت و دەچنە ناو خێزان و بناغەکانی بنەماڵە تێک دەدەن. باوکێک کە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە و بێکارە، لەناو ماڵدا، هەموو شتێک تێک دەدات و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دامەزراوەی ئابووری ناکارامەیە. هەروەها فاکتەری زۆر گرینگ هەیە لە گفتوگۆی نێوان نەوەکاندا، وا نییە کە لێهاتوویی گفتوگۆ یان ئامۆژگاری بۆ ڕێزگرتن لە یەکتر چارەسەری هەموو کێشەکان بێت و ئەمانە بە تەنیا بەس نین. لە ڕاستیدا دایک و باوک لە خەباتدان بۆ قەرەبووکردنەوەی بێکاریگەریی دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزان و بەتایبەتی حکومەت. چونکە دەرفەتەکان زۆر نایەکسانن. بۆنموونە، سیستەمی کرێچی هەموو دەرفەتەکان دەدزێت.

٢- هۆکارێکی تری ئەوەیە کە دایک و باوک و منداڵ کاتی پشوودانی خێزانی هاوبەشیان نییە. لە سەردەمی نوێدا خێزانەکە هیچ پلانێکی بۆ کات بەسەربردن نییە. بۆیە کات بەسەربردنی کەسی ئاڕاستەکراوی میدیایی بۆ هەردوو دایک و باوک و منداڵ پەرەی پێدراوە. ماڵیکردن و بەسەربردنی کاتەکانی پشوو بە شێوەیەک پاسیڤ بووەتەوە و لە شێوازی ژیانی ئێرانی بە سیمایەک زاڵە کە هیچ دیالۆگێکی تێدا نییە.

بەگشتی ئەو کەسانەی کە مۆبایل یان کات بەسەربردنی میدیایی بەکاردەهێنن، گۆشەگیری لە گۆشەیەکدا هەڵدەبژێرن و کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. بەرنامەکانی کات بەسەربردن لە وڵاتە سەرکەوتووەکاندا بەرنامەی پیرۆزن، ئەگەر کەسێک توانیی، سەفەر دەکات. لە کاتێکدا ئێمە لە ئێران لە بنەڕەتدا پلانی سەفەرمان نییە، گەشتەکان زۆر پلانیان بۆ دانەنراوە. بەزۆری ئیمپرۆڤیزە و هەستیارە. یان لە کاتی سەفەرەکاندا، بەزۆری ئەوەندە منداڵەکان تاوانبار دەکەین یان ئاگاداری دەکەینەوە کە چێژ لە بوون لەگەڵ ئێمە وەرناگرن.

٣- فاکتەرێکی تر، لە دەستدانی دەسەڵاتی دایک و باوکایەتییە لەبەر دوو هۆکار: یەکێکیان بەسەرچوونی زانست و ئەزموون و زانیاریی نەوەی دایک و باوکە لەلایەن منداڵەکانەوە. بۆیە لەژێر کاریگەریی ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی زانیاری کە هەیانە لە لایەکی ترەوە، دایکان و باوکان خۆیان هەست دەکەن کە زانیارییەکانیان کۆنە و ئیتر ناتوانرێت هاوبەشی بکەن، بێگومان ئەمە هەڵەیە و هەردوو ئەم کاردانەوەش بەهۆی تێنەگەیشتن و نەبوونی دەرفەتی دیالۆگەوەیە.

٤- دایک و باوک ڕۆڵی خۆیان تەنها وەک جزدانێک دەبینن. زۆرێک پێیان وایە کە پارەیەکی باش بەدەست دەهێنن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بنێرن بۆ باشترین پۆلەکانی ڕاهێنانی کارامەیی، وەک پۆلەکانی مۆسیقا و هونەر، قوتابخانەی قورئان، قوتابخانەی وەرزشی. بێگومان ئەم پرسانە بەشێکن لە پرسە بنەڕەتییەکانی شارە گەورەکان و بە واتایەکی تر خێزان بەبێ مەبەست خۆی لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا دەبینێتەوە، کە کارەکانی دامەزراوەی پەروەردە و دامەزراوەی ئابووری و ،،،هتد ئەنجام دەدات.

چاوەڕوانی منداڵەکان لە خێزانەکە زۆر بەرز بووەتەوە، ئەگەر بگوترێ کە داواکارییەکانیان لە خێزان زۆرە و خۆنمایشکردنن، ئەمەش بەهۆی ناکارایی دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزانەوەیە، بە واتایەکی تر هەموو پرسەکانی بنەماڵە تێکچووە بەڵام حکومەت چی دەڵێت: حیجابەکەت چاک بکە.

بەگشتی حکومەتە ئایدیۆلۆژییەکان لە دوو سێ مۆدێلی پراکتیکی زیاتریان نییە؛ "چاکە و خراپە ـ ئەرێنی، نەرێنی ـ سەد و سفر". هەموو شتێک بەم شێوەیە دەبینن. لە نێوان شتەکانی تردا دەڵێن دایک و باوک چاکەی ڕەهایە، دەبێت گوێڕایەڵی ئەوان بیت. تێناگات کە خێزانی مۆدێرن کێشەی مۆدێرنیان هەیە کە دایک و باوک ناتوانن چارەسەری بکەن.

### هۆکارەکانی ڕێبازی تاکڕەوانە و توندوتیژی لە نەوەکاندا، لەوانەش نەوەی Z

نەوەی Z و پێش ئەوە شێوازێکی ژیانی تاکڕەوانەیان هەیە بۆچی؟ چونکە لە خێزانێکی پاوانخوازدا گەورە بوون. بانگەشەی ئەوە دەکەن و دروشم دەڵێن کە دیموکراتین، بەڵام بە کردەوە ئەمە وا نییە. لە هەمان کاتدا دەسەڵات دەرفەتی سنووردار بۆ نەوەی نوێش لەبەرچاو دەگرێت و هێشتا لە بنەماڵەی ئێراندا هیچ پەیوەندییەکی ئاسۆیی بە مانای ڕاستەقینە نییە. سیستەمی ڕێکخراوەیی و پلەبەندیی ڕاست هێشتا زاڵە، دایک و باوک هێشتا یەکەم و کۆتا وشەیان هەیە. لە پەیوەندییە ڕاستەکاندا تەنها خاڵەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن. بە واتایەکی تر دانوستاندن یەکسانە بە ئاڵوگۆڕی خاڵەکان.



سەرچاوە
Serchawe

منداڵان بەزۆری کەم دەبنەوە چونکە ئاسۆیەک نییە ببەخشن، دایک و باوک دەڵێن پارە و خەرجییەکان دابین دەکەن، هەروەها ئەویش ناچارە لە دۆخێکی سنووردارردا کەم ببێتەوە پەیوەندی هاوسۆزی نێوان دایک و باوک و منداڵ و نەوەکان زیاتر لە قۆناغی سەرەتاییدایە، وردەوردە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵان پەیوەندی هاوسۆزی کەم دەبێتەوە و منداڵان کەمتر خۆیان ئاشکرا دەکەن و کەمتر شەفافیەتی ڕەفتار نیشان دەدەن؛ خۆیان دەشارنەوە و ئەمەش گرینگە و هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییە هاوسۆزیەکان کەم دەبنەوە یان لە ڕاستیدا دەربڕینی هەستەکان تا تەمەنێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، پاشان کاتێک منداڵەکان گەورە دەبن، هەمان دەربڕینی هەستەکان دەبێتە تابۆ". هانا بۆ پەیوەندیی مەجازی دەبەن کە ئەوانیش لە ڕاستیدا و لانیکەم لە ڕەهەندی ئێرانی، بەگشتی پڕن لە توندوتیژی. سەیری تویتەر بکەن پڕە لە جنێودان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەوەی z هێشتا فێری پەیوەندیکردن نەبووە. ئێمە لە بنەڕەتدا فێری دیالۆگیان ناکەین. دیالۆگ وەک مشتومڕ و گفتوگۆ و گفتوگۆیەکی کازۆئال نییە. لە بنەڕەتدا دیالۆگ بە مانا بوبەرییەکەی، بە واتای دۆزینەوەی یەکێکی تر دێت.

پێویستە هۆشیاریی دایکان و باوکان لەمەڕ گرنگیی دیالۆگ بەرز بکەینەوە و دایک و باوک ئاگاداری سروشت و بنەما و بەها و گرنگی دیالۆگ بن. پێشمەرجی گفتوگۆی دروست ئەوەیە کە قبوڵ بکرێت کە دیالۆگ لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا بوونی نییە هەموو شتێک ڕێکوپێک و لەسەر بنەمای پلەبەندیی نەوەکانە و دیالۆگ لە کۆمەڵگەی مۆدێرن مانای هەیە. بە واتایەکی تر، کارامەیی ژیان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن بوونی هەیە، بنەماڵەی ئێرانی هێشتا مۆدێرن نین - کچان کاتێک هاوسەرگیری دەکەن، خانوویەک هەڵدەبژێرن کە نزیک بێت لە ماڵی دایک و باوکیان؛ کەواتە خێزانی ئەتۆمی هێشتا ناتەواوە. بەم مانایە، ئێمە هێشتا لە قۆناغێکی گواستنەوەداین چونکە دەیانەوێت ببنە پەرستار بۆ ئەو نەوانەی کە لەدایک دەبن. چونکە دامەزراوەی پەرستاری بێکاریگەرە و هەر بۆیە ئێمە مامەڵە لەگەڵ خێزانێکی ئەتۆمی مۆدێرن و ناتەواودا دەکەین تەنانەت دوای هاوسەرگیری منداڵەکانیان، دایک و باوکەکان پاڵپشتی ئابووریيان پێ دەکەن بە هۆی ناکارامەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و مۆدێرنەکانی شار و حکومی. ئەگەر ئەو مۆنۆلۆگ و ئامۆژگاریکردنەی نەوەی تەقلیدی کە پێی وایە ئامۆژگاری زۆر باشە بەڵام نازانێت کە ئامۆژگاریەکە مۆنۆلۆگە.واتە لایەنی بەرامبەر لە هیچ تێ ناگات، تەنها دەبێت قبووڵ بکات ئەوەی من دەیڵێم».

سەبارەت بە یەکێک لەو بابەتانەی کە نەوەکانی پێشوو بە نەوەیz یشەوە گلەیی لێ دەکەن، دەڵێن کاتێک لە قوتابخانە دێنەوە ماڵەوە، دایک و باوکیان بەردەوام پرسیاری ئەوە دەکەن چی ڕووی داوە و چی ڕووی نەداوە و چی ڕوودەدات؟ جۆرێک لە لێپرسینەوە کە دەبێت منداڵی بنەماڵەکەش وەڵامی بداتەوە، بۆیە ئەم دۆخەی دیالۆگ لە سروشتی لێپرسینەوەدایە. ئێستا دەبێت ڕاپۆرت بدات و بەزۆری ئەرێنییەکان دەڵێت نەک نەرێنییەکان. ئەوەی جێگای سەرنجە، خۆئاشکراکردن هەموو

ئەو شتانەن کە لە دەرەوەی خێزان بوون، وەک هاوڕێیان، یان ڕاوێژکاری قوتابخانەکان، یان زۆربەیان ئەو باس و خوازانەی لە دەرەوەی خێزان بوون.

## ململانێی نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیری

دۆخی بەها جێگیر و ناجێگیرەکانی نێوان بوارە جیاوازەکانی ژیانی بنەماڵەی نەوەی Z ، جگە لەو کێشە بابەتییانەی کە لەناو خێزانەکەدا هەبوون، پرسێکی دیکە جیهانبینی و بەها جیاوازەکانی نەوەکانن. تێکچوونی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بەرهەمهێنەرەکانی گفتوگۆ، پەیوەندی بە کەمبوونەوەی توانا کارلێکەکانی خێزان و کەمبوونەوەی قەبارەی ڕەهەندی خێزانەوە هەیە کە لەژێر کاریگەریی پێشهاتە مێژوویی و تەکنەلۆژییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا، سیستەمی بەهاکانی جیهانبینی دوو نەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. جیهانی نەریت جیهانی بەها جێگیرەکانە، لە بنەڕەتدا سزا لە فۆرمی تەقلیدی خۆیدا بەهایەکی جێگیر بووە. ئێستا ئەم نەریتە زۆر گۆڕاوە. بەهاکانی نەوەی نوێ ناجێگیرن. ململانێی نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیری، لەناو خێزاندا، بووەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی و دیالۆگ، ئەمەش بە واتای ململانێی نێوان بەها جێگیرەکان و بەها ناسەقامگیرەکانە.

بەها جێگیرەکان ئایدیاڵن. ئەو کەسانەی بەها جێگیرەکانیان هەیە دەیانەوێت منداڵەکانیان ببنە ئەندازیار یان پزیشک. لەم ڕوانگەیەوە کامڵگەرایی تایبەت لە دایک و باوکدا هەیە". ئەم کامڵگەراییە ئایدیالیستییە شتێکە کە منداڵان ئامادە نین بەدوایدا بگەڕێن. منداڵ و نەوەی Zدەیانەوێت چێژ لەوە وەربگرن کە هەن. ئەوان نایانەوێت پەیڕەوی لە ئایدیاڵە ئایدۆلۆژییەکانی حکومەت بکەن. ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە. نەوەی پێشوو کە ئێمەش دەگرێتەوە، پێیەک لە نەریت و پێیەک لە جیهانی مۆدێرن، لەم گۆشەنیگایەوە نەوەی X لانیکەم نەوەی ناوەڕاستە لە کۆمەڵگای ئێراندا.

نەوەی کۆتایی نەوەی توندڕەوییە، کە ئامادەیە ژیانی خۆی لە ڕێبازی ئایدیاڵدا بەخت بکات. ئەو نەوەیەی پێش شۆڕش بە گرووپی شۆڕشگێر و سیاسی شەڕیان کردووە، لە قۆناغی جەنگی دوای شۆڕشدا شەڕیان کردووە، ئەوان گیانی خۆیان بەخت دەکەن لە پێناو ئایدیاڵەکانیاندا. ئامرازی شەڕکردنیان دەمانچە و... هتد و، ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێت بۆ ڕزگارکردنی دۆزی خۆی کە هیچ هەواڵێکی وا لە نەوەی نوێدا نییە.

نەوەی نوێ دەیەوێت بژی، تەنانەت ئامرازەکانی شەڕکردنیشی دوگمەی تاچن. لە بنەڕەتدا هیچ توندوتیژییەکیان تێدا نییە تا ئەو کاتەی وەک گرکان دەتەقنەوە. تێگەیشتنی نەوەی نوێ زۆر گرنگە، ئەم نەوەیە دەتوانێت کارلێک لەگەڵ یەکتردا

بکات، چونکە دەتوانن پێکەوە بژین و تەحامول بە یەکتر بکەن. لەم ڕوانگەیەوە خاڵێکی گرنگە کە نەوەی نوێ هەوڵی نەهێشتنی ئەوانی تر نادات، بەدوای پێکەوەژیاندا دەگەڕێت، نەوەی پێشوو بەدوای لەناوبردنیدا دەگەڕێت و لە بنەڕەتدا ئەوی تر قبووڵ ناکات».

## سەرچاوەکانی کۆمەڵایەتیبوون، جیاواز لە نەوەی پێشوو" لە نەوەی Z

لە نەوەی پێشوودا قوتابخانە و مزگەوت و شارەکان دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردنن، بەڵام نەوە نوێ سەرچاوەی پەیوەندیەکانیان میدیا و چەندین تەکنەلۆژیای تریان هەیە بۆ کۆمەڵایەتیکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گروپەکانی ئاماژە پێکراودا ڕوویداوە. میدیا و تەکنەلۆژیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر نەوەی نەریتی بیەوێت لە هەمان چوارچێوەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەمان نەوە و ئەو دامەزراوەیەی ئاماژەی پێدەکات، تووشی قەیران دەبن، بۆیە بە ئارکیتایپ ناتوانین وەڵامی کێشەکانی نەوەی نوێ بدەینەوە یان لە جیهانبینی نەوەی نوێ تێبگەین و کارەکتەر و سیفەتی نەوەی نوێ جیاواز بوون لە نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ خۆدامەزرێنەرە". نەوەی پێشوو کە پێشەنگی نەریتەکە بووە یان دواجار سەرکردەیەکی تر بووە.

ڕەیسمان دەڵێت سەرکردەکەی تر میدیایە. ڕیسمان دەڵێت کە میدیا شێوازی ژیانی دیاری کردووە، ئەوانەی لەبەردەم تەلەفزیۆندا گەورە بوون کەسانێک بوون کە زۆریان دەخوێندەوە، ڕۆمان و کتێبی مێژوویی و ئایینییان دەخوێندەوە، بەو شێوەیە پاڵەوانی ژیانی خۆیان دۆزییەوە. بەڵام نەوەی نوێ خۆسەنتەرە. هەر بەهایەک کە سوودی بۆی هەبێت هەڵی دەبژێرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش قورئان و هاری پۆتەر و ئامرازەکانی تری بەرهەمهێنانی بەها، هەموویان پێکەوەن. هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم بەهایانەدا نابینێت و تەنانەت پێی وایە هەر یەکێک لەمانە بۆ ئەو سوودی تایبەتی هەیە. نەوەی نوێ، واتە نەوەی Z ، نەوەیەکی تەیار بە تەکنەلۆجیا و زانستی مۆدێرن و خولقێنەرە. خۆدروستکردن هەستێکیان پێ دەبەخشێت کە جیاواز و بەسوودن. جیهانی سۆشیال میدیا ئەگەری دروستکردنی ناوەڕۆک و پەیام و پەیوەندیکردنیان بۆ دابین دەکات.

لە ڕابردوودا شتێکی لەو جۆرە نەبووە ئەمەش هێزی نەوەی نوێی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و پەیوەندی و تۆڕی ئەم نەوەیە بەهێزتر دەکات. لە ڕاستیدا ئەو خولقێنەرە. ئەمانە نەوەکانی تەکنەلۆژیای بنەڕەتی و تێکدانی نەزمی هەبوون. ئەوان بە گشتی نەزمی هەبوو لەناو نابەن، بەڵکو پێکهاتەکەی دەگۆڕن. دەشڵێت: ماوەیەک لە سیستمی بانکیدا بووم. پێدەچێت ئەپلیکەیشنی بانکەکەت لە مۆبایلەکەتدا هەبێت و بۆ مامەڵەی دارایی، پێویست ناکات لە ڕیزدا چاوەڕێ بکەیت و چەندین

کاتژمێر لە بانک دابنیشیت، تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان ئەم کارە دەکەن. پێی دەوترێت نیو–بانک. هەموو شتێک مەجازییە. ئێستا دەتەوێت پاساو بۆ داڕێژەری سیاسەتی تەقلیدی بهێنیتەوە کە لە بنەڕەتدا هەموو بەهاکان، لەوانەش بەهای ئابووری، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای هاوڕێیەتی، بەهای دروستکردنی متمانە، هەموویان لە تۆڕەکەدان و ئایا ئەم تۆڕە دەتوانرێت دابخرێت؟ ئایا نەیانگوت تۆڕی ئینستاگرام دابخە؟ بەڵام ئایا ئینستاگرام داخرا؟ نەخێر. چۆن وەک تۆڕی ڕادیۆ نییە، تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەرەوە یان کەناڵەکە بگۆڕێت. "فەرماندەکان لە جیهانی دیجیتاڵی تێ ناگەن". ئەم توێژەرە لە درێژەدا باسی لە چەمک و پێناسەی پیربوونی دیجیتاڵی دەکات و وەک یەکێک لە توخمەکانی بێتوانایی گفتوگۆی نێوان خێزان و نەوەی نوێ و وتی: پیربوونی دیجیتاڵی واتە نەوەی دایک و باوک کە دەکەوێتە دواوەی نەوەی ئێستا و ئەوان و نەبوونی گونجان لەگەڵ تەکنەلۆژیاکانی ئەمڕۆدا".

بۆیە ناتوانن لەگەڵ نەوەی نوێ لە دونیای ئێستادا قسە بکەن کاتێک نەوەی پێشوو ناتوانێت مامەڵە بکات و پەیوەندی و سامان و بەها و کارێک لە جیهانی دیجیتاڵیدا دروست بکات، لە بنەڕەتدا ناتوانێت بچێتە ناو دیالۆگ لەگەڵ نەوەی نوێ، چونکە نەوەی Z هیچ تێگەیشتنێکی لەو دونیایە نییە. نەوەی تەکنەلۆژیا هەوڵ دەدات پێداچوونەوە و دەستکاریکردنی فەرمانە تەقلیدییەکان بکات بۆ ئەوەی بتوانن پلانێکی نوێ بۆ ژیان دابڕێژن. لە بنەڕەتدا دەڵێن نەوەی نوێ داهێنەری تێکدەرن". ئەوان خۆیان ئایندە بنیات دەنێن و دروستی دەکەن. نەوەی پێشوو، کە نەریت ڕێنوێنی دەکات، داهاتوو لەسەر بنەمای ڕابردوو بنیات دەنێت، نەوەی Z لە ئێستاوە دەست دەکات بە بنیاتنانی داهاتوو، بەبێ مێژوو، لەسەر بنەمای ئەوەی هەیەتی.

ئەگەر نەوەی دایک و باوک نەتوانن بچنە ناو دیالۆگێکەوە لەگەڵ نەوەی Z و کەمترین سەروەت و سامانی خۆیان بخەنە بەردەم نەوەی Z و یارمەتییان بدەن بۆ بنیاتنانی داهاتوو، ئەوا خۆیان دەکەون، نەک ئەوەی خۆیان نەتوانن کار لەم بوارەدا بکەن بۆ بەخشین لە بنەماڵەدا، جگە لەو پرسانەی باسم کرد، کۆمەڵێک پەککەوتنمان لە سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرهەمدارەکانی دیالۆگدا هەیە. بەشێکی ئەو فشارە ئابوورییە چەقێنەرانەیە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵنەر و هێزی جەستەیی و دەروونی دایک و باوک و منداڵ بۆ قسەکردن و ببنە هۆی کردەوەی توندوتیژی و دواجار قەیران لە پەیوەندییە مرۆییەکانی خێزاندا. پیربوونی دیجیتاڵی پرسێکە بۆ دایک و باوکان. ئەو دایک و باوکانەی کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ جیهانی نوێدا بگونجێنن، یان پەیوەندی لەگەڵ تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا بکەن، بەدەست پیربوونی دیجیتاڵییەوە دەناڵێنن. کاتێک ناتوانیت پەیامی دروست لە تویتەر بگەیەنیت، ئەوا کاڵ دەبیتەوە. بە بڕوای د. ڕێنانی، بەهای وشە لە جیهانی دیجیتاڵیدا زۆر گرینگە.

دایکان و باوکان هێشتا بەهای وشەکان نازانن. لەنێوان شتەکانی تردا نازانن چ وشەیەک دەبێت لە تویتەر تویت بکرێت.

یان پێویستە لە ئینستاگرام بڵاو بکرێتەوە. لێرەدایە کە متمانە بە شێوەیەکی نوێ دروست دەبێت لە نیوبانکەکاندا قەرز نادەن بەپشتبەستن بە بەهای سەرمایە، بەڵکو لەسەر بنەمای متمانە بە تۆ لە تۆڕەکەدا و چەندە ناسراویت. بۆ میناک؛ کاتێک بەڕێز ئۆباما پۆستەکەی بەجێ هێشت، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خوێندکاران ئەنجام دا و لە فەیسبووک بڵاوی کردەوە، پێی ڕاگەیاندن کە لە داهاتوودا دەبیتە سەرۆکوەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی و دواجاریش کەسێکی خوازراو لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو دەزگایەی چاودێریی ڕەفتارەکانت دەکات، دامەزراوە تەقلیدییەکانی وەک کۆنگرێس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی نییە، بەڵکوو شوێنپێی ئێوەیە لەسەر تۆڕەکە و that چی لە فەیسبووک پۆست دەکەیت، بۆ کوێ دەچیت؟. بۆیە زۆر گرنگە متمانە بە تۆڕەکە دروست بکەین. چەند کەسێک دەمبینن، و چاودێریم دەکەن.

پاشان ئەم مامۆستای زانکۆیە باسی لە نائومێدیی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی هیوا لە دەوری هیوای خۆسەنتەری کرد کە لەسەر بنەمای پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە دامەزراوە. وتی کە خاڵی داهاتوو بوونی بێزاری کۆمەڵایەتییە. کاتێک نائومێدیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا هەیە و ئاسۆی گۆڕانکاری کوێر بێت، ئەو نائومێدییە بۆ خێزانەکانیش دەڕژێت. لە نەبوونی هیوای کۆمەڵایەتیدا مرۆڤەکان ڕوو لە عەقڵانییەتی ئامرازی دەکەن، کە پێی دەوترێت دروستکردنی هیوای خۆبژێو، هیوای تاکگەرایی یان خۆپەرستانە. "خەڵک هەوڵدەدەن خەونەکانیان بەدی بهێنن بە نرخی چەقاندنی مافی کەسانی دیکە". مرۆڤ کاتێک نەیتوانی بەدزی بژێوی ژیانی خۆی بکات، بۆ ئەوەی تۆڵەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا بکاتەوە ڕوو لە توندوتیژی دەکات. هەروەها کێشەکانی ناو خێزان بووەتە هۆی جیابوونەوە، کۆرپەکوژی، دایک و باوککوژی و ،،، هتد.
دەرئەنجام چوون بەرەو هیوای خۆسەنتەر یان تاکگەرایی، هەوڵدانە بە هەموو شێوەیەک بۆ بەدیهێنانی خەونەکان، لەنێو دەرەنجامەکانی تردا چڕبوونەوەی بۆشاییی نەوەکان، کەمبوونەوەی هاوکاری لە هەوڵەکانی نێوان نەوەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکان و تۆمارکردنی داهاتوویەکی هاوبەش؛ بۆیە دەبینین کە بنەمای هاوبەشمان لەنێوان نەوەکاندا نییە". و پرسی داهاتوو هەژاری و بەرپرسیارێتی کولتووری خێزانەکانە، کە وەک سەرچاوەیەک لە کەمکردنەوەی دیالۆگدا هەژمار دەکرێت. خوێندنەوەی کتێب، سەیرکردنی شانۆ و سینەما، فیلم و بەکارهێنانی مۆسیقا، ئەم جۆرە بابەتانە وەک سەرچاوە و کارگەیەک باس دەکرێن کە بیر و بیرۆکە و پەیام و مانا بەرهەم دێنن. خێزانە ئێرانییەکان کەمتر دەخوێنن. هیچ پەیامێک نییە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و هاوبەشیکردن. ئەو ناڵێت بۆچی ئەو کتێبەی خوێندوویەتیەوە سەرنجڕاکێش بووە و چی هەیە، دەڵێت لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێژەی بەرپرسیارێتیی کولتووری، بڕی دیالۆگ و بڕی زانیاری بۆ ئاڵوگۆڕکردن بە هەمان شێوە کەم دەبێتەوە. لە هەر حاڵەتێکدا گفتوگۆی سەرنجڕاکێش لە خێزاندا کاتێکە کە ئەندامانی خێزانەکە بەکارهێنانی کولتووری هاوبەشیان هەیە و دەچنە ناو گفتوگۆیەکەوە لەسەری.

قەبارەی ماڵەکان بە کاریگەریان لە کەمکردنەوەی دروستکردنی پەیام و لە ئەنجامدا دیالۆگ لە بنەماڵەدا هەیە و



سەرچاوە
Serchawe

قەبارەی ماڵ (ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە) لە کۆمەڵگەی ئێراندا بە شێوەیەکی بەرچاو لە چەند دەیەی ڕابردوو کەمی کردووە. لە ٥ کەس لە ساڵی ١٣٨٠ بۆ ٣,٥ کەس لە ساڵی ١٣٩٠، بە واتایەکی تر لە ماوەی ١٠ ساڵدا و لە ئێستادا کەمتریش بووتەوە و قەبارەی ماڵەکە دوو کەسە و زۆرترینیان سێکەسین. هەرکات قەبارە و ژمارەی ماڵەکان کەم بووە، ژمارەی ئەکتەرەکانی ناو خێزانیش کەم دەبێتەوە و هەرکاتێک ژمارەی ئەکتەرەکان کەم بووە، پێویستی دروستکردنی پەیامێک بۆ نیوە کەم دەبێتەوە و بە توندی کەم دەبێتەوە. کاتێک منداڵێک لەدایک دەبێت، ئەکتەری نوێ لە ڕاستیدا پەیامەکە زیاد دەکات و وزەی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی پەیامەکەیە. کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی خێزان بە خواست و مەبەستی کەسییەوە نییە.

ناتوانین بڵێین کەسانێک کە منداڵیان نییە تاوانبارن، بەڵام پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خێزان زۆر کاریگەر و یەکلاکەرەوەن. "یان مرۆڤەکان هاوسەرگیری ناکەن، یان ئەگەر هاوسەرگیرییان کرد، ئەوا منداڵیان نابێت، ئەگەریش منداڵیان هەبێت، لەڕاستیدا تەنها یەک منداڵ". هۆشیاریی نەبوونی بنەماڵە لە ئەزموونی نەوەی نوێ بە بەربەستێکی دیکەی دیالۆگ لەنێوان بنەماڵە و نەوەی Z دادەنێن و "سنوورەکان لە هەموو شوێنێک نەماون". بەڵام کاتێک دایک و باوک وەڵام لە نەریت یان وەڵام لە ئەزموونی منداڵی یان وەڵام لە ئەزموونی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی لە ڕابردوودا بۆ زۆرێک لە کێشە مۆدێرنەکان دەداتەوە، ئەم جۆرە وەڵامانە ئارکیتایپن. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک تووشی زیانی میدیایی بوو و تووشی ساختەکاریی ئینتەرنێت بوو، پێی دەڵێن "من نەمگوت مەچۆ ناو ئینتەرنێت". لە بنەڕەتدا لە سروشتی ئەم فەرمان و قەدەغەکردنە تێ ناگات. کاتێک وەڵامی کۆن و ئامۆژگاریی مۆدێرن دەدات بە کێشە مۆدێرن و نوێیەکان، وەک ئەوە وایە ئێمە ناچینە سەر شەقام چونکە تووشی ڕووداوێک بووین. لە کاتێکدا دەتوانین چارەسەرێک بدەین کاتێک تێوە گلاوین لە ژیانی ئێستای ئەو کەسەدا.

تەنها بوونی ئەو خێزانە لە ئینستا بە مانای ژیان لە تۆڕێکدا نازانێت و دەڵێت: "لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ خوێندکارەکاندا ئەنجامماندا، پرسیمان ئایا دایک و باوکەکان لە تویتەر و ئینستاگرام فۆڵۆوتان دەکەن؟" هەندێکیان گوتیان بەڵێ. ئەوان پەیڕەو دەکەن، بەڵام نەک بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرن کە ئایا ناوەڕۆکەکەمان باشە یان خراپ، بەڵکوو بۆ ئەوەی بزانن ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵ کێدا. ئەوان تەنها بۆ مەبەستی پەیوەندیی لێکۆڵینەوە بەدوایدا دەگەڕێن و بەشداری دەکەن. بۆیە هێشتا دایک و باوک جیهانی تەقلیدی بەکار دەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهانی ئۆنلاین. لە چوار ساڵی ڕابردوودا دکتۆر زەکای وەرگێڕانی کۆمەڵناسی منداڵانی کردووە. ئێمە نازانین منداڵ چ پێداویستی و داواکارییەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان هەیە بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات ببێتە شوناسێکی سەربەخۆ. ئێمە پێمان وایە کە منداڵ هەمیشە وەک ئۆبژەیەک لە دەستی مندایە. نائێت منداڵ کەسێکی سەربەخۆیە و دەبێت ناسنامەی ڕەسەنی ئەو پەرە پێ

بدەم. بەڵکوو دەمەوێت ببێتە کەسێکی ئایینی، ئەندازیار، یان پزیشک، بۆیە ناسنامەیەکی سەربەخۆی پێ نادەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مۆدێرن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانیدا بکات؛ بۆیە بنەماڵەی ئێرە وێڕای ئەوەی جێگای ڕەخنەی منە، لە هەمان کاتدا دەبێ بڵێم بنەماڵەی هەژار بەرەوڕووی چەندین کێشە و گرفت دەبێتەوە، ئەم منداڵییە زیان بە پەیوەندیی نێوان نەوەکان دەگەیەنێت. بەشێکی گرنگی دیکە درێژکردنەوەی بوونی منداڵانە لە خێزانەکەدا بەهۆی سەختیی بارودۆخی ئابووری، سەربەخۆیی منداڵ لە خێزان بووەتە کێشە، ئەم کێشەیە خۆی هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی و هەڕەشەی پەیوەندیکردنە.

دایک و باوک تایبەتمەندی منداڵ ناناسن. بەو پێیەی گەنجە، هەمیشە لەگەڵ خۆی بەراورد دەکات کە ئێمە گەنج بووین یان منداڵ بووین. بەڵام ناڵێت تایبەتمەندیی نەوەی نوێ تەنها لەوەدا نییە کە ئەوان تەنها منداڵن یان مرۆڤن، بەڵکو لە ئەزموونە جیاوازەکانیشدا هەیە، لەوانە کارلێکی میدیایی و تەکنەلۆژیای ئەوەی کە هەیانە لە داهێنانندایە کە پەیوەندی لەگەڵ تەکنەلۆژیادا بووەتە هۆی داهێنان".

## نەمانی پەروەردەی نەریتی و دەسەڵاتی قوتابخانە و حکومەت و یاسا

بۆشاییەکی زۆر گرنگترن، ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە پەروەردەی نەریتی لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەرەو نەمان دەڕوات، بەڵام حکومەت و بنەماڵە لە ئێران بەردەوامن لە سوودمەندبوون لە پاوانخوازی لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا و بەهێزتر دەبن و "هێشتا لە چەمکی گۆڕینی دیجیتاڵی تێنەگەیشتووین". نەوەی نوێ بەشدارە لە گۆڕینی دیجیتاڵی و دیجیتاڵ لە بنەڕەتدا جیاوازە لە جیهان، لە زمان و ژیان و کات و هەموو شتێک. لە گۆڕینی دیجیتاڵیدا هەموو پێکهاتەکان و نەک تەنها فۆرمات و پرۆسەی هاوڕێیان دەگۆڕدرێن و ئێستاش پێکهاتەکان گۆڕاون و لە داهاتوودا شتێک نامێنێت بە ناوی قوتابخانە. تا ساڵی ٢٠٣٠ شتێکمان نابێت بە ناوی قوتابخانەی تەقلیدی، کە دوور نییە لەوە. ئێستا یوتیوب کە فلتەری لەسەرە، هەموو نوێترین ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ منداڵان دابین دەکات. حکومەت نوێنەرایەتیی نەریت دەکات بەڵام نەوەی ئێمە نەوەی مۆدێرنیتەیە، هەروەها خێزانەکەمان هێشتا نوێنەرایەتیی نەریتەکە دەکات و حکومەت بەهێزی دەکات. لە یاسای خێزاندا سەیر بکەن، ستانداردەکان هێشتا لەسەر بنەمای پاراستنی دەسەڵاتی دایک و باوک دامەزراون. هێشتا تاوانی دایک و باوک لێی خۆش دەبن کە دایک و باوک بوون. لە یاسای تاوانەکاندا کاتێک دایک و باوک منداڵێک دەکوژێت، بەو پێیەی باوک مافی خاوەندارێتی منداڵەکەی هەیە، دەتوانرێت لێی خۆش بێت. ئەم کەیسانە ئەوە دەردەخەن کە یاساکان لەم وڵاتە چەواشە دەکرێن". حکومەت دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارێکدا دەکات و پشتیوانیی پیاوسالاری و پەیوەندیی ڕاست و مۆنۆلۆگ دەکات . لەوەش گرنگتر حکومەت و دامەزراوەی سیاسەت، بووەتە

تاکە فاکتەری بەرهەمهێنانی ئایدیاڵ لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

بە پێچەوانە لە وڵاتە سەرکەوتووەکاندا زانکۆکان چیرۆکنووس و نووسەر و توێژەر و ئایدیاڵ بەرهەم دەهێنن. قوتابخانە، شەقام، کافێ، خوێندن و توێژینەوە لە پۆلەکانی زانکۆدا. خێزان و قوتابخانە شوێنێکن کە ئایدیاڵەکان تێیدا بەکاردەهێنرێن، لەوێ قسە دەکەن. بەڵام لە کۆمەڵگای ئێراندا حکومەت تاکە فاکتەری بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئایدیاڵە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەموو شکەستەکان لەسەر سەری حکومەت دەشکێنەوە. هەر بۆیە چارەسەرەکان بریتین لە پەروەردە، پێشخستنی و بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندیی مرۆیی، دیالۆگی ئاڕاستەکراو لە نێوان نەوەکان، چ لە ئاستی خێزان و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، وەک کارامەییەکی ژیان کە پێویستە" کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن بۆ گۆڕانکاری و دۆزینەوەی ئەوانی تر و گەیشتن بە کێشە هاوبەشەکان بەکاردێت. ئێمە هێشتا کێشەیەکی هاوبەشمان لەنێوان نەوەکاندا نییە.

هەموو بوارەکانی ئابووری لەلایەن نەوەکانی پێشووەوە داگیر کراون، بۆیە نەوەی نوێ هیچ شانسێکی نییە. لێرەوە هەرەشەکانی نێوان نەوەکان لە مەیدانەکەدان، و لە بنەڕەتدا لە مێشکدا نەماون. تەنها لە بەها و نۆرمەکاندا نییە، لە بواری کرداردایە، لە دەرفەتەکاندا هەیە. مێزیکیان دەڵێت: "پرسی دادپەروەری و یەکسانی دەورووژێنم. بەڵام تا چەند دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ ڕاهێنانی فەرمی کارامەیی لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە فەرمییەکان، لە کەمپەین و بەرنامەکاندا زۆر گرنگە؟ گۆڕینی شێوازی پەیوەندی و ڕەفتاری تاکەکان، دامەزراوە ئاماژەپێکراوەکان، لە مۆنۆلۆگەوە بۆ گفتوگۆ زۆر گرینگە. دیالۆگ تا ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە ستراتیژێکی بڕاوە نازانرێت لە کۆمەڵگادا دەڵێن هەرکەسێک قسە بکات دۆڕاوە. بەڵام ئەگەر تۆ فێڵباز بیت، لە ڕاستیدا براوەی. تەنانەت لە گۆڕەپانی سیاسیشدا ئەمە حاڵەتە.

### بەهێزکردنی نەوەی دایک و باوک و تێگەیشتنی فرە چەشنن لە نەوەی نوێ

لە درێژەی باسکردنی چارەسەرەکان بە بەهێزکردنی نەوەی دایک و باوک و تێگەیشتنی فرەچەشنی نەوەی نوێ، پێویستە نەوەی دایک و باوک دووبارە کۆمەڵایەتی بکرێتەوە. پێویستە دایک و باوک فێر بن جیهانی نوێ چییە و چ میکانیزمێکە و چ پێداویستییەکی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ نەوەی نوێدا بژین و قسە بکەین بە بانگەوازکردن بۆیان و دواتر پیربوونی دیجیتاڵیمان دەست دەکەوێت. بۆ ئەنجامدانی گواستنەوەی نەوەکان و کۆچی نەوەکان بێگومان پێویستە ئاشنای زمانی ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگایەش بین و بتوانن لە کۆمەڵگادا هەرسیان بکەین. "

سەبارەت بە تێگەیشتن لە فرەلایەنی نەوەی نوێ، ئەو ڕاستییەی کە دایکان و باوکان دەڵێن کە ئێمەش لە هەموو بابەتێکدا گەنج بووین، و...هتد ، ئەمە وەڵامی ئەزموونی ژیاوی نەوەی Z ناداتەوە کە چین و توێژی جیاوازی هەیە. بۆیە پێویستە لە ئاڵۆزی کەسایەتی ئەوان تێ بگەین، بابەتی ئاڵۆزی مرۆڤایەتی ناتوانرێت بەسادەیی وەڵام بدرێتەوە. بۆ قسەکردن لەگەڵیدا دەبێت وەڵامی ئاڵۆز و فرەچەشن هەبێت. دنیای ژیانی منداڵان و دونیا نوێیەکەیان بناسرێت. ئەگەر متمانەیان پێ نەدرێت، دایک و باوکەکە دەدۆڕێن و بە واتایەکی تر لەناو دەچن. دەڵێن بە مردنی ئەوان کێشەکە چارەسەر دەبێت. ڕزگارمان دەبێت لێیان. بۆ ئەوەی لە دۆخێکی وا ڕزگارمان بێت، بەکۆمەڵایەتیکردنی پێچەوانە و بەهێزکردنی نەوەی دایک و باوک زۆر گرنگە.

خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانێکی لەو شێوەیە لەژێر ناوی داروینیزمی دیجیتاڵیدا و خوێندەواری دیجیتاڵی بە مانای چۆنیەتیی ژیان لە دونیای ڕاگەیاندن و تۆڕەکاندا زۆر گرنگە. خوێندەواری دیجیتاڵی تەنها ناردنی پەیام نییە، بەڵکوو ژیانە، واتە دروستکردنی پەیوەندی و دروستکردنی کارلێک و تۆڕکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا. ڕەنگە کەسانێک هەبن کە لە ڕووی دیجیتاڵییەوە بێبەش بن، تەنانەت مانگی جارێکیش ئیمەیڵەکانیان ناپشکنن. ساڵانە جارێک ناچنە ئینستاگرام. ئەمانە کەسانی کەم ئیمتیازاتی دیجیتاڵین. بێبەشانی دیجیتاڵی چۆن دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ چالاکوانی دیجیتاڵیدا بکەن. بۆیە پێویستە باوەڕت بە داروینیزمی دیجیتاڵی هەبێت. "داروینیزمی دیجیتاڵی واتە خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە تەکنەلۆژی و دیجیتاڵی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو ڕۆژگارە، کە سەکۆیەکە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نەوەی نوێ".

بۆ ئەوەی لەگەڵ چارەسەرێکی لەم شێوەیەدا بگونجێت، چارەسەری داهاتوو کە تا ئێستاش لە ئێراندا نییە، دارشتنی بەڵگەنامەی پەرەپێدانی پەیوەندییە نیشتمانییەکانە و گفتوگۆی نێوان نەوەکان لە خێزاندا، کە هەرەشەی سەرەکیی ئێمەیە. دەبوو بەڵگەنامەی خێزانەکەمان بنووسین و لە گۆشەیەکدا سەرنجمان لەسەری بێت. دارشتنی سیاسەت و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان زۆر گرنگە؛ زۆربەی خەڵک لە ئێستاوە لە ماڵەوە سەرقاڵی کارن. لە کاری جێبەجێکردن و کارگێڕیدا لانیکەم کۆمپیوتەرەکە دادەخەیت و دەگەڕێیتەوە ماڵەوە. بەڵام لە کاری زانستیدا، لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیدا، بیری لێ دەکەیتەوە و تێوەی گلاوێت. کەواتە چۆن دەتوانیت جیاوازی بکەیت لە نێوان کات بەسەربردن و کارکردن؟ بۆیە گرنگە هاوسەنگی دروست بکرێت. هەموو ئەمانە فشار دەخەنە سەر خێزان و کارلێکەکانی نێوان نەوەکان".

## دەرەنجام

"دەستکەوتەکان، چارەسەرەکان، گواستنەوە لە خێزانێکی تاکرەوەوە بۆ خێزانێکی مەدەنی دەستکەوتەکانی ئەو چارەسەرانە،

گۆڕانکارییەکانی ناو بنەماڵەی مەدەنی لەسەر بنەمای دیالۆگن. تا ئێستاش لە ئێران خێزانێکی مەدەنیمان نییە. بنەماڵە لە ئێران هێشتا بنەماڵەیەکی پاوانخوازە.زیادکردنی کارایی نێوان نەوەکان دەستکەوتێکی دیکە دەبێت. نەوەکانی ئێمە یەکتر ناناسن و لە کارەکانیاندا هێندە جیاوازن کە هیچ لێکنزیکبوونەوەیەک لە نێوانیاندا نییە. بۆیە ناتوانن کاری هاوبەش لەگەڵ یەکتر بکەن و لە ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هاوکاری نەوەکانیان هەبێت و هاوبەشی نێوان نەوەکان بۆ بنیاتنانی ئێستا و داهاتوویەکی هاوبەش یەکێکە لە دەستکەوتەکانی تر.

نەوەی نوێ پێویستی بە ئێمەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە بە قبووڵکردنی جیهانەکەیان دادەمەزرێت. نەک ئەوەی ئێمە لایان ببەین، پشتگوێیان بخەین، یان زەلیلیان بکەین، بەجۆرێک بڵێین کە تۆ سوودت نییە، تۆ تەنها خۆنمایشکردن و کەمی داهێنانت هەیە. لە هەمان کاتدا خاوەنی داهێنان و داهێنەرییە و دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی کاروباری وڵات و خێزان. کەواتە هەنگاوی داهاتوو قبووڵکردنیانە، کە دەبێت وەک خۆیان قبووڵ بکەین، پاشان دروستکردنی متمانە و دواجار دروستکردنی هاوکاری و هاوبەشیی نێوان نەوەکان، کە لە هەموویاندا گفتوگۆ پەیوەندییەکەیەتی".

لە نەوەی پێشوودا قوتابخانە و مزگەوت و شارەکان دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردنن، بەڵام نەوە نوێ سەرچاوەی پەیوەندیەکانیان میدیا و چەندین تەکنەلۆژیای تریان هەیە بۆ کۆمەڵایەتیکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گروپەکانی ئاماژە پێکراودا ڕوویداوە. میدیا و تەکنەلۆژیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر نەوەی نەریتی بیەوێت لە هەمان چوارچێوەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەمان نەوە و ئەو دامەزراوەیەی ئاماژەی پێدەکات، تووشی قەیران دەبن، بۆیە بە ئارکیتایپ ناتوانین وەڵامی کێشەکانی نەوەی نوێ بدەینەوە یان لە جیهانبینی نەوەی نوێ تێبگەین و کارەکتەر و سیفەتی نەوەی نوێ جیاواز بوون لە نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ خۆدامەزرێنەرە.

سەرچاوە" گۆڤاری تیشک، ژمارە ٧١ پاییز و زستانی ٢٧٢٤، ساڵی ٢٦.



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات لە نێوان ئیسلامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا

دین واقعێکە لەگەڵ بەرێکخراو و کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤەوە بە درێژایی مێژوو تاکوو ئێستا هەبوە و لەهەر سەردەمێکدا شێوازی تایبەتیی وەرگرتوە و ڕاستەوخۆ بەشێکی گرینگ و شوێندانەر لەنێو کۆمەڵگە پێک دێنی. بۆیە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ئایین جێگای سەرنج و باسە. چۆن ئایین وەک دابونەریت و بەهاکان هیوای بە داهاتوو لە خۆ دەگرێ.

خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش شوێن و ناوەندی دەرکەوتنی زۆربەی ئایینەکان بە تایبەت سێ ئایینە ئاسمانییەکەیە، کە لە هەر سەردەمێکدا ئەم ئایینانە وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە بەستێنە جیاوازەکاندا هاتوونە ئاراوە.

نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستانیش کە لەم سنووره جوغرافییەدا هەڵکەوتوە، باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام کراوە و بەها و سروشتە ئایینییەکان لەنێو کوردا وەک دابونەریتێکی ئایینی - کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێن و پیرۆز ڕادەگیرێن. بەڵام بە هۆی دراوسێیەتی کورد لەگەل سێ نەتەوەی سەردەستی کوردستان (فارس، تورک و عەرەب) و بوونی دوو مەزهەبی (شیعە و سوننە) و پەیڕەو کردنی ئەم دوو مەزهەبە لە لایەن دوو ئیمپراتوریەتی داگیرکەری عوسمانی و سەفەوی، خەڵکی کوردستان وەک ئاوی بەرداشی دوژمن هەرجارێک لە لایەن ئیمپراتوریەتێکەوە دژی ئەویتر بە ناو و پاساوی دینییەوە بەکار هاتوون و زێد و ڕۆڵەی کوردان بووتنە سووتەمەنیی شەڕێک کە زیانەکەی بۆ نەتەوەی کورد بووە و قازانجەکەشی چۆتە باخەڵی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە.

شەڕی مەزهەبیی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتوریەتی سەفەوی و عوسمانی کە ئەو سەردەم کورد خاوەنی میری خۆی و دەسەڵاتی لە سنووری خویدا هەبوو، لەلایەک بوو بە نەگبەتی و نەهامەتی بۆ خەڵک و؛ هاوکات خاک و نێشتمانی کوردانیش لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا دابەش کرا. دواتریش کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی میرنشینەکان لە سۆنگەی بەهێزبوونەوەی هەر کام لەم دوو ئیمپراتۆرییە بە ناوی بەرگری لە خاک و یەکگرتوویی ئاینیی و نیشتیمانی لەنێو دەبرێن.

لە سەرەتای سەدەی ١٩ بەو لاوە دەوڵەت - نەتەوەکان لەسەر ئەساسی خاک، خەلک و دەسەلات و کولتووری هاوبەش

دروست دەبن، و ئیمپراتۆرییە دینییەکان لەبەر یەک هەڵدەوەشێن. لەم قۆناغەدا و لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا لەنێو کوردانیش وەخۆهاتنەوەیەکی مەعریفی لە بەرامبەر شوناس و دروستکردنی دامەزراوەیەکی سیاسی لە قالبی دەوڵەت لەنێو هزر و ئەندێشەی مرۆڤی کورددا بیچم دەگرێ. هەڵبەت لەو سەردەمیشدا شێخەکان بەهێزترین دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دینی و سیاسیان لەسەر ئاستی کوردستاندا هەبوو، و زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەم هەتا دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی لەژێر سەرکردایەتیی شێخەکاندا کراون و کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد هەستی ئایینی و سۆزی نیشتمانییان ئاوێتەی یەکتر کردبوو بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و گەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆی نیشتیمانی و ئازاد. بەو پێیە بنەمای خەبات و داخوازیی شێخانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئینسانی بوو و ئامانجیشیان وەدەستهێنانی مافی ڕەوای کورد و ژیان لە ئاشتی و ئازادییدا بووە، هەتا لەو ڕێگەیەوە ناعەدالەتیی نەتەوایەتی و دینی لەدژی گەلی کورد بنەبڕ بکەن.

بە سەرنجدان بە هەڵوێست هەرکام لەو کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرانە (شێخەکان) بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەو مێرخاسانە دینیان لە خزمەت نیشتیماندا خۆش ویستوە و پێیانوابوو ئایین ئەرکی خستووەتە سەر شانی خەلکی باوەڕمەند کە دەبێ نیشتیمانیان ڕزگار بکەن. واتە ئەم ڕێبەرانە سیاسەتی مەعنەوییان پەیڕەو کردوە و لەسەر بنچینەی ئایین و ئیمان پیرۆزییان بە خەباتی نەتەوایەتی داوە و بڕوا و ئیمانی تاکی موسلمانیان خستووەتە خزمەت تێکۆشانی بێوچان بۆ سەربەستی و ئازادیی گەلەکەیان.

**کریس کۆچێرا لە شرۆڤەی دروستبوونی بزووتنەوی نەتەوەیی کورددا ئاماژە بە سێ قۆناغ دەکا:**

**١- قۆناغی فیۆدالی.**
**٢- قۆناغی ئایینی (قۆناغی زاڵبوونی سیاسەتی مەعنەوی) کە چینێکی نوێ لە ڕێبەران کە زۆربەیان پیاوانی شێخانی تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی بوون و سەرکردایەتیی شۆڕشیان گرتۆتە ئەستۆ.**
**٣- قۆناغی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا کە حیزبەکان دێنە گۆڕەپانی سیاسەت.**

کۆچێرا پێیوایە زۆربەی ئەم ڕێبەرە ئایینییانە لایەنگری جیهانی ڕۆژئاوا بوون و لە ئایدیای ئەوان (ڕۆژئاوایی) یارمەتییان وەر دەگرت و، هێدی هێدی چەمکی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سەر بە شێخانی نەقشبەندی و قادرییەوە لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرایەوە و ئامانجی هەموو شۆڕشەکانیش وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بوو کە لە پێناویدا لە هەستی ئایینی و نیشتمانی کەلکیان وەر دەگرت. بە واتایەکی دی

لە سیاسەتی مەعنەویدا کە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری جێبەجێکاری بوون؛ ئازادی، بەرابەریی نەتەوەیی و دینی، لێبوردەیی، دادپەروەری بایەخەکانی مرۆڤایەتین و هۆی بەدیهێنانی ئەمانەش ئەرک و ئەخلاقە.

بە پێی پۆلێنبەندییەکەی کۆچێرا لە هەمبەر دروست بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا حیزبی نەتەوەیی - سیاسی بە شێوی حیزبێکی خاوەن پلان و قەوارە لەدایک دەبێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کودستان لە شاری مەهاباد و لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا.

کەشوهەوای ژێئۆپۆلێتیک و ژێئوسیاسیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لەبەریەک هەڵوەشانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران، نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزا شای پەهلەوی و دابەشبوونی ئێران بە سەر دوو دەسەڵاتی بەریتانیا و سۆڤیەیت ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لەو هەلومەرجەدا کە شنەبای ئازادیی سیاسی هەڵیکردوە، نەتەوەی کوردیش سەردەمیانە و بە پێی میساقە نێودەوڵەتییەکان پێوشوێنی مافەکانی کەوێ. بۆیە بزاڤی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش سێ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی کۆمەڵەی ژێکاف توانیی لە چوارچێوەی حیزبێکی مۆدێرنی نەتەوەیی سیاسیدا خۆی ڕێک بخا و لەسەر ئەم پاشخانە مەعنەوی و مەعریفیە بەهێزە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا دەوڵەتی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دابمەزرێنێ.

بە پێی لۆژیک و لە پێناو ڕاڤەی دروستی پێوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت لە ئاستی کۆمەڵگەدا و بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی کوردستاندا دەبینین کە لە هەر دوویاندا ڕێز لە ئایین و بیروباوەری دینی نراوە و لە حیزبی دێموکراتدا زیاتر لایەنی پێکەوەسازان، ئاشتی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان ڕەچاو کراوە. ئازادیی ڕا دەربرین و پلۆرالیزم بە مەرجی پاراستی ئازادییەکانی تر و ڕێزگرتن لە کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک کۆڵەکەی بنەما فیکرییەکانی دێموکرات پێناسە کراوە کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا و پێیوایە دێموکراسی کۆکەرەوەی جیاوازییەکانە لەژێر چەتری دێموکرات و بۆ پێکەوە بوون، پێکەوە ژیان، ئازادی ڕادەربرین، ئازادیی نووسین، بیرکردنەوە و پاراستی مافی هاووڵاتی و بەرفراوان کردنی پانتایی ڕەخنەی تەندروست وەک دەرکەوتەی فەزای دێموکراسییەت و مەدەنییەت تێدەکۆشێ و کوردستان بە لانکەی شارستانییەت و پێکەوە ژیان دەزانێ. هەر لەسەر ئەم لۆژیکەی پێکەوە ژیانەیە کە دەبینیین لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا جولەکەکانی ڕۆژهەڵات پشتیوانیی کۆماری کوردستانیان کردوە و کەسێک بە ناوی (داوود زادە) وک نوێنەری جووەکانی مەهاباد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانداندا بەڕەسمی پشتیوانیی جووەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ کۆمار دەربڕیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو برگەکانی ژیانیدا ڕێزی بۆ ئیسلامی دێموکراتیک و نەتەوەیی داناوە و، لە جیاتی نکۆلی و سڕینەوی ئایین و مەزهەبەکانی تریش بە ڕۆحی برایەتی و لێبووردنەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئایینزا و باوەڕەکان کردوە.

لە ڕاڤە و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوە جێگیرکراوە کە ئەگەر نەتەوە ئازاد و نیشتیمان سەربەخۆ نەبێ، ئایین و ئیمانیش وەک کولتووری نەتەوەیی پەسند ناکرێن و بڕوای وایە کە نیشتیمانپەروەری نەبێ، ئایینیش نابێ. چونکی ئایین بە سەربەخۆیی و ئازادییەوە بوونی هەیە و، ئەو موسوڵمانەی باش لە ئایین تێبگا و بیناسی؛ ئەگەر بۆ سەربەخۆیی و ئازادی تێنەکۆشێ بە هەڵە لە ئایینەکەش گەیشتوە. بۆیە ڕێبەرانی شۆڕشی کورد ئایین و سیاسەتیان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئازادی گەل و نیشتمان ئاوێتەی یەکتر کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات سێکۆلاریزمیشی لەنێو پێکهاتەی حیزبدا و لەسەر ئەساسی فەرز نەکردنی هیچ ئایینێک بە سەر ئایینێکی تر و هەروەها تێڕامان بۆ ئاینی وەک بایەخێکی کەسی لە سیاسەتی خۆیدا جێگیر کردوە. لە ڕاڤەی ئەم بابەتەدا حیزبی دێموکرات پێیوایە سێکۆلاریزم سڕینەوەی هیچ ئایینێک نییە، بەڵکوو بە پارێزەری ئایینیشی دەزانێ.

دەوڵەتی سێکۆلاریش وەک دامەزراوەیەکی بێلایەن پارێزەری ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری دەبێ، بۆیە ئەم حکوومەتە دژایەتی لەگەڵ ئایین ناکا و وەک بەها و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری نێو جڤاتی کوردستان دەیپارێزێ.

میناکی هەرە دیار بۆ ئێستای حیزبی دێموکراتیش، کۆماری کوردستانە کە خاوەن سیستمێکی کۆماری و حکومەتێکی دێموکراتیک بێ کە تێیدا ڕێز لە بەهاکانی ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی و ڕێزگرتن لە گرووپە جیاوازەکان دەگیرا و بەستێنی مومارەسەی بەهاکانیان بۆ دەستەبەر دەکردن. هاوکات چونکی دەوڵەت دامەزراوەیەکی بێلایەن بوو، بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و پاراستنی فرەیی لە نێو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵی دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک حیزبی پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەلەکەی لە ئێستای خەباتی سیاسی - نیزامی و لە کۆماری دێموکراتیکی داواڕۆژی نیشمانی ئازادکراوماندا، لە چوارچێوەی پلۆرالیزم و ئازادیی پۆزەتیڤ پێیوایە ئایین دەبێ لە دەستێوەردان لە کاروباری حکومەت دوور بێ و وەک هەر دامەزراوەیەکی تری مەدەنی ڕۆڵی خۆی ببینێ.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنە ئارای دەرفەت و بەستێنکی گونجاو بۆ مومارەسەی ئازادییەکان لە

کوردستان، یەکەم ڕەوتی سیاسی - ئیسلامی بە ناوی مەکتەبی قورئان بە ڕێبەرایەتی کاک ئەحمەدی موفتیزادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەور دەبینێ کە لە ڕووی پراکتیکی سیاسیەوە لە ئایەتوڵڵا خومەینی و لە ڕووی مەعریفیەوە لە دوکتۆر عەلی شەریعەتی ئیلهامی وەردەگرت .لە قۆناغەکانی دواتردا هەرکام لە ڕەوتەکانی سەلەفیەت و ئیخوانولموسلمین لە ڕێگای خزمایەتی و هاوسنوور بوونی جوغرافیای باشور و ڕوژهەڵاتی کوردستان گواسترانەوە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕەوتگەلی لە چەشنی خۆیان لەو بەشەی کوردستاندا دروست کرد.

دیارە هەر سێ لەم ڕەوتانە چۆن سەر بە قوتابخانەی فیکری - سیاسیی ئیسلامیی میسر، پاکستان و عەرەبەستانن و هەڵقولاوی پرس و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە و ونیشتیمانەکەیان نین، ناشتوانن لەگەڵ هێزە نەتەوەیی و سێکۆلارەکان کە باوەڕمەند بە فرەڕەنگی و فرەدەنگین، سازان و لێکتێگەیشتنی دروستیان هەبێ. هەر بۆ میناک؛ لە سەرەتای شۆڕشی ئێران و لە کاتی دانوستانەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئێرا، بەڕێز موفتیزادە سەنگەری کوردایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی تێک دەدا و لە سیستمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامییدا پێوشوێنی عەداڵەتی ئیسلامی و مافی نەتەوایەتی دەکەوێ!

بە درێژایی ئەم چوار دەیەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک جاریش نەبوە کە ئەم ڕەوتە فێندەمێنتالیستانە بە ڕووی سیاسەتە نگریس و دژە گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە نەتەوەکەمان (وەک: بێکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان، میلیتاریزە کردنی نیشتیمان، ئێعدام و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی کورد، ئاسیمیلە کردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی قەیرانی شوناس) هەڵوێستیان بووبێ.

ئایین لە ڕوانگەی "دوورکهایم"یش کە بە هۆی تەبایی و پێکەوەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی دادەنێ، لە ئاکامی سیاسەتی ناتەندرووستی ئەم بزاڤە ڕادیکاڵە ئیسلامیستانە دووبەرەکیی کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا لێ کەوتۆتەوە. لە ڕووی سیاسیشەوە چۆنکی ئەم بزووتنەوە سیاسی - ئیسلامیانە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە لە خانەی پرۆژەکانی پان عەرەبیزم، پان تورکیزم و پان فارسیزمدا جێ دەگرن، پەلاماری هەموو ئەو هێما و سێمبۆلانە (زمان، خاک و نەتەوە) دەدەن کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ پێناسەی نەتەوە پێوەرن. بۆ ئەم ئامانجەش پشتیوانیی ماددی مەعنەویی میدیای داگیرکەرانیان پێیە و لەژێر چەمکی "ئوومەتی ئیسلامی"دا شرۆڤەی جیهانبینی خۆیان دەکەن. ئەوان بڕوای ستراتیژییان بە ئومەتگەرایی لە بەرامبەر دەوڵەت - نەتەوەدا هەیە و ئینتێرناسیۆنال بیر دەکەنەوە و دژ بە پلۆرالیزمی کۆمەڵگەی خۆیانن. لە هەموو شوێنێک بە ناوی جیاواز، بەڵام بە هەمان بیروئەندێشە دەردەکەون و بە ناوی بەرگری لە ئیسلام، جیهاد و شەڕ دژی ئایین و مەزهەبەکانی تر ڕادەگەیەنن کە سەرجەم ئەم کردار و هەڵویستانەیان لەگەل ئیسلامی خۆماڵی کە لە پێناو پاراستی

شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و ڕزگاری لە دەست داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادی خەبات دەکا، ناتەبایە و؛ جیاوازی مانایی و واتاییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

ئەو هێزە سیاسی ئیسلامییانە لە ژێر خوێندنەوەی تۆتالیێریستانەی ئایینی گەلانی تر (عەرەب) پرسی نەتەوەیی کورد وەک دیاردەیەکی دژ بە دین و یەکگرتوویی ئومەی ئیسلامی لێک دەدەنەوە، بێ ئەوەی لەوە ڕامێنن کە لە هزر و ناخی ئاییندارانی عەرەب، تورک و فارسدا هیچ دژایەتییەک لەگەل زمان و کولتوور و نەتەوەی خۆیاندا نابیندرێ؛ پێچەوانە ئایینیش خراوەتە خزمەتی یەکگرتوویی زمان، جوغرافیا، کولتوور، نەتەوە و دەسەڵات و سەروەریی سیاسیشیان. هۆکارەکەشی ڕوونە، چونکی ڕامان و هزری ئەم بزووتنەوە فێندەمنتالیستانە کۆمەڵگە و ئایدیاکانی کوردستان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو ئاکار و ڕەوشتانەیان پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر محەممەدیشە. چۆن حەزرەتی محەممەد دەڵێ: ئەوەی نکۆلی لە قەومی خۆی بکا لە ئێمە نییە.

## ئاکام:

بە سەرنجدان بەم دوو بەرە دینییە چ لە مێژوودا و چ لە ئێستای نێو کۆمەڵگەی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هزر و ئەندێشە ئەساسی و بنەڕەتییەکەی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگە وحکومەتێکی دێموکراتیک و، لەسەر بنچینەی بەها و بایەخە نەتەوەییەکانە، هیچ کێشە و ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەم بەرە ئایینیە نییە کە بە درێژایی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان ئایینیان وەک بەها و مۆراڵ بۆ خزمەت کردن بە نیشتیمان و نەتەوەکەیان وەرگرتوە و هەموو ڕێبەرانیان بۆ دروست کردنی کیانێکی نەتەوەیی و کوردستانی بە دەست داگیرکەرانی تورک، فارس و عەرەب شەهید بوون .بەڵام لە ناتەبایی و دژوازیەکی توند و ڕیشەیی لەگەڵ ئەم ڕەوت و بزووتنەوە ئاینی و مەزهەبییانەدا دەبێ کە خزمەت بە ئایدیای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن. ئەو هێزانەی کە دێموکراتیک بوون بە پرۆژەی ڕۆژئاوایی دەزانن و لەگەڵ ناسیۆنالیزم بەرکەوتنیان هەیە، چۆنکی هێزە نەتەوەییەکان بە دژی ئیسلام دەزانن کە هەمان گوتاری حکوومەتی ناوەندییە. هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی ناوەندی لە پێناسەی خۆیدا بە پاساوی پیاوی ئیمپریالیزم بوون دژی هێزە نەتەوەییەکان شەڕ دەکا، ئەم بزووتنەوە ڕادیکاڵانە لە شەڕێکی نەرمتر لە بەر نەبوونی کات و شوێن بۆ شەڕێکی سەخت دژی حیزبە کوردییەکان لە ڕێگای بەلاڕێدابردنی شوناسی نەتەوەیی و شێواندنی کولتوور و شوناسی گەلەکەمان زیانی زۆریان بە پرۆژەی ئازادی و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیمان گەیاندوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## چالاکبوونی میکانیزمی ماشە و لێکەوتەکانی

بەپێی میکانیزمی سناپباک هەموو سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەسەر ئێراندا سەپێندرابوون، بەهۆی پابەندنەبوونی ئێران بە بەڵێنە ئەتۆمییەکانییەوە، دەگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و چالاک دەکرێنەوە.

ئەم میکانیزمە بەشێک لە بڕیارنامەی ۲۲۳۱ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە پشتگیری لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکرد.

هەرچەندە ئەمریکا دوای کشانەوەی لە بەرجام، هەوڵی چالاککردنی ئەم میکانیزمەی دا، بەڵام ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش و لایەنەکانی دیکەی بەرجام، بەتایبەتی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا، ئەم کارەیان بە نادروست زانی و پێیان وابوو کە ئەمریکا چیتر "دەوڵەتێکی بەشدار" لە بەرجام نیە.

بەڵام ئەگەر ئەم میکانیزمە بەڕاستی لە لایەن یەکێک لە لایەنەکانی چالاک لە ڕێککەوتنی بەرجام کارا بکرێتەوە و پاشان لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند بکرێت (ئەمشەو پەسەند کرا )، لێکەوتی زۆر جیددی بۆ ئێران و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دروست دەکات.

گەڕانەوەی گەمارۆوە نەوتییەکان، بە قەدەغەکردنی تەواوەتی کڕینی نەوت لە ئێران، لە لایەن هەموو وڵاتان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی داهاتی دراوی بیانی، بودجەی حکوومەت و ئەمەش کاریگەریی خراپی بۆ سەر ژیانی خەڵک لە گشت سێکتەرەکان لێ دەکەوێتەوە.

دەستڕانەگەیشتن بە سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی، وەک سوئیفت، ڕێگری لە ئێران دەکات کە دەستی بە بانک و ماڵەی پووڵی بگات و ئەمەش وای لێدەکات کە هیچ مامەڵەیەکی دارایی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ ئەنجام نەدرێت.

هەروەها هاوردەکردنی کاڵای سەرەکی وەک خۆراک، دەرمان، کەرەستەی خاوی پیشەسازی و هەناردەکردنی کەلووپەلی

نانەوتی لە ڕادەبەدەر بۆ ئێران قورس بێت.

دابەزینی بەرچاوی داهاتی دراوی بیانی و نەتوانینی ئەنجامدانی مامەڵەی دارایی، دەبێتە هۆی دارمانی بەهای ڕیاڵ و زیادبوونی هەڵاوسان و دەرئەنجام؛ کەمبوونەوەی توانایی کڕینی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، و هەر وەبەرهێنانێکی دەرەکی کە لە ئێستاشدا زۆر سنووردارە، دەگاتە سیفر و کۆمپانیا بیانییەکانی ناچار دەبن ئێران بەجێبهێڵن.

پاشەکشەی ئابووری کە بەهۆی سزاکانەوە دەبێت، دەبێتە هۆی داخستنی شوێنە بازرگانییەکان و زیادبوونی بێکاری و هەژاری لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە و قەدەغەکردنی خزمەتگوزاری بیمە، کەشتیوانی بۆ تانکەر و کەشتییە ئێرانییەکان، هەناردەکردن و هاوردەکردن زیاتر قورستر دەکات.

## دەرەنجام:

کەمبوونەوەی شەرعییەت و زیادبوونی نارەزایەتیی گشتی، تێکچوونی توندی دۆخی ئابووری دەبێتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە ئاستی فراوانتر و ئەمەش زیاتر هەڕەشە لە شەرعییەت و قبووڵکردنی حکوومەت لە لایەن خەڵکەوە دەکات.

پەرەسەندنی قەیرانەکان دەتوانێ دووبەرەکیی هەنووکەیی نێوان باڵە سیاسییە جیاوازەکانی ناو حکوومەت قووڵتر بکاتەوە و ناکۆکی لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە و سیاسەتی دەرەوە زیاد بکات.

سەرکردەکانی وڵات لەژێر فشارێکی زیاتردا بۆ بڕیاردانی قورس و چارەنووسسازدا دەبن.

بارودۆخی سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی شەپۆلێکی نوێی کۆچی نوخبە و پیشەیی لە وڵاتەوە و بەڕێوەبردنی دەسەڵات بە چینی ناوەڕاست تووشی ئاستەنگی جیددی دەکاتەوە.

ئێران بە توندی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەبڕێت و تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە پێشتر هەوڵی پاراستنی بەرجامیان دەدا (وەک ئەورووپا) ناچار دەبن پابەند بە سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بن، و ئەمەش هێزی دانوستاندنی ئێران لە هەر دانوستانێکی داهاتوودا بە توندی کەمدەکاتەوە.

هەروەها لەگەڵ چالاکبوونی میکانیزمی ماشە بەهۆی پێشکەوتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و مەترسییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بەرز دەبنەوە و ڕەنگە ئێران لە بەرانبەر چالاککردنی میکانیزمی ماشەدا، بەڵێنەکانی لەژێر ڕێککەوتنی بەرجام دابووی، ڕابگرێت و دەست بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ڕێژەیەکی زیاتر یان پەرەپێدانی لایەنەکانی دیکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کە ئەمەش لە بەرانبەردا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی قەیرانی قووڵتر و بەربڵاوتر لە ئاستی ئێراندا، بکاتەوە.

هەر چەندە بە شێوەیەکی گشتی خۆراک و دەرمان بە فەرمی لە گەمارۆکان بەخشراون، بەڵام کێشەی بانکی و گواستنەوە و هاوردەکردنیان زۆر قورس و تێچووی زۆر دەکات، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی گرانی نرخی ئەو کەلوپەلانە و کارەساتێکی مرۆیی دروست بکات.

بە کەمکردنەوەی داهاتی حکوومەت، توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە و ژێرخانی ئابووری زۆر لاواز دەبێت.

**هەژاری، بێکاری و بێ ئومێدی دەبێتە هۆی زیادبوونی زیانەکانی کۆمەڵایەتی، وەک گیرۆدەبوون بە ماددەسڕکەرەکان و تاوان و کێشەی تەندروستی دەروونی و زیادبوونی تاوان و خۆ کوشتنی لەنێو کۆمەڵگە دروست دەکات.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## دووانەی گەندەڵی و کۆماری ئیسلامی

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەردەوامیی گەشەنەکردنی هەر وڵاتێک گەندەڵییە. لە وڵاتانی دیکتاتۆردا گەندەڵیی ئابووری سنووری ڕێکخراوبوونی بەزاندوە و بووەتە گەندەڵیی سیستەماتیک. ئەم ئاستە لە بەردەوامی و پێشکەوتنی گەندەڵی بۆ هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە.

دەسەڵاتداران بەپێی پراکتیکی ئاسایی خۆیان، لە سەرەتادا حاشا لە هەبوونی گەندەڵی دەکەن و دواتر تا ڕادەی قبووڵکردن دانی پێ دادەنێن و ئەمەش دەری دەخات کە لە گرنگیی پرسەکە تێنەگەیشتوون، یان بەهۆی هۆگربوون بە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیان، ئەو کەیسانەی کە لە داب و نەریتی جیهانیدا بە گەندەڵی دادەنرێن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە گەندەڵی نازانرێن، یان دیاردەیەکن کە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان دەکرێ پشتگوێ بخرێن. لەکاتێکدا گرنگترین هۆکاری نێوخۆیی لە بەردەم گەشەپێداندا، گەندەڵییە. گەندەڵی لە حکوومەتدا بۆتە بابەتێکی ڕێکخراو، کە بە بانگەواز و ئامۆژگاریی ئەخلاقی وەک سەرانی ڕێژیم دەیکەن، چارەسەر نابێت و لە نەبوونی ئیرادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە کە لێپرسینەوە و چاوەدێری گرنگترینیانن، و وەک مۆرکە پێکهاتەی حکوومەت دەڕووخێنێت.

بۆیە دەبێت هەموو حکوومەتێک گەندەڵی بە پرسێکی جیددی وەربگرێت. بۆ نموونە: ئێستا ئێران کە لە ئاگربەستێکی دۆڕاو لە دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیلدایە، گەندەڵیی سیستەماتیککراو، نەبوونی ڕەوایی، کارامەیی و لێهاتوویی لە ڕەهەندی نێوخۆیی، دابڕانێکی واتایی لەنێو دەسەڵات و خەڵکدا دروست کردوە. کەلێنی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات بەشێوەیەکە کە هەموو نۆرم و بایەخەکانی سیستەم لای جەماوەر بێ واتا دێنە بەرچاو، و ئەگەر بتوانێت شەڕ لە دەرەوی سنوورەکانیشی هێور بکاتەوە، بەڵام نارەزایەتیی کۆمەڵگە بەهۆی گەندەڵی، ڕانتخۆری و... هتد کە بۆتە مۆتەکەی سەری ڕێژیم، دەربازبوونی لێی مەحاڵە.

ئاستی هەڵاتنی مێشکەکان، مامۆستایانی زانکۆ، پەرەستار، سەرمایەدار، گەنجان، ڕادەی خۆکوژی، تەڵاق و گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان و دەیان دیاردەی تر بۆ بوونی گەندەڵی سیستەماتیک لە دەسەڵاتدا دەگەڕێتەوە، لە بەرهەمەکانی گەندەڵیی سیستەماتیکن کە ڕێژیم خوڵقێنەریانە. گەندەڵی بەشێک لە سەرچاوەی داهاتی لە چەرخەی کاریگەر لەسەر

ژیانی خەڵک بەفیڕۆ داوە و خزاندوویەتە گیرفانی گەندەڵکارانی ئابووری، کە سەرمایەیەکی زۆری سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە بە ناوی جیاجیا لە لایەن بەرپرسانی وڵات بەتاڵان دەبردرێت و بەشێوەی نایاسایی بەرپرسان مامەڵەی لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان پێوە دەکەن.

حکوومەت بۆ دابینکردنی دارایی باجی زیاتری خستۆتە سەر خەڵک و چالاکانی ئابووری یان سەرچاوە سەرمایەکانی سەر بە خزمەتگوزاری خەڵکی خەرج دەکات، یان بە قەرزکردنی پارە لە بانکە نێودەوڵەتییەکان وادەکات نەوەکانی ئێستا و داهاتوو لە دوای نەمانی دەسەڵاتەکەیان بکەونە ژێر قەرزەوە و دواجار بەشێک لە پابەندبوونەکانی پشتگوێ دەخات بۆ ئەوەی داهات و خەرجییەکانی هاوسەنگ بێت. بەم جۆرە ئێستا ڕادەی هەڵاوسان سەروو ٥٠٪ و کۆی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری ڕاوەستاون، و کرێکاران بێکار بوونە. کارخانەکان کەرەستەی پێویستیان بۆ بەرهەمهێنان بۆ دابین ناکرێت، و دەرەنجام زۆرینەی کۆمەڵگە تووشی هەژاری هاتوون. بە جۆرێک کە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە، دیاردەگەلی وەک مناڵفرۆشی، کارتۆن و ماشێنخەوی، جەستەفرۆشی بۆتە حاڵەتێکی باو لە کۆمەڵگەی ئێراندا. بۆیە گەندەڵی تێچووی بەڕێوەبردنی وڵات زیاد دەکات و زیان بە کەرتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی گەیاندوە و پلانی گەشەپێدان هەر نەماوە، و دواجار داهاتووی کۆمەڵگەیان لەنێو بردوە. سروشتییە ئەو پرسانەی کە باسمان کرد، نارەزایەتیی گشتیی لێ دەکەوێتەوە. تێکچوونی ژێرخانی وڵات، وەک نەبوونی ئاو و کارەبا و... هتد. یەکێکە لە دەرەنجامەکانی کە ئەمڕۆکە لە سایەی سیستەمێکی نابەرپرسیار و سیاسەتە هەڵەکانیان بۆتە پرسێکی جیددی لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

یەکێکی تر لە کاریگەرییە وێرانکەرەکانی گەندەڵی، بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیەیە؛ گەندەڵی ڕێگە خۆش دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە بێ ئەخلاقییەک و بناغەی ئەخلاقی حکوومەت و کۆمەڵگە لەناو دەبات. سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی پۆستی ڕێکخراوەیی و گەشەکردنی گەندەڵکارانی ئابووری لە حکوومەتدا وەک هاندەرێک بۆ ئەوانی دیکە کار دەکات و ئەمەش باشترین سیستەمی پروپاگەندەیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەوکارە بێ ئەخلاقییە. ئاساییکردنەوەی گەندەڵی وای لێدەکات ڕەوا بێت و ناشیرینییە ئەخلاقییەکەی بەرچاو نەکەوێت. ڕادەی گەندەڵی لە حکوومەتێکدا و ئاساییکردنەوەی دەبێتە هۆی نارەزایەتیی گشتی. بۆیە ئەگەر ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی یان دۆسییەیەکی کراوەیان لە مێشکی گشتیدا هەیە، ئەوا سیستەمی سیاسی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و، لەم هەلومەرجەدا چاوەڕوانی ڕابوونی شەقام دژی ئەم بێدادی و گەندەڵییە، ئەگەرێکی کراوەیە. ڕەهەندەکانی کاریگەریی گەندەڵی لەسەر جەماوەر و نارازیبوونی جەماوەری دوو جەمسەری دەوڵەتە دیکتاتۆر و مێلیتاریستەکان لە چەشنی ئێرانن.

بۆیە سیستەم بە تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم پرسانە، خوازیارە بۆشایی نێوان حکوومەت و جەماوەر سارێژ بکات و یەکێک لە

ڕێوشوێنەکانیش وەک پێویستییەک و ئیرادەیەکی جیددییە، بۆ بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی. بەڵام ئەو پەتایە سەراپای ساختار و سیستەمی ڕێژیمی داگرتوە و چارەسەرکردنی بەم لۆژیکە، مەحاڵێکی سەلمێندراوە.

بەو دۆخەی ڕێژیم لە ڕەهەندی گەندەڵی سیستەماتیک دروستی کردوە، چارەسەرکردنی ئەو هەمووە قەیرانەی کە لە داوێنی گەندەڵی سیستەماتیک وەدیهاتوون، ڕێژیم پێناسەی سیستەماتێکی داڕووخاوی بەخۆیەوە گرتوە، و بە فەلسەفەی چارەسەرکردنی قەیرانێک بە قەیرانێکی مەزنتر، بۆ داپۆشینی نەهامەتییە گشتییەکان، دواجار لە ئاکامی دەستەوەستانی بەڕێوەبەری لە ئاستی کۆمەڵگەدا، نەبوونی شەفافییەت، پەرەگرتنی گەندەڵی ماڵی، ئابووری، بەڕێوەبەری و... هتد، بۆشاییەکە زیاتر دەبێت و ناڕەزایەتی گشتیی سەرهەڵدەداتەوە. ئەمڕۆ گەلانی ئێران ترسیان شکاوە و تێگەیشتوون کە بۆ ڕزگاربوون لەو هەمووە نەهامەتییەی کە بەرۆکی ئەوانی گرتووە، پێویستە ڕێژیمە مافیا، گەندەڵ و ڕانتخۆرەکە لە دەسەڵاتدا نەمێنی و ڕێژیمێکی گەلی کە وڵامدەری ماف و کەرامەتی مرۆڤەکان بێت، جێگرەوەی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## زمان شوناسیی گەلە

گەلانی غەیرە فارس (کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب) ژێر دەسەڵاتدارێتی ئێران، ئەمساڵیش بۆ جارێکی تر پرۆسەی پەروەردەیان بە زمانی فارسی دەست پێ کرد و بێ بەش لە سەرەتایی ترین مافی ڕەوا، ئینسانی و سروشتی خۆیان واتە پەروەردە بە "زمانی دایک" بوون و مەجبوور بوونە بۆ دوانەکەوتوویی نەبوون بە زمانێک (فارسی) بخوێنن کە هێما و ناونیشانی ئەقلییەت و دەسەڵاتدارەتییەکە کە چەوسانەوە، بێ مافی، سەرکووت و... لە تابلۆیەکدا بۆ هەر تاکێک لە گەلانی غەیرە فارس نیشان دەدات و فاشیزم و تۆتالیتاریزمی دەسەڵاتی ئاخوندی مەجبور بە پەروەردەیەکی نادڵخوازیی کردوون، کە ویستیانە بە ڕێگەی شەڕی نەرم شووناس و ماهییەتی گەلانی ئێران لە ناو نەتەوەی فارسدا بتوێننەوە. چون دەزانن هەر تاکێک زمانی دایکی نەزانێت مرۆڤێکی بێ ئاگا و ناوشیار بە نیسبەت مێژووی دەبێت و بێ ناونیشان لە چەمکی ئینسانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەکرێت کە ئیرادە و بڕیاری چۆن ژیانی لێ ئەستێنرێت و بەم پلانەوە داگیرکەران دەیانهەوێت کەسایەتیی لە تاک داماڵن و بیکەن بە ئامێرێک لە پێناو هێژمۆن و ئۆتۆریتەی خۆیان .لەوەها دۆخێکدا گەلانی غەیرە فارس مەجبور بە ژیان و پەروەردەیانن و دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بکەن، بەڵام هەر وەک ئاگادارین ئەمڕۆ لە ژێر ئەو شۆڕشەی تێکنۆلۆژیا و خێرایی زانیاری هێناوەتیە کایەوە و سنووری دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتانی بڕیوە و ئەمڕۆکە ئامێرە زیرەکەکان لە بەر دەستی هەموو مرۆڤەکانیشدا هەیە.

**دایک و باوکانی دڵسۆز:** لەسەر ئەساسی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی، نیشتمانی و ئەخلاقیتان بەرامبەر بە ڕۆڵەکانتان هەوڵی جیدی وەگەڕ بخەن و بە هەموو شێوەیەک ئەوەندەی بۆتان دەکرێت سەرەڕای باری سەختی ئابووری لە ژێر سێبەری دزی و گەندەڵی حاکمییەتدا و مەترسی کۆرۆنا ونابەرپرسیارێتی دەسەڵات، مناڵەکانتان لە پرۆسەی خوێندن دانەبڕێنن و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانانی ئەساسی و ڕاستەقینەی داهاتووی ڕۆڵەکانتان بن، بۆ ئەوەی بتوانین بۆ داهاتوومان نەوەیەکی کارناس، لێزان و مودیر پەروەردە و ئامادەیان بکەین، بەم خوێندەوار بوونە بتوانین وریا و ئاگاییان هەبێت نەکەونە ژێر پلانگێری دوژمن و ڕۆشەنگەری و بەرپرسیارێتیان بەلەونێک بیت، بە چاودێری و مودیریەتی ئەوان داهاتوویەکی سەقامگیر و پڕ لە ئاشتی و ئاوەدانی بونیاد بنێین. هەروەها دەبێ ئاگادار بن کە سیستمی داگیرکاری ڕێژیمی ئاخوندی بە جۆرێکە کە بە ڕێگەی سیستمی پەروەردەیی بێت یا لە ڕێگای میدیا و ماس میدیا (شاد، ڕوبیکا و...) نەتەوەکەمان لە ڕۆح، ئەقلییەت و پەروەردەی نەتەوەیی و بەرپرسیارێتی نیشتمانی دابڕیت دوور لە هەر چەشنە مۆراڵ وبەهایەک بین. بۆیە ئەساسە سەرەڕای دابین کردنی ئامێرەکانی وەک تەبلێت، مووبایل و کۆمپیوتێر لە ڕاستای پەروەردە

بوونیـان، تێگەیشـتنی بەکارهێنـانی ئەم ئامێرانەیـان بـۆ بخەیـنە بەرچـاو و لەو ئالێنگـارییە نـاوخۆیی و جیهانیـانە کە بە ڕێگای ئەم کەرەستانە بۆیان دێتە پێش ئاگادار بـن و نەکەونە نـاو پلانگێرییەکە. دروست وایە چـاودێرییەکی تەندروسـتیان بین و بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یا ڕاستەوخۆ هاوکـار و پشـتیوانیان بـین، نەکەونە ژێـر بـاری ئەم شـەڕە نەرمەی ڕووبەڕوویـانە ئەرکە لەگەڵ منداڵەکـان هاوکـار و هـاوڕێ بـین لە ئەگەری هەر پێشهاتێک کە بۆیـان دێتە ئـاراوە، لە جیـاتی شـاردنەوەی بـابەتەکە، بتـوان لەگەڵمـان بـاس و شرۆڤەی بـکەن. دروست وایە مـاوەی بەکارهێنـانی ئامێرەکـان دیـاریکراو بێت و تەنیـا دەرفەتـی خوێنـدنەوەیان بـۆ برەخسێت و ..منـاڵان، تـازە لاوان و لاوان: بە ئومێـدین ئێـوەی خۆشەویست بـاش تێگەیشـتبن وئاگادار بن، کە هەر یەک لە ئێوە چرایەکی هیوایە و ئومێدە بۆ داهـاتووی نەتەوەکەمـان و پێکەوە چراخانێـک کە ژیـان لە سەردەسـتان ڕوونـاک دەبێـتەوە و ئـاوەدانی ڕوو لە نیشـتمان و نەتەوەکەمـان دەکـات و ئێـوەن داینەمۆی شۆڕشـی سەربەسـتی، ڕزگاری و ئازادی. بۆیە دەبێ بزانن دوژمن بە هەموو شێوەیەک خوازیـارە بەلاڕێتـان بەرێت، بـێ شووناسـتان بکـات و لە نـاو پلانگێرییەکـانی خـۆی لە ڕێـگەی پەروەردەیـی، میـدیایی و.. کە بۆتـان دروسـت دەکـات لە بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی، کە شۆڕشگێر بـوونە دژی دەسەڵات و شووناسیی ئەوان بتـانتوێنێتەوە. هەر بـۆیە ئێـوەش دەبـێ شۆڕشی قەڵەم و خوێنـدەواری بـکەن و هاوشـانی کچـان و کوڕانی پێشـمەرگە دژی ئەم دەسـەڵاتە فاشیست و دیکتـاتۆرە تێبکۆشـن و لە ڕێـگای پاراستنی ئەخلاق و کەسایەتیتان، شووناسیی نەتەوە و نیشتمانەکەتان بپارێزن. دەرفەت هەم لە ڕووی ئیمکانـات و هەم لە ڕووی تەمەنەوە بۆتـان ڕەخساوە کەڵکی دروست لە ئامێرەکـانی بەردەستان وەربگرن و بەم بەسـتێنەی لەبەردەسـتان فەراهەم کـراوە لە ڕێگـای دنیـای مەجـازی پەروەردەی "زمـانی دایک"یتـان ببیـنن و بیکەنە وەرچەرخانێک دژی پەروەردەی داسەپاوی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران و بەشدارییەکی چالاکی نـاو کانـاڵ و گرووپەکـانی پەروەردەی زمـانی دایکیتـان بـن و ئیـزن نەدەن شوناسی گەلەکەمان بسرنەوە.

## یەکگرتوویی" یان "هاوپێوەندی"

"یەکێتی"یا یەکگرتوویی کاردانەوەی سروشتی تاکەکانی ناو گروپێکە بەرانبەر بە مەترسییەک کە مەترسی لەسەر مانەوەی گروپەکە دروست دەکات. بە شێوەیەک کە نەهێشتنی ئەو مەترسییە پێویستی بە جۆرێک لە هەڵوەشاندنەوەی حەزی تاکەکەسی لە ناو گرووپە و ئەوەش خۆبەختکردنی پێویستە. ئەم هەڵوەشانەوەیە، پێویستی پێکهێنانی یەکێتییە. کاتێک تاک و ئەندامانی گروپەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجودی دەبنەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی ناکۆکی، ناڕەزایەتی و ململانێ ناوخۆییەکانیان بێدەنگ دەکەن و سەرەڕای هەموو ناکۆکی و ناڕەزایەتییەکان، لە دۆزێکی هاوبەشدا، کە بەرگریکردنە لە بوونی گروپەکە، لە بەرانبەر مەترسیە دەرەکیە، یەکدەگرن "شەڕ"، کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاو و بوومەلەرزە، پەتا و هاوشێوەکانیان، نموونەگەلێکن کە تاکەکان سەرەڕای ڕوانگەی و جیهانبینیە جیاوازەکانیان کۆدەکاتەوە و بە شێوەیەکی کاتی لایەنگران و نەیارانی سیستەمی سیاسی دەخەنە ناو ئاشتەواییەکی کاتی و ناسکەوە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا هەمووان لە ژێر سایەی یەکگرتوویی ڕەمزیدا، واتە یەکگرتوویی لە سەرووی جیاوازی و ناکۆکییەوە، پێکەوە هەڵسوکەوت دەکەن" .یەکێتی و یەکگرتوویی" بە گشتی لەسەر بنەمای ناسنامە، باوەڕ و پەیوەندییە نەتەوەیی، نیشتیمانی و خوێنییەکان دامەزراوە. بۆیە ئەندامان هەر دەنگێکی جیاواز لەناو گروپەکەدا وەک ناسروشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بە شێوەیەک کە هەر "ناڕەزایەتییەک" و "ئەویتربوونێک" سەرکوت دەکرێت .یەکێتی لە دوو بارودۆخدا لەناو دەچێت و نامێنێت:

**یەکەم:** کاتێک قەیران و شەڕ کەم دەبێتەوە کۆتایی دێت. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و لابردنی مەترسییەکە، هاووڵاتیان "خۆی جێهێڵراو"ی خۆیان وەردەگرنەوە و بۆ تاکایەتی، بەرژەوەندی و ئیمتیازی خۆیان دەگەڕێنەوە، یان بیروباوەڕ، ڕێباز و مەیلە جیاوازەکانیان لە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتدا زیندوو دەکەنەوە.

**دووەم:** لە کاتی بارودۆخی درێژخایەن و زۆر ترسناک و مەترسیداردا، "یەکێتی" بە هۆی دۆخی ناڵەبار نامێنیت لەم حاڵەتەدا تاکەکان واز لە بەرگریکردن لە گروپەکە دێنن و تەنها بیر لە مانەوەی خۆیان دەکەنەوە و خەمی گروپەکە دەبێتە خەمی خۆیان و پەیوەندییە کاریگەرەکان لاواز دەبن و هەندێکجاریش دەشکێن. "ئەویتر" گرنگی لەدەست دەدات و ئەو ڕایەڵکانەی پێشتر مرۆڤیان بە "ئەوی تر"ەوە بەستەوە، دەبڕدرێن، تاکەکان لە ناو سووڕێکی سەرلێشێواوی و تەنیایی فڕێ دەدەرێن و فشار و گرژی درێژخایەن کە زیاترە لەوەی کۆمەڵگا بەرگەی بگرێت، "پێکهاتەی کۆمەڵایەتی" دەشێوێنێت و لەناوی دەبات، ئەوەش ئەو کاتەیە کە هەموو جۆرە دژەنۆرم و زیانێک سەرهەڵدەدات. یەکێک لەوانە، "خۆسەنتەری" و

بێباکی بەرانبەر بە ئازارەکانی ئەوانی تره، کە بەربڵاو دەبێتەوە."هاوپشتی"و هاوپێوەندی، بەڵام بە پێچەوانەی " یەکێتی"، دیاردەیەکە لە سەردەمی ئاشتی و ئارامیدا سەر هەڵدەدات. پێویستییەکی کۆمەڵایەتی کە ئەگەری ژیانی بەکۆمەڵ دابین دەکات. لە یەکڕیزیدا تاکەکانی ناو گروپێک ناتوێنەوە و ناکۆکی و جیاوازیەکان نامێنن. بەڵکو پێوەرێک دادەڕێژرێت کە سەرەڕای هەموو جیاوازی و فرەیی بیروباوەڕ و ململانێی بەرژەوەندییەکان، کۆمەڵگا بەردەوام بێت و گەشە بکات. "تەبایی" و "هاوپێوەندی" چارەسەرێکی عەقڵانی و کارامەیە بۆ پێکەوە ژیان. "مۆدێلی هاوپشتی" فرەیی کۆمەڵایەتی و فرەچەشنی شێوازی ژیان و جیاوازی لە بیروباوەڕ و قەناعەتەکاندا قبوڵ دەکات و هەوڵدەدات "پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی" بنیات بنێت کە سەرەڕای فرەچەشنی و جۆراوجۆری مرۆڤەکان، ڕێگایەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە سەر ئەساسی پلۆرالیزم و تۆلێرانس بدۆزێتەوە .بایەخی گرنگیدان بە جیاکاری نێوان هەردوو تویژی "یەکێتی" و "یەکگرتوویی" لەوەدایە کە دەیان ساڵە ئەوانەی لە دەسەڵاتی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداردان، ویستوویانە "مۆدێلی یەکگرتوویی" کە تایبەتە بە هەلومەرجی ڕەخنەگرانە و نائاسایی، بۆ هەلومەرجی ئاسایی و ئارام درێژ بکەنەوە. واتای کردار و خواستێکی لەو شێوەیە، نەناسینی جیاوازیەکانە. بەدرێژایی مێژوو سیستمە فاشیست، تۆتالیتار و پاوانخوازەکان هەوڵی فراوانکردن و جێگیرکردنی "مۆدێلی یەکێتی" دەدەن، بۆیە هەر جیاوازی و فرەییەک وەک زیان و بەربەست لێکدەدەنەوە. خواستی سیستەم بۆ درێژکردنەوەی "بارودۆخی ناوازە" (کە بە "پێچ و پەنا مێژوویی" یان "ساتەکانی مێژوویی" ناودەبرێن) لە بنەڕەتدا بە مەبەستی "یەکسانکردنی کۆمەڵایەتی"یە. یەکسانبوون پرۆسەیەکە کە لەم ماوەیەدا جیاوازییەکان لەناو دەچن و فرەیی و فرەچەشنی جیهانی مرۆڤ پشتگوێ دەخرێن. داهاتووی ئایدیاڵی ڕێبازێکی لەو شێوەیە پێکهاتەیەکە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی باوەڕ کە گرنگترین و بنەڕەتیترین بەها و فەزیلەتەکان بریتین لە "دڵسۆزی"، "گوێڕایەڵی" و "قوربانیدان ." لەگەڵ سێ بەهای مۆدێرن، "تاکگەرایی"، "پشتبەستن بەخۆ" و "حیساباتی عەقڵانی" لە ململانێ و گرژیدایە. بە کورتی دۆخی خوازراو لەم بیرکردنەوەدا گەڕانەوەی society بۆ .community وەک چۆن کۆمەڵناسی ئەڵمانی فێردیناند تۆنیس بە ڕێککەوت بە "gemenschaft"و "gesellschaft" ناوی بردووە. شوێنی سەرەکی ململانێی نێوان کۆمەڵگا و حکوومەت ڕووبەڕووبوونەوەی سێ بەهای تاکگەرایی، پشتبەستن بەخۆبوون و حیسابکردنە لە بەرانبەر دڵسۆزی، گوێڕایەڵی و قوربانیدانە "society" .یان "community" دووانەیەکن کە پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی گرژی و ناکۆکین.

## دێموکراسی لەگەڵ ئازادی یەکسان نییە

زۆربەی حکوومەتەکانی ئەمڕۆی دونیای ئێمە دێموکراتیکن، یان لانیکەم خۆیان بە "دێموکراسی" ناودەبەن .قبووڵکردنی دێموکراسی وەک یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی ستایش دەکرێت و ڕێزی دەگیرێت. سەردەمێک مرۆڤایەتی کوت و بەندەکانی سیستمی پاشایەتی شکاند و هەرگیز ئاوڕی لە دواوە نەدەدا و ئەمڕۆش هەموو هاووڵاتیانی وڵاتانی دێموکراسی لە کوت و بەندەکانی ستەمکاری ئازاد و بێبەرین. سیستەمی دێموکراسی لەمێژە بوونیان هەیە کە یۆنانی کۆن دیارترین نموونەی دێموکراسییە لە سەردەمی کۆن کە دێتە بەرچاومان .لە کاتێکدا دێموکراسییە مۆدێرنەکان زۆر جیاوازن لە دێموکراسی یۆنانی کۆن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنن کە هەموو دێموکراسییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن. دێموکراسییەکان؛ ئازادیی، تولێرانس، سیکۆلاریزم و پلۆرالیزم لە ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگا دەپارێزن. داکۆکیکارانی دێموکراسی دەڵێن؛ مافی دەنگدان بە هەموو کەسێک دەبێ پارێزراو بیت و ئەمەش یەکسانە بە نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە و عادڵانە. دواجار دێموکراسی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە، کە هاوڵاتیان لە ڕووی نۆرم و لۆژیک بە یەکتر پێبەند دەکات، چونکە پێویستە وەفادار بە گوێڕایەڵیەکانی سیستمە دێموکراسییەکە بن و لە دەرئەنجامی دێموکراسیدا تەنانەت ئەگەر تاکەکان ڕەزامەندییان بۆ ئەو حکوومەتەش نەبێت، ماڤەکانیان پارێزراوە و پابەندبوون بە یاساکانی دەسەڵات بۆ سەروەری یاسایە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دێموکراسییەکان هەوڵی "وەدەستخستنی ڕەزامەندی" خەڵک بەنیسبەت سیستمەکەیان بدەن؛ هێندێک لە گرووپەکانی ناو سیستمی دێموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەبوونی مافی دەنگدان بە تەنیا بەس نییە بۆ ڕەزامەندی لە سیستمی دێموکراسی و هەوڵ دەدرێت ماڤی تاک بەسەر سیستمدا زاڵ بکرێت. دێموکراسییەکانیش لە ڕووی ئەخلاقییەوە لە هەڵە بێبەری نیین و ناتوانن بڕیارەکان تەنها لەسەر بنەمای ئیرادەی زۆرینە پاساودەر بکەن و ماڤی کەمینەکان لەبەر چاو نەگرن. جگە لەوەش، دێموکراسییەکان بۆ ئەوەی ڕەزامەندی گشتی بەدەست بێنن و لە ڕووی سیاسییەوە جەماوەر کۆ بکەنەوە ،مەیلیان هەیە سەروەت و سامان دابەش بکەنەوە و لە ڕووی خزمەتگوزاریەوەی ژیانێکی شایستە بۆ کۆمەڵگا بنیات بنێن. زۆرجار دێموکراسی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان لە بەرژەوەندی هاووڵاتییان کە زیاتر هۆگریان بۆ ئارمانجی حزبێکی سیاسی هەیە، بەکاردێت .هەر هاوڵاتییەک بکەوێتە دیوی هەڵەی دێموکراسییەوە مەترسی ئەوەی لەسەرە کە ببێتە قوربانی سیستمە پاوانخوازەکان و ماڤەکانییان بە ناوی سەروەری حیزبێک یا حکوومەتێک پاوان بکرێت.(کۆریای باکوور، چین، کۆماری ئیسلامی ئێران (هەروەها زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە سیستەمی دێموکراسی نوێنەرایەتی ئازادی دەکات، چونکە ئەو پلەبەندییە ڕەق و توندەی فەرمانڕەوا / ڕەعیەت نییە کە پاشایەتییەکان هەیانە. پێشتر لە سەردەمی

پاشایەتییەکان، چینی دەسەڵاتدار هەبووە و هەموو هاووڵاتیانی دیکەش ڕەعیەت بوون. بەم شێوەیە جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان چینی دەسەڵاتدار و چینەکانی دیکەدا هەبوو. زۆرجار لایەنگرانی دێموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەموو هاووڵاتیان بە جۆرێک لە جۆرەکان حوکمڕانن، چونکە توانای دەنگدانیان هەیە و بەم لۆژیکە هیچ پێشێلکارییەکی مافەکانیان لە دێموکراسیەکاندا ڕوو نادات و هەموو هاووڵاتیان بەشێکن لە دەوڵەت. هاووڵاتیان ماڤی سەربەخۆیان لە دەوڵەت هەیە کە بە هیچ بیانوویەک یاسا ڕێگە بە سیستەم نادات دەسەڵات ئەم ماڤە سەربەخۆیانەی تاک / ڕێکخراو و...هتد زەوت بکات. ئەم مافانە، مافێکی سروشتین و لەلایەن دەوڵەتەوە ناتوانن ببەخشن یا زەوت بکرێن و نابی لەلایەن دەوڵەتەوە پێشێل بکرێن. تەنیا بوونی هەڵبژاردن، دیموکراسییەکان لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بێبەری ناکات. ڕوونە کە دێموکراسی ئەگەر لەلایان کۆمەڵگای مەدەنییەوە چاوەدێری نەکرێ مەیلی بۆ ستەمکاری هەیە. ئەمە نەک تەنها کاتێک ڕاستە کە دیموکراسی بە "هەڵە" پراکتیزە بکرێت بەڵکوو نزیکە هەمیشە ڕوودات، چونکە دێموکراسییەکان بە ناچاری دەبنە گۆڕەپانی کێبڕکێی نێوان گروپە بەرژەوەندیخوازەکان. سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانە، دێموکراسی هێشتا ئەو سیستەمە سیاسییە کە وڵاتانی "ئازاد" دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بیگرنەبەر، تاکوو ماڤی تاک / جڤات تێیدا پارێزراو بیت. هۆکاری ئەوەی کە دیموکراسی لەلایەن خەڵکەوە بە باش دادەنرێت ئەوەیە کە باش لەگەڵ دۆگما پێشکەوتووەکانی یەکسانی و گشتگیردا تێکەڵ دەبێت. بەو پێیەی هەموو دەنگەکان لە دێموکراسیدا یەکسانن، کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و گشتگیر لە نەتەوەیەکی کۆلکەزێرینەیی پێک دێت. زۆرجار ئازادی لەگەڵ یەکسانیدا ناگونجێت و سەیر نییە کە دێموکراسیەکان زۆرجار لە پێناو کۆمەڵگایەکی یەکسانتردا مافە سروشتییەکان پێشێل دەکەن. دێموکراسییەکان بەپشتبەستن بە ئیرەیی و تەماح، بناغە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا لەناو دەبەن. لە کاتێکدا ئامانجی دێموکراسییەکان لە کۆمەڵگادا گونجاو و باش دەردەکەون، بەڵام ئەنجامەکانیان وانییە. سیستەمی ئازاد نەزمێکە کە لەسەر بنەمای ئازادی کۆمەڵ و مافی خاوەندارێتی دامەزراوە نەک دیموکراسی.

## کاریگەری بێدەنگی ئەخلاقی لە پێکهاتن و چڕکردنەوەی قەیران لە حوکمڕانی و ڕێکخراوەکاندا

یەکێک لە ڕەگ سەرەکییەکانی قەیران لە سیستەمی حوکمڕانیدا، دیاردەی "کاریگەری بێدەنگی"یە. کاریگەری بێدەنگی بە واتای لاوازکردنی کاریگەری پەیامە ناخۆشەکان دێت. لە ڕاستیدا چەمکی "کاریگەری بێدەنگی" جەخت لەسەر پشتگوێخستن، بچووککردنەوە، شاردنەوە، یان شێواندنی زانیاری و بۆچوون و هەواڵە نەرێنی و ڕەخنەگرانە و ناخۆشەکان سەبارەت بە پرۆژە، بەرنامە و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لەلایەن ئەندامانەوە دەکاتەوە، بە تایبەت کاتێک زانیارییەکان دەتوانن زیان بە وێنەی تاکەکەسی یان ڕێکخراو بگەیەنن. کاریگەری بێدەنگی ڕێگری لە چوونەدەری زانیاری ناخۆش لە ڕێکخراو و ڕێگری لە ڕۆیشتنی ئازادانەی زانیاری نەرێنی دەکات. بەو پێیەی قەیرانەکان هەمیشە بارودۆخی نەرێنی و هەڕەشەئامێزی لەگەڵدایە، هەر شاردنەوەیەک یان دەستکاریکردنی زانیارییەکان دەتوانێت ڕێکخراوەکە بەرەو مەترسیی جددیتر ببات.

جۆرێکی نوێتری ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت "کاریگەری بێدەنگی ئەخلاقی". کاریگەری بێدەنگی ئەخلاقی بەو مانایەیە کە ئەندامان و سەرکردەکان داواکاری، بڕیار و کردەوەی هەڵە، نادروست و نائەخلاقی لە پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی حوکمڕانیدا دەشارنەوە، بێدەنگ دەبن یا پشتگوێی دەخەن. دەرئەنجامە مەترسیدارەکەی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ڕێکخراوەکە دەرفەتی ڕەنگدانەوەی ئەخلاقی لەدەست دەدات و بڕیار، چالاکیی و ڕەفتارە نادروست، کێشەدار و گەندەڵەکان دەتوانن بەردەوام بن یان تەنانەت چڕتر بن. لە زۆر حاڵەتدا هەمان ئەم ڕەفتارە نائەخلاقییانە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی قەیرانی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی. بۆیە "کاریگەری بێدەنگی ئەخلاقی" نەک هەر ڕێگری لە ڕێکخراوەکە دەکات کە هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە، بەڵکو ئەگەری ڕوودانی قەیرانی بەربڵاوتر و کۆنترۆڵنەکراوتر لە داهاتوودا بە کەڵەکەبوونی هەڵە و ڕەفتاری نائەخلاقی زیاد دەکات .گرنگی لێکۆڵینەوە ئەم دیاردەیە لە ڕێکخراوەکانی خاوەن کولتوورێکی پلەبەندی و نادێموکراتیک زیاتر لە هەموو کاتێک دیارە. هەندێک لەو ڕووداوە قەیرانئامێزانە لە ئێراندا وەک سیستمێکی نادێموکراتیک کە لە ئەنجامی دیاردەی کاریگەریی بێدەنگیی ئەخلاقیەوە هاتوونەتە ئاراوە، دەتوانرێت وەسف و شیکاری بکەین. یەکێک لە ڕەگ و ڕیشەی قەیرانەکان لە سیستەمی حوکمڕانی و ڕێکخراوەییدا دیاردەی "کاریگەری بێدەنگی"یە، کە لاوازبوونی کاریگەریی پەیامە ناخۆشەکانە. لە ڕاستیدا کاریگەری بێدەنگی دیاردەیەکە کە تاکەکان یان ڕێکخراوەکان هەواڵ، زانیاری، یان پەیامی نەرێنی و ناخۆشی تێدا دەشارنەوە یان پشتگوێ دەخەن. ئەم دیاردەیە دەکرێت لە ترسی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پیشەیی، یان تەنانەت ئابووریش بێت. لە ڕێکخراو و دامەزراوەکاندا بەزۆری کاریگەری



سەرچاوە
Serchawe

بێدەنگی دەبێتە هۆی شاردنەوەی هۆشداری گرنگ و قەیرانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کەمبوونەوەی متمانەی گشتی بە نیسبەت حکوومەت و ڕێکخراوەکاندا دێتە ئاراوە. بۆ نموونە ئێران تووشی قەیرانی وەک؛ قەیرانی پیسبوونی هەوا قەیرانی کەمی ئاو قەیرانی ئاو و کارەبا، ئەم قەیرانانە لە ئاکامی دیاردەی کاریگەری بێدەنگی بۆتە بەشێک لە کولتووری ڕێکخراوەیی بەرپرسانی ڕێژیم، کە دواجار قەیرانی گەورەتری لێدەکەوێتەوە. ستراتیژییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەری بێدەنگی کاریگەری بێدەنگی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی قەیرانەکانی ناو ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگا. دەرهاویشتەی کاریگەری بێدەنگی نیشان دەدات کە تەنانەت هۆشداری بچووکیش ئەگەر پشتگوێ بخرێت، دەتوانێت ببێتە هۆی کارەساتی مرۆیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواکەوتنی ئاشکراکردنی زانیاری نەرێنی و پەیامی ئاگادارکردنەوە کاریگەریی تێکدەرانەی بەربڵاوی هەیە. بۆیە دروستکردنی کولتوورێکی ڕێکخراوەیی شەفاف، پشتیوانی یاسایی بۆ پەیامنێران و بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی زانیاری مۆدێرن، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی بێدەنگی و ڕێگریکردن لە قەیرانەکان زۆر گرینگن. بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری بێدەنگی و دەرئەنجامەکانی، پێویستە ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان ئەم ستراتیژیانە بگرنەبەر:

- دروستکردنی کەناڵی پارێزراو بۆ ڕاپۆرتکردن.
- زیادکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە.
- کولتووری ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای ئەخلاق.
- پەروەردە و زانیاری ـ بەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان و بەڕێوەبردنی زانیاری.
- بەکارهێنانی سیستەمی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و شیکاری داتاکان بۆ دەستنیشانکردن و گواستنەوەی خێرایی زانیاری ئاگادارکردنەوە.
- پشتگیری یاسایی بۆ پەیامنێران.
- چاکسازی لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و حوکمڕانیدا.

## ڕامانێک لە ئەرکی سیاسی سۆشیال میدیا

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا حکوومەتی نیپاڵ ٢٦ پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای وەک: فەیسبووک، ئینستاگرام، یووتیووب و ... هتد فیلتێر کرد، ئەمەش گەنجان و "نەوەی"ی نیپاڵی تووڕە کرد و لە ئەنجامدا ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان دژی ئەم بڕیارە دروست بووە. ئەم ناڕەزایەتیانە دەرەنجام بووە هۆی ڕووخانی حکوومەتی نیپاڵ و هەواڵی ئەو ناڕەزایەتییە بە خێرایی لە سەرانسەری جیهان و بە ئێرانیشەوە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. چاوخشاندنێک بەسەر ئەو بابەتانەی لەسەر شۆڕش لە نیپاڵ بڵاوکراوەتنەوە، دەریدەخات کە دوو هۆکاری "فیلتێرکردنی سۆشیال میدیا" و "نەسلی "Z جێگەی سەرنجی شیکارییەکانن . بەڵام پێناچێت دروست بێت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەهەندی شۆڕش تەنیا بەم دوو هۆکارە ڕوون بکرێتەوە. هەرچەندە فیلتێرکردن ڕۆڵی لە هاندان و وروژاندنی پێکهاتنی ناڕەزایەتییەکان هەبووە، بەڵام پێناچێت فاکتەری سەرەکی بووبێت. هەروەک لە هەندێک هەواڵدا هاتووە، ناڕەزایەتییەکان کە سەرەتا ئاشتیانە بوون و تیشکیان خستە سەر هەڵوەشاندنەوەی فیلتێرکردن، بەخێرایی بۆ بزووتنەوەیەکی بەربڵاو دژی گەندەڵی و نایەکسانی و بێکاری و ناکارامەیی حکوومەت گۆڕا. بەم پێیە دەتوانرێت بڵێین فیلتێرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نیپاڵ تەنیا هۆکاری سەرەکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵک بووە و هۆکاری سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییە توندوتیژانەی کە بووە هۆی ڕووخاندنی حکوومەت لە نیپاڵ، گەندەڵی و ناکارامەیی حکومەت لە ئاستی جیاجیا بوو و ئەمەش تایبەت بە "نەوەی"Z ی نیپاڵ نییە .بۆیە بە پێچەوانەی ئەو وێنەیەی شۆڕش لە نیپاڵ کە لە فەزای میدیایی ئێراندا دروست بووە، ئەم شۆڕشە تایبەت بە "نەوەی "z لە نیپاڵ نەبوو و نە ڕەگ و ڕیشەی لە فیلتێرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە؛ بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی نەوەی گەنجەکەی - کە نەوەی Z و ئاڵفا لەخۆدەگرێت - چالاکانە بەشدارییان لە ڕوودانی ئەم شۆڕشە و ڕووخانی حکوومەتدا کرد .کردەوەی نارێکخراو و ئاژاوەی سیاسی لەسەر ئاستی جیهانی ناڕەزایەتییەکی هاوشێوە لە ساڵی ٢٠١٣ لە بەڕازیل ڕوویدا، کە خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیان بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی کرێی پاسەکان دەربڕی، بەڵام زۆری نەخایاند و بۆ کۆمەڵێک بابەتی بەرفراوانتر کە ڕەگیان لە کۆمەڵگەی بەرازیلدا داکوتابوو،

**وەک:** نایەکسانی، گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان گۆڕاو و لەوێشدا پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا، نەک ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕۆڵیان هەبوو لە هەماهەنگیکردنی خۆپیشاندەران و لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵک هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا دەکرد. ئەم شێوازە لە ناڕەزایەتییەکان لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، نەک تەنیا لە نیپاڵ یان بەڕازیل، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا، تورکیا یان فەرەنساشدا بەدی دەکرێت. لە هەموو ئەم نموونانەدا، ناڕەزایەتییەکان بە

پرسگەلێکی بەڕواڵەت بچووک دەستی پێکرد، بەڵام بە ڕەنگدانەوە لەسەر پرسە گشتییەکان و بێمتمانەیی زیاتر بە حکوومەت و سەرکردە سیاسییەکان گەشەی کرد و لە هەموویاندا حکوومەتەکان نەیانتوانی پێشبینی ئەم ناڕەزایەتیانە بکەن؛ ئەمەش نوێنەرایەتی جۆرێک لە "ئاژاوەی سیاسی" لە هەموو جیهاندا دەکات یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ئاژاوەگێڕییە، یان بە واتایەکی تر پێشبینینەکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەسەندنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی پەیوەندی ئاسۆیی نوێ لەنێوان مرۆڤەکاندا لە ڕێگەی ئەو پلاتفۆرمانانەوە، کە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە ژینگەی زانیارییەکانیاندا. هەروەک مارگێتز و هاوکارەکانی لە کتێبی "ئاژاوەی سیاسی"دا نیشانیان داوە، ئەم پەیوەندییە ئاسۆییانەی و گۆڕینی ژینگەی زانیاریەکان، کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی بەشداریکردنی تاکەکان هەیە، ئەمەش وایکردووە پێشبینیکردنی ڕەفتارەکانیان قورستر بێت. ئەوەی لە نیپاڵ ڕوویدا، باندۆر و کاریگەری پێشبینینەکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی مۆدێرنیشی لەسەرە. کەواتە هەرچەندە فیلتێرکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تەنیا ڕۆڵی بزوێنەری لە ڕوودانی ئەو شۆڕشەدا هەبووە و هۆکاری ئەو شۆڕشە نەبووە، بەڵام ئەم تۆڕ و ڕایەڵکانە بۆ حکوومەتەکان لە ئاستێکی دیکەدا بوونە هەڕەشە و ئەمەش وایکردووە پێشبینیکردنی ڕەفتاری خەڵک قورس بێت و دەرەنجام بۆتە هۆی پشێوی و ئاڵۆزی سیاسی لە هەموو وڵاتاندا. پەیوەندی قووڵی نەوەی Z بە ئینتەرنێتەوە :شۆڕشی نیپاڵ - کە بەهۆی فیلتێرکردنی سۆشیال میدیاوە دەستیپێکرد - هەروەها تیشکی خستۆتە سەر ڕاستییەکی گرنگی دیکە کە ئەویش؛ سۆشیال میدیا ئەوەندە بۆ نەوەی Z گرنگە کە فیلتێرکردنی دەتوانێت ببێتە هۆکار و هاندانێک بۆ شۆڕشێکی کۆمەلایەتی، سیاسی.
ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و حکوومەتەکانی جیهان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. نیشانەی ئەو ڕاستییە کە سۆشیال میدیا جێگەیەکی تایبەتی بۆ گەنجان بەتایبەت نەوەی Z هەیە؛ پێویستیەکە کە ڕەنگە کەسانی بەتەمەن و نەوەکانی پێشوو بە تەواوی لێی تێنەگەیشتوون .بە پێچەوانەی نەوەکانی پێشوو؛ ئەمڕۆ ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بەشێکی دانەبڕاون لە ژیانی نەوەی گەنجە و ئەم نەوەیە لێی بێبەش ناکرێ. دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو و هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە حکوومەتەکان شێوازێکی گونجاوتر و جیاوازتر لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا پەیڕەو بکەن و لە ئەزموونە جیهانییەکان لەم بوارەدا فێر بن.



سەرچاوە
Serchawe

# ڕسیانی ڕۆشنبیران لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکاندا

ڕسیانی ڕۆشنبیران لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکاندا یەکێک لە تاڵترین دەرەنجامەکانە و لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینیکراوترین دەرئەنجامی ئەم جۆرە ڕێژیمانەیە. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان کە لەسەر کۆنترۆڵی ڕەها و ئایدۆلۆژیای یەکدەست و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی سەربەخۆ بنیات نراون، بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕۆشنبیران لەناو دەبەن، بێلایەنیان دەکەن، یان هاوکاری ڕێژیمیان دەکەن. ئەم دیاردەیە نەک هەر بە مانای لەدەستدانی ڕۆشنبیران دێت، بەڵکو بە مانای نەزۆککردنی توانای کۆمەڵگایەک بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنەرانە و پێشکەوتنانەش دەبێت. بۆ تێگەیشتن لەم کەوتنە، پێویستە سەرەتا پێناسەی ڕۆشنبیر و سروشتی تۆتالیتاری بکەین، و بۆچی ڕۆشنبیر هەڕەشەیە بۆ سەر تۆتالیتار. ڕۆشنبیر کێیە؟ ڕۆشنبیر، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، کەسێکە کە ڕەخنە دەگرێت و شیکاری و پرسیار دەکات؛ کەسێکە کە بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت، تەحەدای دۆخی ئێستا دەکات و هەست بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر کۆمەڵگا و کێشەکانی دەکات. ڕۆشنبیر بەگشتی لە ڕووی فیکرییەوە سەربەخۆیە و لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی بەبێ لایەنگری شیکاری بکات. حکوومەتی تۆتالیتار چییە؟ حکومەتی تۆتالیتار سیستەمێکە کە حکوومەت هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتی و تایبەتی هاوڵاتیانی دەدات. ئەم ڕێژیمانە بە ئایدۆلۆژیای بەربڵاو، سەرکردەی کاریزما، پۆلیسی نهێنی، کۆنترۆڵکردنی میدیا و سەرکوتکردنی توندی نارەزایەتییەکان دەناسرێنەوە. ئامانجیان دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و یەکسانە کە تێیدا هیچ لادانێکی فیکری و ڕەفتاری دژی ڕێژیم تەحەمول نەکرێت. شێوازەکانی ڕووخانی ڕۆشنبیران لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان :ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بە لەسێدارەدان و زیندانیکردن یان دەربەدەری زۆرەملێ، ڕۆشنبیران بە شێوەیەکی فیزیکی لەناو دەبەن. وەک زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی یەکێتی سۆڤیەتی ستالین، ئەڵمانیای نازی، چین و ئێران لە سەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیری، کەمبۆج و دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی دیکە، کە بەهۆی بیروباوەڕەکانیانەوە یان بە تۆمەگەلی نارەوا کوژران، زیندانیان کردن یان ڕەوانەی کەمپەکان کار کران. زۆر کەسی تریش ناچار بوون زێدی خۆیان بەجێبهێڵن، ئەمەش جۆرێکە لە دوورخستنەوە و کوشت لە ڕووبەری گشتی جڤات و وڵاتەکەیان.

ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیروباوەڕەی و هاوتەریبکردنی ڕۆشنبیران لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمی لە ڕێگەی "پەروەردەکردنەوە" یان فشارخستنە سەریان بۆ دانپێدانان بە "هەڵەکانیان" هاوتەریبیان بکەن و هەوڵدەدەن هاوئاراستەی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکان پەیام و سوژە لە گۆمەڵگادا دروست بکەن و هەندێک ڕۆشنبیر بە بەڵێنی پێگە، سامان، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان ماڵی لە خۆیان کۆیان بکەنەوە .ئەم ڕۆشەنبیرانە دەبنە "ڕۆشنبیری فەرمی" یان "ڕۆشنبیری دەوڵەت"، کە ئەرکی پاساودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژییان پێدەسپێردرێت.

ڕێژیمەکان بە کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیری و زاڵبوون بەسەر زانکۆکان و بڵاوکەرەوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مۆزەخانەکان و دامەزراوە هونەریەکان ژینگەیەک دروست دەکەن کە تەنها بیرۆکەی پەسەندکراو بتوانن تێیدا گەشە بکەن. دروستکردنی کەشوهەوای تیرۆر و خۆسانسۆری و ترس لە دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان، یان زیانگەیاندن بە خێزان، زۆرێک لە ڕۆشنبیران ناچار دەبن بێدەنگ بن یان خۆسانسۆری بکەن.

**تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم:** وەک لە وشەکەدا دەردەکەوێت، تۆتالیتاریزم ئاماژە بۆ سیستەمێکە کە تێیدا کۆنترۆڵی دانیشتووان لە هەموو جۆرەکانی تری دەسەڵاتدارێتی زیاترە و توندڕەوترین نوسخەی ملکەچبوونی تاکە بۆ دەوڵەت. دیکتاتۆریەتی تۆتالیتار و پاوانخواز هاوبەشی زۆریان هەیە، لەوانە ڕێزنەگرتن لە مافەکانی هاووڵاتیان، لێپرسینەوەی گشتی لە نوخبە سیاسییەکان و ڕێزنەگرتن لە سەروەری یاسا. بەڵام دیکتاتۆری تۆتالیتاری دەتوانرێ لە چەند ڕوویەکەوە لە دیکتاتۆرییەکی تاکڕەو و پاوانخواز جیا بکرێتەوە .یەکەم: ئایدۆلۆژیا لە یەکەمیاندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگتر دەگێڕێت وەک لەوەی دووهەمیان، هەرچەندە زۆرێک لە چاودێران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا لە ئیتالیا فاشیست و ئەڵمانیای نازی کەمتر گرنگی هەبووە بە بەراورد بە یەکێتی سۆڤیەتی ستالین و وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیست. لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری زۆرجار سوود لە ڕابردوو و بە تایبەت نەریتە نەتەوەییەکان وەردەگرێت، لە کاتێکدا ڕێژیمە پاوانخوازەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر ڕابردوو و بەردەوامی هەیە. هەروەها زۆرجار بە ئاشکرا و بە ئارەزووی خۆی هەندێک گروپی کەمینە وەک "دوژمن"ی دەوڵەت / یان خەڵک دیاری دەکات، کە ژیان بۆیان دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕستەیی ببێتە شتێکی بەرگە نەگیراو.

## واتا و چەمکی ناسیۆنالیزم

باسکردنی ناسیۆنالیزم بابەتێکی هەستیارە و ئەم هەستیارییە هەمیشە لە ڕوانگەی جیاوازەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەیلە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕووی سیاسەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و باسە تیۆرییەکانی پەیوەست بەم چەمکە وروژێنراون بوونی دەبێت. لە واقیعدا ناسیۆنالیزم بابەتێکی ئاڵۆزە و خودی وشەکە وەک ئینگلیزەکان دەڵێن جێگەی مشتومڕە. هەندێک تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆی هەیە، هەندێک وەک وشەیەکی نەرێنی سەیری دەکەن و زۆر لە بەکارهێنانی دەترسن، هەندێک وەک شتێکی نوێ و ڕۆژاوایی دەیبینن، هەندێکیش لە ڕوانگەی زانستییەوە سەیری دەکەن. مانای ئەم وشەیە چییە و چ تیۆرییەک لەبارەیەوە بوونی هەیە و هەڵوێستی ئەم مشتومڕە چییە و چۆن دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە؟ لایەنگر و نەیارەکانی کێن؟ جۆرەکانی چین؟ بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوە و دۆخی ئێستای چۆنە؟ ناسیۆنالیزم پرسێکی نوێیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە ڕەنگە لە سەدەیەک زیاتر بەسەر هاتنی ئەم وشەیە تێنەپەڕیبێت .وشەی ناسیۆنالیزم خۆی کۆن نییە و ئەگەر بگەڕێین، ڕەنگە لە سەدەی نۆزدەهەمی دوای شۆڕشی فەرەنسا و ئەو باسانەی کە لە ئەوروپا لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەڵمانیا بۆ یەکگرتن لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەوروپادا ڕوویدا، بدۆزینەوە .لەڕووی نووسین و فۆرمولەکردنی تیۆریەوە یەکەم کەسەکان کە لەسەری دەنووسن لە ڕۆژاوا، وەک؛ "هانس کۆهین" و "کارل دۆیچ"، لە ساڵانی ٥٠ و ٦٠ی سەدەی بیستەمدا بوو، کە بە شێوەیەکی بێلایەن ناسیۆنالیزم و جۆرەکانییان خستەڕوو و باسیان کرد. پێشێتی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هی هانس کۆهینە و دواتر کارل دۆیچ کتێبی "پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسیۆنالیزم"ی نووسی. مانا و چەمکی ناسیۆنالیزم: لە ڕوانگەیەکی گشتیەوە دەتوانرێت جۆرەکانی ناسیۆنالیزم دابەش بەسەر "ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی" و "ناسیۆنالیزمی فەرەنسی" بکرێت و پێویستە بگوترێ کە پێش باسەکانی ناسیۆنالیزم، چەمکێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە بە ناوی (ڕەوشتی نەتەوەیی)، کە پێدەچێت باسێکی سەرەتایی بێت سەبارەت بە شوناس. لە ئێرانیشدا کە سەرەتا باس و چەمکەکانی ناسیۆنالیزم بەرەوپێش دەچوو، لە بواری ڕەوشت و ئاکاری نەتەوەیی بوو؛ بەداخەوە دەقە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ناسیۆنالیزم لە ئێران لە دۆیچ و کوهنەوە وەرنەگێڕدراون و وەرگێڕانی نووسراوی وەک "تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم" لە نووسینی "ئەنتۆنی سمیس" لەنێو ئەو دەقە تیۆرییە کەمانەی کە لە بواری ناسیۆنالیزمدا هەن، بەردەستە. بنەمای زۆربەی باسە نوخبەییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم یان سیاسی و ئایدیۆلۆژییە یان زۆر ڕووکەش و ساکارن و دەقە کلاسیکییە سەرەکییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هێشتا وەرنەگێڕدراون. لە جیهانی ڕۆژاوادا، لە حەفتاکان و بەتایبەتی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، شاهیدی سەرهەڵدانەوەی گفتوگۆ و بابەتەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی بووین. ئەو تیۆریستە سەرەکیانەی باسیان لەم بابەتە کردووە لە هەشتاکانی

سـەدەی ڕابـردوودا بـوون، کە پێویسـتە بەدوایـدا بگەڕێـن و گەورەتـرین دەقـی کلاسـیکی پەیوەسـت بە ناسـیۆنالیزم و نەتەوەخوازی لەم دەیەیەدا بە تایبەت لە ساڵی ١٩٨٣دا بڵاوکرانەتەوە .کتێبەکانی "ئێرنست گێلنەر"، "ئێریک هۆبسباوم" و "بنێدکت ئەندەرسـۆن" هەموویـان لە سـاڵی ١٩٨٣دا چـاپ و بڵاوکـراونەتەوە، ئەمەش ڕەنـگە بەهـۆی کـاریگەری شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دژی کۆمۆنیزم لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بێت. بێگومـان پـێش ئەمە و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنتۆنی ئیسمیت، تیۆرییەکـانی ناسیۆنالیزمی نووسیوە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا نـاکۆکی لە نێوان زانایانی ڕۆژاوادا هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم گرنگیدانە بە ناسیۆنالیزم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا لە کوێـوە سەرچاوەی گرتووە. وشەی ناسیۆنالیزم، نەتەوەیی، شوناسی نەتەوەیـی و تەنـانەت نەتەوە پەیوەنـدیان بە یەکەوە هەیـە و بنەمای باسە تیۆرییەکانیش لەسەر ئەوە دادەنرێت کە ڕیشەی ئەمم دیـاردەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی لـە کوێـوە دێت؟ تیۆریستەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بەسەر دوو گرووپـدا دابەش بـوون: گرووپێـک بە نـاوی "مۆدێرنیستەکان"، کە پێیـان وایە ئەم چەمکە ڕەگ و ڕیشەی مۆدێرنە و لە سەدەی ڕابردوو یان دوو سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵداوە، گرووپێکی دیکەش بە نـاوی "ئارکایسیسـتەکان"، کە پێیـان وایە ناسـیۆنالیزم و میللەت ڕەگ و ڕیشـەی کۆنیـان هەیە. بەشـێک لەو ئارکایسـتیانە فیزیۆلۆژیست بوون، وەک ڤاندنبێرگ و هەندێکیشیان کۆمەڵناس بوون، وەک کلیفۆرد گێرتز و ئێدوارد شیلز، کە پێیان وابـوو دیاردەی نەتەوە و نەتەوەییبوون و ناسیۆنالیزم زۆر کۆنە. لەلایەکی ترەوە قوتابخانەی مۆدێرنیزم کە لە ئەدەبیاتی زانستە مرۆڤایەتییەکـانی ڕۆژاوادا بە شـێوەی مـۆدێرنیزم دۆخخـوازی و ئـامرازگەرایی، پێـی وایە ئەم ناسیۆنالیزمە و بە تـایبەتی نەتەوە و نەتەوەخوازی، ڕەگ و ڕیشەی مۆدێرنیان هەیە. بەشێک لەم گروپە مارکسیستن.

مارکسیسـتەکان سـەرمایەداری وەک سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزم پێشـنیار دەکەن. ئێرنسـت گێلـنەر یەکـێکە لەو کەسانەی کە ئاماژە بە لاوازبـوون و کەوتنـی فیـۆدالیزم لە ئەورووپـا و بڵاوبـوونەوەی پێشهاتە کولتوورییە نوێیەکـان، وەک پەروەردەی گشـتی لەنێـوان هەمـوو چینەکـانی کـۆمەڵگە و خاکێکـدا، وەک پێشـمەرجەکانی دروسـتبوونی دیـاردەی نەتەوە و نەتەوەخوازی ئاماژە دەکات. مارکسیستەکانی دیکە کە باسیان لە دیـاردەی ناسیونالیزم کـردووە، وەک هۆبسـباوم یـان پێـری ئەندەرسۆن کە نیومارکسیستن، ئاماژە بە داهێنـانی پیشەسازی چاپەمەنی دەکەن، کە بووە هۆی دروستبوونی جیهـانی مۆدێرن و سەرمایەداری، و ڕێگەی بۆ دروستکردنی چەمکی نـوێی وەک نەتەوەیـی و ناسیۆنالیزم خۆشکرد، کە هیچ پێشینەیەکیان لە ژیـانی مرۆڤـدا نەبـوو. لەم نێوەنـدەدا قوتـابخـانەی سـێیەم سـەریهەڵدا کە سـەنتێزێکی لەنێـوان ئارکیسـت و مۆدێرنیسـتیدا دروستکرد و هەوڵیدا دوو زاراوەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم جیابکاتەوە. ئەم بیـرۆکەیە ئەوەیە کە میللەت دیـاردەیەکی فیزیکـی و بەرجەستەیە، بەڵام بـاس و بـابەتی تیۆری ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازیی دەروونـی و مەعـریفیین. کەواتە نەتەوەخوازی یـان ناسیۆنالیزم دیـاردەیەکی نـوێی مۆدێرنە، بەڵام نەتەوە دیـاردەیەکی کۆنە. بەنـاوبـانگترین تیۆریسـتی ئەم قوتابخـانە تێکەڵاوە، ئەنتۆنی سمیسە، کە ڕەگی بنەڕەتی گەلان بە چەمکی (قەوم) دەزانێت؛ بێگومان ناسیۆنالیزم بەو مانا بـاوەی کە

لەم دواییانەدا لە ئێراندا باس دەکرێت جێی بایەخ نییە. بیرمەندێکی تری قوتابخانەی تێکەڵاو زاراوەیەکی دروست کرد بە ناوی نەتەوە کۆنەکان کە بە واتای نەتەوە کۆنەکان دێت کە لە میسر و یۆنان و چین هەن، دەگرێتەوە. بۆیە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان تیۆریستەکان کە مۆدێرنن و لە چاویلکەی ئەزموونی ئەورووپای مۆدێرن سەیری پرسی ناسیۆنالیزم و نەتەوە دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی زیاتر بە جیهانی و لە ڕوانگەی تەواوی مێژووی جیهانەوە دەڕوانن؛ بەو مانایەی کە ئەگەر بچینە دەرەوەی ئەورووپا، ڕەنگە ڕوانگەیەکی جیاوازمان هەبێت بۆ چەمکەکانی نەتەوەیی. خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە ئەگەر چەمکی ئاسایی ناسیۆنالیزم واتە "نیشتمانپەروەری" لەبەرچاو بگرین، بە بۆچوونی من دیاردەیەکی سروشتییە کە فیزیۆلۆژی باوەڕی پێی هەیە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی لە سروشتی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات. بۆیە ئەم بابەتە مشتومڕێکی جیهانییە. هەرکەسێک بچێتە هەر شوێنێکی دونیا، دڵی بۆ نیشتمانەکەی ئازار دەچێژێت.

## ئێران لە لێواری شەڕ و گۆڕانی سیاسیدایە

قۆناغی دووەمی شەڕ بەپێی گۆڕانکارییەکان لە ئاستی ناوچە و جیهان کە ڕوو دەدەن بەو زووانە دەست پێدەکات. چالاککردنەوەی سناپ باک (میکانیزمی ماشە) دەتوانێت سەرەتای قۆناغی دووهەمی هێرشەکانی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی هاوتەریب لەگەڵیان بۆ سەر ئێران بێت. قۆناغی دووهەم، بەپێی هەڵسەنگاندنە هەواڵگری و ئەمنییەکان بۆ دۆخی هێزەکان و پێشهاتە جیهانییەکان دەکرێت، پەرەپێدانی قۆناغی یەکەمی (سەربازی و ئەمنی) لەگەڵ یەکێک لە دوو قۆناغەکەی تری شەڕەکە بێت. سیناریۆی یەکەم سەرەتای قۆناغێکی سیاسییە لەگەڵ پەرەسەندنی قۆناغی سەربازی و ئەمنی. سیناریۆی دووهەم قۆناغی ئیفلیجییە لەگەڵ پەرەسەندنی قۆناغی سەربازی و ئەمنی. وا دیارە کاتی دەستپێکردنی هێرشەکان زۆر نزیکە و لە سیناریۆی یەکەمدا بیرۆکەی گۆڕانکاری سیاسی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە پەیڕەو دەکرێت. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، "سیاسەتی خۆگرتن" لە ناوەندی سیاسەتی ڕۆژاوای ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و بە شکستی سیاسەتی خۆگرتن لە ٧ی ئۆکتۆبەر بۆ هۆی ئەوە کە دوو بیرۆکە بگۆڕدرێن .بیرۆکەی یەکەم سەرهەڵدانی "سیاسەتی گۆڕانکاریی ڕێژیم". هەم گۆڕینی ڕێژیم و هەم گۆڕانی ڕەفتار لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە دەکرێ. بیرۆکەی دووهەم پێداچوونەوەیە بە سیاسەتی خۆگرتنە؛ واتە شکستهێنان لە کۆنترۆڵکردنی هێزە دژە ڕۆژاواییەکان بە پێناسەیەکی درۆینەی مەرج و ئامرازەکانی خۆگرتنەوە گرێدراوە و هەوڵیداوە ئەو مەرج و تایبەتمەندییە نوێیانە کە کۆنترۆڵکردنەکەیان دەکردە مەمکین، بگۆڕێت. پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆگرتن بەو مانایەیە کە خۆگرتن لەژێر مەرجەکانی تردا دەکرێت و لە سیاسەتی گۆڕانکاریدا، زۆرێک لە هێزە بڕیاردەرەکانی مەیدانەکەش مەیلیان بۆ گۆڕینی ڕەفتار ڕێژیم هەیە. واتە بەبێ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، هەلومەرجی جۆراوجۆری وەک تەسلیمبوونی تەواو، جێگرتنەوەی سەرکردایەتی، زەمینە خۆشکردن بۆ هێزە نائایدۆلۆژییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، یان ڕیفۆرمخوازەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، وا دەکات بتوانرێت هەڵسوکەوتی حکوومەتی تاران بگۆڕدرێت. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕەفتاردا بە ڕێککەوتنی فەرمی و نافەرمی و گۆڕانکاری لە یەکرێزی ئاشکرای هێزەکان و هاوکارییەکانی دواتردا گەرەنتی دەکرێت. هەروەها لە بیرۆکەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە تاران دوو بژاردە پەیڕەو دەکرێت: هەژموونی سەربازی لە تاران یان تێکەڵەیەک لە هەژموونی سەربازی و شۆڕشێکی جەماوەری. ڕەنگە هەندێک لە گەلاڵەکان دەستنەکەوتوو دەرکەون. بەڵام پێشهاتەکانی چەند مانگی ڕابردوو ئەم ئەگەرانەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە. ئایا هیچ ئەگەرێک هەیە بۆ ڕێگریکردن لە بەردەوامبوونی شەڕەکە؟ ئەگەرەکە زۆر لاوازە. خامنەیی بۆ پێشگرتن لە بەردەوامیی شەڕ، هەر سیناریۆیەکی گۆڕانی سیاسی کە ڕۆژاوا خوازیاری بێت، ڕێگری لێ دەکات. ئایا ئەگەری لابردن یان سنووردارکردنی دەسەڵاتی خامنەیی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و

ئەمنییەکانی ئەم دواییە بۆ دروستکردنی دامەزراوەی ئەمنییەتی بڕیاردەر لە تاران سەریهەڵداوە؟ هیچ نیشانەیەک بۆ ئەمە نییە. هێشتا پێدەچێت پرۆسەی وتووێژی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕۆژاوا بێ ئەنجام بێت. هەروەها ڕووسیا و چین ئیرادەیەکی جیددییان بۆ پاراستنی بنکەی دژە ڕۆژاوایی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. چین سیاسەتێکی کولتووری و ئابووری ئاڵۆزتری هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا و خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرێت. هەروەها ڕووسیا لە بەڕێوەبردنی شەڕەکەی لەگەڵ ئەورووپا (ئۆکراین) سەرکەوتوو نەبووە و پێناچێت ئێستا توانای و ڕۆڵێکی بنەڕەتی و داهێنەرانەی هەبێت. وڵاتانی ناوچەکەش لەگەڵ هەموو ڕق و تووڕەییان لە شەڕ، لە کۆتاییدا شەڕێکی کورت و سنوورداریان پێ لە تەحەدای درێژخایەنی ئێران باشترە. کەواتە هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە ئیرادەی ئەمریکا و ئیسرائیل وەک زلهێزێکی ناوچەیی و جیهانی؛ ئەمریکا و ئیسرائیل لە کۆتاییدا ئەورووپاییەکان کە لە شەڕی لەگەڵ ڕووسیادا گیریان خواردووە، ڕازی دەکەن کە بەشدارییان لە زنجیرە گۆڕانکارییە سیاسییە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بکەن. هەروەها سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش ئەوەندە هاوسۆز و سوودبەخش دەبن تا ئەنجامە کۆتاییەکان بەدی بێن. تورکیاش ئەم دۆخەی بە دڵ دەبێت و لە کۆتاییدا پاکستان و وڵاتانی دیکەش بەشداری دەکەن.

دەرەنجام یەکێک لە دوو سیناریۆی دێتە ئاراوە:

١- بەردەوامی شەڕەکە

٢- ئیفلیجی درێژخایەن. ئەگەر ڕۆژاوا بەو ئەنجامە بگات کە ناتوانرێت دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، ئەوا دەچێتە سەر پاڵاوگەکانی نەوت و گاز و بە ئامانجگرتنی ٥ بۆ ١٠ ئامانجی ستراتیژی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر لە کار دەخرێن.

بە داخستنی ناوەندە سەرەکییەکانی گاز و بەرهەمە نەوتییەکان، لە درێژخایەندا قەیرانی سووتەمەنی، قەیرانی بەرهەمهێنانی وزە و قەیرانی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان دروست دەبێت و بە شێوەیەکی کاریگەر کۆماری ئیسلامی کە لە گۆڕەپانی ناوچەیی شکستی هێناوە، قەیرانەکان بۆ کێشە ناوخۆییەکانی دەگوازرێنەوە و بۆ دەسەڵاتی ئێران سیناریۆیەکی کارەساتبار دەبێت. حکومەت ناتوانێت بەرنامە ئەتۆمییەکەی بنیات بنێتەوە و بڕیارەکانی (میحوەری مقاومەت) تەنها دەتوانن ئۆپەراسیۆنی بچووکی تیرۆریستی ئەنجام بدەن و توانای مووشەکییەکەی لەگەڵ سنووردارکردنی ئامێری هەڵگر و مووشەکی بەخێرای کەم دەبێتەوە و کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەک وەک ئەنسارۆڵای یەمەنی لێ دێت. لەم سیناریۆیەدا ڕۆژاوا لە شیکردنەوەیەکدا بۆ پێشهاتەکانی نەزمی جیهانی و هێزە سیاسییەکانی ئێران، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانی سیاسی ڕاستەوخۆ مومکین نابێت و بەم لێدانانەش ئەگەری سەرهەڵدان و گۆڕانکاری ناوخۆیی لە ئێران

لە داهاتوودا دروست دەکات. ئەم سیناریۆیە بۆ وڵاتانی دەوڵەمەندی ناوچەکە کە ئێران ببێتە ماکەی تیرۆریزم خوازراو نابێت و پێشوازی لێ ناکەن .لە خوێندنەوەی ناوەندە ئەوروپییەکان و ناوەندە سیاسییە (چەپییەکان)دا، لێدان لە کۆماری ئیسلامی و هێرشی مووشەکیی بەربڵاو و کوشندە و شەپۆلی تیرۆریزمی جیهانی و قەیرانی کۆچبەری لە ئورووپای لێدەکەوێتەوە. بەڵام هێرشەکانی سەر حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نیشانی دا کە مووشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانییەکانی کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی لەوەی خەیاڵ دەکرێت لاوازترن. پرسی کۆچبەریش بە گۆڕانکاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەکرێت و بە خۆگرتن و پشتیوانی نەکردن لە گۆڕانگارییە ڕیشەییەکان بەدی نایەت. هەروەها نیگەرانی ئێستای وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە ستراتیژی شەڕفرۆشی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بە سیاسەتی جیاواز و پلانی شەڕی دیاریکراو کۆنترۆڵ دەکرێت. کۆنترۆڵی ڕۆژاوا بەسەر شەڕەکەدا ئەوەندە گەورەیە کە ئاگربەست لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە پێویستی بە دووبارە تەیارکردنەوەی سیستەمی THAAD و Paykan هەبوو. لە گەڕی داهاتووی شەڕدا؛ هەڵسەنگاندنی تاکتیک، فریکوێنسی و قەبارەی هێرشەکان دیاری دەکات و وڵاتانی عەرەبیش بەرگرییان لێدەکرێت. سیناریۆیەکی تری شەڕەکە سەرەتای قۆناغی سیاسی ئەم شەڕە دەبێت بۆ گواستنەوەی دەسەڵات یان ڕووخاندن. لێرەدا دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە شێوەی دەستێوەردانێکی سەربازی ئامانجدار بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربازی یان نیمچە سەربازی لە تاران یان شۆڕشێکی جەماوەری بە پشتیوانی هێزە نیزامییەکان دەبێت. ئەگەر لە شەڕی عێراقدا پێویست بوو لە سنوورەوە دەست پێ بکرێت تا دڵی بەغدا و دەست بەسەر کۆشکی سەرۆکایەتیدا بگیرێت، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای سەربازی وای کردووە لە شەڕی ٢٠٢٥دا زۆربەی هێزە سەربازییەکان بێلایەن و تەواوەتی ئاسمان لە هەردوو ئاستی شەڕکەر و فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کۆنترۆڵ بکرێن، و بە چەند هێزێک لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سنووردار ئەنجامە خوازراوەکە بەدەست بهێنرێت. ئەم پرسە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی زیاتری پێشهاتەکان و سەقامگیری گواستنەوەی دەسەڵات دەبێت، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین نیشانەی ئەم سیناریۆیەی بەخۆیەوە بینیوە. بە پێچەوانەی قۆناغی پێشووی شەڕەوە، ئەمجارە هێزە سیاسییەکان و ناوچە هەستیارە سیاسییەکان لە ناوەڕاستی تاران دەکرێتە ئامانج و نەهێشتنی عەلی خامنەیی تەنیا دەتوانێ هۆکارێک بێت بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری؛ بەڵام لە دۆخێکدا ئەو دەکرێت کە تاران لە دانیشتووانی خۆی خاڵی نەبێت. لێرەدا دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان هەموو شتێک دیاری دەکەن و هەڵسەنگاندنی کۆتاییان بۆ دۆخی هێزەکان و بارودۆخی وڵات دەتوانێت دیاری بکات کە ئایا هێرش و هەژموونی ئاسمان دەتوانێت زەمینەی گواستنەوەی دەسەڵات دابین بکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئامادەبوونی خەڵک هەبێت، لە دۆخێکدا کە هێزە سەربازەکانی حکوومەت لاواز بن، یان گۆڕانی فەرماندە سەربازی و حکوومییەکان هێشتا پێک نەهاتووە و جۆرێک لە تەسلیمبوون بە ئیرادەی گەلیش ڕوودەدات، ڕەنگە کلیلی ئەم پرسە متمانەی هێزی بەدیلیش بێت. شیکاریی دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئێستا لە پاڵ پلانە سەربازییەکانی هێرشکردنە سەر تاران و کۆنترۆڵکردنی (بەرگریکردن) لە بەرامبەر مووشەکی بالیستیک ڕاوەستاوە و کۆتا هەڵسەنگاندنی



سەرچاوە
Serchawe

بۆ دەکرێت. توانای ١٥٠٠ مووشەک کە ڕەنگە تەنها ٢٠٠ مووشەکیان بەڕاستی نیگەرانکەر بن و لەدەستدانی زیاتر لە نیوەی مووشەک هەڵگرەکان، بژاردەی هێرش زیاتر دەکات.

## گەندەڵی: خۆخۆری ئابووری، تێکدەری ئەخلاق

یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی بەردەوامی گەشەنەکردنی وڵاتان، گەندەڵییە. لە وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەندەڵی ئابووری سنووری ڕێکخراوبوونی بەزاندووە و گەیشتووەتە گەندەڵی سیستماتیک. ئەم ئاستە لە بەردەوامی و پێشکەوتنی گەندەڵی بۆ هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە. دەسەڵاتدارانی ددیکتاتۆر بەپێی پراکتیزی ئاسایی خۆیان، لە سەرەتادا نکۆڵی لە هەبوونی گەندەڵی دەکەن و دواتر تا ڕادەی قبووڵکردن دانی پێدادەنێن، ئەمەش دەریدەخات کە لە گرنگیی پرسەکە تێنەگەیشتوون یان بە هۆی وابەستبوون بە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیان، ئەو کەیسانەی کە لە داب و نەریتی جیهانیدا بە گەندەڵی دادەنرێن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە گەندەڵی نازانرێن یان دیاردەیەکن کە دەتوانرێت پشتگوێ بخرێن بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات، لە کاتێکدا گرنگترین هۆکاری نێوخۆیی لە بەردەم گەشەپێداندا، گەندەڵییە .گەندەڵی لە حکومەتدا بۆتە بابەتێکی ڕێکخراو، کە بە بانگەواز و ئامۆژگاری ئەخلاقی چارەسەر نابێت و لە نەبوونی ئیرادەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە وەک مۆرکە پێکهاتەی حکومەت دەڕووخێنێت .بۆیە دەبێت هەموو حکومەتێک گەندەڵی بە جیددی وەربگرێت .بۆ نموونە ئێستا ئێران کە لە ئاگربەست لە دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل دایە و بە شێوەیەکی کاتی توانیویانە ئەو دۆخە ئارام بکەنەوە، بەڵام گەندەڵی سیستماتیک کراو، لە ڕەهەندی ناوخۆیی دابڕانێکی واتایی لەنێو دەسەڵات و خەڵکدا دروست کردووە. کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات بەشێوەیەکە کە هەموو نۆرم و بایەخەکانی سیستم لای جەماوەر بێ واتا دێنە بەرچاو و ئەگەر بتوانێت شەڕ لە دەرەوی سنوورەکانیشی هێور بکاتەوە، بەڵام نارەزایەتی کۆمەڵگا بە هۆی گەندەڵی، ڕانتخۆری و... هتد بۆتە کێشەیەکی جیددی بۆ ڕێژیم. ئاستی هەڵاتنی مێشکەکان، مامۆستایانی زانکۆ، پەرەستار، سەرمایەدار، گەنجان . ڕادەی خۆکوژی، تەڵاق و گیرۆدەبوون بە مادەسڕکەرەکان و دەیان دیاردەی تر بۆ بوونی گەندەڵی سیستەماتیک لە دەسەڵاتدا دەگەڕێتەوە .گەندەڵی بەشێک لە سەرچاوەی داهاتی لە چەرخەی کاریگەر لەسەر ژیانی خەڵک بەفیڕۆ داوە و خزاندوویتە گیرفانی گەندەڵکارانی ئابووری کە سەرمایەکی زۆری سێکتەرە خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگا بەناوی جیاجیا لەلایان بەرپرسانی وڵات بەتاڵان دەبردرێت و بە شێوەی نایاسایی بەرپرسان مامەڵەی لەپێناو بەرژەوەندەییە شەخسیەکانی خۆیان پێوە دەکەن. حکومەت بۆ دابینکردنی دارایی باجی زیاتری خستووتە سەر خەڵک و چالاکانی ئابووری یان سەرچاوە سەرمایەکانی سەر بە خزمەتگوزاری خەڵکی خەرج دکات، یان بە قەرزکردنی پارە لە بانکە نێودەوڵەتییەکان وادەکات نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بکەونە ژێر قەرزەوە و دواجار بەشێک لە پابەندبوونەکانی پشتگوێ دەخات بۆ ئەوەی داهات و خەرجییەکانی هاوسەنگ بێت، بەمجۆرە ئێستا ڕادەی هەڵاوسان سەروو ٥٠٪ و کۆی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری ڕاوەستاون، کرێکاران بێکار بوونە، کارخانەکان کەرەسەی پێویستیان بۆبەرهەمهێنان

بۆ دابین ناکرێت و دەرەنجام زۆرینەی کۆمەڵگا تووشی هەژاری هاتوون. بەجۆرێک بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە دیاردەی مناڵفرۆشی، کارتۆن و ماشێن خەوی، جەستە فرۆشی بۆتە حاڵەتێکی باو. بۆیە گەندەڵی تێچووی بەڕێوەبردنی وڵات زیاد دەکات و زیان بە کەرتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا گەیشتووە و پلانی گەشەپێدان هەر نەماوە و دواجار ئایندەی کۆمەڵگایان لەناو بردووە. سروشتییە ئەو پرسانەی کە باسمان کرد، نارەزایی گشتیی لێدەکەوێتەوە .تێکچوونی ژێرخانی وڵات، وەک نەبوونی ئاو و کارەبا و... یەکێکە لە دەرەنجامەکانی .یەکێکی تر لە کاریگەرییە وێرانکەرەکانی گەندەڵی، بڵاوبوونەوە ئەم دیاردەیەیە. گەندەڵی ڕێگە خۆش دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە بێ ئەخلاقییەک و بناغەی ئەخلاقی حکوومەت و کۆمەڵگا لەناو دەبات. سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی پۆستی ڕێکخراوەیی و گەشەکردنی گەندەڵکارانی ئابووری لە حکومەتدا وەک هاندەرێک بۆ ئەوانی دیکە کار دەکات و ئەمەش باشترین سیستەمی پڕوپاگەندەیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو کارە بێ ئەخلاقییە. ئاسایی کردنەوەی گەندەڵی وای لێدەکات ڕەوا بێت و ناشیرینییە ئەخلاقییەکەی بەرچاو نەکەویت. ڕادەی گەندەڵی لە حکومەتێکدا و ئاسایی کردنەوەی دەبێتە هۆی نارەزایەتی گشتی. بۆیە ئەگەر ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی یان دۆسیەیەکی کراوەیان لە مێشکی گشتیدا هەیە، ئەوا سیستەمی سیاسی نەیانخاتە ژێر پرسیارەوە، لەم هەلومەرجەدا چاوەڕوانی ڕابوونی شەقام دژی ئەم بێدادی و گەندەڵییە، ئەگەرێکی کراوەیە. ڕەهەندەکانی کاریگەری گەندەڵی لەسەر جەماوەر و نارازیبوونی جەماوەری دوو جەمسەری دەوڵەتە دیکتاتۆر و مێلیتاریستەکانن.

لەلایەکی تریشەوە گرووپێکی تر هەیە کە بەرگری و داکۆکی لە ڕاپرسییەکانی کۆمەڵایەتی بیروڕا دەکەن. ئەم گروپە کە ڕوانگەیەکی تەکنیکیتریان بۆ توێژینەوە و ڕاپرسی هەیە، پێیان وایە دەتوانن لە ڕێگەی میتۆدی ڕاپرسی و بە ژمارە و ئامارەوە هەر پرس و کێشەیەک چارەسەر بکەین و بگەینە ڕاستی. هەروەها گرووپی سێیەمیش هەیە کە تێڕوانینێکی مامناوەندیان هەیە و ڕاپرسییەکانی بیروڕا وەک میتۆدێکی لێکۆڵینەوە لە پاڵ میتۆدەکانی تری توێژینەوە کە توانا و سنووردارکردنی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێی دەڕوانن. ئەگەر ڕەچاوکردنی زانستیانەی ئەم شێوازە لەبەرچاو بگیرێت و ئەم شێوازە لە کات و شوێنی گونجاو و لە بارودۆخی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت، ئەوا زۆر بەسوودە. پێدەچێت ڕێبازی سێیەم زیاتر لۆژیکی بێت. ڕاپرسیەکان توانا و سنووردارbوونی خۆیان لە بیستنی دەنگی کۆمەڵگادا هەیە و لە کاتێکدا کە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە بۆ تێگەیشتن لە مەیل، بەها و پەسەندکردن و جیاوازی و ململانێکان لە کۆمەڵگایەکی فرەییخوازدا تا ڕادەیەک یارمەتیدەرمانە و لە هەمان کاتدا سنووردارکردنیشیان هەیە و ڕووبەڕووی ئەو پرسانە دەبنەوە کە هەندێکجار ڕێگری لە گەیشتن بەو دەنگە بە ئێمە و داڕێژەرانی سیاسەت دەکات. یەکێک لە کەموکوڕی و لاوازییەکانی ڕاپرسی بەتایبەت ڕاپرسییە نیشتمانییەکان ئەوەیە کە جیاوازی و فرەیی و هەندێکجاریش ناکۆکی و دژایەتی بە قووڵایی کەمتر نیشان دەدەن. بە تایبەتی دەنگی ئەو کەسانە کەمتر دەسەڵاتیان هەیە و لە پەراوێزدان و نوێنەری پێویستیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نییە کەمتر دەبیسترێت. هەندێک جار زۆر داواکاری ناوخۆیی یان ناوچەیی یان گروپی و بازرگانی

هەیە کە ڕاپرسییە نیشتمانییەکان و ڕاپرسییەکانی بیروڕا ناتوانن بە ڕوونی ڕەنگدانەوەیان هەبێت. وەک گروپە تەمەنییەکان (منداڵان، گەنجان و بەساڵاچووان)، نەتەوەکان و پیشە جیاوازەکان (قوتابی، ئەکادیمی، کرێکار، مامۆستا، خانەنشین، فەرمانبەر). بۆیە هەندێک جار گرووپێک بە هیچ شێوەیەک لە ئاماری توێژینەوە و ڕاپرسییەکاندا جێگیر ناکرێت، وەک منداڵان. هەندێک جاریش ئەو گروپەی کە باسی لێوە دەکرێت، وەک بەساڵاچووان یان گەنجان، لە ڕاپرسیّ ئاماردا ئامادەن، بەڵام ئێمە بە پرسیاری ستاندارد و بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەرفراوان بەسەریاندا تێدەپەڕین .بۆیە ڕاپرسییە کەسی، ناوچەیی و ناوخۆییەکان کەمتر لەبەرچاو دەگیرێن و هەندێک جار پرسەکانیان لە دڵی پرسە نیشتمانییەکاندا ون دەبن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگا و جێبەجێکردنی ڕاپرسی و جۆرێک لە نایەکسانی لە جێبەجێکردنی ڕاپرسیشدا بەدی دەکرێت. بودجەی توێژینەوە و پووڵی تەرخانکراو بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە پارێزگا پێشکەوتووەکان و شارە گەورە و دەوڵەمەندەکان بەزۆری زیاترە لە شوێنە کەمتر گەشەسەندووکان .لە ئەنجامدا بە لەبەرچاوگرتنی توانا و سامانی توێژینەوە و ڕاپرسی کۆمەڵایەتی، پێویستە کۆمەڵناسی بگەڕێندرێتەوە بۆ کایەی گشتی و جەخت لەسەر کارلێککردن لەگەڵ خەڵک و داڕێژەرانی سیاسەت یان کۆمەڵگا و حکومەت بکرێتەوە. کۆمەڵناسی دەتوانێت لە ڕێگەی تواناکانی ڕاپرسی کۆمەڵایەتییەوە سنوورە ئەکادیمییەکان تێپەڕێت و ببێتە ئامرازێک بۆ داڕشتنی سیاسەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی تر کۆمەڵناسی دەتوانێت ڕەخنەگرانە، پیشەیی و ئەکادیمی بێت، هەروەها دەتوانێت سنوورە ئەکادیمییەکان تێپەڕێنێت و ڕۆڵی داڕێژەری سیاسەت بگێڕێت. ڕاپرسییەکان موعجیزە ناکەن و ناتوانن لەسەر بنەمای ئەوان لە هەموو پرسەکان لە هەموو ئاستەکانی واقیعدا تێبگەن. هەرچەند پێویستە قبووڵ بکەین ڕاپرسییەکان بەشێکی واقیعن و ڕەنگدانەوەی توێژێک لە دەنگەکانی کۆمەڵگان، کە لە خۆیدا زۆر بەنرخە و پێویستە هەمیشە هەوڵبدەین بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە. هەر بۆیە؛ ئەگەر بتوانین بە بەردەوامی ڕاپرسی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ئەنجام بدەین، نەک تەنها لەسەر پرسە تایبەت و سیاسییەکان، ئەگەر بتوانین بەشداریی گروپە جیاواز و پەراوێزخراوەکان لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ببینین و تێڕوانینەکانیان لە ڕاپرسییە نیشتمانییەکاندا لەدەست نەدەین، ئەنجامی ڕاپرسییەکانی بیروڕا، بەجەماوەری بکەین و بڵاوی بکەینەوە بۆ ئەوەی بنەمایەک بۆ گفتوگۆ و شیکاری لەسەر بنەمای ئەنجامەکان دابین بکەین، ئەوا دەتوانین کەڵک لە تواناکانی ڕاپرسییەکانی بیروڕا وەربگرین بۆ ئەوەی دەنگمان تا ڕادەیەکی قبوڵکراو، ببیسترێت.

## توانایی ڕاپرسییەکانی بیروڕا بۆ بیستنی دەنگەکانە

ئەگەر ئاوڕێکی گشتی و کورت لە مێژووی ڕاپرسی لە ئێران لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا بدەینەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم بوارە هەوراز و نشێوی لەگەڵدا بووە. هەرچەندە ئێستا ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییەکان و لێکۆڵینەوەکانی بیروڕای گشتی دوورن لەو پێگە ئایدیاڵەی کە دەبوو لە وڵاتدا هەیانبێت، بەڵام دەبینین کە تیۆروانین و ئامانجەکان بە ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییەکان و قبوڵکردنیان لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەت و فەرمانڕەواکانەوە دۆخێکی باشتری نەدۆزیوەتەوە و متمانەیان پێ ناکرێت .پێدەچێت دوو ڕووداوی گرنگ بوونەتە هۆی پەرنەسەندنی توێژینەوەی بیروڕای گشتی و ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا.

**یەکەم:** ئەم گرنگینەدان بە ڕاپرسی و ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییەکان، دەرئەنجامی هەوڵی بێئەنجامی توێژەران و زانایانی کۆمەڵایەتی لە دەیەکانی ڕابردوودا لەم بوارەدا بووە و سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان، بواری زانستە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا نەیتوانیوە پەرەپێدان و فراوانکردنی بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تا ڕادەی تەواوی خۆی دابین بکات.

**دووهەم:** بەشێک لەم گرنگینەدانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی حوکمڕانان و داڕێژەرانی سیاسەت کە کەمتر گرنگییان بە ڕای گشتی لە سیاسەت و بڕیارەکاندا داوە و هەروەها کاریگەرییان لەسەر نەبووە. هەروەک چۆن ڕاپرسییە نەتەوەییەکان لە ئێراندا، بە تایبەت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە فراوانتر بووە، کۆمەڵگای ئێرانیش خۆی لەو کەشوهەوای ئایدیۆلۆژیای دوای شۆڕش و دوای جەنگ دوور خستووەتەوە و هەمەچەشنتر و ئاڵۆزتر بووە. بوونی هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا ڕۆڵ دەبینن و مەیل و حەز و هەڵوێستەکانیان جیاوازە لە یەکتر و تەنانەت لە هەندێک شوێن، ڕەنگە دژ بەیەک و ناتەبا بن. بۆیە ناتوانین بەتەنها بە مانا کلاسیکەکەی باس لە خەڵک بکەین، بەڵام ئێستا دەبێت باس لە ڕای گشتی بکەین. لە ئەدەبیاتی کلاسیک و مارکسیستیدا، خەڵک زیاتر ئاماژە بە جەماوەری چینیەکان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەکەن کە ڕووبەڕووی چینی بۆرژوازی دەبنەوە. بەڵام لە تیۆرییە مارکسیستییەکانی دواتردا، مرۆڤ وەک جەماوەرێکی بێ شێوە گریمانە دەکرێت کە دەوڵەت لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆر و بە ستراتیژی ئایدیۆلۆژی و کولتوورییەوە بنیات دەنرێت .لە ئەدەبیاتی سیستمە داپڵۆسێنەرەکاندا چەمکی مرۆڤیش لە بەرانبەر دوژمنێکی دەرەکی پێناسە دەکرێت کە وا گریمانە دەکرێت کە "نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەنگ" بێت. بەگشتی مرۆڤەکان لە دەقە

جۆراوجۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ببۆ ئاماژەدان بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایەک بەکاردەهێنرێن. بە بڕوای هۆرتۆن کولی، ڕای گشتی دەربڕینی بەکۆمەڵ و بابەتیی مرۆڤەکانە سەبارەت بە پرسە گشتیەکان؛ دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆ و پەیوەندی و کارلێکانەی ڕۆژانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا هەیانە. بە بڕوای هابرماس، "ڕای گشتی بەرهەمی گفتوگۆی عەقڵانی و ڕەخنەگرانەیە لە کایەی گشتیدا؛ کە هاووڵاتیان بە ئازادی باس لە بابەتە هاوبەشەکان دەکەن و دەگەنە ڕێککەوتنێکی کاتی". بۆیە دەکرێت ڕای گشتی بە بەرهەمی کۆمەڵگایەک هەژمار بکرێت کە تێیدا مرۆڤەکان وەک سوبژێکتێکی کۆمەڵایەتی ئەگەری دەربڕینی ئازادی و بیروبۆچوونی بەردەوامیان هەیە. کەواتە ئەگەر مرۆڤەکان وەک جەماوەرێکی یەکسان و بێ دابەشبوون هەژمار بکرێن، ڕای گشتی تەواو پێچەوانەی ئەم وێنەیەیە: گۆڕەپانێکی شل و فرەیی کە تێیدا جیاوازی و دژایەتی و پێکەوەژیانی گوتاری فەزای سەرهەڵدان لە تەنیشت یەکتر دەدۆزنەوە. ئەگەر لە گوتاری ڕادیکاڵ مرۆڤەکان بە سادەیی وەک "ئۆبژە بۆ کۆکردنەوە" پێناسە بکرێن، لە چوارچێوەی بیروڕای گشتیدا دەبنە "بابەتی ڕەخنە و داواکاری". کاتێک کە پێداچوونەوە بە مێژووی ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا دەکەین، تێدەگەین کە ئەم شێوازە، ڕەخنەگرانی خۆشی هەبووە و گرووپێک هەبوون و هەن کە کاریگەری و وردبینی ئەم شێوازە دەخەنە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنەی لێدەگرن، کە ئێستاش دەنگیان بەرزە و ئارەزووی توێژینەوەی ئەزموونی لەسەر بنەمای شێوازە چۆنایەتییەکان نیشان نادەن .لە هەمان بەرە/ئاڕاستەدا کەسانێکی دیکەش هەن کە زیاتر سەرنجیان لەسەر چەمکە ئەبستراکتەکان و ڕەنگدانەوەی فیکرییە و پێیان وایە کە دەتوانرێت کۆمەڵگا تێبگەن و بە هۆکاری جۆراوجۆر پێیان وایە کە ڕاپرسی بە ئارگیومێنتی جۆراوجۆر لەم کۆمەڵگایەدا کار ناکات؛ لەوانەش باسکردنی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگەیەکی ئایدیۆلۆژییە یان کۆمەڵگای ئێران ڕاستگۆ نییە یان گەلی ئێران ئاڵۆز و پێشبینینەکراو و... هتد.

لەلایەکی تریشەوە گرووپێکی تر هەیە کە بەرگری و داکۆکی لە ڕاپرسییەکانی کۆمەڵایەتی بیروڕا دەکەن. ئەم گروپە کە ڕوانگەیەکی تەکنیکیتریان بۆ توێژینەوە و ڕاپرسی هەیە، پێیان وایە دەتوانن لە ڕێگەی میتۆدی ڕاپرسی و بە ژمارە و ئامارەوە هەر پرس و کێشەیەک چارەسەر بکەین و بگەینە ڕاستی. هەروەها گرووپی سێیەمیش هەیە کە تێڕوانینێکی مامناوەندیان هەیە و ڕاپرسییەکانی بیروڕا وەک میتۆدێکی لێکۆڵینەوە لە پاڵ میتۆدەکانی تری توێژینەوە کە توانا و سنووردارکردنی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێی دەڕوانن. ئەگەر ڕەچاوکردنی زانستیانەی ئەم شێوازە لەبەرچاو بگیرێت و ئەم شێوازە لە کات و شوێنی گونجاو و لە بارودۆخی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت، ئەوا زۆر بەسوودە. پێدەچێت ڕێبازی سێیەم زیاتر لۆژیکی بێت. ڕاپرسیەکان توانا و سنوورداربوونی خۆیان لە بیستنی دەنگی کۆمەڵگادا هەیە و لە کاتێکدا کە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە بۆ تێگەیشتن لە مەیل، بەها و پەسەندکردن و جیاوازی و ململانێکان لە کۆمەڵگایەکی فرەییخوازدا تا ڕادەیەک یارمەتیدەرمانە و لە هەمان کاتدا سنووردارکردنیشیان هەیە و ڕووبەڕووی ئەو پرسانە دەبنەوە کە هەندێکجار



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگری لە گەیشتن بەو دەنگە بە ئێمە و داڕێژەرانی سیاسەت دەکات. یەکێک لە کەموکوڕی و لاوازییەکانی ڕاپرسی بەتایبەت ڕاپرسییە نیشتمانییەکان ئەوەیە کە جیاوازی و فرەیی و هەندێکجاریش ناکۆکی و دژایەتی بە قووڵایی کەمتر نیشان دەدەن. بە تایبەتی دەنگی ئەو کەسانە کەمتر دەسەڵاتیان هەیە و لە پەڕاوێزدان و نوێنەری پێویستیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نییە کەمتر دەبیسترێت. هەندێک جار زۆر داواکاری ناوخۆیی یان ناوچەیی یان گروپی و بازرگانی هەیە کە ڕاپرسییە نیشتمانییەکان و ڕاپرسییەکانی بیروڕا ناتوانن بە ڕوونی ڕەنگدانەوەیان هەبێت. وەک گروپە تەمەنییەکان (منداڵان، گەنجان و بەساڵاچووان)، نەتەوەکان و پیشە جیاوازەکان (قوتابی، ئەکادیمی، کرێکار، مامۆستا، خانەنشین، فەرمانبەر). بۆیە هەندێک جار گروپێک بە هیچ شێوەیەک لە ئاماری توێژینەوە و ڕاپرسییەکاندا جێگیر ناکرێت، وەک منداڵان. هەندێک جاریش ئەو گروپەی کە باسی لێوە دەکرێت، وەک بەساڵاچووان یان گەنجان، لە ڕاپرسیی ئاماردا ئامادەن، بەڵام ئێمە بە پرسیاری ستاندارد و بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەرفراوان بەسەریاندا تێدەپەڕین .بۆیە ڕاپرسییە کەسی، ناوچەیی و ناوخۆییەکان کەمتر لەبەرچاو دەگیرێن و هەندێک جار پرسەکانیان لە دڵی پرسە نیشتمانییەکاندا ون دەبن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگا و جێبەجێکردنی ڕاپرسی و جۆرێک لە نایەکسانی لە جێبەجێکردنی ڕاپرسیشدا بەدی دەکرێت. بودجەی توێژینەوە و پووڵی تەرخانکراو بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە پارێزگا پێشکەوتووەکان و شارە گەورە و دەوڵەمەندەکان بەزۆری زیاترە لە شوێنە کەمتر گەشەسەندووکان .لە ئەنجامدا بە لەبەرچاوگرتنی توانا و سامانی توێژینەوە و ڕاپرسی کۆمەڵایەتی، پێویستە کۆمەڵناسی بگەڕێندرێتەوە بۆ کایەی گشتی و جەخت لەسەر کارلێککردن لەگەڵ خەڵک و داڕێژەرانی سیاسەت یان کۆمەڵگا و حکومەت بکرێتەوە. کۆمەڵناسی دەتوانێت لە ڕێگەی تواناکانی ڕاپرسی کۆمەڵایەتییەوە سنوورە ئەکادیمییەکان تێپەڕێت و ببێتە ئامرازێک بۆ داڕشتنی سیاسەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی تر کۆمەڵناسی دەتوانێت ڕەخنەگرانە، پیشەیی و ئەکادیمی بێت، هەروەها دەتوانێت سنوورە ئەکادیمییەکان تێپەڕێنێت و ڕۆڵی داڕێژەری سیاسەت بگێڕێت. ڕاپرسییەکان موعجیزە ناکەن و ناتوانن لەسەر بنەمای ئەوان لە هەموو پرسەکان لە هەموو ئاستەکانی واقیعدا تێبگەن. هەرچەند پێویستە قبووڵ بکەین ڕاپرسییەکان بەشێکی واقیعن و ڕەنگدانەوەی توێژێک لە دەنگەکانی کۆمەڵگان، کە لە خۆیدا زۆر بەنرخە و پێویستە هەمیشە هەوڵبدەین بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە. هەر بۆیە؛ ئەگەر بتوانین بە بەردەوامی ڕاپرسی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ئەنجام بدەین، نەک تەنها لەسەر پرسە تایبەت و سیاسییەکان، ئەگەر بتوانین بەشداریی گروپە جیاواز و پەراوێزخراوەکان لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ببینین و تێڕوانینەکانیان لە ڕاپرسییە نیشتمانییەکاندا لەدەست نەدەین، ئەنجامی ڕاپرسییەکانی بیروڕا، بەجەماوەری بکەین و بڵاوی بکەینەوە بۆ ئەوەی بنەمایەک بۆ گفتوگۆ و شیکاری لەسەر بنەمای ئەنجامەکان دابین بکەین، ئەوا دەتوانین کەڵک لە تواناکانی ڕاپرسییەکانی بیروڕا وەربگرین بۆ ئەوەی دەنگمان تا ڕادەیەکی قبوڵکراو، ببیسترێت.



سەرچاوە
Serchawe

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی





# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شاهۆ مەتین بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، لێدوانەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

